عومەر محەممەد

# هەناسەی شەیتان

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی

"کارێکی ژەهراوی"

ئەمەریکا و عێراق و گازبارانکردنی هەڵەبجە



# هەناسەی شەیتان

## خۆێندەنەوەیەک بۆ کتێبی "کارێکی ژەهراوی" ئەمەریکاو عێراق - گازبارانکردنی هەڵەبجە

عومەر محەمەد

کانوونی دووەمی ٢٠١٥

بابەت: خوێندنەوەی کتێب .
ناوی کتێب: هەناسەی شەیتان
نووسەر: عومەر محەمەد
ساڵی چاپ: ٢٠١٦
چاپخانە: چاپخانەی سەردەم
دیزانن ناوەوە:  ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ : ئارام عەلی
تیراژ : ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار

مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم
پارێزراوە
**ژمارەی سپاردن : لە بەرێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان**
**ژمارە ( ١٦٤١ )ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە .**

Joost R. Hiltermann

# A Poisonous Affair

## America, Iraq, and the Gassing of Halabja

Translated Into Kurdish:

Mohammed Hamasalih Tofiq

© Awene Publishing & Press Company 2008

پێشکەشە بە:

- بە دڵپاکترین ژن (پیرۆز حەسەن مستەفا) کە بەئازایی گەورەی کردم، ئەو ژنە زەحمەتکێشەی ژیان و ڕۆژگار بێڕێزی زۆری پێکردو ئەو بێڕێزی بەکەس نەکرد، لەدوای گیانبەخشینی باوکمەوە جێگەی دایکمی بۆگرتمەوەو هەتا گەورە بووم لە ئامێزی خۆیدا خەواندمی و دڵپاکی و لێبوردەیی لێوە فێربووم .

- بەگیانی باوکم کە بەبێ خواستی خۆی چەکیان کردەشانی و لە شەڕی ناوخۆدا گیانی بەخشی .

## (هەناسەی شەیتان)

ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی هۆڵندی ئارنۆڵد کارنسکیس بەم شێوەیە باسی گازی خەردەل دەکات: (بەگازی ژهەراوی مۆستەرد گاز دەڵین خەردەل، بۆنی پیازوسیری لێدێت، تەنیا بەرکەوتنی تۆزقاڵێک لەم تێکەڵە قاوەییە چەورە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا دەبێتە هۆی زۆرترین ئازاری سوتانەوەی لەش، ئەگەر بەرچاوەکانیش بکەون ئەوا دەبێتە هۆی لە دەستدانی بینایی، هەڵمژینیشی لەوانەیە کاریگەری یەکجار خراپتری هەبێت، سییەکان وبۆرییەکانی هەناسە دەسوتێنی گرژبوونێکی لە سەرخۆ ناکرێ خۆی لێ لابدرێت. هەربۆیە پێشی ئەوترێت "هەناسەی شەیتان"

لە ٦٠% سەدا شەستی ئەو سەرباز و خەڵکە سڤیلانەی کە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ( ١٩١٤- ١٩١٨ ) ئەم ماددەیەیان هەڵمژی لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا گیانیان لە دەست دا ). ئەڵبەتە ئەم گازە لە پەلامارە کیمیاییەکانی کوردستانیشدا بەکارهاتبوون لەوانە لە هەڵەبجە، شێخ وەسان و بالیسان، سێوسێنان هەروەها لە گۆپتەپەو عەسکەریش بەکارهێنراوەو خەڵکێکی زۆری کوشت وهەندیک برینداری تریش هێشتا پێیەوە ئاڵودەن. لەوسۆنگەیەوە پێمباش بوو ئەم کتێبەی بەردەستتان ناوبنێم "هەناسەی شەیتان" . بەهیوام هەلبژاردنێکی باش و ناوێکی گونجاوبێت .



٢٥/١٠/ ٢٠٠٨

هێڵتەرمان کتێبەکەی لە هەڵەبجە واژۆ و دابەش دەکات.

**سەرنج**

بەشێکی ئەم خوێندنەوەیە لە کتێبێکی (هەڵەبجە مەملەکەتی ژیانە) بڵاوکراوەتەوە، کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە ٢٠١٠/٣/١٦ چاپی کردووە و برای بەرێز کاک خەبات عەبدوڵا ئامادەی کردووە، بەداخەوە لە کتێبەکەی وەزارەتدا نە پرۆفایلی کتێبەکەی یوست هێڵتەرمان و نە ژمارەی لاپەرەو ناوی نوسەرو ناوی وەرگێڕو چاپخانەکەی لە خۆگرتووە) نە پەراوێزەکانی نوسینەکەی خۆم هیچیان بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە لێرەدا دەخوازم، زیاتر ئەم کتێبە بکرێتە سەرچاوە نەک ئەوەی لە کتێبەکەی وەزارەتی شەهیداندا بڵاوکراوەتەوە .

عومەر

# پــــەیـــڤــێـــک

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

ئەم باسـەی کـاک عـومەر لە سـەرکتێبەکەی یوسـت هیلتەرمـان "کـارێکی ژەهـراوی .. ئەمەریکـا و عێـراق گازبـارانی هەڵەبـجە" خســـتنەڕوویەکی باشـــی نـــاوەرۆکی ئەو لێکـــۆڵینەوە تێـــرو تەســـەلەیە کەوا نووســـەر و لێکـــۆڵەری هۆلەنـدی، هیلتەرمـان بەزمـانی ئینگلیـزی ئەنجامیـداوە و پـایزی سـاڵی ٢٠٠٧ زانکـۆی کـــامبریج لە کتێبێکـــدا بەو نـــاوەی لە ســـەرەوە باســـمانکرد بڵاویکـــردەوەو لە بەر گرنگـــی و بـــایەخی زۆری بەنـــدەش ئەوکتێبەم کردە کوردی و لە بەهـاری سـاڵی ٢٠٠٨ لە دەزگـای هەفتەنـامەی ئـاوێنەوە چـاپ و بڵاوکـرایەوە و بەم شـێوەیە نـاوەرۆک و بـایەخی ئەم کتێـبە بە کەمیـنەیەک لە خـوێنەری کورد ئاشنا بوو. کە دەڵێم کەمینە مەبەستم کەمیی بایەخدانی خوێنەری کوردە لەم سـەردەمەدا بە خوێندنەوە و تێکەڵبوونی بـابەتی چـاک وخـراپ، چ نووسـین بێـت یـان وەرگێـڕان، لە بازاڕی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیدا، کە هەتا بڵێی بێپلان و بێســـەروبەر وکـــۆڵەوارە. رەنـــگە لە پاســـاودا بگـــوترێ ئەمە دەردی گڵۆباڵیزمە و هەر کورد نیە بەڵکو سەرانسـەری دنیـای تەنیـوەتەوە، بەڵام وا نـیە و ئەگەر بە وردی سـەرنج لەجیهـانی چاپەمەنی و بایەخدان بە پلان و جۆری بـاش و ئاسـت بەرزی ئەو چاپەمەنیانە بدەیت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، کە لە هەمـان کاتـــدا پێشکەوتووشـــن لە گەشەســـەندنی هەمـــوو بوارەکـــانی

تەکنۆلۆجیا و گلۆبالێزمدا، دەبینی مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە و شۆرشـــی گەورە لە بـــواری چـــاپەمەنی و بڵاوکـــردنەوەدا بەڕێـوە دەچێـت لە ڕووی ژمـارە و جۆریشــەوە. ئەڵـبەتە لای ئـێمە دەردەکە لەوە گرانتـرە لە چەنـد وشـەو دێڕێکـدا کـورت بکرێتەوە و هۆکاری زۆر هەن کە بەم ئەنجامەی گەیانـدووین و پێموایایە ئێرە جێی ئەو باس و خواسە نیە.
هیلتەرمان، وەک لێکۆڵەرێکی وریا و بەتوانا، لە ساڵی ١٩٩١ و پێشتریشـەوە بە وردی لە سـەر مەسـەلەی جینۆسـایدی کـورد کـار دەکـات و لە گەڵ گـرووپ و دەسـتە و تـوێژەرانی تـردا، وەک هیومــان رایـتس وۆچ و میـدڵ ئیسـت وۆچ و پزیشـکانی مافی مرۆڤ و گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان، گەلێ راپۆرت و لێکـۆڵینەوەی سـەنگین و بایەخـداریان لە سـەر جینۆسـایدی کــورد ئەنجامــداوە کەوا ناوەنــدە جیهانیەکـان بە گــرنگییەوە گوێیـان لێگرتـووە، چەشـنی وێرانکردنـی کـورێمێ و رەشــەبای مەرگ وگـــۆڕە نائارامەکـــان و نەوت بە خـــاک و .. تـــاد. بەرچـاوترینی ئەو لێکـۆلینەوانە کتێبـی "جینۆسـاید لە عێراقدا و پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد"، کەوا رێکخـراوی هیومـان رایـتس وۆچ / میـدڵ ئیسـت وۆچ سـاڵی ١٩٩٣ بڵاویکـردەوە و تیایـــدا وردەکـــاریی پرۆســـەی ئەنفـــال و قۆناخەکـــانی و هۆکارەکـانی دەخـاتەڕوو بە شـێوەیەکی بـابەتی و زانسـتیانە و بێلایەنـانە، کە پاڵپشـت بە زیـاتر لە دوو سـاڵی کـاری مەیـدانیی تـیمە پسـپۆڕەکانی میدڵ ئیسـت وۆچ لە کوردسـتاندا و سـەدان چـــاوپێکەوتن و ســـەدان کتێـــب و راپـــۆرتی هەواڵگریـــی

نێـودەوڵەتی هــاتە بەرهەم. بەنــدە وەک ئەرکێکــی نیشــتمانی ســاڵی ١٩٩٦ کــردمە کــوردی و ســاڵی ١٩٩٩ لە دەزگــای چــاپەمەنی و راگەیانــدنی خــاکەوە بە نــاوی خــوازراوی ســیامەندی مــوفتیزادەوە بڵاوکــرایەوەو وەک یەکەم کــاری دانسـقە لە بـواری جینۆسـایددا پێشـوازییەکی گەرمـی لێکـرا و زوو لە بازاڕدا نەما و تەنانەت هەندێ کەسـی خـاوەن کتێبخـانە لە سـلێمانی کۆپییـان دەکـرد و دەیانفرۆشـتەوە و ئـێمەش لای خۆمانەوە بێدەگیمان لێدەکرد و پێمـان خـۆش بـوو بڵاوبێتەوە. دواتـر دەرکەوت کە زۆرێـک لە ژمارەکـانی ئەو کتێبە لە لایەن کۆنە جاش و موستەشـارەکانەوە کڕدراون چونکە دەنگۆیەکی وا بڵاوبووبــۆوە کە نــاوی ئەوان وتاوانەکانیــانی تێــدایە، لە کاتێکدا کە ئەم کتێبە لێکـۆڵینەوەیەکی زانسـتی بـوو و کـاری بە سـەر ئەو لایەنەوە نەبـوو. بەڵگەش بۆ ئەمە چاپی دووەم بـوو سـاڵی ٢٠٠٤ لە لایەن خـانەی وەرگێڕاەوە لە سـلێمانی و چـاپی ســێهەم لە ســاڵی ٢٠١٣ لە لایەن دەزگــای بڵاوکــردنەوەی جەمال عیرفـانەوە لە سـلێمانی ئەو سـەدایەی نەبـوو، لە کاتێکدا تیـراژی چـاپی کتێـب لای ئـێمە لە ١٠٠٠ ــ ١٥٠٠ دانە پێـپەڕ ناکـــات. کەچـــی چـــاپە فارســـییەکەی کە لە وەرگێـــڕانە کوردییەکەیەوە ئەنجامدراو دەزگای جەمال عیرفـان چـاپی کـرد وا نەکەوتەوە و پێمـایە خـوێنەری فارسـی زمـانی باشـی بـۆ پەیدا بووە. مـن تـا ئێسـتاش بە تاسـەوەم برادەرێکی رۆشـنبیر، لەوانەش کە کتێبـی جینۆسـایدم بە دیـاری داونەتـێ و ئەڵـبەتە ژمـارەیەکی زۆری لە هەر سـێ چـاپەکە هەر بە دیـاریی دران

بە خەڵک، بە وردی خوێندبێتیەوە و لە بایەخی بەرزی کارەکە گەیشتبێت و سەری دەستخۆشیم بۆ نەلەقێنێ بە موجامەلە. بە داخەوە کار گەیشتووەتە ئەوەی هەندێ کەس و دەزگای راگەیاندن بەشی جۆراوجۆریان لێدەگواستەوە و وەک کاری خۆیان بڵاویان دەکردەوە ، تەنانەت بە کۆپی و پێستیش، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ناوی نووسەر یان وەرگێڕەکەشی بکەن. لە چەند تێزێکی ماجستێر و دوکتۆراشدا لە جیاتی ئەوەی رەچاوی کاری بەناو زانستیی خۆیان بکەن وایان لە قەڵەم داوە راستەوخۆ لە سەرچاوە ئینگلیزییەکەوە سوودیان وەرگرتووە و بگرە ناوی هەندێ سەرچاوەی کتێب و راپۆرتی ئینگلیزیی کتێبەکەشیان کردووەتە سەرچاوەی راستەوخۆی نووسین و تێزەکانیان، لە کاتێکدا خۆیان نە ئینگلیزی زانن و نە ئەو سەرچاوە و راپۆرتە تایبەتانەش دەت دەکەون مەگەر تەنها لە لایەن لێکۆڵەر و رێکخراوی وەک هیومان رایتس وۆچ و کرایسز گرووپی نێودەوڵەتییەوە دەست بکەون.

هیلتەرمان بە شارەزاییەکی زۆرەوە لە پشت ئەنجامدانی راپۆرتە کتێبی جینۆسایدەوە بوو لە گەڵ گەلێ توێژەری تری کارامە و پسپۆڕدا و لە پاڵ کاری جۆراوجۆری لێکۆڵینەوەیدا لە سەر ئەنفال بە درێژایی چەندین ساڵی بەدواداچوون و گەڕانی ولاتان و بە تایبەتی کوردستان ولاتانی هەرێمیی دەوروپشتی و کەرەستەیەکی زۆریبۆ لێکۆڵینەوەکەی لەمەڕ کتێبی "کارێکی ژەهراوی .. ئەمەریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە" خستووەو بە شێوەیەکی زانستیانە کاری لە سەر

کردووە و باسەکەی بەڕێز عومەر محەمەد لە سەر ئەمەیانە و یارمەتیدەر بۆ خوێنەرێک مەبەستی بێت بەباشی لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە تێبگات. ئەڵبەتە بابەتەکانی کتێبەکە هێند بابەتیانە نووسراون کەوا پێویستە هەموو خوێندەوارێکی کورد بە وردی بیخوێنێتەوە ئەوجا بە تەواوەتی لە مەرام و کەشی ژەهربارانی هەڵەبجە دەگات. بەڵام کێشە کوشندەکەمان لەوەدایە کە زۆربەمان نایەوێت لەوەی کە خۆی دەیزانێت و قەناعەتی رەهای پێیە زیاتر بزانێت و هەشە خوێندەوارەو کتێبەکەشی لایە بەڵام چوار لاپەڕەی لێنەخوێندووەتەوە. من پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکە بە کوردی وایبۆدەچووم لە ماوەی دووسێ ساڵدا چەند جارێکی تر چاپ دەکرێتەوە، کەچی نەک وا دەرنەچوو بەڵکو ساڵی ٢٠١٣ و لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەنفال و گازبارانی هەڵەبجەدا ویستم چاپی دووەم بکرێتەوە و وامزانی هیچ دانەیەکی نەماوە کەچی دەزگای ئاوێنە پێیانوتم هێشتا زیاد لە ٤٠٠ دانەمان ماوەو ساغ نابێتەوە، کە کتێبەکە ساڵی ٢٠٠٨ بە تیراژی ٢٠٠٠ چاپکرابوو. ماڵی ئاوابێت قایمقامی ئەو کاتەی هەڵەبجەش، کاک گۆران ئەدهەم، سەد دانەیەکی بە نرخی زۆر داشکاو لێکڕین و لە یادەکەدا، کە پارەیەکی هێجگار زۆری بە خوتوخۆڕایی لە سەر تەخشان و پەخشان کرا، هەروا بە دیاریی دابووی بەم و بەو، کە ئەویش وابزنم هیچی لێ شین نەبوو. خۆش ئەوەیە دەزگای ئاوێنە لە سەریان نووسیوە "کە هەر قازانجێک لە داهاتی چاپکردن و فرۆشتنی (کارێکی

ژەهــــراوی) دەســــت دەکەوێــــت، بەکاربهێنرێــــت لەو پــــرۆژە ســــەربەخۆو مەدەنیــــانەی کە ســــودمەندن بــــۆ هەڵەبــــجە و بوژانـدنەوەی"! بێگومـان هەموومـان بـاش دەزانـین کە کتێـب وکتێــب فرۆشــتن لە وڵاتــی ئــێمەدا قــازانج ناکــات ئەگەر سەرمایەی خاوەنەکەشی نەخوات.

مـن پێمـوایە ئەم دوو کتێـبەی جینۆسـاید لە عێراقـدا و کـارێکی ژەهـراوی دەبـوو وەک پرۆگرامـی پەروەردەی نەوەی نـوێ لە قۆنـاخی ئامـادەیی و زانکـۆدا بخـوێنرایەن، چەشـنی بـابەتی هۆڵۆکۆست و جینۆسایدەکانی تـری گەلانـی جیهـان و ئاوهـا لە ئاسـتیاندا بێبـاک و کەمـتەرخەم نەبووینـایە و داخ و دەردمـان زۆرە و هەر بەوەندە کۆتـایی پێدێنین و هەر یەکەمـان ئەلفێکی بەسـە بـۆ هەڵڕشـتنی زووخـاوی نـاخی. دەستخۆشـی لە کـاک عـومەر دەکەم بـۆ کـاری ناسـاندنی ئەم کتێـبە بەنـرخە و بە هیـوام کـردنەوەی دەروازەیەک بێـت بـۆ خوێنـدنەوەیەکی ورد نەک رووکەشـانە. لێرەدا بە پێویسـتی دەزانـم ئامـاژە بـۆ ئەوە بـکەم کەوا کـاک عـومەر لە خوێنـدنەوەی کتێـبەکەدا گەلـێ لەو هەڵەو ناتەواویــانەی راســتکردووەتەوە کە نووســەرەکەی بە مەبەسـت بێـت یـان بێمەبەسـت تێیکەوتـووە یـان بەسـەریدا تێپەڕیــوە یــان بە هەڵە لە شــایەتحاڵ و ســەرچاوەکانەوە وەریگرتـوون. لە گەڵ رێـزم بـۆ خـوێنەری ورد و بەسـەلیقە و سـەرباری ناتەواویمـان هـیچ کاتێک لای خۆشمان سـەری دنیا بە پووش نەگیراوە.

## هەناسەی شەیتان یان هەناسەیەکی ژەهراوی

یەکەم جار لە گوندی (گۆشان)ی قەرەدەداغ، لە بناری یەکێ لە قۆپیەکان، ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ ئازاری ١٩٨٧ بوو کە ئەو ژەهرە، گەروی من و دەهای دیشی پیس کرد، لاشەمانی پڕ تلۆقکرد. تا ئەمڕۆش پێستی جومگەی دەستەکانم وقاچەکانم وەک جێگەی دوو کەلەپچە، دوو پەڵەی ڕەشیان پێوە دیارە . بەڵێ !بەهار بوو، ڕۆژێ پێش ئەوە شارۆچکەکانمان ڕزگارکرد بوو. فرۆکەکانی ڕژێم ، ژمارەیان نزیکەی پەنجەکانی دەست دەبوون، کەوتنە بۆردومان کردنی گوندەکان .

ئەو ئێوارەیە ئاوایی گۆشانیان بۆردومان کرد، ڕۆکێتی فرۆکەکان هەرچەندە، کە تەنها چەند سەد مەترێک لە دوور ئێمە ورگی زەوییان هەڵدەدەڕی، بەڵام دەنگیان کەم هات، دواتر بۆنی سیر و شتی دی پەخشان بوو. بەڵێ! بۆنی ئەو هەناسە گەنیوە بوو، کە فرانس ڤانی بازرگان و مرۆڤ فرۆشەکانی دی، ئەو ئێوارەیە، سیەکانی من دەهای تریان کردە خۆین ..بۆنی ئەو هەناسەیە، هەرگیز لای من و بگرە دەهای دی کاڵ نابێتەوە، ئەدی چۆن ڕەنگی لام نەمێنێ، کە من و هاوڕێکانم بە چاوی خۆمان منداڵ و ژنمان بینی، ژەهری ئەو هەناسە بۆگەنەی ڤرانس، جەستەی هەموومانی رەش کردبووەوە !سێ جاری دی، ئەو ژەهرەم بینی، جارێ لەدوکان و دواتریش لە سێوسێنان، بەڵام ساڵێک پاش ئەوە و هەمان ڕۆژ...بە فڕۆکەی هەمان سوپا... بێ ئاگا بووم لەوەی

کە دەیەهـــا بازرگـــانی دنیـــا، ئەو جەورە لە ئـــێمە دەکەن..! شـانزەی سـێ ١٩٨٨ ش بە چـاوی خـۆم لە بەرزاییەکـانەوە، شاری هەڵەبجەم دەبینی کە چۆن دەخنکێ ..ئەم بەدواچوونەی کـاک عـومەر، بـۆ کتێـبەکەی یۆسـت هێلتەرمـان، لەوەدا نـرخ بەرزە، کەوا، دەسـتی خسـتوەتە سـەر خـاڵە گرنگەکـان و بەشـێوەیەکی خاڵەبەنـدی بەشـەکانی راپـۆرتەکەی بـۆ خـوێنەر ئاسان کردوە .لەوانە:

- سیاسـەتی ئەمریکـا و رۆژئـاوا و کۆمپانیاکانیـان لە بەکارهێنانی گەلان و مرۆڤایەتی کاڵای تاقیگا و گوێ نەدان بە ئاشـــتەوایی مـــرۆڤ و سروشـــت و زیندەوەرەکانی دی.
- دووبـارە بـوونەوەی هـەمان سـتەم لە کـورد وەک نەتەوە و خاک و گوێ نەگرتن لە خواستەکانی .
- نەبـوونی سـتراتیژێکی رونـی هێـزە بزوینەرەکـانی کـۆمەڵگەی کـوردی و تەنـانە گـوێ نەدان بە تـاوانی گەورەی وا.
- نەبـوونی هـیچ گەرەنتیـیەک کە کۆکـوژی دژی گەلـی ژێـر دەسـتەی کـورد نەکـرێتەوە، لە شـەنگاڵ و شـوێنەکانی دوایی پارساڵمان لە باشـووری نیشـتمان زینـدوترین نمـوونە ئەم کـارەی هـاوڕی عـومەر، وەک کارەکـانی دی نایـاب و مێـژووییە، کـارێکی ئەکـادیمی زانسـتییە و دەبـێ وەک سـەرچاوەیەکی بـاوەڕپێکراو بـۆ تـوێژینەوەی پشـتی پیبەسـترێ. نووسـەر بە

میتودێکی(شـــێوازە کـــارێکی) کۆنکرێـــت، دیـــاردەو شـــوێنی تاوانەکـــان بـــاس دەکـــات و ڕووداوەکـــان دەژێنێتەوە، هـەر چەندە مـاوەیەکی زۆریـان بەسـەردا تێپەریـوە. ئەوەی زیـاتر سـەرنجی مـن ڕادەکێشـێ، بـــابەتیبوون و بێلایەنـــی نـــاو ئـــاخنی ســـەرنجە و گێـرانەوە و تێڕامانەکانە. مـن دەستخۆشـی لـێ دەکەم و هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم! وەک ئەکادیمیستێ ئـــافەرین پـــێ دەڵـــی کە بەتەنیـــا، بۆخـــۆی ڕۆڵـــی ســـەنتەرێکی خۆبەخشـــە بـــۆ پێشـــەوە بردنـــی دۆزی کۆمەڵکوژی گەلی کورد. بەراستی نووسـەر بەشـێکە لە کارەکانی، و ترپەی دڵی و ویژدانی تێکەڵ بە مـافی ئەو مرۆڤـــانە کـــردوە، کە تەنهـــا لەســـەر ئەوە ئەنفـالکراون کە کـورد بـوون. بە راسـتی ئەمریکـا، عێـراق، بازرگانەکـانی دی و ئەنفـالچیە خۆماڵییەکـان بەشـێکن لەو کـارە ژەهـراوییەی کە هـەزارانی خنکـان! سەری ڕێزم دادەنەوێنم لە ئاستیان !

ئاسۆ بیارەیی
١٠-١-٢٠١٥ سوێد

**پێشەکی**

ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٧ بوو کە برای بەڕێزم ئەمیر قادر لە هۆڵەنداوە ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەم کتێبەی هێڵتەرمان و ئێوارە کۆڕێکی بۆناردم، کە لە زانکۆی ئەمستردام لە هۆڵندا بۆیان سازدا بوو؛ قسەیەکی هێڵتەرمان بووبووە مایەی سەرنجی ئەمیرو لە ڕاپۆرتەکەیدا بە بایەخەوە جێگەی بۆ کردبووەوە. ئەمیر لەخۆڕا بایەخی پێنەدابوو، بەڵکو خۆی شایان و بایەخداربوو، بۆ منیش چەندە مایەی سەرنج بوو، ئەوەندەو زیاتریش شایانی ڕێزلێنانە؛ بە تایبەتی کە دەبینین قسەکەی بووەتە کردار. کاتێک هێڵتەرمان لەو سمینارەدا کتێبەکەی بە واژۆی خۆی دابەشکردبوو، بە خەتی خۆی ئەم دوو دێڕەشی لە سەر نوسیبوو: (**بەڕێزم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگەی پەسەندکردنت بێت، تا دەنگی نەبیستراوی خەڵکی کوردستان و ئەم تاوانە قسەلێنەکراوە بگاتە هەموو لایەک. ئیمزا: هێڵتەرمان)**

لەم چەند دێرەوە تێدەگەین نوسەری کتێبی ("کاریکی ژەهراوی" ئەمەریکاو عێراق – گازبارانکردنی هەڵەبجە) مرۆڤدۆستی و بەها بەرزەکانی، پێویستی بە هەستێکی بەرز و ڕۆچوونێکی قووڵی مرۆڤانەش هەیە. وەها تێگەیشتنێک، مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگای ڕەفتارە جوانەکان و لە بەدکاری و دڵڕەقی دووری دەخاتەوە. بێگومان سروشتی ململانێی ژیان و دڕندەیی و بەدکاریی هێزە تاریک وتیرۆرستەکان لەلایەک رژیمە ستەمکارو تۆتالیتارەکان لەلایەکی ترەوە،

هەربەوە کۆتایی نایات نەیار بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵکو جــــۆرە ملکەچییەکـــیش بەرهەم دەهێنێـــتەوە. گرفتـــی ئەم ستەمکارییە زۆر ترسناکە چونکە هەتا کەسێک وریادەبێتەوەو لە دژیـان دەوەسـتیتەوەو بەرەنگاریـان دەبێـتەوە دەکەس لە بەرانبەردا دەتۆقێ ودەبەزێ وچۆک دادەدات .

بە شـێوەیەکی گشـتی، سـتەمکاری، مـرۆڤ دەخـاتە بەردەمی دورێیانێکەوە، یان ئەوەتا تاکە کەسەکان بە هەموو تـاوان و نـادادپەروەری و پـیس وپـۆخەڵییەکی ڕۆژگـار قایـل دەبـن و خۆیـان لەگەڵ سـتەمکاری رادەهێـنن و لە بەرانـبەر هەموو پێشێلکارییەکدا بە ملکەچی و دەستەوسانی دەمێننەوە، یـان ئەوەتا وەک مرۆڤێکی هوشیار کە ناخوازێت ملکەچ بێت شـێلگیرانە بەرەنگـار دەبـنەوە و ڕێـز لە بـوون و هەسـتی مرۆڤـانەی خۆیـان دەگـرن؛ جـا مەترسـییەکانی بەردەمیـان هەرچییەک بن.

لێـــرەوە جەخـــت دەکەمەوە کە مەرجە، چالاکـــانی دۆسێی ئەنفال و جینۆساید، کەسانی دامەزراو، زمان شـیرین وعەقڵانی بن، هۆشیار و ڕەفتاربەرز و خاوەنی سلوکی جوان بن؛ بە پێچەوانەوە خەڵکانی دڕدۆنگ و نەخوێندەواری خۆبە هەمووشـتزان وبازرگـان و دەمـارگیر، نـاتوانن خێربـدەنەوە چـونکە نـاتوانن بە ئاڕاستەی مافەکـانی مرۆڤدا هەنگـاو بنـێن، سـەرئەنجام لەبری ئەوەی خێرێک بدەنەوە زیانی گەورە بەو دۆسـێیە دەگەیەنـن و سـوکایەتییەکی زۆریـش بە قوربانیـانی

گـازی کیمیـایی و قوربانیـانی ئەنفـال دەکەن، تـا سـەرئەنجام زیانیش بە ئابڕوی نەتەوەیی و کێشە سیاسییەکەی دەگەیەنن.

یەکێـک لەو داکۆکیکـارانەی مـافی مـرۆڤ ، کە بـڕوای من جیهـان بە گشتی و کورد بە تـایبەتی قەرزداریێتی، "یوست هیڵتەرمـان"ە چـونکە هەر لەسـەروەختی تـاوانەکەوە هەتـا ئەوکـاتەی حکـومەتی بەعـس روخـا بە پـێچەوانەی ئاراسـتەی شـەپۆلە باوەکـانەوە هەنگـاوی دەنـا، نەبـۆنی نەوت ونە بەرژەوەنـدی تـایبەتی نەیانهێنـایەوە سـەر ڕەوتـی تێگەیشـتنە باوەکـان بـۆ بینینـی بەعـس وئەنفـال وگازبـارانی هەڵەبـجە. بەپـیچەوانەوە بەرپرسـیارانە و بەوردی، لێکـۆڵینەوەی لە سـەر تاوانەکـانی بەعـس و جینۆسـایدی گەلـی کـورد ( ئەنفـال و کیمیابـاران) کـردووە؛ بە تـایبەتیش لە هەردوو کتێبـی بەناوبـانگی "جینۆسـاید لە عێراق و پەلامـاری ئەنفـال بۆ سـەر کـورد" و "کـارێکی ژەهراویـی ئەمریکـا و عێـراق و گازبـارانی هەڵەبـجە". نوسـەر لە هەردووکیانـدا وێنەیەکـی ڕوونـی سیاسـەتی پاکتـاوکردنی کـورد و نیازەکـانی بەعـس و پێشـێلکارییەکانی مـافی مـرۆڤ، تەنـانەت پێشـێلکارییەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانیشـی خسـتووەتە ڕوو؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا لە سـەری دەوەستین و قسـەی لەبارەوە دەکەین، تەنها کتێبـی دووهەمێتـی ( کـارێکی ژەهـراوی ئەمریکـا و عێـراق و گازبارانی هەڵەبجە).

مـن دڵنیـام، کتێبەکەی یوسـت هیڵتەرمـان گەلێک لەوە بایەخدارتر و پڕزانیـاری تـرە کە وەهـا خوێنـدنەوەیەکی وەکـو

ئەوەی بەردەستتان لە ویزەی بێت، چونکە زانیارییەکانی وزەبەخشن و ئەو هێز و توانایەش کە بۆ خستنەڕوویان خراوەتە گەڕ، مایەی سەرسووڕمانە؛ ئەگەرچی کارەکەی خۆشم لە بارەیەوە بە کەم ناگرم، بەڵام من ئەو ڕاستییە پێ لێدەنێم کە هەرگیز ئەم خوێندنەوەیە لە توانایدا نییە ورد و درشتی، یان هەموو کون و کەلە بەرێکی کتێبەکە و بەشێکی کەمی تاوانەکە شیتەڵ بکاتەوە؛ بۆیە دەشێت ئەم خوێندنەوەیەم بە دووهەمین ڕێزلێنانی خۆم بزانم بۆ هەوڵە پڕبایەخەکەی یوست هێڵتەرمان بە پلەی یەکەم و بۆ مامۆستا (محەمەد حەمەساڵح) یش بە پلەی دووەم کە ئەزموونەوە ئەرکی وەرگێڕانەکەی گرتووەتە ئەستۆ.

بەهیوام توانیبیتم ڕێز لە"یوست هێڵتەرمان" یان تویژەرە ماندووەکەی دۆسیێی ئەنفال وجینۆسایدی کورد و خوێنەرانی ئەم کتێبەش بگرم. دڵنیاشم هەوڵەکەم بێخەوش و کەموکوڕی نییە؛ بەڵام نیازی من ئەوەیە چەندی بۆم بکرێ بتوانم سەرنجی خوینەر بەلای کتێبەکەدا ڕابکێشم و لەوێشەوە خوێنەرپەلکێش بکەمە ناو دنیای هێڵتەرمان و بڕوابوونی بە مافی مرۆڤ و قوربانییەکانی ئەنفال وگازی ژەهراوی؛ بە تایبەتیش ئەوانەی ڕاستەوخۆ بەرکەوتوون، جا هەر لە جێدا مردبن، یان برینداربووبن و هێشتا بەدەم ئازارەوە ژیان بەرێ بکەن.

دەمەوێ خوێنەری خۆشەویست لەوە ئاگادار بکەمەوە کە پەراوێزەکانی ئەم کتێبە نادیدە نەگرن، چونکە من

لە زۆربەی ئەو شـوێنانەدا کە پێویسـت بـووە، پەراوێـزم بـۆ داناوەو سـەرنجی خۆم دەربڕیوە یان ئەگەر هەستم کردبێت تەمومژێک هەیە، هەوڵی ڕەواندنەوەییم داوە . بۆیە تکام وایە لەهەر کـوێیەک پەراوێـز هەبـوو بەسـەریدا تـێمەپەڕن چـونکە زۆر زانیاری پێویست کە لە ئەنجامی کاری مەیدانی خۆم یان لە ئەنجـامی خوێنـدنەوەی ئەوانـی تـرەوە بەدەسـتم هێنـاون و زانیـاریم لەبارەیانەوە چنگ کەوتبێت ئەوا من لەپەراوێزەکاندا جێگەیەکم بۆ کردونەتەوە بۆ ئەوەی دەست تۆ بکەون .

بەهیـوام خـوێنەران بانگهێشـت بـکەمە نـاو جیهـانی کتێبەکەوە، تـا بە سیاسـەتەکانی ئەو ڕۆژگـارە وخـودی تـاوانە گەورەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە وسیاسـەتی ئەوسـای ئەمریکا وبەوهۆکـــارانەش ئاشـــناتر بـــن کە ئەنجـــومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی کردبوو لە بەرامبەرتاوانکانی بەعس بێدەنگ بـن. چونکە کاتێک ئینسان لە مەینەتیدا دەبێت پێوستی بەدۆست و هـاوڕێ هەیە. ئەوکـاتەی کـورد پێوسـتی بەهاوکـاری هەبـوو دەبـوو ئەوەی لەتوانـادا بـوو بکـرایە بەداخەوە لەکـاتی خۆیـدا نەکرا ئێشـتاش لە دوای تـاوانەکە دەبێت هەموومـان چ کـوردو ئەوانەی تـر ئەوەی پێمـان دەکرێـت بـۆ قوربانیەکـان پێویسـتە بـیکەین ئەو خەڵـکەی بەشـێوازو پـلەی جیـاواز بەرکەوتـن و بوونە قوربانی .

یوســت هێڵتەرمــان لەو کتێــبەدا، خــوێنەر والیــدەکات تێبگــات بــۆچی بەشــێکی جیهــان لەو تــاوانە گەورانە بێــدەنگ بــوو. بێگومــان هەمووـمــان ئەو زانیــارییە گشــتییە دەزانــین کە لە

ســـۆنگەی بەرژەوەنـــدیی تـــایبەتیی خۆیـــانەوە بێـــدەنگیان لێکـــردووە، بەڵام وردەکـــاری و ڕایەڵـــی بەرژەوەنـــدییەکان ونەگبەتیـی کـورد و زۆر هۆکـاری تـر، تاوانێکیـان خوڵقانـد کە ئەمـرۆ ئەمریکاییەکـان خۆیـان بەتـاوانی سـەدە نـاوی دەبـن، ئەنفـال و کیمیابـارانکردنی کـورد هەرگیـز شـایانی بێـدەنگی نەبوو. هێڵتەرمان، ئەو سۆزو لایەنداریيەمان بۆ ڕووندەکاتەوە داخـۆ بـۆچی ڕژێمێکی، وەک عێـراق کە شـایانی نەفـرت بـوو نەک ســـۆز. تـــاوانەکە شـــایانی پێشـــپێگرتن بـــوو، نەک پاسـاوهینانەوە کەچـی بێـدەنگەی لێکـراو دەرفەتـی زیـاتر بـۆ سـەدام فەراهەم کرا بەوەی گوایە ئەمە کێشـەیەکی نـاوخۆییەو نابێـت دنیـای دەرەوە تـوخنی بکەویـت ودەسـت لەکاروبـارو کێشـــە ناوخۆییەکـــانی ولاتـــانەوە بـــدەن، ئەمە دیمەنێکـــی گاڵتەجـــارییە لە کاتێکـــدا ولاتە زلهێزەکـــانی دنیـــا دەســـت لەکاروبـــاری نـــاوخۆیی ولاتـــان وەردەدەن وگێچەڵیـــان بـۆدەنێنەوەو شـەڕیان بـۆ هەڵدەگیرسـێنن، بـازاڕ بۆخۆیـان دروست دەکەن و بەرژەوەندی خۆیانیـان بەسـەردا دەسـەپێنن، کەچـی دەیـانبینی میللەتێکـی ئەتنـی وزمـان وکلتـور جیـاواز وا لەبـن بۆمببـارانی فـرۆکەو کاتوێشـاو بـۆمبە ژەهراوییەکـانی سـوپای عێراقـدا لەناودەچێـت و تـوخمی دەیـڕێتەوە، چەکـی قەدەغەکـــراوی لە دژبەکاردەهێنرێـــت و ئۆپەراســـیونی لە دژ دەکرێـت و ژن ومنـداڵ وخەڵکـی بـێچەک و چەکـدار پـێکەوە دەکوژرێن، کەچـی ئەوان بەپاسـاوی گاڵتەجاریانە دەڵێن نابیت دەست لەکاروباری ولاتان وەربدەین .!

خوێنــدنەوەی تــایبەتی خــۆم بــۆ کــارەکەی هێڵتەرمــان، پەردەلادانە لە ســەر دووڕوویــی دنیــای مــۆدێرن و ڕێکخــراوە جـۆراو جۆرەکـانی بەنـاو مـافی مـرۆڤ و دەوڵەتە زلهێزەکـان، کە بەهـۆی بێـدەنگیانەوە بـوونەتە هـۆی ملهـوڕیی ڕژێمێـک کە گەورەتــرین تــاوانی نامرۆڤــانەی دەرهەق بە مــیللەتەکەم کــردووە. میللەتێــک، لەوەتــای هەیە غەدری لێــدەکرێ، وەلــێ ئەفســوس! خۆشــی هەمیشــە غەدر لە خــۆی دەکــات. هەتــا برینێکـی سـاڕێژ دەبێت، قەتمـاغەی یەکێکـی تـر هەڵدەداتەوە و برینــی نــوێ دەکــاتەوە جەســتەی خــۆی. لە بــری ئەوەی برینەکانی سەرجەستەو ڕۆحـی خـۆی سـارێژبکات برینـی نـوێ دەکاتەوە خـۆی، کورد میللەتێکە جگەلەخەنجەری دوژمنەکانی هەزارن خەنـجەری دۆسـتەکانی بەپشـتەوەیە، کەچـی ئەفسـوس سـود لە ئەزمونەکـانی نـابینێ و پەنـدو عیبرەتیـان لـێ وەرناگرێـت، لەبـری ئەوەی لە دوای تـاوانی هەڵەبـجە و ئەنفـال تـۆبە لەبێعـاری خـۆی بکـات و لە دەرفەتـی ڕەخسـاوی دوای ڕاپەڕینـدا بۆدۆسـت و دوژمنــی بســەلمێنێ و خــۆی بنیــات بنێــتەوە و خۆشەویســتی بەرهەمبهێنێـتەوە، بە پـێچەوانەوە لە هەر دەرفەتێکـدا بـۆی لـوابێ و بۆی بلوێ ئامادەی شەڕی ناوخۆیە!

بەداخەوە لەناو ریزبەندی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ وەک دۆسـتی کـورد نــاونوس کــراون، ئەگەر نــاوی هێڵتەرمــان هەشــبێت ئەوا لەدوای دواوە دانراوە. کە بێگومان ئەوەش دەردێکی تری ئێمەیە.

**عومەر محەمەد کۆاتایی ٢٠١٤**

# هێڵتەرمان کێیە ؟



"یوست هێڵتەرمان" Joost Hiltermann پیاوێکی بە ڕەگەز هۆڵەندیە لە دایکبووی(١٩٥٦/٧/١٠)ە دکتۆرا لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی کالیفۆرنیا – سانت کروز، ساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٤ لەرێکخراوی مێدل ئێست ۆچ و دواتریش هەتا ساڵی ٢٠٠٢ لە رێکخراوی هیومان ڕایتس ۆچ بووە، ئێستاش جێگری بەرێوەبەری گشتی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکانە، تویژەرێکی ئەکتیڤ و بەئەزموونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەسایەتییەکی بەناوبانگە لە جیهاندا.

سەرباری ڕەخنە ڕاستەوخۆکانی لە سیاسەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام هەمیشە کۆنگرێسی ئەمریکی گوێی لێدەگرن. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە،

ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس لە ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ تێکشکا و دواتر پەلاماری کوردستانی دایەوە و ئاوارەیی ملیۆنیی خەڵکی کوردستانی بەدوادا هات و سەرنجی جیهانی ڕاکێشا، ئیتر دەرگا بۆ زۆر ڕیکخراوی ناحکومی و جیهانی کرایەوە لە سنوورەکانی تورکیا و ئێرانەوە خۆیان بگەیەننە کوردستان.

هێڵتەرمانیش لەگەڵ تویژەرێکی تری خاوەن ئەزموون (جیمێرا ڕۆن Jemera Rone) لە نێوان نیسان و ئەیلوولی ١٩٩٢دا، ماوەی شەش مانگیان لە کوردستانی باشور-(عێراق) بەسەر بردووە؛ دواتریش لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢ هەتا ١٩٩٤ خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیاری بوون لە مەڕ تاوانی ئەنفالوهەڵەبجە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە. یوست هێڵتەرمان، وەکو بەڕێوەبەر لە پڕۆژە گرنگەکەی چاودێریی مافی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، مێدڵ ئیست ۆچ کە دواتر (هیومان ڕایتس وۆچ) کارەکانی تەواکرد دەستبەکاربووە. پڕۆژەکە تایبەت بوو بە تاوانی جینۆساید لە عێراق و پەلامارەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان؛ بە تایبەتیش پەلامارەکانی ئەنفال بۆسەر گوندەکان. ئەگەرچی کارەکەی ڕێکخراوی میدل ئیست وۆچ و هیومان ڕایتس وۆچ، سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوەبینی، چونکە ئەو ڕاپۆرتە گرنگەی لێکەوتەوە کە تیایدا، وێنەی تەواوی جینۆسایدکردنی بەشێک لەگەلی کوردی تێدا رونکرایەوە و بە چەندین زمان خرایەڕوو. سەرباری ئەو سەرکەوتنەش، بەلام یوست

هێڵتەرمـــــان زۆر نــــیگەرانە لەوەی، ڕاپـــــۆرتەکە هـــــیچ کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتیی لێنەکەوتەوە و بێدەنگیی نەشکاند. لەو ڕاپـۆرتە گـرنگەدا، کە لە مـاوەی هەژدە مانـگ زیـاتردا کـۆکراوەتەوە، میـدڵ ئیسـت وۆچ و هێڵتەرمـان دەگەنە ئەو قەنـاعەتەی کە ئێسـتا بەدڵنیـاییەوە نیـاز و مەبەسـتی تەواوی حوکوومەتی سەدامیان دەرخستووە سەبارەت بە لە ناوبردنی کوردی باشور؛ یان وەکو خۆیان نووسیویانە (کوردی عێراق لە ڕێـگەی بەکـۆمەڵ کوشـتنی بەشـێکیەوە. بێگومـان کـورد پێکهـاتەیەکی ئەتنیـی جیـاوازن لەناوعێراقـدا و لە زۆریـنەی دانیشتوانی عەرەبی عێراق جودان) .

هەر ئەوکـاتەش لەئیـوارە کۆڕەکەیـدا یوسـت هێڵتەرمـان سـەبارەت بە کتێـبەکە نـیگەران وبیتـاقەتی ئەوەبـوو، کە چ لە سـەر ئاسـتی نـاوخۆ و چ لە سەرئاسـتی جیهـان، پێشـوازییەکی ئەوتـۆی لێنەکراوە، بەڵام من وەکو کەسێک کە مـاوەی چەنـد سـاڵێکی ژیـان و تەمەنــی خـۆمم بـۆ هەمـان ئەودۆسـێیە تەرخـانکردووە، ئەو کـاتە ڕایەکـی تـرم هەبـوو، هەرلەوێ وتـم لێرەوە رایدەگەینم کە تەواو لە بۆچوونەکەی نووسـەری ئەم کتێـبە جیـاوازم، بە تـایبەتی لە سـەر ئاسـتی نـاوخۆ، هەردوو کتێــبەکەی (جینۆســاید لە عێــراق و پەلامــاری ئەنفــال بۆســەرکورد) و (کــارێکی ژەهراویــی ئەمریکــا و عێـراق و گازبارانی هەڵەبجە)، گرنگییەکی زۆریان پێدراوە؛ بە تـایبەتی لە لایەن ئەوکەســانەوە کە دەیانەوێــت لە وردەکارییەکــانی هەردوو تــاوانی ئەنفــال و هەڵەبــجە تێــبگەن و دوور لە

دەمارگیری و هات و هاوار مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسییانەدا بکەن. ئەوەندەی من بزانم، کتێبی یەکەمی، لە دوادوای سالانی نەوەدەکانەوە هەرکەکەوتە بەردیدەی خوێندەواران و هاتووەتە ناو کتێبخانەی کوردیەوە، بە زوویی لە بازاڕدا نەما. لە میانەی ئەو ڕاپۆرتەدا زیاد لە جارێک لە عێراق وکوردستان بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی چاپکراوە؛ ئەمەش شانسێکە ڕەنگە کەم کتێب و نووسەر بتوانن بەدەستی بێنن، کەچی کتێبە بە نرخەکەی یوست هێڵتەرمان، دووجار لە لایەن مامۆستا (محەمەد حەمەساڵح تۆفیق)ەوە وەرگێڕدراوە و لە چاپدراوە، دووجاریش لە لایەن مامۆستا (جەمال عەزیز)ەوە -کەجارێک بە زمانی عەرەبی و جارێکیش بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕراوە- لەچاپدراوە. ئەم کتێبەشی کە حاڵی حازر قسەی لەبارەیەوە دەکەین، کارێکی دانسقەیە و وای بۆدەچم کورد بە بایەخەوە تەماشای دەکەن؛ بەتایبەتی کە بەرهەمی هەشت ساڵی بە دوداچوون وگەڕانی وڵاتانی جیهان بێت. تا زانیاریەکان، بایی ئەوەبن کتێبیکی وەهای لێ بەرهەم بێت. دەمەوێت دان بەو ڕاستیەدا بنێم کە من ئەوسا بەهەڵەداچوبوم، هێڵتەرمان ڕاستی بۆچوبوو، چونکە دلنیام لەوەی نیگەرانیەکەی هێڵتەرمان بۆ ئەوەنیە چەند کەس پێی ووتووە، یان لە نامەیەکی ئەلەکترۆنیدا بۆی نوسراوە: دەستتخۆش کاریکی باشت کردووە، بەڵکو داوای هێڵتەرمان ئەوەیە جیهان پەند و عیبرەت لەو تاوانانە وەربگرێ و بە دادگای عەدلی

نێـــودەوڵەتی و ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشـــەوە بشـڵەژێنێ وبـێن بە دوای هەڵـدانەوەی دۆسـێی قوربـانی و جەلاددا بگەریـن و بۆهەتاهەتـایە تـاوانی جینۆسـاید کۆتـایی پێبهێنرێت و خەڵکیش لە سەروەریی یاسا بەهرەمەندبن .

وەلـێ نەک ئەوخەونە مەزنەی نوسـەر لە سـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی نەهـاتەدی و هـیچ رووی نەدا بەڵکـو لەنـاوخۆش کـارەگرنگەکەی بـایەخێکی ئەوتـۆی پێـنەدرا، دەتـوانم بڵـێم قوربانیەکـانی گـازی کیمیـایی و ئەنفـالیش بەهەنـدیان نەگـرت، ریکخراوەکـانی بـواری جینۆسـایدو لێکۆڵیـارانیش وەک پێویسـیت نەیانخوێندەوە، خۆئەوە ڕەنگە هەندێک کەس وهەندێک راگەیاندن کـار هەرنەشـیان زانیبێـت وەهـا کتێبیکـی بایەخـدار لە کتێبخـانەی کوردیـدا هەیە. جێـی خـۆیەتی هەمـان دەردەدڵـی وەرگێـڕی کتێـبەکەش لێـرەدا یاداشـت بـکەم کە لە سـەردانێکی دۆسـتانەدا بۆماڵیـان، نیگەرنیـیەکەی نەسـاردەوەو پێـی گـوتم بۆیەکەمجـارکە کتێبـی جینۆسـاید لە عێـراق وپەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەرکوردم وەرگێـراو چـاپکرا، وای بـۆ دەچـووم لە دوای بلاوبـونەوەوکەوتنە بەردیـدەی خەڵـک دنیـا بەسـەریەکدا وەرگەڕێـت، بەڵام هەی هـوو ئەوە چـاپی دووهەمـیش کەوتە بەردیـدە بەڵام هـیچ رویـنەدا ! تەنـانەت ئەو خوێنـدەوارو بەرپرسـە باڵایـانەش کە بەواژۆی خـۆم پێشکەشـم کـردن وبە زارەکـێش هۆشـداری ئەوەم پێـدان کە خوێنـدنەوەی ئەم کتێـبە پێویسـتە، بەڵام باوەڕنـاکەم کەسـێکیان هەبێـت بە کـول و دڵ خوێنـدبێتییەوە ! لەڕاسـتیدا ئەوە هەردەردە دڵ نیە، بەڵکو دۆخێکی زۆرمەترسیداریشە .

Joost Hiltermann یوست هلترمان

14 October 1956 ١٤/١٠/١٩٥٦

PhD, Sociology, University of California in Santa Cruz

1984-1989, Al-Haq (Palestine)
Researcher and Research Coordinator

1992-1994, Human Rights Watch
Director, Iraq Documents Project

1994-2002, Human Rights Watch
Executive Director, Arms Division

2002-today, International Crisis Group
Deputy Program Director for Middle East and North Africa.

Citizen of Netherlands

Married, with 3 children

Suleimani
15 December 2011

## من و هێڵتەرمان

تەمـــووزی ســـاڵی ٢٠٠٧ لە ڕێـــگەی ئـــیمەیڵەوە هەواڵـــی بڵاوبـوونەوەی کتێبـی (کـارێکی ژەهراویـی ئەمریکـا و عێـراق و گازبـــارانی هەڵەبجە)یـــان بـــۆ نـــاردم. ئەوســـا کە چـــاپە




ئینگلیزییەکەی لە لایەن زانکۆی کـامبرج بڵاوکرابووەوە، دواتـر لە ئۆکتـۆبەری هەمـان سـاڵدا دوو ڕاپـۆرتی جیـاوازم لە لایەن دوو کەسـی جیـاوازەوە دەربـارەی ئێـوارە کـۆڕێکی هێڵتەرمـان پێگەیشـت، کە ئێوارەی ٤-١٠-٢٠٠٧ لە زانکـۆی ئەمسـتردام بە مەبەسـتی شـیکردنەوە و نمایشـکردنی کتێـبەکەی، گفتوگـۆ و

چاوپێکەوتنێکی بۆ سازدرا بوو[1]. شایانی باسە، بێژەرێکی ناسراوی تەلەفیزیۆنی هۆڵەندی (یۆریس لۆویندایک)کۆڕەکەی بەڕێوە بردبوو.

بە پێی زانیارییەکانی بەندە، لەو کۆڕەشدا هێڵتەرمان قسەی لە سەر زۆرلایەنی تاوانی کیمیاباران کردبوو، لەوانە سەرەتای بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان بۆ جاری یەکەم بە شێوەیەکی سەرەتایی لەساڵی ١٩٨٣دا. بێگومان بە ئاگاداریی ئەمریکا و دەزگای (سی. ئای. ئەی.) و حکوومەتی ئەوسای ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەوە مایەی سەرنجە کە لە ڕاپۆرتەکەی ئەمیر قادریشدا ئاماژەی پێکراوە، ئەو چەند دێڕەیە کە هێڵتەرمان، لە کاتی واژۆکردن و پێشکەشکردنی کتێبەکەیدا دەینووسی: (**بەڕێزم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگەی پەسەند کردنت بێت؛ تا دەنگی نەبیستراوی خەڵکی کوردستان و ئەم تاوانە قسە لێنەکراوە بگاتە هەموو لایەک. واژۆ: هێڵتەرمان.**)

کە ڕاپۆرتەکەم دەربارەی کۆڕەکە خوێندەوە، بایی ئەوە تێگەیشتم کە هێڵتەرمان باسی چی دەکات؛ چونکە پێشتریش لە ڕاپۆرتەکەی میدڵ ئێست وۆچدا لەساڵی ١٩٩٣، کاری مەزن وبایەخداری دەربارەی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی

---

[1] هەر ئەوکاتە ڕاپۆرتەکانم لە لایەن بەڕێزان د. سەلاح گەرمیان و ئەمیر قادر پێگەیشت. تکایە بۆ بینینی ڕاپۆرتەکە بڕوانە د. سەلاح گەرمیان – ماڵپەری ناوەندی چاک www.chak.info .

کورد ئەنجامدا بوو؛ ئەوە لە کاتێکدا بوو هێشتا کۆمەڵگای کوردستانیش شتێکی ئەوتۆی دەربارەی نهێنییەکانی ئەنفال نەدەزانی، هەر لە بەرئەوەش بوو کە هەواڵی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە (ئەمریکاو عێراق وگاز بارانی هەڵەبجە) زۆر خۆشحاڵی کردم؛ نایشارمەوە لەو کاتەدا هەستم بە جۆرە کەموکورتییەک دەکرد لە کەسایەتیی خۆمدا، چونکە خۆزگەم دەخواست بەشێکی گەورەی تەمەنم بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی تەرخان بکردایە و ئێستا ئینگلزی زانێکی وابوومایە کە توانای وەرگێڕانی ئەو کتێبەم هەبێت و وەک ئەرکێکی سەرشانم بێ سێودوو لێکردن بڕیاری وەرگێرانیم بدایە. بەڵام هەر زوو بەخۆمم ووت: "دڵنیام وەردەگێردرێتە سەرزمانی کوردی" خۆشبەختانە هێندەی نەبرد کاتێک برا و مامۆستای خۆشەویستم "محەمەد حەمەساڵح توفیق، وەک مژدەیەک، هەواڵی ئەوەی پێدام کە سەرقاڵی وەرگێڕانی کتیبەکەی هێڵتەرمانە دەربارەی گازبارانی هەڵەبجە گەلێک خۆشحاڵ بووم کورد وتەنی کەلەکەم کەوتە عەردی.

کە "یۆست هێڵتەرمان" سەردانی کوردستانی کرد، چاپی کوردی یان چاپە کوردییەکەی کەوتبووە بازارەوە، لە ئێوارەیەکی مانگی ئۆکتۆبەردا پێکەوە لەگەڵ چەند بەرێزێکی تر لە ریستۆرانتێکی شاری سلێمانی ئێوارە خوانێکمان دروستکردو لەوێ لەگەڵ هێڵتەرمان دەربارەی کتێبەکەی و تاوانی گازباران قسەو باسی زۆرمان بوو، هەر لە سۆنگەی

دانیشتنی ئەو ئێوارەیەو گۆڕینەوەی بیروڕامان بوو کەوا بۆ ڕۆژی ٢٥/١٠/ ٢٠٠٨ بۆ ئێوارە کۆڕێکی خۆی لە شاری هەڵەبجە داوەتی کردم، کە کۆمپانیای ئاوێنە و ڕادیۆ دەنگی نویٚ، لە هۆڵی ئەحمەد موختار بۆیان سازکرد بوو؛ بەو نیازەی لە کۆڕەکەدا لە سەرکتێبە بەنرخەکەی قسە بکەم؛ بەڵام من بێجگە لەوەی تەندروست نەبووم، هێشتا خوێندنەوەیەکی ئەوتۆشم بۆ نەکردبووکە شایانی هەوڵە گرنگەکەی نووسەرو کتێبە بەنرخەکەی بێت؛ بۆیە هەر لەو ئێوارە کۆڕەدا، بەلێنی ئەوەمدا کەوا لە داهاتوودا خوێندنەوەیەکی تایبەت لە سەر ئەم کارە گرنگ و پڕبایەخەی نووسەر بکەم؛ ئەو بڕیارەشم هەرگیز لەبەرئەوە نەبوو کە نووسەر پەردەی لەسەر ڕۆژگارە تاریکەکانی نەتەوەکەم هەڵداوەتەوەو لە سەر تاوانێکی نووسیوە کە دژی نەتەوەکەی من ئەنجامدراوە، بەڵکو لە بەرئەوەی (وەکو کوردێک) برینی نەتەوەکەم بە برینی مرۆڤایەتی دەزانم و هەوڵەکەی نووسەریش وەکو بێگانەیەک یاخود ناکوردێک وەک پەیامێکی مرۆڤانەی هاوبەش دەنرخێنم.

بە بڕوای من، هاتنە دەنگی کەسانی وەکو یوست هێڵتەرمان، هەر لەوەدا گرنگ نییە کە شارەزایە و کەسێکی بەئەزموونی بواری مافی مرۆڤە و ناوەندەکانی بڕیار گوێی لێدەگرن، بەڵکو لەوەدا گرنگە کە غەیرە کوردێک، بێلایەنانە باسی لە تاوانی گازبارانی هەڵەبجە کردووە و هەوڵەکانی لەوەدا چڕکردووەتەوە کە پێش بەم تاوانانە بگرێت؛ بۆیە لەو ئێوارە

کۆرەشـــدا ئەوەم بە ئامــادەبوانی کــۆڕەکە ڕاگەیانــد، ووتــم: ئامــادەبوونم لێـرە جـگە لە ڕێزگـرتن لە هەوڵە پڕبـایەخەکەی نووســەر و وەرگێڕی کتێبەکە وکۆمپانیـای ئـاوێنە و ڕادیـۆی دەنــگ، شــتێکی تــرنییە. چــونکە لە بــاری ئەخلاقیــیەوە وای بۆچـــــووم نەک هەڵســــەنگاندن، تەنــــانەت خوێنــــدنەوە و تێگەیشـتنیش لەم کتێـبە، وا بـۆ خـوێنەری جـدی پێویسـتە بە بەرپرسـیارێتی و بـڕوا بەخۆبـوونێکەوە دەسـتی بـۆبەرێ؛ چ جای ئەوەی گێلانە چاو بە لاپەڕەکانیدا بخشێنی و دواتریش بە دەبەنگییەوە، جـورئەتی ئەوەبکەیـت و بڵێیـت: ( نووسـەری ئەم کتێــبە، نەخشــە بــۆ جینۆســایدکردنەوەی گەلــی کــورد دادەرێـــژێ)[2] ئەگەرچـــی ئەم قســـەیە تەنهـــا لەوکەســـانە دەوەشـێتەوە کە جیاوازی لە نێوان زێڕ و زبڵدا ناکەن و پتر بە بۆنی زبڵ دەخرۆشێن، دەنا بەناو چالاکێکی بواری ئەنفال، ئەگەر دەمــارگیری نەیکوشــتبێ چــۆن دەتــوانێ قســەی ئــاوا فڕیبدات؟!!

پڕۆژەوکارەکـانی یوسـت هێڵتەرمـان، لەمەڕ تـاوانی ئەنفـال و کیمیابـارانکردنی کـورد، یـان ڕاسـتتر وایە بڵـێم لەدژی بەشـێک

[2] ئەم دەربـڕینە قسـەی کەسـێکە گـوایە (چـالاکوانی ئەنفـال وهەڵەبـجە)یەو دەیەوێـــت تـــاوانی ئەنفالوکیمیابـــاران بەجیهـــان بناســـێنێ، بەهـــۆی بەرچـاوتەنگی خـۆیەوە کە زانیبـووی یوسـت هێلتەرمـان منـی بانگهێشـتی هەلەبجەکردووەو دەرفەتـی قسـەکردنی پێداوم لە دژی مـن ئەم تـۆمەتەی خستبووە پاڵ یوست هێلتەرمان، هەمـان تـۆمەتی ناشرینیشـی خسـتەپال جـوانەمەرگ تەهــاکەریمی سـینەکار لەبەر ئەوەی راوێژکـاری فـیلمەکەی بووم گوایە تەها ویستوویەتی خەلاتی نۆبلی ئاشتی بداتە جاشەکان .

لەکــۆی مرۆڤــایەتی کــاری دانســـقەن هەرچەنــدە ئەو تەنهــا روداوەکــان دەگێـڕیتەوە، لە هەوڵــی ئەوەشــدایە کە تەمـومژ لە سەر ڕاستییەک لابەرێ کە ئەمریکاو ئیدارەی ریگن تاوانبـاری گازبــارانی هەڵەبــجەن. هەربــۆیەش کتێــبەکەی هێلتەرمـــان پێشـوازییەکی ئەوتـۆی لێنەکـرا، نـاوەرۆکی هەردوو کتێـبەکەی بـریتین لە شـۆڕبوونەوەیەکی قـوڵ و خوێنـدنەوەیەکی گرنـگ وهەڵوێســتێکی ئەخلاقــی بە شــێوەیەکی زانســتی و بەڵــگەدار بەنـــاو پانتاییەکـــانی تاوانـــدا. بێگومـــان تـــاوانی گەورەی نێــونەتەوەیی لەســـەدەی ڕابــوردودا دژ بەگەلێکــی گەورە کە ســـەرلە بەری مێـــژووی بە تـــاوانی گەورە دەورەدراوە، ئەو تاوانـــانەی دەبـــوایە زوو کـــۆمەڵگەی نیـــودەوڵەتیی بهێنێـــتە سەرخەت، بەڵام هەرگیز وانەبوو.

ئێمە لێرەدا قسەی سـەرەکیمان لە سـەر دوا کتێبی هێلتەرمـانە (کـارێکی ژەهـراوی، ئەمریکـا و عێـراق وگازبـارانی هەڵەبجە)کە بـــریتییە لە (٣٨٥) لاپەڕەی قەبـــارە مامناوەنـــد، ســــەرەڕای پێشـــەکییەکی بە پێــزی نووســـەر و بـــابەتە بەراییەکـــان، لە نۆبەش و دەرئەنجامێک پێکهاتووە، کە تیایدا کاکڵەی مەبەسـتی باسـەکەی تێدا خـراوەتەڕوو؛ جگە لەمـانەش، قسـەی کۆتـایی و بیبلۆگرافیی چاوپێکەوتنەکانیشی خستووەتە ڕو.

بێگومـان یوسـت هێلتەرمـان بـۆ نوسـینی کتێـبەکەی لە سـەر سـنگ ڕانەکشـاوە، تـا لاپەڕە ڕەشـبکاتەوە؛ بەڵکـو بێپسـانەوە، سـالانێک گەڕاوە بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری دەربـارەی ئەو تـاوانەی کە بە هەمــوو پێــوانەیەک دەچێــتە خــانەی تــاوانی

جینۆسایدەوە و هەموو ڕەگەزەکانی تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و دژی مرۆڤایەتیی لە خۆگرتووە؛ بەڵام نووسەر نەیویستووە بەبێ دۆکۆمێنت و بەدواداچوون، زیادەیەک بخاتە سەرخەرمانی زانیارییەکانی، بەڵکو لە نێولاپەرەکانی کتێبەکەدا دەردەکەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکێکی زۆر و شایەتحاڵی جۆراوجۆرکردووە، کە زیاتر لە (١٥٠) کەسن؛ لە هەموو چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەو کەسە جۆراوجۆرانەدا زانیاریی پێویست و بە کەڵکی لێوەرگرتوون و قسەکانیانی یاداشتکردووە، کە بەداخەوە، هەندێک لەو شایەتحاڵ و کەسایەتییانە ناوەکانیان یاداشت نەکراوە و هەر بە نهێنی، یان بە ناوی خوازراوەوە ماونەتەوە؛ بێگومان ئەوەش لە سەر داوای خۆیان و لە بەرسەلامەتیی ژیانیان بووە، کە دیسانەوە ئەوەش بۆخۆی کێشەیەکی تری ئازادیەکانی خەڵکە جا لەهەر ولاتێکدا ژیابن . لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا بۆشاییەک لە شایەتحاڵەکاندا هەیە، چونکە کەسانێک هەبوون کە دەبوو یاخود باشتر دەبوو ئەگەر یوست هێڵتەرمان بەدەستی بخستنایەو قسەی لێوەربگرتنایە یاخود قسەی لەبارەیانەوە بکردایە، لەوانە دکتۆرە تورکەکان کە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی کیمیابارانکردنی ناوچەی بادینان بەناچاری رویانکردە سەرسنورو لە دوای پەریـنەوەی لێشاوی ئاوارەکان برینداریکی زۆریان بینیبوو، هەرچەندە لەدوای هەڵوێستی پۆزەتیڤی حکومەتەکەیانەوە کە وەزارەتی دەرەوە رەتی کردەوە عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنابێت،

دکتۆرەتورکەکانیش لێوی خۆیان گەست و چیتر راستیەکانیان بە بەرۆژنامەنوسـان ودپلۆمـات و تیمـی پزیشـکانی بێسـنور نەگـووت و نکۆڵییـان لەهەر حـاڵەتیکی ژەهـراوی کـرد، کەدیبویـان. )دواترولەشـوێنی خۆیـدا زیـاتر دێـمەوە سـەر ئەم باسە .

کەلێنێکی تری کتێبەکە (کارێکی ژەهـراوی) دۆسـێی فـرانس ڤان ئانراتە، هەرچەندە یوست هێڵتەرمان پاساوی خۆی هەیەو ئەو پێیـوایە کـارەکەی ئەم لەمەڕ کەمتەرخەمییەکـانی رابـوردوو بێدنگی و بێهەڵویستی ئیدارەی ڕێگان و سیاسـەتی ئەمریکایە، لەمەڕ تـاوانی گازبـاران لەسـەدەی ڕابـوردوودا، بەڵام بێسـود نیـیە قسـە لە دۆسـێی کـارەکتەرێکی تـاوانەکە بکەیـن، کە بازرگـانێکی مەترسـیداری مادەکیمیاییەکـان بـووە و سێ سـاڵ پێش دەرچـونی کتێبەکەی هێڵتەرمـان ئەو بەتـۆمەتی بازرگـانی کـردن بەمادەکیمیاییەکـانەوەو بەتـۆمەتی بەشـداری کردنـی تـاوانی جەنـگ یـان بە تـۆمەتی هاوکـاری کردنـی عێـراق لە کیمیابـاران کردنی کوردەکان لەلایەن دادگای شـاری لاهـایەوە بە ١٥ سـاڵ زینـدانی سـزادرابوو، زۆربەی سـکاڵاکارو شـایەتەکان هـی دۆسـێی کیمیابـارانی شـاری هەڵەبـجەو سەردەشت بوون. [3]

---

[3] فـرانس ڤـان ئـانرات بەهـۆی بازرگـانی کـردن بەمادەکیمیاییەکـانەوە و بەهـۆی بەشـداری کـردنیەوە سـەرەتا ١٥ سـاڵ زینـدانی بـۆ بـڕدرایەوەو دواتریش لە تێهەڵچونەوە(تەمیز) کردنەوەیدا سزاکەی سوک نەکرا بەڵکو ٢ساڵی تری چووەسەرو سزای تاوانبار لە ١٥ سالەوە کرا بە ١٧ ساڵ .

## سەفەرێکی کورت لەگەڵ ئارنۆڵد کارنسکێس

هەفتەیەک بەرلەوەی بگاتە کوردستان، بەرپرسی ئەوسای ناوەندی چاک، کاک ئەمیر قادر لە هۆڵەنداوە بە ئیمەیڵ ئاگاداری کردمەوە لەوەی پیاوێک دێتە کوردستان و ژمارە تەلەفۆنەکەی تۆم پێداوە پێوەندیت پێوە دەکات، ئەوپیاوە ئارنۆڵد کارنسکێسە کە رۆژنامەنوسێکی بەناوبانگی هۆڵندایەو راپۆرتەکانی ئەو رۆڵی گرنگیان هەبوو لە سزادانی فرانس ڤان ئانراتدا، ئەوەشی بۆ نوسیبووم کە وەرگێڕیش گرفتێک نابێت چونکە خۆی دابینی دەکات؛ بەڵام لە ڕۆژێکدا ئارنۆڵد تەلەفۆنی بۆ کردم کە زۆرنەگونجاوبوو. ئەو کاتە من و هاوسەفەرەکانم بازگەی سلێمانی- عەربەتمان تێپەڕاند بوو بەرەو شاری هەڵەبجە، بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆڕێکی یۆست هێڵتەرماندا، دەربارەی کتێبی " کارێکی ژەهراوی، ئەمریکا وعێراق و گازبارانی هەڵەبجە " دەبوو من بەرلەوادەی دەستپێکردنی کۆڕەکە لەوێ بومایە، چونکە دوو ڕۆژ پێش ئەوە هێڵتەرمان لەڕێگەی کاک فەلاح مرادخانەوە داوای کردبوو، کە ڕەزامەندی دەرببڕم بۆئەوەی لە هەڵەبجە قسە دەربارەی کتێبەکەی بکەم، ڕاستی من بەخۆشحاڵییەوە داواکەیم پەسەند کردوو بڕیارمدا ئەو ئێوارەیە لە هەڵەبجە لە بەردەم میوانەکاندا دەربارەی کتێبەکەی قسەبکەم، ئەوە بۆمنیش شەرەفێکی گەورەبوو، هەرچەندە بەخت یاوەرم

نەبوو چونکە من ڕۆژێک دوای ئەوەی بەڵێنم پێدا نەخۆش کەوتم، بەڵام گوێم پێنەداو نەمکرد بەگرفت وهەر ڕۆیشتم، کە لە ماڵ دەرچووم باران بوو، لە بارێکی تەندروستیی خراپدا سەیارە ئۆمیگاکەم بەژێر لێزمەی باران وبەسەر جادەی تەڕدا دەئاژووت، جاربەجارێک هەموو بەدەنم شەلاڵی ئارەق دەبوو، هەموو لەشم بەتوندی توشی داهێزان ببوو، کە زەنگم بۆهات، زۆربە زەحمەت توانیم خۆم بجوڵێنم بۆ ئەوەی مۆبایلەکەم لە بەر پشتێنەکەم بکەمەوە؛ بۆیە فریانەکەوتم وداخرایەوە، بەڵام زۆری نەبرد کە بەهەمان ژمارە زەنگی لێدایەوە، کە پەنجەم بە دوگمەی ئۆکەیدانا بەزمانێک دەدوا هیچی لێحاڵی نەبووم، بەڵام توانیم بەئینگلیزیە خراپەکەی خۆم داوای لێبکەم بە زمانی ئینگلیزی قسە بکات. پاش ئەوەی ئۆکەی بۆکردم، کارم بەوە باش بوو کە بژاری تەها خەلیل هاوسەفەرم بوو لە تەنیشتمەوە، لە پێشەوە دانیشتبوو؛ ئەو دەیتوانی باش بە زمانی ئینگلیزی قسەبکات. مۆبایلەکەم دایە دەست و داوام لێکرد پێی بڵێت ئێمە بەرەو هەڵەبجە کەوتوینەڕێ، بۆ ئەویش کارێکی باش دەبێت کە لەگەڵماندا بێت بە تایبەتیش بۆ گفتوگۆیەک دەچین کە هی هاونیشتمانی و هاوزمانێکی خۆیەتی؛ کاتێک ئەم قسانەی بۆ وەرگێڕدرا و زانیشی هاو زمانەکەی خۆی (یوست هێلتەرمانە) بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندیی دەربڕی؛ ئێمەش بێ دوودڵی لەژێر لێزمەی بارانێکی بەخوڕدا لەشوێنی پێچیکی ڕێگەپێدراوی یاساییدا سووڕاینەوە و بەخێرایی گەراینەوە بۆ سلێمانی و لە هۆتێل

دیلانی تازە دامەزراو سوارمان کرد و بەبێ وەستان جارێکی تر بەرەو هەڵەبجە کەوتینەوەڕێ .

ئارنۆڵد کارنکیس پیاوێکی سوێر قسە و باڵا بەرزی تەمەن سەرو ٤٠ ساڵ، ڕۆژی ( ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨) بووە هاوسەفەرمان بۆ شاری هەڵەبجە. من پێشتر ناوی ئەم پیاوەم بیستبوو هەندێک لەو ڕاپۆرتانەیم خوێندبووەوە کە دەربارەی فرانس ڤان ئانرات بڵاوی کردبوونەوە و هاوڕێیانم کامەران ئەحمەد و ئەمیر قادر وەریان گێڕابوونە سەر زمانی کوردی. لەڕاستیدا ڕاپۆرتەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیی بوو لە یەکلایی کردنەوەی دۆسێی فرانس ڤان ئانراتدا. کتێبێکیشی بەناوی "هیچ پەشیمان نیم" لە بەردەستماندا بوو بۆئەوەی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و من پێداچوونەوەی زمانەوانیی بۆ بکەم؛ هەرکە باسی ئەو پرۆژەیەم بۆکرد، وتی: ئۆۆۆۆۆ ( یەس یەس) ئەوە کتێبەکەم پێیە و پێمخۆشە لە هەڵەبجە پێشکەشی ئەندامانی ناوەندی چاکی بکەم بەدەم قسەکردنەوە کتێبێکی بچکۆلەی دەرهێناو پیشانیداین-هەرواشی کرد-. هەر کە گەیشتینە شاری هەڵەبجە، چووینە ڕادیۆی دەنگی نوێ، هەر لەوێش چاومان بە ئەندامانی ناوەندی چاک کەوت و کتێبەکەی پێشکەش کردن مامۆستا ئەرسەلان عابدو کاک ئاوات نەسروڵا لێیان وەرگرت وسوپاسیان کرد، دواتر بۆ ئێوارە کۆڕەکە هەموو پێکەوە چووینە هۆڵی ئەحمەد موختارجاف.

لەو ماوەیەدا هەتا گەیشتینە هەڵەبجە وئەوماوەیەش هەتا کۆڕەکە دەستی پێکرد، لە ڕێگەی وەرگێرەوە هەندێک بیروڕامان دەربارەی کاری ڕۆژنامەوانیی خۆی و دۆسیێی فرانس ڤان ئانرات گۆڕییەوە. ئەو دەربارەی فرانس زۆر قسەی بۆکردم " کە چۆن لە بەغدا بینیویێتی ومایەی سەرنج و بایەخ پێدانی عێراقیەکان بووە". ئارنۆڵد زۆری پێبوو، بەڵام لە بەرکەم وەختی کەمی دەربڕی. بەداخەوە ئارنۆڵد ماوەی نەبوو لە کوردستان زۆربمێنێتەوە. ئەو تویێشووی رۆژنامەوانیی خۆی لە کۆڵ نابوو، بە هیوای ئەوەی بگاتە (قەندیل) و لەگەڵ گەریلاکان و سەرکردەکانیان یەکتر ببینن؛ ئەو ماوەیەشی تەرخانی کرد لەگەڵماندا بێت بۆ هەڵەبجە لەو بۆشاییەدا بوو کە وادەی ئەوەیان بۆ دانابوو بچێتە ئاسایش هەتا مۆلەتی جموجۆڵ و گەڕانی بدەن لێرە.

## یاداشتی سەرپێی

لەو کاتـــانەدا کە لە ناوماشـــێنەکەدا قســـەمانکرد بـــواری یاداشـتکردنی رۆژنامەوانیمـان نەبـوو، بەڵام دواتـر لەرێـگەی وەرگێڕو نوسینەوەیان توانیم کەمێک بەڵام بە پوختی هەندێک زانیاری دەربارەی فرانس ڤان ئانرات وراپۆرتەکانی وەرگرم، داخـــم ناچێـت دواتـــر دەرفەتـــی ئەوەمـــان نەبـــوو، لە ســـەر کتێـبەکەی یوسـت هێڵتەرمـان و ئێـوارە کـوڕەکەی بیـروڕای وەرگرم. بەڵام لەبارەی بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانراتەوە ئارنۆڵد وتی: بیرم دێت ڕۆژێکی هەینی (١٨ ژەنیوەری ساڵی ١٩٩١ بـوو)[(4)] دووەمـین ڕۆژی جەنگـی کەنـداو بـوو، ئـێمە لە بەغداد لە ئوتێلی بەناوبـانگی بەغدا ( ڕەشـید) بووین کە تـاکە شـوێن بـوو، ڕۆژنـامەنوس، یـان ژوڕنالیسـتە بیانییەکـان لێـی کۆدەبـوونەوە، لەوێ چـاوم بەو( فـرانس ڤـان ئـانرات)ە کەوت کە تۆباسـی دەکەیـت؛ پیـاوێکی قژپـڕی بـۆرەکە بە ڕیشـێکی کورت و ناو چاوانێکی تاڵەوە بەرەو ڕووم هـات، ئەوسـا خۆی بە (فرانز) ناساند، کەسێکی زۆربڵێ بوو، ئەو کاتە تەمەنی مـام ناوەنـد بـوو، ڕادیـۆیەکی بچـووکی بە دەسـتەوە بـوو، بەردەوام گـوێی لێدەگرت، هەردەهـات ودەچـوو وەک ئەوەی شـتێکی لـێ وون بووبێت، ئەوکـاتە خـۆی هەڵدەکرد و وەک "فرانز" خۆی پێناســـاندم. لەوەڵامـــی ئەوپرسیارەشـــمدا داخـــۆ بەچ زمانیـــک

---

[4] ئەو بەئـــێمەی ووت رۆژی هەینـــی 16ی ژەنیـــوەری بـــووە، بەڵام لە وەرگێـــرانەکەی کـــامەران ئەحـــمەددا بە 18ی ژەنیـــوەری هـــاتووەو مـــن ئەمەیانم بەراستتر زانیوە. – ع.م

قسەی دەکرد ئارنۆڵد وەلامی دامەوە وتی: بەئەڵمانی و ئینگلیزی دەدوا بە هۆڵندی قسەی نەدەکرد ئەوەش جۆرە فیڵێک بوو بۆ خۆشاردنەوە.

لەدەرەوە ویستگەی گشتیی کارەبا هێرشی کرایە سەر، هەر ئەو کاتەش ڕۆکێتێک بەلای کۆشکی سەدام حسێندا ووژژەو هاژەی کرد، ڕەنگە ئەو کۆشکە ئامانج و نیشانەی ڕۆکێتەکە بووبێت؛ لە ئێستادا باش بیرم نەماوە ئامانجەکەی پێکا یان نا. بیرمە ئەو کاتە هەردووکمان لە سەر تەختێکی درێژ جێگەی خۆمان کردەوە، نازانم ڕۆکێتەکە ئامانجی پێکا یان نا بەلام هێشتا دەنگی تەقینەوەکەی نەهاتبوو، ئەوداکۆکیی لە عێراق دەکرد و بەهەمان نەغمەی سەدامییەکان دەیگوت: کوێت ولات نیە و لە بنەڕەتەوە شارێکی کۆنی سەر بەعێراقە. (ئەگەر مێژووی عێراق بزانیت، تێدەگەیت کە بۆچی کوێت سەربە عێراقە." هەرچۆنێک بوبێ، بە هۆی لەخۆبایی بوونیەوە، سەدام حسێن پەلاماری کوێتی دابوو، لە بەرئەوەی پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کەوا ولاتی کوێت شارێکە سەربەعێراقە، ڕاستتر بلێین، دەیانگووت: کوێت نۆزدەهەمین پارێزگای ولاتی عێراقە. هەرچەندە ئارنۆڵد وای بۆ دەچوو کەوا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠ دا کوێت پەلاماردراوە، بەلام ڕاستییەکەی ئەوەیە کەوا لە سەرەتای مانگی ئابی ئەو ساڵەدا بوو؛ بە دیاریکراوی ڕۆژی ٢ی ئاب بوو. ساغکردنەوەی ئەم مێژووە، خەریکبو ئاڕاستەی گفتوگۆکەمان بەرەو لایەکی تر بەرێت، بۆیە جەختم کردەوە لە سەر ئەوەی

گرنگترین باسێک ئێستا فرانس ڤان ئانراتە نەک جەنگی کوێت؛ ئارنۆڵد قاقا پێکەنی و شانێکی بۆهەڵتەکاند و وتی: ئۆکەی بەردەوام دەبین، باقی وتەکانی ئەو وتوویژەم دێنەوە یاد، بەڵام من زۆرتر پشتم بەو تێبینیانە بەستبوو کە لە سەر کاغەزێکی (A 4) بەدەست خەتی خۆم نوسیومەتەوە، ئارنۆڵد درێژەی بە قسەکانیداو وتی : فرانس پێی باش نەبوو کە من سەرخەتی باسەکان یاداشت بکەم، بڕوای وابوو "ئەم جەنگە لە دژی عێراق پێویست نییە، کەوا ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی کە نزیکەی ٢٢ وڵات بوون، بەڕێوەی دەبەن؛ لە دژی ئەمریکییەکان قسەی دەکرد؛ چونکە فرانس بیرورای وابوو کەوا عێراق لەسەر هەقەقەو ئەو هاوپەیمانێتیەشی بەگەلە کۆمەبە لە سەر عێراقی دەزانی و دەیگوت ستەم لەعێراق دەکرێت، بەڵام من درەنگ تێگەیشتم کە ئەو ڕقەی دژ بە ئەمریکییەکان لە کوێوەیە.)([5]) ئەو کاتە چاوەڕوانی ڕۆژە مەترسیدارەکان بوون چونکە ئاراستەی جەنگ بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت ؛ ئێمە چەند ڕۆژنامەنوسێک بووین کە ئەوکاتە لە عێراقدا مابووینەوە دوای سێ ڕۆژ ڕۆیشتین ، زۆری نەبرد گەیشتینە سەرسنوور، ئیمە ئامانجمان بوو

[5] هەمان ئەم باسەی لە وەرگێڕانێکی کامەران ئەحمەدەوە نزیکە کە لەسەر هەمان بابەتە و لە هەندێک شوێندا گەڕاومەتەوە سەری؛ باسەکە لە لایەن برای بەڕێزم کامەرانەوە لە هۆڵەندییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ماڵپەڕی ناوەندی چاک و زۆر شوێنی تریش بڵاوکراوەتەوە.

بــڕۆین بەرەو ئــوردون بەنیــازی ئەوەی کە خۆمــان رزگــار بــکەیەن و لە ژاوەژاوی عێــراق دەربچــین. دوو هاوکـــاری ئەورووپایی ترم هەبوون ئەوانیش پیتەر ئارنێت (Peter Arnett) لە کەنـاڵی (CNN) و ڕاپۆرتـدەر ئەلفۆنسـۆ ڕۆیـۆ ( Alfonso Rojo) لە ڕۆژنــامەی ئیســپانی (El Mundo) ئەوان مــافی مانەوەیــان هەبــوو. لە وەرگێــرانە کــوردییەکەدا کەکــامەران ئەحمەد لەهۆڵندییەوە وەریگێراوە ئارنۆڵد نوسـیویێتی ( ماوەی ئەو هەفتانەدا ڕۆیۆ، چەند دیدارێکی جیاوازی لەگەڵ فرانزساز کردبــوو، هەر لەو بــارەیەوە لە کتێبێکــدا ڕاپــۆرتێکی ڕۆیــۆ بڵاوبووەتەوە بەناوی ڕاپۆرتدەرێک لە بەغداد ( Reporter in Baghdad))[6] .

لەو مــاوەکەمەدا مــن دەمویســت بەپەلە زۆرتــرین زانیـاریم لەبـارەی فـرانس ڤـان لەئارنۆڵـد چنـگ بکەوێت بەڵام گرفتێکی گەورە لەئارادا بوو، ئەو کە قسـەی دەست پێبکردایە، بەزەحــمەت رادەگیــرا، بەڵام ئەوەیــان لەبەختــی مــن بــوو کە قسـەکانی رانگـرت، چـونکە لەبـارەی بـابەتێکی گـرنگەوە دەدوا ئەڵبەتە بەشـێکی گرنگی ئەوەبوو بۆخۆم باش تێنەدەگەیشـتم، بـۆیە دەمویسـت وەڵامـی کـورت و پـوختم دەسـت بکەوێـت، ئارنۆڵــد وتــی : ڕۆیــۆ لە کتێبەکەیــدا ڕایــدەگەیەنێت: فــرانس ئەڵمانی نییە، نەک هۆڵەندی؛ ناویشی (فرانس)ە. مەسـەلەیەکی سەرنجڕاکێشی دیاریکردووە؛ (فرانس)، -مەبەستی فرانس ڤان

---

6 مەبەســـت لەو هەفـــتەیەیە کە راپـــۆرتەکەی ئارنۆلدکارنکێســـی تێدابڵاوکراوەتەوە لە کانوونی یەکەمی 2005 . بەناوی راپۆرتێک لەبەغدا

ئـــانراتە- کە لە پڕۆژەیەکـــی زۆرنهێنـــی ســـوپادا کاردەکـــات. سەرچاوەکانی ڕۆیۆ دەربارەی (فرانس) ئەڵێن " زۆربەی کات وبە بەردەوامـــــی پێوەنـــــدیی لەگەڵ ســــەدامدا هەبـــــووە و ڕەگەزنامەی ئەمریکی و هۆڵەندی و عێراقیشی هەیە". [7]

لەو دیدارەمانـــدا، ئارنۆڵـــد کارنســـکێس جەختـــی لەو ڕاستیە کردەوە کە فرانس ڤان ئانرات ڕەگەزنامەی عێراقیی هەبووە و لەو بارەیەوە وتی: بەڵێ بەڵێ، ڕۆیۆ لە کتێبەکەیدا باســـــی کـــــردووە، دەڵێـــــت کە فـــــرانس ئەنـــــدازیارە. لە (شـــووقە)بالاۆانەیەکی شـــەقامی حەیفـــا، لە بەغـــداد نیشـــتەجێیە؛ تەنانەت باسی ئوتۆمۆبیلە (Oldsmobile)ە ئۆڵدزمۆبیلەکەی وئاشقەکەشـــــی کـــــردووە کە ژنێکـــــی مەغـــــریبیە. بە پێـــــی ســـــەرچاوەکانی ڕۆیـــــۆ، فـــــرانس لە وەزارەتـــــی پیشەســـــازیی ســـــەربازی([8])ڕۆژانە کـــاری کـــردووە. فـــرانس ڤـــان ئـــانرات لە عێـراق، نـاوی ڕەگەزنـامەکەی وناسـنامە عێـراقیەکەی بە نـاوی فارس ئەلبەزازەوە نراوە، واتا بازرگانە ئازاکە یان بازرگانی شۆڕەسوار.

دیـــاربوو ئارنۆڵـــد زانیـــاری زۆر زیـــاتری پێبـــوو، بێـــئەوەی بیانشاریتەوە دەیویست بەدڵگەرمییەوە بۆم باس بکات، بەلاَم

---

[7] بڕوانە هەمـان سـەرجاوە –ماڵپەری چاک ئینفۆ – وەرگێڕانـی کـوردی لەهۆڵندییەوە کامەران ئەحمەد – ٢٠٠٥ .

[8] ئەو وەزارەتە لە ســـەروەختی ئەنفالـــدا حســـێن کامیـــل، زاوای ســـەدام وەزیـری بـوو، هەروەهـا نزیکـایەتییەکی زۆری لەگەل فرانس ڤان ئانرات هەبووە .

مـن لە بەرکەمـی کـات وبەتـایبەتیش دەبـوایە بگەراینـایەتەوە بـۆ سـلێمانی نەمتـوانی سـودی زیـاتری لەبـارەی ریـۆ لێـوەربگرم بەڵام کاتێـک بۆجـاری دووهەم هەمـان ئەو راپـۆرتەیم بەنـاوی بازرگـانی مەرگ خوێنـدەوە تێگەیشـتم بـۆچی ئارنۆڵـد دەمـی نەدەوەستاو هەرقسـەی دەکرد بێئەوەی گوێ بەوەبدات داخـۆ مـن تێدەگەم یـان نـا؟ وەرگێرەکەمـان هەمـوو ئەوشـتانە وەک خـۆی دەگەیەنێـتە مـن یـان نـا ؟ لە راپـۆرتەکەی خۆیـدا کە کـامەران ئەحمەد وەریگێڕاوە بـۆ زمـانی کـوردی نوسـیویێتی: ( تەلەفـۆنم بـۆ ڕۆیـۆ کـرد، کە ئایـا زیـاتر لە بـارەی فرانسـەوە دەزانێت ؟ دیارە ئەویش زانیاری زیاتری ئێداوە، فرانس پاش هێرشی عێراقیش بۆ سەر کویت لە ساڵی ١٩٩٠ هەر لە عێراق دەمێنێتەوە. فرانس لە ئیمتیازاتی تایبەت بەهرەمەند دەبێت. لە کاتێکدا کە تەواوی ئەوروپاییەکان لە عێراق و کوێت دەست بە سەرکران و بۆیان نەبوو کە ئەو وولاتە بەجێبهێڵن، فرانس ئەیتـوانی بە بێکێشـە ڕووەو وولاتـی دراوسـێ ( ئـوردون ) هـاتووچۆ بکـات و لە فڕۆکەخـانەی پـایتەختەوە ( عمـان ) ئەتوانێت بەرەو وولاتانی تر گەشت بکات. هەر بەو شێوەیەش بـووە کە لە سـینگاپورە وهۆڵەنداش بینـراوە . پاش ئەوەی کە سـەدام حوسـێن لە سـاڵی ١٩٩١ جەنگـی کەنـداوی دۆڕانـد دەبوایە تەواوی بیانییەکان بچنە دەرەوەی عێراق، ڤان ئەنرات ئەمجارەشـیان ئەم بڕیـارە نەیگـرتەوە. ژورنالیسـتی ئیسـپانی ئەلفۆنسـۆ ڕۆیـۆ لەزاری یەکێـک لە ئاسایشـەکانی عێـراقەوە ئـاوا یاداشـت ئەکـات: " ئەم پیـاوە زۆر شـتی باشـی بـۆ وولاتـی

ئـێمە ئەنجـام داوە هەربـۆیە سـەدام جنسـیەی عێراقـی پـێ بەخشیوە " . ئەم ژورنالیستە کە لەگەڵ ڕاپۆرتدەری ( Peter Arnett) پیـتەر ئارنێـت وەکـوو دوو کەسـی بیـانی کە مـافی مانەوەیان هەبوو لە کاتی جەنگی کەنداو لهەمـان ئوتێلدا گوێ بیسـتی شـوێنی کـارکردنی فـرانس ڤـان ئەنـراتیش دەبێـت ، ڕاسـتەوخۆ لە بینـای بەرامـبەر، وەزارەتـی پیشەسـازی سەربازی . کاتێک کە ئەم شوێنە ئەکەوێتە بەر بۆمب بارانی ئەمریکییەکـان ڕۆیـۆ پرسـیار لە کارمەنـدێکی ئـوتێلەکە ئەکـات. ئەوان پەنجە بۆ فرانس ڕائەکێشـن : " پرسـیاری لـێ بکە ، ئەو باش ئەزانێت، ئەو لەوێ کار ئەکات "[9].

ئارنۆلد لەدیدارەکەماندا وتـی : کە لەبەغداوە گەڕامەوە بۆ هۆڵەندا لەوێ باشـتر بەدواداچـونم دەربـارەی ژیـانی فـرانس ڤـان ئـانرات دەسـتپێکرد. لەراپـۆرتە هۆڵندیەکەشـدا کەکـامەران وەری گێـراوە بەم شـیوەیە ئەم باسـە هـاتووە ( هەرزوو بـۆم دەرکەوت کە هۆڵنـدییەو نـاوی فرانسیسـکۆس کـۆرنەلیس ئەدریـانۆس ڤان ئەنـراتە ولە دایـک بـووی ٩ ی ئۆگسـتی ١٩٤٢ ە لە شـاری دەنهێڵـدەر)10 دواتـر هەوڵمـدا لەگەڵ خێزانەکەیـدا بدوێم و زانیارییەکـانم چڕتـربکەمەوە ئەوانـێش هاوکارییانکردم

[9] بـڕوانە راپـۆرتی ئارنۆڵـد کارنسـکیس " بازرگـانی مەرگ" لەهۆڵنـدییەوە بۆکـوردی – کـامەران ئەحـمەد . مـاڵپەڕی ناوەنـدی چـاک . چـاپە هۆڵنـدیەکەی لەژمـارە 50 ی Revu Nieuwe لە سـاڵی 2002 دا بڵاوکراوەتەوە .

[10] لێـرەدا جـارێکی تـرگەراوەمەتەوە سـەر وەرگێڕانەکـوردییەکە کەمێـک جیاوازی نەبێت قسەکان پێکەوە هاوجوت دێنەوە.

و ڕایانگەیانـد کە فـرانس کەسـێکی ژیـرنییە. خوێنـدنی پێـنج سـاڵەی (HBS)[11] بەلایەوە گـران بـووە وبـۆیە چـووەتە (HBS)سێ ساڵی. پاش ئەوە فرانس دەست ئەکات بە خوێندنی لێکـۆڵەرەوەی کیمیـایی ( Middelbare. beroepsopleiding) . فرانس کەسێکی تەماحکارو چاوچنۆکە بۆیە هەمیشە ڕووی لە هەڵکشـاندابوو، دەوڵەمەنـدببوو، ( بەو هـۆیەوە دەنهێڵـدەر بەجێدەهەێڵێت و بەدوای یەکدا لەم شوێنانە نیشتەجێ ئەبێت : فیڵسـن، برێدا، بیڤەرڤایک، ڕایس وایک، کەپێلا ئـان دە ئایسـڵ، وئەمستردام)[12]

لە بەدوادا چونەکەیـدا ئارنۆڵـد زانیـاری گرنگـی دەربارەی فرانس ڤان ئانرات خستووەتە ڕوو (فرانس ئـانرات " بازرگـانی مەرگ" لەگەڵ هاوپیشـە بازرگـانە ئەڵمـانییەکەی ( Peter Walaschek) بەشـی زۆری پاشـەکەوتی گـازی ژهەراوی عێراق لە ئەستۆ دەگرن. تیمە پشکنەرە تایبەتەکانی سـەر بە یونسـکۆم ( UNSCOM) کە کـاری دۆزیـنەوەو تێکشکاندنی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقیان لە ئەستۆ گرتووە پـاش دەرکردنیـان لە عێـراق لە سـاڵی ١٩٩٩ ڕایـان گەیانـد کە ٣٨,٥٣٧ چەکـی کیمیـایی، لەگەڵ ٦٩٠ مـاددەی شـلەمەنی پـڕ لەژەهـرو ٣٠٠٠ تەنـی نیوە بەرهەمهـاتوو لێـی تێک شـکاندووە. بەڵام بە دڵنیایی ٥٠٠ بۆمبی مۆستەرد گـاز و ١٥٠ بۆمبی پڕ

[11] ئاستی خوێندنێکی پراکتیکی ناوەندییە لەولاتی هۆڵەندا .

[12] بۆ جێگۆڕێکێکـانی پشـتم بەوەرگێڕانەکەی کـامەران ئەحـمەد بەسـتووە چونکە ناوی هەندێک شوێنی وت من نەمتوانی یاداشتیان بکەم .

لە کیمیـــایی؛ هێشـــتا بە دوایانـــدا دەگەڕێـــن. ( FBI)  پێـــی وایە فـــــرانس ڤــــان ئەنـــــرات لانـــــی کەم ٥٣٨ تەن مـــــاددەی ( Thiodiglycol) لە وولاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـاوە ڕەوانەی عێـراق کـردووە، کە لەگەڵ تـێکەڵەی ( Zoutzuur)  بـڕی ٦٠٠ تەن مۆسـتەردگازی لـێ بەرهەم دێـت کە ئەم بـڕە ژهەرە نەک جارێــک بەڵکــو چەنــدجارێک بەشـــی لە نــاوبردنی هەمـــوو دانیشتووانی سەرگۆی زەوی دەکات .

(بە پێی ئەنجامگیرییەکانی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە سەر چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق جەنگێکی تری کەنداو لە هەڵگیرسـاندایە، ئەوەش جـارێکی تـر دەرفەتێکـی گەورەیە بـۆ ئەوەی کە فـرانس ڤـان ئەنراتـی هۆڵەنـدی ڕۆڵێکـی بەرچـاوتر بگێڕێت چونکە ئەوکەسی سەرەکی بوو کە گازی ژەهـراوی بـۆ سەدام حوسێن دابین دەکرد) ئەمە قسـەی ئارنۆڵد کارنسکێس ڕۆژنامەنوســە هۆڵنــدییەکە بـــوو، کە لەرێــگەی وەرگێـــڕەوە دەربـارەی بازرگـانی مەرگ فـرانس ڤـان ئـانرات بـۆی دەکـردم (فـرانس ڤـان ئـانرات) یـان بازرگـانی مەرگ کە هۆڵنـدییەکان وایـان پێـدەگووت، ئیسـتا لەزیندانـدایە و بەتـاوانی فرۆشـتنی مـادەی کیمیـایی بە عێـراق دوای دادگـایی کردنـی لە دادگـای شــاری لاهــای دۆســێکەی یەکلایــی کــراوەتەوەو ( ١٧) ســاڵ ســزای زینـدانی کردنـی دراوە. ئێسـتا لە هۆڵنـدا پێـی دەڵـێن بازرگـــانی مەرگ، هەنـــدێکجاریش لە میـــدیای هۆڵندیـــدا لە سۆنگەی تاوانەکەیەوە بەعەلی کیمیاوی هۆلنداش ناوی دەبەن ).

هەرچۆنێـک بێـت ئێسـتا بازرگـانێکی هۆڵنـدی لە سـۆنگەی گازبـارانی کـوردو بەشـداری کـردن لە تـاوانی کۆمەڵکـوژی و هاوکـاری کردنـی رژێمـی سـەدام حوسـێن سـزای خـۆی وەرگرتـووە. ئەمەش هەم بـۆ کـوردو هەم بـۆ نەیارەکانیشـی رووداوێکـی چـاوەڕوان نەکـراو بـوو. کوردەکـان لەهەر چـوار پـارچەکەی کوردسـتانەوە پێیـانخۆش بـوو، نەیارەکانیشـی هەم دەیانویسـت دۆسـێکە بچـوک پیشـانی دنیـا بـدەن و هەم دەیانویسـت بەجۆرێـک بیقـۆزنەوەو بە جۆرێـک لە جۆرەکـان سـودێکی بۆخۆیـان تێدابێت، لەپـێش هەموویـانەوە ئێـران زۆر هەوڵیـدەدا لە دادگـایی کردنـی فـرانس ڤـان ئانراتـدا ڕاسـتییەک بسـەلمێنێ و خـۆی وەک قوربـانی گـازی کیمیـاوی بە دادگـاو جیهـانی دەرەوە بناسـێنێت. بەتـایبەتیش لە بەرئەوەی لە سـەروەختی جەنگدا ئێرانییەکـان هەمیشـە بەدەسـت بێدەنگی و بێهەڵویسـتی دنیـاوە گیـری خواردبـوو، هەمیشـە سـەر زەنشـتی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی ونەتەوەیەکگرتووەکـان و ئەنجـومەنی ئاسایشـی دەکـرد؛ کەوا بـێلایەن نـین و لە پێشـێلکاری و ملهوڕییەکانی سەدام و بەکارهێنـانی گـازی کیمیـاوی بێدەنگ و بێهەڵویسـتن و چاوپۆشـی لەتاوانەکـانی عێـراق دەکەن . لەم بـارەیەوە ئێـران راسـتی دەکـرد چـونکە هاوسـۆزی ئەمریکـاو ئەنجـومەنی ئاسـایش بـۆ عێـراق زەق بەبەرچـاوانەوە بـوو، تەنـانەت (ئەو بریـارەی ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوەیەکگرتووەکـان کە لە ٩ی ئایـاری ١٩٨٨ بڵاوکـرایەوە نـاڕەزایی دەربرینـی لێپرسـراوانی بەریتانیـاو فەرانسـاش هـیچ

کاری نەکردە سەر هەڵسوکەوتی رژێمی عێراق. ) [13] عێراق بناوانی شێلابوو تارادەیەک کڵاوی ئێرانیشی ناسیبوو دەیزانی خاڵی لاوازی ئێرانیەکان چییەو بەچ دەرمانێک لەوێزەی دێت.

## دەروازەی کتێبەکە

یوسـت هێڵتەرمـان لە ( پێشـەکیی دانەربـۆ وەرگێـڕانە کوردییەکە) کە بەشێکی گرنگی کتێبەکەیەتی – بەشبەحاڵی خۆم بە دەروازەی کتێببەکە ناوی دەبەم- لەو بەشەدا گەلێک خاڵی گرنگ و بایەخدار دەوروژێنێ کە تیایدا جەوهەری جدیەت و ئازایەتیی هێڵتەرمان بە دیدەکەین. هەر لە گەڕان و پشکنینی ورد وپەرۆشیی بە دوای هۆکارەکانی گازباران دژی کورد و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زوڵمکردن لە نەتەوەیەکی گەورەی بێ قەوارە و بێ دەوڵەت و چۆنێتی پرسیارکردن، هەتا دۆزینەوەی دەرەتانێک بۆ ئاسوودەیی مرۆڤایەتی، یان ڕوونتر بڵێین لە پێناوی ئایندەی مرۆڤایەتیدا، هەروەها ئەوەی کە وڵاتە زلهێزەکان لە کاتی ڕوودانی تاوانەکاندا چۆن و بۆچی لێی بێدەنگبوون ؟ کە هەربێدەنگیی ئەوانیش بووە هۆی ئەوەی کەوا نەک هەر کورد ئەنفال بکرێ و بەگازی کیمیاوی لێی بدرێ، بەڵکو مرۆڤایەتی ئابڕو شکاوبێت و بەم دەردە بچێ. بێدەنگیی نێودەوڵەتی لە ئاستی

[13] بروانە عەبدولا کەریم مەحمود- هەڵوێستی دنیا بەرامبەر لەبەرامبەر ئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجەدا- گۆڤاری هەشتاوهەشت ژمارە (٩-١٠) ل ٣٣.

ئەو تاوانـــانەی عێـــراق دەرهەق بە کـــورد نوانـــدویەتی، بە ئەنـدازەیەک نووســەری کتێـبەکەی هەراســان کـردووە، کە جارێکی تر بێدەنگی دنیاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەبێتەوە بە هەوێنــی ســەرلەنوێ تێهەڵچـوونەوەی بـۆ وردەکـاریی زیـاتر دەربــارەی تاوانێــک کە ئــابڕووی کۆمەڵگــای مرۆڤــایەتیی لەکەدارکـردووە. هێڵتەرمـان قـوڵتر لەژایـان ومافەکـانی مـرۆڤ دەڕوانێ بۆ هەوڵی قەناعەت پێهێنانی هەمـووان دەدات بێدەنگ نەبــن ئەو پێیــوایە، دەبــوو کــۆمەڵگەی مرۆڤــایەتی پەنــد و عیبرەتـی زۆر لەو تاوانـانە وەربگـرن، هەروەک دەبینـین کە لە پێشــەکیی وەرگێــڕانە کوردییەکەشــدا، ئامــاژەی پێــدەکات و دەڵێـت "بە دڵســاردییەوە دەســتم بـۆ نووســینی ئەم کتێـبە بـردووە، هۆکـاری ئەو دڵســاردییەش دەگێـڕێتەوە بـۆ ئەوەی، بـۆچی نوســین و بە دیکـۆمێنتکردنی وەهــا تــاوانێکی گەورە نەیتوانیــوە هەســتی خەڵــک بــوروژێنێ ؟! ئەمەش تەنهــا پرســیارێکی ســادە نیـیە، بەڵکـو بەرپرســیارێتیەکی گەورەیەو لەهەمـان کاتـدا مەسـەلەیەکی ئابڕوبەریشـە، چ لە سـەر ئاسـتی ناوخۆ و چ لە سەر ئاستی جیهان.

بە بـڕوای هێڵتەرمـان، تـاوانی هۆلۆکۆسـت، دەبـوایە پەنـد و عیبرەتێکـی بـدایەتە کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی و ئەوانەی جیهـان بەڕێوەدەبەن و جڵەوی شەڕوئاشـتییان بە دەستەوەیە! کەچـی ئەوەتــا هەمــان تــاوان، لە ســەدەی بیســتەمدا لە ســەر کــورد دووبـارە دەبێتەوە! نیگەرانییەکەی نووسـەر لەوێوەیە، چـونکە نووســەر پێشــتریش لە ســاڵی(١٩٩٣) کتێبێکـی تـری لە بـارەی

ئەنفـال نوسـیبوو (تـاوانی جینۆسـاید لە عێـراق و پەلامـاری ئەنفال بۆ سـەرکورد) کە لە لایەن ڕێکخراوی چاودێریی ماڤی مـرۆڤەوە گرنگیـی پێـدراوە و بڵاوکـراوەتەوە. ئەوەی گـرنگە ئامـاژەی پێـدەم و بە بـایەخەوە لێـی بـڕوانین، ئەوەیە کەوا هەردوو کتێـبەکە وێـڕای ئەوەی بە وردەکـاری و دیکـۆمێنتی گـرنگەوە، تـاوانی جینوسـاید دژ بە نەتەوەی کـورد یەکلایـی دەکـاتەوە و وێنەیەکـی ڕوون لە پێشـێلکاریی نێـودەوڵەتی دەخاتە بەرچاو، سەرئەنجامەکەشی بۆ دادگایەکی تایبەتمەند بەجێدیلی و چاوەڕوانی دادگـای عەدلـی نێـودەوڵەتی دەکـات کارەکەی بە دادگایی کردن و لێپچینەوە لە تاوانبارانی ئەنفال بە سـەرئەنجام بگەیەنـن. ئەگەرچـی یوسـت هێڵتەرمـان، هەر زوو بیرواری خۆی دەربارەی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە ڕاگەیانـدبوو، وەکـو لەگەڵ هەردوو ڕێکخـراوی میـدل ئێسـت وۆچ و هیومـــان ڕایـــتس وۆچ ڕایانگەیانـــدبوو کەوا بڵاوکـردنەوەی ڕاپۆرتەکەیـان (کتێبـی جینۆسـاید لە عێـراق پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد) خـۆی نیشـانەیەکە، یـان بەڵگەیەکە بۆ تـاوانەکە؛ بەڵام ئەنجـام وکۆتـایی تـا ئێستا دیـار نیـیە. تەنهـا ئەوانەی کە بەرپرســن، هەردوک حوکــوومەت بەگشـتی و ئەوکەسـانەش کە ئەقڵـی ئاڕاسـتە کـردن و جێبەجێکردنی ئەنفالیان لەئەستۆ بووە، بدرێنە دادگا؛ ئەوکاتە کـارەکە بە ئەنجـام دەگـات و تەواو دەبێـت. بەڵام بە هـۆی نەبوونی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانکاران، کەوا دەسـەڵاتی دادگـاییکردنی ئەوانەی هەبێـت کە بەرپرسـن لەو تـاوانە

سامناکانەی لێرەدا باسیان لێوە کراوە، سێ بوار خۆیان دەخەنە ڕوو. بێگومان ئەو کاتەی میدل ئیست وۆچ باس لەو سێ خاڵە دەکات، هێشتا ڕژێمی سەدام لەکاردابوو، هەروەک ئەوانیش هەروای بۆ چوون و دەنوسن: یەکەمیان، دادگایەکی نیشتمانیی عێراقی، لە هەلومەرجی ئێستادا کە سەرۆک سەدام حوسێن و حیزبی بەعس هێشتا هەر لەدەسەڵاتدا بن، ئەمەیان تا ڕادەیەک ڕێی تێناچێت ئاوها کارێک بڕەخسێت؛ دووەمیان، هیوایەک هەیە دادگایەک بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەسترێت و گوێ بگرێت لە بەشێک یان گشت ئەو تاوانکاریانەی سەرەوە، لە سەر بناغەی ئەو بەڵگە و شایەتییانەی لە لایەن دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن. لە کاتێکدا ئاوها پێشنیارێک لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرێتیی کلینتۆنەوە خراوەتە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام بەدیهێنانی جێی گومانە و بەندیشە بە ڕاڕاییی سیاسەتی هێزە سەرەکیەکانەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان؛ کەواتە هەر ئەوکاتەی ڕژێمی سەدام حسێن لە بەردەم هەڕەشەی ئەمریکادا بوو، یوست هێڵتەرمان بە ڕوونی تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی ئەمریکا و دوودڵی و ڕاڕاییی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ وەها تاوانێک بێنە سەرخەت؛ دواهەمینیش، دادگای یاسایی نێودەوڵەتییە (International Court of Justic .ICJ) لە لاهای کە دادگایەکی جیهانییە و بەشێکە لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ

ئەوە دامەزراوە کە کێشــە و گرفتــی نێــوان وڵاتــان چارەســەر بکات، ئەگەر پەیمانشکێنی یان پاشگەزبوونەوەیەک ڕوویدات لە ڕێکەوتننــامەیەکی نێودەوڵەتیــدا. بە بــڕوای هێڵتەرمــان، کێشــەی کــورد لە عێراقدا شایســتەی چارەســەرکردنە؛ بە لای کەمەوە، دەتــوانرێ پارێزبەنــدی (حصــانە)یەکی ئەوتــۆی نیــــونەتەوەییی بــــۆ دابــــمەزرێ، چــــونکە ئەمە لەگەڵ ڕێککەوتننــامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیشــدا لە ســاڵی ١٩٥١دا گونجــاوە بــۆ ڕێگەگــرتن و ســزادانی تــاوانی جینۆســاید، کە عێــراق و ١٠٧ دەوڵەتــی تــردا تیایــدا بەشــدارن. ئەوەی کە هێڵتەرمــان داوای کــردووە، لە ڕێــگەی ڕاپــۆرتەکەی هیومــان ڕایــتس وۆچەوە مەحاڵێــک نەبــوو، بەڵکــو مەســەلەیەکی تەواو ڕەوابووە، چونکە عێراق دانی بە مافی دەســەڵات و حوکمدانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا نــاوە. کێشــە وگرفتەکانی جینۆسـاید، کە لە لایەن دەوڵەتێکی تری بەشـداربووی وەک ئەو، سـکاڵای لە سـەر بەرزدەکرێتەوە. بە ڕای یوسـت هێڵتەرمـان، ئەگەری ئەم ڕێگایەیــان لەبــارترە بــۆ کێشــەی ئەنفــال. بەدواداچــوونی ئەم بوارەیـان ئەوە نـاگەیەنێ کە واز لە بـوار و ڕێگەکـانی تـر بێنین و پەکیــان بخەیــن؛ ئەمــانە دەتــوانن تەواوکەری یەکتــر بــن. دادگـای عەدلـی نێـودەوڵەتی ( ICJ) تەنهـا دەسـەڵاتی دادگـایی نێوان دەوڵەتـانی هەیە نەک تـاکەکەس، بەڵام بە پێچەوانەی بە هەڵە تێگەیشـتنی گشـتی (ICJ) دەتـوانێ سـوودی پراکتیکیـانە بە کوردی عێراق بگەیەنێ، بۆ نموونە داواکردنی ئیجرائاتی کـاتیی پارێزگــــاری (کە دەوڵەتێکــــی بەشــــدار یــــان بەشــــدارانی

ڕێکەوتننامەی جینۆسایید دەکرێ بۆکورد بکەونەکار) یان داوای ئەوە بکەن کە حکوومەت زەرەرو زیانی قوربانییەکان ببژێرێت. کەچی دادگای عەدلی نێودەوڵەتی، هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەداوە و هەستی خەڵکی ناوروژێنێ، لە کاتێکدا زۆرگرنگی بە جینۆسایدەکانی پێشتر، بەتایبەتی هۆلۆکۆستی جوولەکەکان درابوو، کە لەناوبردنی بە کۆمەڵی جوولەکەکانی ئەورووپای لێکەوتەوە. لەڕاستیدا بۆ هەر خوێنەرێکی جدی و بۆ هەر چالاکێکی مەیدانی مافی مرۆڤ وەها پرسیارێکی بۆ دێتە پێشەوە کێ لە پاکتاوکردنی نەتەوەیەک سوود وەردەگرێ؟ چۆن نەتەوەیەک لەناودەبرێَ؟ ئایا ئەوە چ لۆژیکێکە کە خۆی دەخاتە بەر مەحەکی مێژوو؟ وەکو هێڵتەرمان دەپرسێت "ئاخۆ جیهان هیچ پەندێکی لەم تاوانانە وەرنەگرتووە؟" لێرەدا خەونی هێڵتەرمان ئەوەیە تاوانی جینۆسایدکردنی کورد وەکو هۆلۆکۆستی جولەکەکان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دادگای عەدلی نیودەوڵەتی بهەژێنێ؛ کەچی بە پێچەوانەوە، دنیا لە ئاستیدا بێدەنگە! بەو حاڵەشەوە ناوەستێ وێرای دڵساردییەکەیشی، هێشتا جموجۆڵی نووسەر بەو هەمووو زانیارییەوە لە خەم دەرسکێ و بە زانیارییەکی زۆروزەوەندەوە چاپ دەکرێ و کتێبی کارێکی ژەهراوی دەکەوێتەوە بەردیدەی خوێندەواران، ئەمجارە نهێنییەکانی ئیدارەی ڕیگان و گفتوگۆکانی شۆلزی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکای تێدا دەخرێنە ڕوو. ئەو سەروەختەی یوست هێڵتەرمان لە گەرمەی گەڕاندا بوو، پەلامارەکانی

ئەنفـالیش بەردەوام بـوون. ئیـدارەی ڕیگـان چـاوی لەوتـاوانە گەورەیە دەپۆشـــی کە دژبە کوردەکـان ئەنجامــدەدرا. ئەنفــال نەک ویژدانـی نەجوڵاندبوون، بەڵکو بە گەرموگوڕییەوە پشـتی عێراقـــی گرتبـــوو، بەلای کەمەوە چاوپۆشـــیی لە تاوانەکـــانی دەکـــرد، هەروەهـــا هۆکـــاری بێـــدەنگیی هەر پێـــنج ئەنـــدامە هەمیشـــەیییەکەی ئەنجـومەنی ئاسـایش دەخـاتە بەر ڕەخـنە و بێـدەنگییان لە تـاوانی هەڵەبـجە و بەکارهێنـانی گـازی کیمیـایی دەخـــاتە ڕوو. ئەوەی لە لای هیڵتەرمـــان پرســـیارە، جـــێگەی خـــۆیەتی بـــۆ هەمـــوو مرۆڤـــایەتی مـــایەی تێڕامـــان بێـــت و بە کۆدەنگییەکی زۆرەوە لە پێناوی ئایندەی مرۆڤایەتی، پێش بەو تـاوانە کۆمەڵکوژییـانە بگرێـت. لە دوای جەنگـی سـاردەوە بـۆ یەکەمجـــار بـــووە کە چـــوار ئەنـــدام لە پێـــنج ئەنـــدامە هەمیشەیییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەکگرتووەکـان، بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەتیشـەوە، لایەنگریـی لایەنێکـی شـەڕکەرەکان بـکەن و لە بەرەیەکـدا کـۆببنەوە؛ ئەم هەمـــاهەنگیەی ئەنجـــومەنی ئاســـایش هـــیچ بەرژەوەنـــدیەکی مرۆڤـــایەتیی تێـــدانەبوو، بەڵکـــو لەســـۆنگەی ئەم سیاســـەتە چەوتەیـــــانەوە کۆمەڵکـــــوژی و مەینەتییەکـــــی لە ڕادەبەدەر گەورەی لـێکەوتەوە بەتـایبەتی بـۆ کـوردی کوردسـتانی باشـور و سـەربازە ئێرانییەکـان، کە لە جەنگـی ئێـران- عێراقـدا، یـاخود بەتەنیشت ئەو جەنگەوە بوونە قوربانی و، لە سۆنگەی گـازی کیمیـاییەوە بەچۆکاداهـاتن یـاخود بەگـازی کیمیـاوی خنکـان و مردن یاخود بەسەختی بریندار بوون، کاتێک لەمەیدانی جەنگ

و لەدژی خەڵکـــی مەدەنـــی گـــاز بەکـــاردەهێنرا، دەوڵەتە زلهێزەکـانیش تەنهـا تەماشـایان دەکـردو تەنهـا چاویـان لە قـازانجی خۆیـانەوە بـوو؛ دەنـا چـی شـتێکی تـر، جـگە لە بەرژەوەنـدیی وڵاتەکانیـان لە ئـارادا بـوو هەتـا پشـتگیری لە حکومەتی عێراق بکەن؟ لە ناو ئەندامانی ئەنجوومەنیش تەنها (چین) بە بێ لایەنی مابووەوە؛ بەڵام هەر چوار ئەندامەکەی تـری ئەوسـای ئەنجـوومەنی ئاسـایش، لە دژی دەسـەڵاتی فراوانخوازی ئێران، چاوپۆشییان لە پێشێلکارییەکانی عێراق و بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی دەکـرد و بە ئاشـکرا و زەق، بە بەرچـاوانەوە، چاوپۆشـییان لە تـاوانە ترسـناکەکانی عێـراق دەکـرد و لایەنگـری عێـراق بـوون. ئەوان لە کاتێکـدا ئەو هەڵوێسـتەیان هەبـوو گـوایە لە ترسـی فراوانبـوونەوەی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی مەیلـی ئیسـلام گەرای ئێـرانییە، کەبیری شۆڤێنیزمی عەرەبی لەعێراقدا بەئاشکرا مەترسی بوو، دیـدی عەفلەقیـانەی بەعـس نەک خەونـی ئەودەسـەڵاتە پـاوانخوازییەی هەبـوو کە بەحسـاب ئەنجـومەنی ئاسـایش لەئیـران هەیبـوو لەلای عێراقـی هاوپەیمـان زۆر زیـاتر بـوو، مێشـیل عەفلەق سـەرباری ئەوەی کەسـێکی بەئـاین مەسیحی بـوو بەجۆرێـک پڕوپاگەنـدەی بـۆ پیـرۆزی ولێهـاتووی عەرەب دەکـرد کە شـایانی پەرسـتن بێـت چـونکە تاقـانەیە لەلێهاتوییـدا بەبـڕوای شـۆڤێنیانەی مێشـێل عەفـلەق هەڵبژاردنـی نەتەوەی عەرەب بـۆ گەیانـدنی پەیـامی ئیسـلام لەلایەن خـودای مەزنەوە سـەنگی مەحەکەو بەخشـینی ڕێبەرایەتـی بە نەتەوەی عەرەب

بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوەیە کە لە عەرەبدا هەن . لەوتارێکدا بەرونی باسلە پیرۆزی عەرەب داکات و دەڵێت: "داستانی ئیسلامیی لەخاکی عەرەبدایەو پاڵەوانو کاراکتەرەکانی سەرجەمیان عەرەب بوون چونکە پێگەی داستانەکە عەرەبی بوون". میشێلی دامەزرێنەرو بیریاری بەعس زیاتر دەرواو دەڵیت :"ئیسلام باشترین تەعبیری هەستی نەتەوەیی عەرەبە باشترین تەعبیری نەمری عەرەبە"، هەر بۆیە یەکەمین ئەرکێک کە مرۆڤدۆستیی ئیسلام دەیسەپێنێت بە ڕای عەفلەق ئەوەیە کە دەبێت عەرەب بەهێزو خودانی نیشتمانی خۆیان بن.

ئەم کتێبە (کارێکی ژەهراوی) پێمان دەڵێت: لە پشت جەنگەکانەوە بێدەنگی هەڵبژاردن لە پێشێلکاری و خروقاتە نێودەوڵەتیەکان و پشتگیری و لایەنداری، هەرنابێتە هۆی تاوان گەلێکی نائاسایی و کۆمەڵکوژی و جینۆساید، بەڵکو دەبێتە هۆی درۆی گەورەگەورەش. ئەو بێدەنگییەی کە لە مەڕ تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە لە ئارادابوو، سەرئەنجام پەلامارەکانی ئەنفالیشی لێکەوتەوە و لەبری ڕێگەپێگرتنی، ملهوڕیی زیاتر لە لایەن عێراقەوە هاتە پێشەوە و سەرئەنجام، لە ساتەوەختی جەنگەکەدا لە بری سەرکۆنەکردنی عێراق، چاوپۆشیی لێکرا؛ ئەمەش لە بەرژەوەندیی عێراق شکایەوە و تا ڕادەیەکیش لە سۆنگەی ئەو بێدەنگییەوە ئامانجەکەی لەمەڕکوردی عێراق هێنایەدی و پرۆسە سەربازییە نەگریسەکانی بە سەرخستن گەیاند؛ بێگومان ئەویش بە هۆی ئەو چاوپۆشییە نیودەوڵەتیەوە

بــوو،کە بــۆ بەچۆکــداهێنانی کــورد لە پــێش هەر پەلامــارێکی قۆناغەکــانی ئەنفالــدا، بــێ ســڵکردنەوە چەکــی کیمیــایی بە کــــاردەهێنرا و گوندنشــــینەکان بە تۆقیــــوی و تــــرس و دڵەڕاوکێیەکــی زۆرەوە دەچــوونەوە بــن دەســتی حکــوومەت، ئەویــش بــێ تــرس و دوودڵــی، پۆلێنکــاریی تێــدا دەکــردن و ڕەوانەی بیابانەکــــانی خــــوارووی عێــــراق و دواجــــار گۆڕەبەکۆمەڵەکانی دەکردن.
لەم کتێـبەدا پـۆلینکردن و دیـاریکردنی هەنگاوەکـانی عێـراق لە بەکارهێنانی پەلامارەکانی گازبـاران و هێرشـی چەکی کیمیـایی، وردەکــــارییەکی زۆری نووســــەری پێوەدیــــارە، بە ڕادەیەک خــوێنەری جــدی توشــی سەرســووڕمانێکی گەورە دەکــات لە توانــــا و ســــەلیقە و پەرۆشــــیی؛ ئەوە مەســــەلەیەکی گومــــان هەڵنگرە کە پەرۆشـیی هێڵتەرمـان بـۆ مافەکـانی مـرۆڤ نەبێت، دەبێ چی وای لێبکات لە خۆرئاواوە ئەم وڵاتەووڵات بگەڕێ ؟
لە ڕێگەی بە دواداچوونەکانی یوست هێڵتەرمـانەوە بە تـایبەتی لە نێــو لاپەڕەکــانی ئەم کتێــبەدا دەبینــین کە عێــراق چــۆن قۆناغەکـانی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی تـاقی دەکـاتەوە، لە گازی فرمێسک ڕێژەوە تاوان و کارە مەترسیدارەکە ئەزمـوون دەکـرێ و چـاوەڕوانی کـاردنەوەی دەرەکـی دەکـرێ، وەلـێ لە بێــدەنگیی کــۆمەڵگەی نێودەوڵەتیــدا، بــارێکی تــا ڕادەیەک هەڵکەوتــوو دەبینــێ و دواتــریش کاردەگــاتە تــاقیکردنەوەی خەردەل و ســارین و لەوێشــەوە شــۆڕبوونەوە بــۆ جەنگــی کۆمەڵکــــوژی و بەگەڕخســــتنی دەمارەگــــاز وکەمێکــــیش

بەکارهێنانی کیمیایی دوونـاوک (مـزدوج)ی ڤـی ئـێکس(VX). چـــــۆنیەتیی بەکارهێنـــــانی ئەم گـــــازانە و بێـــــدەنگی و پاساوهێنانەوەکانی ئیدارەی (ڕیگـان)، کە نووسـەر ئازایـانە دەستی تۆمەتبارییان بۆ ڕادەکێشیێ.
سـەرباری هەمـوو ئەوانەش هیشـتا مـن کەلێنێکـی گەورە لە کـارەکەی یوسـت هێڵتەرمـان یـاخود لە کتێبەکەیـدا دەبیـنم، ئەویــش فــرانس ڤــان ئــانراتی هۆڵنــدییە، نــازانم بــۆچی بەدواداچونی دەربارەی دادگای هۆڵنداو دۆسیێ فرانس ڤان ئـانرات نەکـردووە لە کاتێکـدا تاوانبـار سـزادراوەو لە کـاتی خۆیـدا نـوێنەری ڕاسـتەوخۆی حکـومەتی عێـراق بـووە بـۆ دەســـــتەبەرکردنی مادەکیمیاییەکـــــان، ئەمە جـــــگەلەوەی لەهەرهێرشـیکی ئەمریکـادا، فـرانس ڤـان ئەنـرات لە لیسـتی داواکراوانـــی ئەمریکییەکانـــدایە. چـــونکە ڕەنـــگە ئەو پیـــاوە ناوچـاوان تـاڵە بەنرختـرین زانیـاری لابێـت لە سەرشـوێن و پـــرۆژە نهێنییەکـــان و دامەزراوە کیمیـــایی و بایالۆژییەکـــان، لەوانەیە دەربارەی ئەتۆمییەکانیش زانیاری هەبووبێت. بەهـۆی ئەوەی فـرانس ڤـان ئـانرات سـاڵانێکی زۆر لەعێراقدا مـابووەوە بـۆیە دەتوانێـت زانیـاری بـدات لە سـەرئەو ووڵات وکارگـانەی کەبازرگـانی چەکـی کیمیاییـان لەگەڵ عێراقدا کـردووە. ئەوەی لەگەڵ ســـــەدام حوســـــێن کاربکـــــات بێشـــــک لەگەڵ تـــــۆڕی تیرۆریسـتی ئەلقاعیدەوئوسـامە بـن لادنـیش بازرگـانی ئەکـات . لەگەڵ هەرەشـەی پەلامـاری عێـراق فـرانس هەسـت بەخۆشـی وئارامی ناکات. ئەگەرهێزەکانی ئەمریکا دەستگیری بکەن، ئەوا

لەزینــدانی گوانتــامۆ ( Guantanamo) زینــدانی دەکرێــت، کە ئێستا جێ مانەوەی چەند شەڕکەرێکی قاعیدەی ئەفغانییە.[14] (دەنــیس بــاس ( Dennis Bass) کە بۆدەزگــای گــومرکی ئەمریکــی کاردەکــات وســەرقاڵی کــۆنترۆڵکردنی هەنــاردەی نایاسایی ماددە کیمیاییەکانە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی ســەدەی بیستــەمدا بە ( Nieuwe Revu ) ی ڕاگەیانـد کە ڤـان ئەنــرات نــوێنەری ڕاســتەوخۆی ڕژێمــی عێــراقە. ئەوهەوڵــی دەســتەبەرکردنی چەنــدین مــاددەی کیمیــایی تریــداوە کە بــۆ چەکــی کیمیــایی بەکــار دەهێنــدرێن. لە پــاڵ مۆســتەردگازدا هەروەهــا گــازی ئەعصابیشــی تێــدایە. ڕژێمــی عێــراق پێــی ڕاگەیانــدووە : " ئــێمە ئەمانەوێــت، بچۆبیانکڕەوبیــان هێــنە بۆئێرە)[15] لە دەورەبەری ساڵی ١٩٩٧ دا ترانس ڤان ئەنرات بە شـێوەیەکی ڕەسـمی لە لایەن ( UNSCOM) ەوە لە سـەرپایەی ئەو وەک کەسـێکی شـاراوە قسـەی لەگەڵ دەکرێت. یەکێک لە کۆنە پشکنەرەکانی ( UNSCOM) کە پێی باشە بە نەناسراوی بمێنێتەوە دەڵێت : " ئەو پردێکی لەنێوان ئەوروپای ڕۆژئـاوا و عێراقـدا لێـداوە، بەشــەکانی خــوارەوەی وەزارەتــی ئەشــغالی عێراقــی کە ســەرقاڵی ئـاوەڕۆو قەلاچـۆکردنی نەخۆشـییەکانی

[14] بڕوانە ڕاپۆرتی ئارنۆڵد کارنسکیس " بازرگانی مەرگ" لەهۆڵندییەوە بۆکــوردی – کــامەران ئەحــمەد . مــاڵپەڕی ناوەنــدی چــاک . چــاپە هۆڵنــدیەکەی لەژمــارە 50 ی Nieuwe Revu لە ســاڵی 2002 دا بڵاوکراوەتەوە .
[15] هەمان سەرچاوە .

ڕووەکە وەک ڕووپۆشـێک بەکارهێنـاوە. عێـراق بـێ زانیـاری دەرەکی بێهێزە. هەر جارێک کە فرانس یەدەکە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنـانی چەکـی کۆمەڵکـوژی بـۆ نـاوەوەی عێـراق دزە پێکردبێت وەک پیاوێکی مەزن تەماشا کراوە و مارسیدسێکی وەرگرتـووە" . هەروەهـا ڤـان ئەنـرات عێراقییەکـانیش بـۆ نووقوورچـدانی بـاش لە بـواری قاچـاخچێتی کـردن دا فێـر ئەکات. بۆ نموونە بۆیان ڕوون ئەکاتەوە کە چۆن بەڵگەکانی گواستنەوە بتوانن ڕێک بخەن.

دەنـا کـارەکەی هەتـا بلێـی بۆکەسـانێک جـێگەی بـایەخە کە پەرۆشـی ئاینـدەی مرۆڤایەتیـانە ئەو هەمـوو زانیاریـانەی لەم کتێـبەدا یاداشـت کـراون، ئەو تـاوانەی دەرهەق بەم مـیللەتە (کورد) ئەنجامدراون، مەسەلەیەک نیە ئێمە بە هەندی نەگرین، مەگەر خەمسـارد‌ی هەڵمانـداتە ئەو دیـوی ویـژدان و خۆلەبیرچونەوەوە، بە پێچەوانەوە کورد کە قوربانیی یەکەمی تـاوانەکەیە، ئەمـڕۆ لە دنیـای سیاسـەتدا جـێگەوڕێگەی هەرچییـەک بێـت، ناکرێـت بە پاسـاوی لاوەکـی و مەزاجـی هەنـدێک سـەرکردە لەنـگەر بگـرێ و هـیچ دەنگـی لێـوەنەیەت؛ چونکە ئەوە سەرکردەکانن دەڕۆن و مێژوو لە بیریـان دەکات، بەڵام ئەو تاوانـانەی دەرهەق بە کـورد کـراون دەمێنـنەوە، خۆیـان وەک تـاوان و کاریگەرییەکانیشـیان لە سـەر زەمینـی واقیـع دەمێنـنەوە. ئەگەر بێـدەنگیی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی زەمینەی بۆ دەوڵەتی عێراق سازکردبێ لەوەی ملهوڕیی زیاتر بکـا و سـوپا زیـادەڕۆیی بکـات، ئەوا لە دوای ئەنفـال و

کیمیابارانیش بێدەنگی هەڵبژاردن زەرەرێکمان لێدەات هیچی وا لە تاوانەکە کەمتر نەبێت؛ بە لای کەمەوە، کورد بۆهەتا هەتایە لە بەردەمی هەڕەشەکان دەمێنێتەوە و لە هەر دەرفەتێکی هەڵکەوتوودا گورزی کوشندەتر دەخوات. نووسەری گەورەی عێراقی، کەنعان مەکیە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا دڵڕەقی و بێدەنگی دەڵێت: ئەوە دیکتاتۆرییەتی عێراق نەبوو کە خەڵکی بێدەنگ کردبوو، بەڵکو ئەوە بێدەنگیی خەڵک بووکە دیکتاتۆرییەتی عێراقی بەرهەمهێنابوو. بێگومان ئەم قسەیە بۆ سەردەمی سەدام نەنوسراوە، بەڵکو لە هەموو کات و ساتێکدا بێدەنگی باجی دەوێ؛ ئەگەر دەنگ بەرزکردنەوە، یان بێدەنگ نەبوون دەستکەوتێکی لێبکەوێتەوە، ئەوا بە پێچەوانەوە، بێدەنگی لە تاوان مەینەتیی زیاتری بەدوادا دێت؛ بێدەنگی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ئێران- عێراقدا، هەر بەکوشتن و بەرکەوتنی ١١٠٠٠ سەربازی ئێرانی کۆتایی نەهات، بەڵکو زەمینەی کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژیی گەلی کوردیشی بە دوای خۆیدا هێنا؛ چونکە زەمینەی تاوانەکانی دواتری سازکرد کە ملهوڕی و دیکتاتۆرییەت گەیشتە ئاستێک تەنانەت لە دژی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ناوخۆشدا بەکاری بهێنێت. پێم باشە لە کۆتایی ئەم بەشەدا لێرەدا سەرنج بخەمە سەر خاڵێک کە نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا وەک دیاردەیەک باسی کردوون، ئەویش ئەوکەسانەن کە بە ئیمەیل و نامەی جۆراوجۆر گومانیان لە کارەکانی دەربڕیووە، بێگومان

مەبەستم ئەو ڕۆشنبیر و سیاسییانەیە کە بە چاوی گومانەوە دەڕواننە هەوڵەکانی نووسەر، نەوەک ئەو کەسانەی لە هەموو کاسەیەکدا ئەسکوێن و لە هەموو شتێکدا بە گێلێتییەوە بە ناودەکەون و قسە لە بارەیەوە دەکەن. ڕابگوێزمە سەربیروراکانی نووسەر لە بارەی کەرکوک و بارودۆخی ئێستای کوردستان، کە هەندێک کەس بە ڕاستی لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتوون و هەندێکیشیان بە ناحەزانە تێڕوانینەکانی بەر تانە و تەشەر دەدەن، لە کاتێکدا یوست هێڵتەرمان داوای سەلامەتی و ئارامی بۆ مرۆڤ دەکات لەوانە کوردیش وەک بەشێک لە کۆی مرۆڤایەتی، تا ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەین، هێڵتەرمان ئازایانە بە دوای پرسی جینۆساید و تاوانەکە کەوتووە، هەروەک دەبینین ئازایەنەش پێشنیاری خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەخاتە ڕو، کە بە وردەکارییەکی زۆرەوە پشت بەو لێکۆلینەوە و سەرچاوانەی (ڕێکخراوی گروپی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان) دەبەستێت کە تیایدا هاتوون و بەئاشکراش ڕایدەگەیەنێ کە ئەو لە ئامراز و هۆکارەکانی سەربەخۆییدا لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ناکۆکە نەک لە ئامانجدا؛ هێڵتەرمان بە ئاشکرا مەسەلەی سەربەخۆیی بۆ کورد لە دەرفەتی ڕەخساوی خۆیدا بە ڕەوا دەزانێ . ئەگەرچی من بڕوای خۆم وایە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانی نیە، بەڵکو دەیەوێت شەریکەبەش بێت لە داهاتی دەوڵەتی عێراقدا؛ چونکە هیچ کاتێک سەرکردایەتیی سیاسیی

کوردســـتان باســـیان لە دەوڵەتـــی ســـەربەخۆی کوردســـتان نەکردووە، ئەگەر باسیشـیان لێوەکردبێت، بە نەخێر بـووە نەک بە بەڵـــێ، هەتـــا ئێســـتا ئەوەی زەق بە بەرچـــاوانەوەیە ئەوان ســـەهمیان دەوێـــت نەک وەکـــو نەتەوە شـــەریکەبەش بێـــت لە دەوڵەتـی عێراقـدا؛ ئەزمـوونی ئەم چەنـد ساڵە و لێدوانەکانیان گومانێکیان لەم بۆچوونە نەهێشتووەتەوە.

## یەکەم تاقیکردنەوە دژبەکورد

خالێـــک جـــێگەی ســـەرنجە، لە کتێـــبەکەدا کە بـــریتییە لە تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی لە سەر کورد. ئەوەی هێڵتەرمـان باسی دەکات بەکارهێنانی چەکی کیمیـایی لە سـەرەتای ساڵانی جەنـگەکەدا بە دووشـێواز بـووە، جارێـک لەلایەن ئێـرانەوە کە حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران باسـی دەکـات، جـارێکی تریش لە بەرەی جەنگی حاجی ئۆمەران.
لێردا پێویستمان بە هەڵوەستەو تێڕامانە بێگومان مەبەستم ئەوەیە بە وریایی و بەرپرسیارێتییەوە لەو تاوانانە بروانین، چونکە زۆر لە سەرکردە و بەناو چالاکوان هەندێک لە ڕۆشنبیرانیش کاتێک باس لە تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق دەکەن تەنها روکارو چوارچێوەی وێنەکە دەبینن، لەکاتێکدا وێنە گشتیەکە لە سەدان وهەزاران پارچەی بچوک پێکهاتووە، تەماشکردنی تاوانی جینۆساید بە گشتی و تەنها وێناکاکردنی لەدەوڵەتێکی ستەمکاردا گرفتی گەورەمان لە تێگەیشتندا بۆ دروست دەکات. بەداخەوە ئەوەی تێبینیم کردووە هەندێک

ڕستە و دەستەواژە هەیە بەردەوام دەوتریتەوەو بەردەوام بەکاری دەهێننەوە وەک: (لە هەڵەبجە پێنج هەزار کەسمان بە چەکی کیمیایی کوژراون) کەچی نازانێ لە گوندێکی بچووکی وەکو مالومەدا لە دۆڵێ جافایەتی نزیکەی ٣٠ کەس بەرچەکی کیمیایی کەوتوون ! نازانێت لە گوندێکی بچکۆلەی وەک وەرێدا لەنزیک ناحیێ بێتواتە کە بە هەمووی ٢٥ بیست ماڵ نەدەبوون، لە ئێوارەیەکی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨دا کە خۆیان بۆجەژن ئامادە دەکرد چەکی کیمیایی بەکارهاتووە و بەلای کەمەوە (٣٦) کەس کوژراون؛ یان لە گوندی گۆپتەپەی ناوچەی قەڵاسێوکەو لە سێوسێنانی ناوچەی قەرەداغ، بەزۆری باس لەو تاوانانە دەکەن کە هەمیشە لە سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەو ڕادیوکان و شاشەی تیڤیەکانن هەروەک بە زۆری بەسی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ دەکرێت، بەڵام بێ ئاگا لەوەی لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧ گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان، هەروەها لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا لە شاری سەردەشت[16] نزیکەی (٥٠٠)پێنج سەد کەس بوونە قوربانی و

[16] سەردەشت شارێکی سەرسنوری رۆژهەلات وباشوری کوردستانە . دەوترێ کەوا شوێنی لەدایک بوونی زەردەشتە .لە پێش کیمیابارنکردنی شاری هەڵەبجە بەدیاریکراوی لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ واتە ساڵێک پێش ڕاوەستانی جەنگی ئێران – عێراق لەلایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە کیمیاباران کرا. شاری سەردەشت دانیشتوانەکەی کوردن و سەربە ناوچەی موکریانەوسەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە کە کەوتۆتە باشووری شارەکانی پیرانشار و مەهاباد و دەکەوێتە رۆژئاوای بانە و باشووری رۆژئاوای بۆکان لەدیوی باشوریشەوە

١٠٩ کەسیش گیانیان لە دەستداوە و هەتا ئێستا بریندارەکانیان بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوە؛ چ جای ئەوەی بزانن یەکەم پەلاماری چەکی کیمیایی لە بەرەکانی حاجی ئۆمەراندا بووە.[17]

سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ئێرانەوە، نووسەر ناگاتە هیچ ئەنجامێک، جگە لە گریمانەیەک کە بریتییە لە بەکارهێنانی فۆسفۆڕ، گریمانەیەکی تریشی هەیە کە بە لای منەوە گرنگە و بە تەواوی مایەی تێڕامان و لە سەروەستانە، چونکە نووسەر بە ڕاشکاوی دەڵێت: ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران لە ژێر فشاری هێرشی گازی عێراقدا، دەستی کردبێتە بەرهەمهێنانی توخمی کیمیایی و لەوکاتەدا بە شێوەی تاقیکردنەوە لە دژی کوردە یاخی بووەکانی دژبە خۆی بەکاری هێنابێ. بەڵام بە هۆی نەبوونی شایەتحاڵی ڕاستگۆ و نەگۆڕ وبەڵگەی ڕاست و پشتڕاستکەرەوە لەلایەن ئەو دکتۆرانەی لەو کاتەدا ئاگاداری ئەو بارودۆخە بوون، ناگاتە ئەنجام و مەسەلەکە لە ئەگەردا دەهێڵێتەوە و لە تەمومژدا دەمێنێتەوە؛ بۆیە نووسەری کتێبەکە، ئیدیعاکانی (حدکا) بە ناتەواو دەزانێ کە ڕاستیی بەکارهێنانی چەکی

---

دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ و ڕانیەی سەرپارێزگای سلێمانی . هەتائێستا ژمارەی قوربانیەکانی ئەوتاوانە یەکلایی نەبوونەتەوە بەڵام ئامارە نافەرمییەکان باس لە بەرکەوتنی ٥٠٠ کەس دەکەن کە ٨٣ کەسیشیان هەر لەجێدا گیانیان لەدەستداوە .

[17] بروانە ئەنفالستان ژمارە (٤) دیدار لەگەڵ عەلی رەحیمی .

کیمیایی لە دژی کورد بسەلمینێ. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی کاریگەریی چەکی کیمیایی لە سەرکوردەکان، قسەیەکی وا لە سەر عێراقیش هەبوو، گوایە لە پارێزگای دیالە لە نزیکی خانەقی هێزێکی سەربازی لە دۆڵێکدا ئەم گازەیان لە سەر ١٠٠٠ کوردی زیندانی تاقی کردووەتەوە؛ ئەم ڕووداوە لە لایەن ئەفسەرێکی ئەوساوە پشتڕاست دەکرێتەوە، من بەش¬ بەحاڵی خۆم، زۆر هەوڵمدا ئەو ئەفسەرە بدۆزمەوە گوایە لە جەولا دەژی و ئامادەی چاوپێکەوتنیش بووە، بەڵام سەرئەنجام دەست نەکەوت و وا وەڵامیاندامەوە کە ئەفسەرەکە لە ترسی تیرۆرستان ناویرێ ئەو مەسەلەیە بۆ ڕاگەیاندن بدرکێنێ، بەڵام هەرچی بەکارهێنانێتی لەلایەن عێراقەوە، یەکەم تۆماری لە بەرەی شەڕی حاجی ئۆمەراندا بووە کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگ بوون لە بەرەیەکی هاوبەشدا بۆ سەرسەنگەرەکانی سوپای عێراق، بەرکەوتووەکان بریتی بوون لەو جەنگاوەرە کوردانەی لەو شەڕەدا بەشدارییان کردووە، بێدەنگی لەم کردەوەیە بووە جێگەی سەرنجی عێراق، ئیتر لە دەسەڵاتی خۆیدا عەلی حەسەن مەجیدیش دەست ئاوالاتربوو لە بەکارهێنانی چەکە تایبەتەکەی دەستی، کەوایە دەتوانین ئێستا بڵێین لە خۆڕا نەبوو کە عەلی حەسەن مەجید قۆڵی لە بەکارهێنانی هەڵکردبوو و بە ئاشکرا گوتوویەتی: بە موستەشارەکانم وتووە لەوانەیە بڵێن گوندەکانیان خۆش دەوێت و نایانەوێت چۆڵی بکەن، وتم ناتوانم بەیڵم

گونـــدەکانتان بمێنیـــتەوە لە بەر ئەوەی بە چەکـــی کیمیـــایی پەلاماریان دەدەم، دەبێت لە ئێستاوە چۆڵی بکەن، بۆیە خۆتـان و خێزانەکانتــان دەمــرن، دەبێــت لەئێســتاوە چــۆڵی بــکەن، لە بەرئەوەی ئەو ڕۆژەی دەمەوێت بە چەکی کیمیایی پەلاماریـان بــدەم، نــاتوانم پێتــان بڵــێم، کەی بەڵام هەموویــان بە چەکــی کیمیـایی دەکـوژم! کێ قسـە دەکـات؟ کـۆمەڵی نێـودەوڵەتی؟ لە کـۆمەڵی نێـودەوڵەتی بەم و لەوانەشـی گوێیـان لێـدەگرن .[18] ئەو کـــاتەی عەلـــی حەســـەن مەجیـــد ئەم قســـەیەی بە موستەشــارەکان گوتبــوو، دەمێــک بــوو چەکــی کیمیــایی بە شـــــێوەیەکی بەربـــــڵاو لە کوردســـــتان بەکارهێنـــــابوو و بەرهەمەکەشـــی بینیبـــوو؛ هەروەک لە ســـاڵی ١٩٨٧ی دۆڵـــی بالیســـان و لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵاتـــیش لە شـــارۆچکەی سەردەشــت و لە ســاڵی ١٩٨٨یشــدا لە شــاری هەڵەبــجە و لە پەلامارەکـــانی ئەنفالـــدا بەکاریهێنـــابوو و لە هەریەکەیـــان کۆمەڵکوژییەکی زۆریان خستبووەوە؛ هەر بۆیەشـە بە ئاسـانی ئەم چەکە کۆکـــوژانەی دەخســـتەگەڕ، کە ســـەرئەنجام لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاسـایی نێوان سـوپا و پێشمەرگەشـدا، بە کارهێنــانی چەکــی کیمیــایی وەکــو مەســەلەیەکی ڕۆتینیــی لێهــاتبوو، بــۆیە تاوانەکــان دەچــنە قــاڵبی جینۆســاید وتــاوانی

[18] میدل ئیست وۆچ –جینۆساید لەعێراق، پەلاماری ئەنفال بۆسـەر کورد، خانەی وەرگێڕان، چاپی دووەم–٢٠٠٤ پاشکوی بی – کاسیتە دەست بە ســەرداگیراوەکانی عەلــی حەســەن مەجیــد – وەرگێڕانــی مــحەمەد حەمە ساڵح تۆفیق.

نێودەوڵەتییەوە، کەچی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لەو سەروەختەدا بە چنگ و نیوک تێکۆشاوە بۆ تاوانبارکردنی ئێران لە پەلامارەکیمیاییەکاندا؛ ئەمەشی لە پێناوی سووککردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بوو لە سەرعێراق و سەرئەنجام مەبەستەکانی هاتنەدی.

## گەشتی نووسەر بۆهەڵەبجە

هەوڵی نووسەر لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە کە جگە لە قوربانییەکانی چەکی کیمیایی لە بریندارنی کورد و سەربازانی ئێرانی، پشتی بە گەلێک شایەتحاڵی جۆراوجۆری تر بەستووە لە و پزیشکە ئێرانی و بیانییانەی کە چارەسەری نەخۆش و بریندارەکانیان کردووە، ئەفسەرانی مەیدانی جەنگ، ئەوسەرکردانەی پێشمەرگە کە لە مەیدانی شەڕەکانی کوردستاندا ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە، هەروەها لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش سەرباز و ئەفسەرانی سوپای عێراق، کەسایەتیی پلەداری هەواڵگری و دبلۆماتەکان، بەشێکی گرنگی شایەتحاڵەکانی ئەو تاوانە گەورانەن کەدەرهەق بەکورد کراون.

پێویستە ئەوەبلێین کەوا هێلتەرمان جگە لەو شایەتحاڵە جیاجیایانەی بینوونی و دیداری لەگەڵدا سازکردوون، پشتی بە گەلێک دۆکۆمێنتیش بەستووە کە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ دەست حزبە کوردییەکان کەوتبوون و

دواتــر گەیەنــرانە ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا؛ هەر لەوکـاتەوە، نووسـەری ئەم کتێبە هەسـتی بەوە کـردووە کەوا کوردەکــان پێشــتر گرنگییــان بەو دۆکۆمێنتــانە نەداوە کە دەستیان کەوتووە، بەڵکو بە زۆری بە دوای ئەو سـەرچاوانەدا دەگەڕان کە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەبوو، بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوخراپــانەی دزەیــان کردبــووە ناویــانەوە؛ هەروەک لە ڕاپـۆرتەکەی میـدل ئێست وۆچ ڕایانگەیانـدبوو کەوا کەم کەس لە کـورد هەبـوو بیـر لە ئەنفـال بکـاتەوە، لە گەڵ ئەوەشـدا کە هێشتا هەر دوو ساڵ و نیوێک بە سەر تاوانەکاندا تێپەڕیبوو.

ئەگەرچــی هەتــا ئەمــڕۆش بەدەســتهێنانی بەڵگەنــامە ڕەســمیەکان و تەنــانەت دەرکەوتنــی گــۆڕە بەکۆمەڵەکــانیش نەبــووەتە مەســەلەیەکی ئەوتــۆ، بەڵام تاووتوێکردنیــان لە لای تــوێژەرانێکی وەکــو یوســت هێڵتەرمــان بــووەتە مەســەلەیەکی گرنــگ؛ بــۆ ئەوەی دەرفەتێکیــان ببێــت لە گەڵ دەربــازبوانی پێشــێلکردنی مــافی مرۆڤــدا بــدوێن و لەگەڵ تیمــی پزیشــکیی دادوەری ئێســک و پرووســکی ئەوانە بپشــکنن کە ڕزگــار نەبوون و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ڕاکشـاون. هەروەک دەبینین خوێندنەوەی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان لەبارەی ئەو تـاوانەی کە لە کوردسـتاندا ڕوویـدابوو، دەتـوانین بڵێـین ڕاپـۆرتەکەی میـدڵ ئێســت وۆچ کە هێڵتەرمــان بەڕێــوەبەری بــوو، تــاقە ڕێگــای لێکــۆڵینەوەی ســـەرکەوتوو بـــوو لە ســـەر تۆمـــارکردنی پێشـێلکارییەکانی مـافی مـرۆڤ، ئەو کارەگرنگـانەی هێڵتەرمـان

لە کاتێکـدا ئەو ڕژێـمەی ئەم هەمـوو سـتەم و پێشـێلکردنەی ئەنجام دابوو هێشتا هەر لە دەسەڵاتدابوو.
یەکێک لە هۆکارەکانی سـەرکەوتنی یوسـت هێڵتەرمـان گەشـتە مەیـــدانییەکانێتی، گەڕانە بە دوای بەڵـــگەی ســـەلمێنەر و قـایلکەردا. ئەو لە دورەوە لە سـەر هەڵەبـجە قسـەی نەکـردووە، تەنها پشتیشی بە سەرچاوەی نووسراو بێنـراوی سـەرشاشـەی تیڤییەکـان نەبەسـتووە، بەڵکـو بۆخـۆی گەڕاوە و گەشـتی بە گەلێک شـوێنی دنیـادا کـردووەو کنەی بەنـاو وردەکارییەکانـدا کردووە. لەو گەشتانەشیدا بۆ نـاوچە جیاجیاکـان، سـەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیـاری، یەکێک لەو جێگایـانەی زیـاد لە جارێک سـەردانی کـردووە نـاوچەی ڕووداوەکەیە (شـاری هەڵەبـجەی بەگـــاز لێـــدراو) لە حـــوەزەیرانی ســـاڵی (١٩٩٢)دا یوســـت هێڵتەرمان سەردانی کردووە و هاتووە بە چاوی خۆی ببینێ. ئەو زوو هەستی بەو مەترسییە کردووە کەوا لێکدابڕانی کورد بە هـــۆی جوگرافیـــای شـــاخاویی و بـــاری سیاســـیی ناهەمواریـانەوە و پەیڕەویکردنـی سیاسـەتی پەرتـکەو زاڵـکە لەلایەن حوکوومەتەکـانی نـاوچەکەوە، کـارێکی کردبـوو کەوا کەم کەس لە خـودی کـوردیش هەسـتی بەومەودا پـتەوەی ڕێکخسـتن و سـەرتاپا گیـرییەی ئەنفـال و تـاوانە گەوەرکەی جینۆسـاید دەکـرد. خـاڵی بەهیـزی نوسـەر لەوەدا دەردەکەوێ کە تەنهـا لە تیـوردا ڕوداوەکـان تـاووتۆێ ناکـات، بەڵکـو بەکـردەوە لەمەیـدانی روداوەکەدا خەریکـی بەدواداچـون و لێکـۆڵینەوەیە و لە پراکتیکـدا سـەرکەوتوو بـووەو گەلێـک

شـــــایەتحاڵی بینیــــوە، بێگومــــان هەوڵیـــداوە بچـــووکترین چەواشـەکاری و بێدیقەتیی هەواڵدەرەکانی تـاییەت بەم تـاوانە فەرامۆش نەکات. پێش هەر شتێک ئەوە بۆ ڕۆژنامەکان ڕاست دەکـاتەوە کە هەڵەبـجە گونـد نییە، بەڵکو شـارە؛ ئەمەش کاتێک بـــووەتە مـــایەی ســـەرنجی، کە لە مانشـــێت و ســـەردێری ڕۆژنامەکاندا باسی لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی کراوە. دیـارە ئەوانـی دی بە گونـدێکی بچـووک ناویـانبردووە، جـا بە مەبەست بـووبێ یـان بە ناشـارەزایی، هەڵەبجەیـان بە گونـدێک ناوبردووە و ناساندوە؛ کەچی هێڵتەرمان پێچەوانەکەی دەبینێ و دەڵـــێ: هەڵەبـــجە شـــارە نەک گونـــد! پێشـــتریش هەروا لە ڕاپـــۆرتەکەی میـــدڵ ئێســـت وۆچـــدا جەختـــی لە ســـەر ئەم شـاربوونەی هەڵەبـجە کـردووەتەوە (هەڵەبـجە شـارۆچکەیەکی کوردنشینی قەرەباڵغ و بـازاڕێکی بازرگـانیی گەرمـی هەبوو و ژمـــارەیەک دامودەزگـــای حوکوومەتیشـــی تێـــدابوو. ژمـــارەی دانیشـتوانی هەڵەبـجە، لە بەر ئەوەی دێهاتنشـینێکی زۆری بـۆ ڕاگوێزرابـــوو گەلـــێ زیـــادیکردبوو) [19] بـــۆیە دەتـــوانین بڵێـــین گرنگترین کەسایەتی لەو توێژەرەوانە کە هەتـا ئێستا سـەرنجی مـن ( نووسـەری ئەم بـابەتە)ی ڕاکێشـابێ یوسـت هێڵتەرمـانە؛ دیـارە بەرێزێکـی زۆرەوە تەماشـای هەوڵەکـانی تـریش دەکەم. بە هەرحـــاڵ، هێڵتەرمـــان بە هـــاتنی خـــۆی ڕاســـتیی ڕووداو و

[19] میدل ئیست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسـەرکورد – وەرگیرانـی کـوردی محمـد حەمەصـالح توفیـق – چـاپی دووەم ٢٠٠٤ ل- ١٦٠

تـاوانەکەی زیـاتر لا ڕوونبـووەتەوە، نەک هەرئەوەنـدە، بگـرە زۆر بە دیـقەت و وردەکـاری، وێـنەی هەڵـکەوتەی جـوگرافیی نـاوچەکە و هەڵەبجە دەکێشـێ، باس لەکەش وهەوا وپێکهـاتەی جـــوگرافیی هەڵەبـــجە دەکـــات، بە شـــارەزاییەکی زۆرەوە دێهاتەکـان و دابونەریـت و میواندۆسـتییان بە دنیـای دەرەوە دەناسـێنێت؛ وەکـو بڵێی ئامـانجی بـووە بە دنیـای دەرەوە بڵێت ئەوانەی لە هەڵەبـجە گـاز خنکانـدوونی، نە پاسـداری ئێرانـی بـوون و نە بەکرێگیـراوی ئێـران، بەڵکـو ئەو خەڵـکە مەدەنیـیە میواندۆسـت و مەینەتبـارە بـوون کە بە نـاهەق گازبـارانکران و دنیـای دەرەوەش لە کۆمەڵکوژییـان بێدەربەسـت و بێبـاک بـوو؛ دەیەوێـت هەڵەبـجە وەکـو تـاوانێکی لە ئەنـدازەبەدەر بخـاتەوە بەرچاوی دنیای دەرەوە. پاش هەشـت سـاڵ لە بەدوادا چـون و لێکـــۆڵینەوە، یوســـت مانـــدوونابێ و ئامـــادەنییە کۆڵبـــدا؛ لە ســـاڵی(٢٠٠٠) ســـەردانی هەریەک لە وڵاتـانی (ئێـران، کوێـت، ئـــوردن و ئیســـرائیل) دەکـــات بە مەبەســـتی بەدەســـتهێنانی زانیـاری و بەڵـگە و دیکـۆمێنتکردنی تـاوانی کیمیابـارانکردنی شـــــارێکی کوردنشـــــین و جینۆســـــایدکردنی میللەتێکـــــی پەراوێزخـــراو. جـــارێکی تـــر لە پـــاش تێپەڕینـــی دوو ســـاڵ ســـەردانی وڵاتـی ئێـران دەکـاتەوە و لە مـاوەی سـێ هەفـتەی مانەوەیـدا لە تـاران سـاڵی (٢٠٠٢) دەتـوانێ ئەو پزیشـکانەش ببینێـت کە چارەسـەری برینـدارانی چەکـی کیمیاییـان کـردووە. ڕەنـگە ئەمـانە زیـاتر زانیـاری ببەخشـنە کتێبەکە، بەڵام هەرلە ئێـران ولە نـاوچە کوردنیشـینەکە گەڵێـک برینـداری شـاری

سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری هێشتا لەژیاندا ماون و دەرمانی هێورکەرەوە وەردەگرن.
لە ماوەی جەنگی ئێران عێراقدا، نووسەر پاشکۆیەکی نەخشەی جوگرافیایی ناوچەی شەڕگەکان، کە گازە کیمیاییەکانی تێدا بەکارهاتووە بەوردی خستوەتەڕوو. لە چەند باسێکدا کە نووسەر کورتی کردوەتەوە لەژێر ناونیشانی (مشتومڕی هەڵەبجە) لەگەڵ شاهید حالێکدا (ئەحمەد ناتقی) کە وێنەگری سەرەکی بووە لە ئاژانسی هەوالی ئێراندا[20]، دەکەوێتە گفتوگۆ و باس لە گازبارانەکەی هەڵەبجە و ئاوارە تۆقیوەکان و سنوورە شکێنراوەکان دەکات؛ هەروەها تیشک دەخاتە سەر هەشت ڕاپۆرتی پسپۆری نەتەوە یەکگرتوەکان و دانپێدانانی کاربەدەستانی پایەبەرزی عێراق و ئەفسەر و فرۆکەوانانی سەربازی و چەندین تەن بەڵگەنامەی نهێنی کە بە هەژدە تەن دەخەمڵێنرێت. شایانی باسە نووسەر

[20] ئەحمەدی ناتقی ناوێکی دیارە لەناو ئەو فۆتۆگرافەرانەی لەهەڵەبجە وێنەیان گرتووە، بەڵام زۆر رۆژنامەنوسی تریش ئامادەبوون ئەگەر ئەحمەدی ناتقی بەهۆی وێنەگرتنی عومەری خاوەرو کۆرپەکەی باوەشییەوە زیاتر ناسرا، ئەوا جگەلەو چوار وێنەگری تر لەهەڵەبجە وێنەی عومەری خاوەرو کۆرپەکەی باوەشیان گرتووەو گواستووەتەوە ئەوانیش بریتی بوون لەم وێنەگرانە ( ١- رەمەزان ئۆزتورک- ٢ ساسان موئەیدی -٣ ماجدی کەریمیان- ٤ مەهدی جەمشیدی ) بڕوانە ئیبراهیم هەورامانی - هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان – وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی . ئامادەکردنی خەبات عەبدولا- چاپخانەی رەنج- ٢٠١٠-ل ٣٦٣ .

بۆخـۆی وەک نـوێنەرێکی هیومـان ڕایـتس وۆچ هاوسـەفەری دووهەمین کاروانی گواستنەوەی ئەو بەڵگەنامانە بووە، کە لە فڕۆکەیەکـدا بـووە لە گواسـتنەوەیاندا بـۆ ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بە پێویسـتی دەزانـم دوا سـەرنجی خـۆم دەربـارەی ئەم گەشتەی نوسـەر بـۆ هەڵەبجە فەرامـۆش نەکەم لە کتێبەکەیدا یوسـت هێڵتەرمـان زۆر بەوردی بـاس وبەسـەرهاتەکانی ئەنفالمان لە گەرمیان بۆ دەگێڕێتەوە بەڵام ئەوەی لەم کتێبەیدا بەلایدا نەچووە ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکانە ! لە کاتێکدا بێئاگا نییە لەم دۆسـێیە چـونکە لە کتێـبەبە بەناوبانگەکەیـدا مێـدل ئێسـت ۆچ کە هێڵتەرمـان وەک بەرێـوەبەر لە پـرۆژە گرنگەکەیانـدا کـاری دەکـردو تـاوتۆویی زۆردۆسـێی ئەنفـال و کیمیابـارانی کـردووە و یەکێـک لەو دۆسـێیانەش لێبـوردنی گشـتی وئەو کەسـانەبووە کە نەیگـرتنەوە، باسـێکی گرنـگ دەربـارەی ئەو هەڵەبجەییـانەیە کە لێبـوردن نەیگرتـوونەتەوە، هەڵـبەتە ئەوانەی بەرلێبـوردنیش نەکەوتـن ئەنفـالکران، لەوانە ژمـارەیەکی زۆریـان هەڵەبجەیـی بـوون، کە لە نـاوەرۆکی کتێـبەکەدا باسـم کـردوون و لە ناویانـدا ژمـارەیەکی زۆری خەڵکـی هەڵەبـجە کە لە ٥٠ کەس زیـاترن لە قەلای نوگرەسـەلمان مـردوون و ئێسـتاش روفاتەکانیـان نەهێنـراونەتەوە و هەروا کەمێـک لە دامێنـی قەڵای نوگرەسـەلماندا کەمێـک لمـی بیابانیـان بەسـەردا کـراوەو فەرامـۆش کـراون. ! خـۆئەگەر هێڵتەرمـان باسـی ئەنفـالی

نەکردایەو باسەکەی هەردەربارەی گازبارانی هەڵەبجە بوایە ئەم سەرنجەی منیش بایەخیکی ئەوتۆی نەدەبوو .[21]

**گەشت بۆ ئێران**

لە گەشتی یەکەمیدا بۆ تاران کۆمەڵەیەکمان پێدەناسێنێ کە خۆی دۆزیویەتیەوە، ئەو کۆمەڵە کەسە، تەنها خۆیان ئاشنای یەکترن و ژمارەیەکی کەمی بێگانەشیان لەگەڵدایە، ئەم کۆمەلەکەسەش هەندێک دکتۆری ئێرانی و کەمینەیەکی بیانین کە خۆیان تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرکاریگەریی درێژماوەی گازی ژەهراوی لە سەر فیسۆلۆژیای مرۆڤ. ئەم دکتۆرانە لە ڕێگای چارەسەرکردنی قوربانییانی گازی خەردەلەوە کە عێراق لە بەرەکانی جەنگدا، یان لە دژی کوردە سڤیلەکان بەکاری هێناون، لە سەر ئاستێکی زۆر بەرز هاوکاریی زانستی پزیشکی دەکەن. ئەمە چەندە کارێکی گرنگیشە، بەڵام جێگەی نیگەرانی و داخی نووسەرە کە ئەو کارە گرنگە بۆ نوخبەیەک ئەنجام دەدەن، تەنها بۆ ژمارەیەکی زۆرکەمی پڕۆفیشناڵ لێکۆلینەوەکانیان

[21] هاوینی ساڵی ٢٠١٤ لەماوەی دوو رۆژی مانەوەمدا لە هەڵەبجە دیدارم لەگەڵ سێ کەسدا ئەنجامدا کە لە ئێران گەرابوونەوەو دواتر لەسەر سنورەوە رەوانەی دائیرەی ئەمنی سلێمانی کران و ئەنفال کرابوون و رەوانەی قەلای نوگرەسەلام کرابوون، بەگشتی بەسەرهات وباسی هەڵەبجەییە ئەنفالکراوەکان پرۆژەی کاری داهاتوومەو لە ئایندەیەکی نزیکدا لە کتێبێکی سەبەخۆدا دەیانخەمە بەردیدە .

ئەنجام دەدەن، یان لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوی دەکەنەوە. سەرنجی داوەتە ئەو خاڵەش کەوا بۆ گشت مەبەستە پراکتیکییەکان هەتا ئەمڕۆ (ساڵی ٢٠٠٢) تاقە یەک تاقیگە هەیە بۆ قوربانییە ئێرانی و کوردەکانی بەرکەوتووی هێرشی گازی کیمیایی، بۆ تویژینەوەی شەڕوکوشتاری کیمیایی، تەنها ژمارەیەکی کەمی دکتۆر لە ئێران و کوردستانی عێراق هەڵبژێردراون بۆ ئەم بوارەی کارکردن. ئەگەر ئەمە سەرنجی یوست هێڵتەرمان بێت لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ئەو دوای ڕووخانی بەعس و تەنانەت وا ئێستا لە ساڵی ٢٠١٠ داین، نە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نە حکوومەتی عێراقیش هیچ هەنگاوێکی لەو جۆرەیان نەناوە بۆ چارەسەری بریندارانی چەکی کیمیایی لە عێراق و کوردستاندا؛ ئەگەرچی بەردەوام پارەش بە هەدەردەرێت بۆ دەرچوون لەم قەیرانی چارەسەرکردنە؛ بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لەگەڵ ڕێکخراوێکی دانیمارکیدا، ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد (چاک) پرۆژەیەکیان پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە تەواو مایەی دلخۆشی و تەنانەت سەرسووڕمانی وەزیری تەندرووستیش بوو؛ بە بڕیاری وەزیر(دکتۆر زریان عوسمان) پەلە کرا لە ئامادەکردنی تیمێکی تەندروستی لە دکتۆر و یاریدەدەری پزیشکی تا بچنە وڵاتی دانیمارک بۆ ئەزموونکردنی. پرۆژەکە بە زووترین کات لە وەزارەتی تەندروستییەوە ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرا، کەچی بە پێی زانیاریی

خـۆم، هەتـاكو ئێسـتا وەڵامـی ناوەنـدی چـاك و وەزارەتـی تەندروسـتیش نەدراوەتەوە.[22] لە كاتێكـدا هەتـا ئێسـتا حكـوومەتی هەرێمـی كوردسـتان بە كۆڵێـك نـاتەواوی و هەڵاواردنەوە، هێشـتا هەر خەریكـی نـاردنە دەرەوەی بریندارانی چەكی كیمیاییە بە تایبەتی بۆ وڵاتی ئێران.

هەرچەنـدە تائێسـتا وەك پێویسـت باسـی كیمیابـارانی شـارۆچكەی نۆدشـەی سـەربە قەزای پـاوە نەكراوە، لە دیـوی ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتانەوە دەكەوێـتە نـاوچەی هەورامـان .مـحەمەد جەمشـیدی لە سـاڵنامەی ژمـارە ١٠ن ئەنفالسـتان نوسـیوێتی : لە مـاوەی هەڵگیرسـانی شـەری ئێـران عێراقـدا، شـاری نۆدشـە چەنـدین جـار بەرهێرشـی جۆراوجۆركەتـووە، سێ جاران لەلایەن فرۆكەكانی عێراقەوە گازبارانكراوە.
یەكەم جـار لەرۆژی ١٥ن نیسـانی ١٩٨٧دا بـوو. جـاری دووەهەمـیش لە ٢٣ی ئـازاری سـاڵی ١٩٨٨ واتە هەفـتەیەك

[22] سـەبارەت بەو پـڕۆژەیە، مـن بۆخـۆم یەكێـك بـووم لەو كارمەنـدانەی ناوەنـدی چـاك كە لە پێشـكەش كردنـی پـڕۆژەكەدا بەشـداربووم، چەنـدێكیش هەوڵمانـدا، ئەو دكتـۆرانە بنێـردرێنە دەرەوە بە مەبەسـتی ئەوەی ئیتر پرۆسەی ناردنە دەرەوەی بریندارانی چەكی كیمیایی كۆتایی پێبێـت و هەر لە شـوێنی خۆیـان چارەسـەریان بـۆ بـدۆزرێتەوە، كەچـی حكـوومەتی هەرێمـی كوردسـتان نەك هەر وەڵامـی نەدایەوە، بەڵكـو وتەبێـژەكەی حكـومەت لە ئەنجـومەنی وەزیـران (جەمـال عەبـدوڵڵا) لە بەرنـامەیەكی ڕادیـۆی نەوادا بە ئیسـتفزاز و گـاڵتەپێكردنەوە باسـی ئەو پڕۆژەیەی كرد.

دوای گازبارانی شاری هەڵەبجە نۆدشەش بووە ئامانجی گازباران. جاری سێهەمیش لەرێکەوتی ١٩٨٨/٤/٣ بوو، لە ئاکامی هێرشەکاندا، زیاتر لە سەد کەسی دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە بوونە قوربانی هەردوو حکوومەتی ئێران و عێراق زیاتر لە ٧٥٠ کەسیش بریندار بوون.

لە٢٥ی ئاپریلی ساڵی ١٩٨٨ ؛ شاندێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی شاروچکەی نۆدشەیانکردبوو ئەوان لە راپۆرتەکەیاندا ئەوەیان پشت ڕاستکردووەتەوە کە ئەم شارەش گازبارانکراوە، رایانگەیاندووە: لەوناوچەیەدا چەکی کیمیایی دژی خەڵکی سیڤیل بەکارهاتووە.

ئاماژەیان بەجۆری مادەی کیمیایی بەکارهاتووەکانیش داوە، لەوانە گازی خەردەل، ئێستاش ژمارەیەکی زۆرلە بریندارانی ئەوتاوانە لە بارودۆخێکی سەخت ودژواردا دەژین[23].

## دکتۆر حەمیدی سوهراب پور

ئەو دوکتۆرە ئێرانییەی کە هێڵتەرمان گرنگیی پێداوە و جێگەیەکی تایبەتی لە کتێبەکەیدا بۆ داناوە دکتۆر (حەمید سوهراب پور)ە، کە هێڵتەرمان بە پیاوێکی بەرێزو میهرەبان باسی دەکات و بە بڕوای ئەو یەکەمین پزیشکی گازی کیمیاییی بووە لە سەروەختی جەنگی (ئێران –عێراق) دا. دکتۆرحەمید، پسپۆڕ بووە لە نەخۆشییەکانی (سی)دا لەساڵی

[23] بروانە ئەنفالستان ژمارە ١٠ محەمەد جەمشیدی ل ١٠٠-١٠١

١٩٧٠کانەوە لە نەخۆشخانەی (جەبەل سینا) لە شاری نیۆرک و لە نەخۆشخانەی "میتۆدیست لە برۆکلین" کۆرسی ڕاهێنانی بینیوە؛ بەڵام هەر زوو لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشدا گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ئەو خوێندکارانەوە کە سەفارەتی ئەمریکایان گرتبوو، بۆ چاودێری و چارەسەری بارمتەکان دەستنیشانکرا بوو. یۆست هێڵتەرمان گوێبیستی دکتۆر حەمید دەبێ کە چۆن باس لە حاڵی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی دەکات و نیشانەکانیان، چۆنیەتیی مردنی بەرکەوتووەکان و قوربانییەکان یاداشت دەکات، کە بۆی دەگێرێتەوە، ئەویش شارەزایانە لە کتێبەکەیدا بۆ بەرچاوی دنیا دەیانخاتە ڕوو، بەو هیوایەی ئەمجارە دنیای لێ بە ئاگابهێنێتەوە. لە ڕاستیشدا گرنگیی ئەم کارە و دکتۆرەکەش بە تەنها ئەوە نییە کە شایەتحاڵیکە و بەس، بەڵکو ئەوەی گرنگە شارەزایی دکتۆرەکەیە کە ٢٢ ساڵ ئەزموونی هەبوو لەو بارەیەوە و ئەو ماوەیە خەریکی برینداراني چەکی کیمیایی بووە؛ لە بەرانبەریشدا یوست هێڵتەرمان وێنەیەکی ڕوونی وتەی ئەو بریندارانەی خستووەتە بەر دیدە، کە لە نەخۆشخانەکانی تاران بە چاوی خۆی بینیونی، دواتر بە هەگبەی باسێکەوە کە زەخیرەی دوانزە ساڵی ئەو نووسەرەی تیدایە، لە سنووری ئێرانەوە دەپەڕێتەوە بۆ شاری وێرانکراوی هەڵەبجە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەوکەلێنانەی لە باسەکەیدا هەستیان پێدەکات. بەو مەبەستەی بە زانیاریی زیاتر و بەڵگەی قەناعەتبەخشەوە وێنەیەکی تەواوی تاوانێک

بخاتە ڕوو. ڕەنگە یوست هێڵتەرمان یەکەم کەس بێت کە لە زاری دکتۆر حەمید پورەوە یەکەمین برینداری کوردی بە چەکی کیمیایی یاداشتکردبێ، کە ساڵی ١٩٨٣ لە حاجی ئۆمەران رژێمی عێراق لە دژی کوردەکان بەکاری هێنهاوە "[24] ئەو کوردانەی کە شەڕیان لەگەڵ حکوومەتەکەی خۆیان دەکرد" کە دیارە مەبەست لێی بەشداری کردنی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە بەرەی جەنگی حاجی ئۆمەران و گردەمەند، کە دواتریش بە هۆیەوە تاوانی کۆمەڵکوژیی بارزانیەکانی بەدواداهات وبە بیانووی ئەو بەشداری کردنەوە دەستی بۆتاوانی پاکتاوکردنی پیاوەکانیان برد و نزیکەی ٨٠٠٠ کوردی بارزانیی کۆمەڵکوژکردو لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەوە بوو لە ڕێگەی چاوساغەوە توانرا تەرمی ٥٠٠ کەسیان لەبیابان بهێننەوە. شایانی باسە ئەو کۆمەڵکوژییە، بووە یەکێک لە دۆسێکانی بەردەم دادگای باڵای تاوانەکان وسەرئەنجام بە جینۆساید یەکلایی کرایەوە. قسەکە لە سەر ئەوەیە کەوا لەبەڵگەنامەکانی سی ئای ئەی دا

---

[24] تیبینی ئەوە بکە کە چۆن نەتەوەیەکگرتوەکانو وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پێچەوانەی ئێستاوە لەسەر (ئەگەر)ی بەکارهێنانی گازی کیمیایی بێئەوەی دڵنیابن لەلایەن رژێمی سوریاوە هاتنە سەرخەتو خێرا کەوتنە گفتوگۆ ! چۆن وا بەخێرایی ئەمریکا هاتە سەر خەت. کەچی لەکاتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان نکۆڵییان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد چاویان لەملهورییەکانی صدامو هێزەکانی عێراق پۆشی کە سەرئەنجام کوردیان کۆمەڵکوژکردو ئابڕوی مرۆڤایەتیان لەکەدارکرد.

کە بەم دواییە ئاشکرا بوون، هەروەها بە پێی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (فرانکۆنە) ئەفسەری پێشووی هەواڵگری ئەمریکا ئەوە دەردەکەوێت، کە حکومەتی ئەمریکا هەر لە ساڵی ١٩٨٣ وە بەڵگەی لە سەر بەکارهێنانی هێرشی کیمیایی عێراق هەبووە. ڕەنگە باشترین بەڵگە ڕاپۆرتەکەی پرۆکۆزماییر بێت کە لە٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ دا لە ژێر ناونیشانی بارودۆخی کوردو پەیماننامەی ژینۆساید ئاراستەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکای کردوە، لەو راپۆرتەدا پرۆکزماییر بە رونی باس لە هەوڵە سیستماتیکەکان بۆ جینۆساید دەکات بەتایبەتیش لەلایەن عێراقەوە باس لەبوونی هەوڵەکان دەکات بۆ لەناوبردنی ( ئێستاش هەرهەیە ) بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەیان بنەبڕ بکەن و بڵاوەی پێبکەن و بیخنکێنن.[25] ئێرانیەکان هەر ئەو سەروەختە ئەو پەلامارە کیمیاویەیان لەقاودا و رایانگەیاند کە بەگازی ژەهراوی پەلاماری سەربازەکانی دراوەو ئەمە پێشێلکاری مافی گەلانە، تەنانەت هەرەشەی ئەوەشی کرد کەوا سکاڵا دەباتە نەتەوەیەکگرتوەکان. هەرچەندە ئێرانییەکان سەرکەوتوونەبوون چونکە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و متمانەپێکراویان پیشان نەدا. بەڵام ئەمریکاییەکان دەیزانزانی ئێران راست دەکات، چونکە بەڵگەی تەواویان لەرێگەی راپۆرتە نهێنیەکانی (سی ئای ئەی)یەوە بەردەست کەوتبوو کە بۆ واشنتۆنیان دەنارد، کەچی بە هۆی

[25] بڕوانە کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق) وریای ڕەحمانی – چاپخانەی ڕۆژهەلات – هەولێر .

ئەو ترسەی لە فراوانبوونەوەی دەسەلاتێکی ئیسلامی هەیانبوو خوێن ساردانە گوێی خۆیان لە ملهوڕییەکانی سوپای عێراق و تاوانی بەکارهێنانی گازی کیمیایی خەواند. لەڕاستیدا ئەمریکا بەرپرسیاریێتی گەورەی لە کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەویێتە ئەستۆ ئەوەش لە بەر ئەوەنا کەوا کیمیایی بەعێراق فرۆشتووە بەڵکو لە بەرئەوەی هەرلە سەرەتاوە دەیزانی عێراق پێشیلکاری دەکات و گازی ژەهراوی لەجەنگدا بەکار دەهێنیت، ئەمە جگەلەوەی هەر بۆخۆی هەڵگیرسێنەری جەنگی ئێران عێراقیش بوو، کە لەناوتەپوتۆزی ئەو جەنگەدا کورد کۆمەڵکوژکراو ئەمریکاش لێی بێدەنگ بوو، لەترسی فراوانبوونەوەی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی هەرزوو ئەمریکا زەمینەی هەلایسانی جەنگی خۆشکرد، هەرچەندە وەک بێلایەن خۆی پیشان دەدا بەلام ئەو بەئاشکرا بالانسی هێزەکانی هەردولای رادەگرتو چەکو تفاقی جەنگی بەهەردولا دەفرۆشت، تەنانەت لەجەنگی فاودا کە بینی ئێران بالادەستە هاوکاری مەعنەویو لۆجستیو هەواڵگری راستەوخۆی عێراقی کرد بۆگرتنەوەی فاو، ئەمەش تەواو هێزو تواناو نەفەسی ئێرانی لەبەین بردو بەتەواوی مەیلی درێژەدان بەجەنگی پەک خست و ناچاری کرد مل بە ئاگربەست بدات. لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا خواستی بوو عێراقیش لاوازبێت هەمیشە چاو لە دەستی بێت، ئێران و عێراق لە یەک کاتدا بەلاوازی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی هیچیان نە بنە مایەی کێشەو پشێوی بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست، بێگومان

ئەوەش لە بەرژەوەنـدی ئەمریکیەکانـدا بـوو، چـونکە بەهێـزی عێـراق لە بەرژەوەنـدی ئەمریکـادا نەبـوو، لەبەرئەوەی عێـراق وابەســتە بــوو بە سیاســەتی ئەوســای شــورەوییەوە، ئەمەش هەرگیـــز لە بەرژەوەنـــدی ئەمریکـــا نەدەشـــکایەوە . ئەو کە هەمیشـــــە بەدوای بەرژەوەنـــــدی بـــــاڵای خۆیـــــدا ویـــــڵە، دۆستایەتیشـی لەگەڵ عێراقـدا هەر ئەوەنـدە هاوکـاری عێراقـی دەکـــــرد کە جەنـــــگەکە بەئێـــــران نەدۆڕێنـــــیَو مەترســـــی فراوانبوونەوەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی نەبێتە ئەمری واقع.

بینینـی یەکەمـین حـاڵەت یـان ئەو بەرکەوتنەکیمیـاییە، جـگە لەوەی تـاوانێکی گەورەی جەنـگ بـوو حـاڵەتێکی نـامۆش بوو. هەر بۆیە مایەی سەرسووڕمانی دکتۆر حەمید سوهراب پوور بـووە، لە بەرئەوەی پێشـتر برین وحاڵەتی لەو جۆرەی نەبینیـوە. لە پێشـــەوە نە دکتـــۆر حەمیـد و تەنـــانەت خـــودی بەرکەوتووەکـــانیش نەیـــانزانیوە کە چەکـــی کیمیاییـــان لە دژبەکارهـاتووە، (ئـیمە نەمانـدەزانی ئەمە چ دەردێـکە تووشـی ئەو خەڵـکە بـووە) تــا وای لێهـاتووە ســەربازە ئێرانییەکـانی خۆشـیان بە هەمـان دەردەوە بینیـوە، ئینجـا بۆیـان دەردەکەویَ مەســـەلە چیـــیە؛ بەڵام هێشـــتا ئەوەی گـــرفتە لە بەردەمـــی چارەسەرکردندا ئەوەیە دەزانـن مەسـەلە چەکی کیمیـاییە، بەڵام کـام جـۆر و کـام مـاددە ؟! دکتـۆر سـوهراب پـور بە یوسـت هێڵتەرمـــانی ڕاگەیانـــدووە ئەو گـــازەی لە حـــاجی ئـــۆمەران بەکارهـاتووە، هەر زوو دەرکەوت کە گـازی خەردەلـی سـولفەر بـووە، کە بـریتیە لە شـلەیەکی چەورو بۆنی سـیری لێدێت. ئەم

گازە زوو دەبێت بە هەڵم بەڵام بەر هەر شوێنێک بکەوێت، بۆ ماوەی چەند سەعاتێک یان تا چەند ڕۆژێکیش هەر مەترسیدارە. ئەو هەڵمە بە زوویی بە ئاسماندا بڵاودەبێتەوەوکارەساتی لێدەکەوێتەوە.

## گەشت بۆعەممان

سێ ساڵ دوای ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوو هێزەهاوپەیمانەکانییەوە، ئیتر بە ئاسانی دەتوانێ بچێتە عێراق و وڵاتە عەرەبیەکان، وەکو کارمەندێک، یان ڕاستتر وایە بڵێین وەکو بەڕێوەبەری هەرێمایەتی ڕێکخراوی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان کە ڕێکخراوێکی ڕێگرە لە ناکۆکییەکان، لە ساڵی (٢٠٠٦) بۆ هەمان مەبەست بە سەردانێک دەچێتە وڵاتی ئوردن "عەمان". وەکو دەڵێت لەوێش (گەلێک ئەفسەر و سەربازی عێراقیم بینوە کە لە توانایاندا هەبوو وردەکاریی ڕۆژبەڕۆژی ئۆپەراسیۆنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییم بدەنێ)؛ لەوێش کۆمەڵیک بەڵگەنامەی ئەمەریکی و عێراقیی دەست کەوتووە، کە وردەکارییەکانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقی تێدا یاداشتکراوە، کە ڕۆژبەڕۆژ لەلایەن ئەفسەرانی سوپای عێراقەوە کاریان پێکراوە؛ هەتا لە پاش ڕووخانی ڕژێم لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو. وەکو نووسیوێتی، ئیتر لێرەوە چیرۆکی من و

گەشـــتەکانم کۆتاییـــان دێ و ئیتـــر قســـە و چیرۆکـــی ئەو کـــارەکتەرانە دەســـت پێـــدەکات. ئەو چیرۆکـــانەی لە لایەن دەربـــازبووە کوردەکـــان، ئەنجامـــدەرە عێراقییەکـــان، دەســـتەی پزیشکانی ئێرانی و شیکارانی هەواڵگریی ئەمریکی و عێراقی و ئیسرائیلی و گەلێکی تریش گێڕراونەتەوە. لە ناو کوردەکاندا گرنگترینیـــان ئەو شـــەش کـــوردە دەربـــازبووەی نـــاوگۆڕە بەکۆمەڵەکان بوون لە کۆمەڵکوژیی ئەنفالدا. هەر لەم بەشـەدا جارێکی تر نووسەر ئەم هەوڵە گرنگ و پڕبایەخەی پێشکەش بەو دەربـــازبوانە دەکـــاتەوە. وەک لە پێشـــەوەی کتێـــبەکەدا جارێکی تر بەپیت ناویانی دیاری کردووە ( ف، ع، ت، ر، و) .[26]

**تەمومژی جەنگ**

ئەم ناونیشـانەی نووسـەر گەلێـک مـایەی تێڕامـانە چـونکە لە ســـــەرلەقاندنێکی خـــــانەخوێی بەرنـــــامە تەلەفزیـــــونیەکەی

[26] مەبەست لەو پیتانەی ناوکەوانەکە، یەکەمین پیتی ناوی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالی بیابانن (فەرەج، عوزێر،تەیمور، ڕەمەزان، واحید) کە ئێستا لە ژیاندداماون، بەڵام لەڕاستیدا دەربـازبووانی ئەنفـال بـریتین لەم ناوانەی نوسەر باسی کردوون، لەگەڵ ئەنوەر تەیار و حەمەعەلی عالیان، کە ئەوان لە ژیانـدا نەمـاون، لەهەمانکاتـدا گروپێکـی تـرهەنەن لەدەربـاز بـوون کە نوسـەر نـاوی نەهێنـاون . (عەبـدولقەهارخەلیل، کەریـم نـایف، هاشـم مـحەمەد ؛ ئەبـابکر عەلـی، صـدقی عەبـدوقادر) ئەوانـێش هێشـتا لەژیانـدان کە لە کۆمەڵکـوژییەکەی گونـدی کـورێمێ ڕزگاریـان بـوو. رون نییە بۆچی نوسەر ناوەکانیانی نەنوسیوە. کە ئێستا لە ژیانداماون .

(نـایتلاین)ەوە هەلـی هێنجـاوە. ئەوکـاتەی نـوێنەری عێـراق لە نەتەوەیەکگرتووەکـان بانـگ دەکرێـت بـۆ بەرنـامەکە لەمەڕ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، دەکەوێتە پەلەقاژەی ڕزگاربوون لە بەرانبەر پرسیارەکاندا، بەلام ئەوکاتەی نوێنەرەکەی عێراق عبـدولئەمیر ئەنبـاری دەڵێـت : (تاوانبـارکردنی مەسـەلەی هەڵەبـجە تەنهـا لە لایەن ئێـران و جەلال تاڵەبـانییەوەیە، کە هاوکـار و هاوپەیمـانە لەگەڵ ئێرانـدا) لەوکـاتەدا (تێـد کۆپیـڵ) سـەرێکی بـۆ لەقانـد و وتـی ( کەوایە تەمومژێـک هەیە لەم مەسـەلە تـایبەتەدا) بێگومـان سـەرلەقاندنی تێد کۆپیڵ هەروا لە خۆڕایی نەبوو، بەڵکو کتومت ئەو سیاسـەتە بوو کە ئیدارەی ڕیگـان دەیویسـت بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی لە لایەن عێـراقەوە بخـاتە تەمـوو مـژەوەو بیخـاتە ملـی ئێـران؛ بەلای کەمەوە بیخـاتە تەمـومژی ئەوەی ئـاخۆ کامیـان بـوون، ئێـران یـان عێـراق گـازی کـردووە بەسـەر هەڵەبـجەدا. لەوکتێبەیـدا نووسـەر بـاس لەوە دەکـات کە دوای هێرشـە کیمیـاییەکە، ڕاسـتەوخۆ ئێـران بـڵاوی کـردووەتەوە کەسـوپای عێـراق هاووڵاتیـانی خـۆی بوردمـان دەکـات، هەروهـا ئامـاژە بەوە دەکـات کەئێـران تـاکە سـەرچاوە بـووە بـۆ بڵاوکـردنەوە و ڕاگەیاندنی ڕووداوەکان. کەمـاڵ خەڕازی کە ئەوکـاتە وەزیـری ڕاگەیانـدنی ئێـران بـوو، هەروا چەنـد کاتژمێرێـک دوای لێـدانە کیمیـاییەکە ڕایگەیاند کە عێراق خەتابـارە و شـاری هەڵەبجەی کوردنشـینی بە چەکـی کیمیـایی بۆمبـارانکردووە؛ تـا ئەوکـاتەی سـەرکردەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان (جەلال تاڵەبـانی)

کەوتە گەشـــت وگەڕان بە ئەوروپـــادا، دواتـــریش دەچێـــتە ئەمەریکا بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکەی ئێران، کە بە پشت بەستن بە پێشمەرگەکانی ناوچەکە، هەواڵەکانی بۆ پشتڕاست دەکـرایەوە. ئەمەش لە کاتێکـدا بـووکە ئەمریکـا و خۆرئـاواش سـۆزیان بە لای عێراقـدا بـوو، عێـراقیش ڕەتـی دەکـردەوە و بێئاگاییی خۆی لە هەموو جۆرە هێرش و بەگژاچوونەوەیەک لە ناوچەکەدا دەردەبڕی. بۆیە، نە گەشتەکانی تاڵەبانی، نە ئەو وێنە و دۆکۆمێنتانەی لە بەردەست بوون کاریـان لە سـۆزی ئیـدارەی ڕیگـان نەکـرد، چـونکە ئەو کـاتە جەلال تاڵەبـانی پێگەیەکـی وای نەبـوو لە لایەن ئەمریکـاوە گـوێی لێبگیرێـت، بەڵکـو بە هەمـان لـۆژیکی بەعـس بە تێکـدەر و بەکرێگیـراوی ئێرانیشیان دەزانی. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئیدارەی ڕیگان دەیەویست تەمومژ بخاتە سەر تـاوانەکە و تۆمەتەکان لە سـەر عێراق سووک بکات، خۆیـان زۆر بـاش دەیـانزانی کەوا عێراق لە ســەرەتای جەنــگەکەوە بە ڕێژەیەکــی دیــاریکراو چەکــی کیمیـــاییی لە دژی ئێرانییەکـــان بەکـــاردەهێنێ، بەڵام ئەم ملهوڕییەی سـەدام و ڕژێمەکەی تەنهـا لە مەیدانەکانی جەنگدا نەمـایەوە، بەڵکـو ڕووی وەرگێـڕایە سـەر خەڵکـی سـڤیل و بـێ چەکیش، هەروەک بە ئاشـکرا لە ١٦ی نیسـانی لە سـالی ١٩٨٧ لە دۆڵــی بالیســان بەو چەکە کۆمەڵکــوژیی خســتبووەوە، کە دواتـریش بـۆ سـەلماندنی بەکارهێنـانی گـازی کیمیـایی لە لایەن عێراقەوە، هەشت ڕاپۆرتی پسپۆری نەتەوەیەکگرتووەکـان لە ئـارادابوون، کە دانپێـدانانی سـەربازی عێراقـی، کاربەدەسـتانی

پـایەبەرزی عێراقـی، ئەفســەر و فڕۆکەوانـی عێراقـی، لە دوای هەمــوو ئەمــانەش دەستبەســەرداگرتنی ١٨ تەن بەڵگەنــامەی عێراقـــی هەروەهـــا نمـــوونەی ئەو خـــۆڵەی کە لە لایەن نێردراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە "پرۆفیسـۆر هانـدرێکس" لە زانکۆی گێنتی بەلجیکا شیکاریی بۆکرا، هەموو ڕاستیەکان ڕووندەکاتەوە کە ئەو مادەیەی بە سـەر خۆڵەکانەوەیە، هەمـان ئەو مـادەیەیە کە لە بـۆمبە نەتەقیوەکـانی عێراقـدا بـوون. بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا مشتومڕی لە سـەرە ئەوەیەکە ئێران لەکاتی ڕوودانیـدا ناوچەکەیـان کـۆنترۆلکردووە و جـگەلە تیمەکـانی خۆیــان، ڕێگەیــان نەداوە کەس بچێــتە شـــوێنی ڕووداوەکە. ئەمەش تــا ڕادەیەکـی زۆر بیانووهێنـانەوەیە چـونکە لە دوای تـاوانی بۆمبـارانە ژەهـراوییەکەی هەڵەبـجە، ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتوەکــان ســێ هەفــتە دوایــی یەکەم وەفــدی خــۆی بە ســەرۆکایەتیی پرۆفیســۆر ئــاوبین هانــدرێکس ( Aubin Heyndricks)[27] نـاردە ئێـران و لەوێشــەوە بـۆ هەڵەبـجە بـۆ لێکــۆڵینەوە لە گازبــارانی هەڵەبــجە و دەوروبەری. (بــڕوانە کتێبەکە، بەشی لێو شین و لێوسور) .

هەرچــی د. ســالار باســیرەیە بەم شــێوەیە باســی هــاتنی وەفـدەکەی پرۆفیسـۆر ئـاوبین دەکـات ؛ باسـیرە نوسـیوێتی

[27] وەفـدەکەی نەتەوەیەکگرتووەکـان تەنهـا شــارەزای تۆکسـیکۆلۆجو بـواری پزیشـکی بـوون، هـیچ کـام لە یوسـت هێلتەرمـان و د. سـالار باسـیرەش ئاماژەیـان بەوە نەکـردووە نـوێنەری بەشـی چـاودێری مـاف ومرۆڤ و بەشی سیاسیان لەگەڵدا بووبێت .

(پرۆفیسۆر ئاوبین بەمشێوەیە دەربارەی سەردانەکەیان دواوە کە تەنیا کورتەیەکی گێرانەوەکەیە:( "بەهەلیکۆپتەریک لە ئێرانەوە براینە هەلەبجەو لە رۆژی ١٩٨٨/٤/١١ لەکاتژمێر ١٠,٣٠ گەیشتینە ئەوێ بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکەمان. لەگەل خۆماندا ئامرازی پێویستمان بردبوو، وەک جلوبەرگی تایبەتو دەمامکی غاز بۆ کۆکردنەوەی هەندێ لە کەرەسە ژەهراویەکان بۆ بردنەوەیان لەگەل خۆماندا بۆ بەلجیکا. لە سەرەتادا هاتینە ناو شارێکی تەواو بەجێهێلراو،و مردو کە بەهیچ شێوەیەک ژیانی تێدا نەمابوو. ١٠ جار هێرشی بۆمبای گازی ژەهراویو چەکی ئاسایی کرابووە سەر شارەکە. هەندێ کەس کە لە مالەوەیان هەلاتبوون، بۆیان باسکردم کە کچیان بینیبوو کە دەکەوتنو دەمردن، ئیتر بەپیی ئەوەی کێو بەر کام جۆرە ژەهری کیمیایی کەوتوە. هەندێ خەلکی تر لەشەقامێکی تری تەنیشت بەر جۆرە بۆمبایەکی تری کیمیایی کەوتبوون کە زۆر بەئەشکەنجەو ئازارەوە مردبوون. چاوەکانیان وەک سەری دەرزی دەرپەریبوو، خوێن لە دەمیانەوە هاتبوە دەرێ. ئەمە گازی ئەعساب بوە .(neurotoxik gas) ئەمەیان دەبێت بۆ خەلکە زامدارەکان زۆر بەئازار بوبێت. ئەو کوردانەی هەتا ئەمرۆکەش لە ژێر ئەنجامەکانی چەکی کیمیاوی دەچەوسێنەوە لەلایەن هیچ لایەکەوە قەرەبوو نەکراونەتەوە، تەنانەت لەلایەن ئەلمانیاش کە سەرچاوەی ناردنی کەرەسەکانی چەکی کیمیاوی بووە بە رژێمی سەدام حسێن )

نوســـینەکەی لە مـــاڵپەڕی ئـــاوێنە بڵاوکـــردووەتەوە بەرواری ١٨ی ئـــازار لە ســـــەر لاپەرەی مـــاڵپەڕەکەیە بەلام بەداخەوە ساڵی بڵاوبوونەوەی نەنوسراوە

هێڵتەرمـــان بە ڕوونـــی پەنـــجە دەخـــاتە ســـەر ئەو گومانانەی کە (ڕیگان) دەیویست ئێران تاوانبار بکات. هەرچی خەڕازی بـوو بـڕوای وابـوو کە هێرشـە کیمیـاییەکە لە نزیکـی ئەو پۆپەراسیۆنە سەربازییەی ئێرانەوە بوو بە ناوی وەلفەجر ١٠ کە هێزەکانی عێراقیان تێکشکاند؛ ئەمەشی بە تۆڵەکردنەوە و بەزینـی عێـراق نـاوبردبوو، بەڵام لە ڕاسـتیدا دانیشـتوانی مەدەنیـــی کـــورد لە شـــاری هەڵەبـــجە چ ئیرادەیەکیـــان لەوکەینـوبەینەی نێـوان ئێـران و هێزەکـانی پێشـمەرگە و جەنگەکەدا نەبوو. ئەمە خەونێکی عێراقیش بوو تـا کورد بخـاتە داوەوە و لە نێو بـازنەی شـەڕەکەدا گورزێکی لـێ بوەشـێنێ و تەمبێـی بکـات. وەکـو نووسـەری کتێـبەکەش باسـی کـردووە ئامانجی هێرشەکانی وەلفەجر ١٠ هەرچیەک بووبێ هێزەکانی عێراقی لەناو خاکی خۆیدا تێکشاندبوو، ئەمەش لە لایەک بووە هۆی ئەوەی هەتـا ئەمڕۆش تەمومژ بخـاتە سـەر ئەو تـاوانەی بە هۆی تووڕەکردنی سەرکردایەتیی عێراق، کە تۆڵەی خۆیان لە هەڵەبجە کردەوە، کەچی عێراق وای پڕوپاگەندە دەکرد کە هـــیچ هێزێکـــی عێراقـــی لەو نـــاوچەیەدا نەبـــووە، بەڵکـــو پڕوپاگەندەکانی ئێرانیشـی بەوە بەرپەرچ دەدایەوە کە بۆیە ئەم ئیدعایە دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە وێرانکردنی شـاری هەڵەبـجە بـــدزێتەوە و بیخـــاتە ئەســـتۆی عێـــراق. لە ڕاســـتیدا ئەو

دانپێدانانەی عێراق زۆر گرنگ بوو کە لە ١٧ی مانگدا هیچ هێزێکیان لە ناوچەی هەڵەبجە نەبووە.

پاش ئەوەی لە ٢٠ی ئازاردا ئێران ڕێگەی بۆ ڕۆژنامەنوسان کردەوە، واتە چوار ڕۆژ دوای گازباران و ئەنجامدانی تاوانەکە، هێلیکۆپتەری ئێرانی یەکەمین گرووپی گواستەوە بۆ شاری هەڵەبجە کە وێرانکرابوو، هێشتا تەرمەکان لە سەر جادەو ناوحەوشەی مالەکاندا بوون، ئیتر هەموو ڕاستییەکان دەرکەوتن؛ بەڵام ئەم ڕاستییانەش ئیدارەی ڕیگانیان نەهێنایە سەر ئەو قەناعەتەی بەکارهێنانی گاز لە لایەن عێراقەوە تاوانی گەورەتری بەدوادا دێت و بێدەنگەکردن لیی ڕووی هەموو مرۆڤایەتی ناشیرین دەکات. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە میدیا بە پشتگیریی دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران شڵەژانێکی تەواوی بۆ ئیدارەی ئەمریکا درووستکردبوو. لە وەها حاڵێکدا بوو کە ڕۆژی ٢٢ی ئازار چارڵس ڕێدمانی وتەبێژی وەزیری دەرەوە، عێراقی گوناهبارکرد بە "پێشێلکردنی پرۆتۆکۆڵی ژنێفی ٩/١٧ / ١٩٢٥ بە شێوەیەکی تایبەتی و مەترسیدار"، [28] بەڵام ڕاگەیاندنەکەی ئەمریکا بە ڕوونی هەوڵی ئەوەی تێدا بەدیدەکرا کە عێراق لەو تاوانە ببوێرێ چونکە وتەبێژەکە وتبووی (بەڵگەی ئەوە لە

---

28 ئەم ڕێککەوتننامەیە تایبەت بوو بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ، لەوانە ناپالم کە دەمێک بوو دەوڵەتی عێراق لە دژی کورد بەکاری دەهێنا چ جای چەکی جۆراوجۆری کیمیایی.

ئـــــارادا هەیە کەوا ڕەنـــــگە ئێـــــرانیش چەکـــــی کیمیـــــایی بەکارهێنابێت)[29]

بەهەر هۆیەکەوەبێت هێڵتەرمان باسی هاوکارییەکانی ئەڵمانیاو کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەی نەکردووە بەڵام د.سالار باسیرە بەڕاشکاوی نوسیوێتی : (کەرەسەکانی دروستکردنی کارگەکانی چەکی کیمیاوی لە عێراق لەلایەن ئەلمانیاوە نێردرابوون بە ناوی (Pestizid) گوایە ماددەیەکە بۆ بواری روەک بەکار دەهێنرێت. ئەم تۆمەتبارانە لە ئەلمانیا ناو،و ناونیشانیان هەیە. جگەلە کەرەسە پێویستەکان بۆ دروستکردنی ئەم چەکە، زانیاریشیان دابوو بە عێراق بۆ چۆنیەتی دروستکردنی. هەموو ئەمانە بە ئاگاداریی حکومەتی ئەلمانیا CDU/CSU لە ساڵەکانی هەشتاکاندا. ئەمانە چل سال دوای روداوەکەی ئاوشڤیتس کە بەناوی ئەڵمانەوە سەدان هەزار مرۆڤی یەهودیان بە گازی ژەهراوی خنکاند. هەمیشە بۆ هەرکریارێک فرۆشیارێک هەیە. لێرەدا ناوی (٨٢) کارگەی ئەلمانیی ناسراون کە ئەوکەلوپەلانەیان بە سەدام حوسێن فرۆشتووە کە ئەو رژێمە بۆ کوشتنی مرۆڤ پێویستی پێی بووە. سەرەرای بەلگەنامەکان ئەم کارگە تاوانبارانە نەخراونەتە بەرلێپرسینەوە. کەسێک بکوژێت ئەوا مرۆڤکوژیت، بەلام ببیتە هۆی کوشتنی دەیان هەزار کەس

29 یوسـت هێڵتەرمـان کـارێکی ژەهـراوی ئەمریکـا وعێـراق و گازبـارانی هەڵەبـجە- کۆمپانیـای ئـاوێنە ٢٠١٠ وەرگێڕانـی کـوردی مـحەمەد حەمە سالّح تۆفیق- ل9

لەبەرژەوەندی دەسەڵاتو دەولەتدا ئەوە نێودەبرێ بە سیاسەتی دەولەتو سیاسەتی ئابوری. کێشە سەرەکیەکە بەتەنیا بریتی نیە لە دیکتاتۆرەکان بەلکو کێشە راستەقینەکە ئەو حکومەتو کارگە بەرهەمهێنەرانەن لەبەر بەرژەوەندی ئابوری ئامادەن چەکو گازی ژەهراویش بەمرۆڤ کوژەکان بفرۆشن. هەر کەسێک چەک بداتە مرۆڤ کوژێک بۆ ئەوەی کارەکەی پێئەنجام بدات لە یاساکانی کەتندا وەک هاوشەریک پێناسە دەکرێت. لە ئابوری‌و سیاسەتی نیودەولەتیدا زۆر بە دەگمەن لایەنێک کە بەشداربوبێت لە جینۆساید کردندا بۆ تۆمەتەکەی خرابێتە بەر لێپرسینەوە.)[30] لەمەولا ئیتر پەردە لە سەر ڕاستییەکان لادراو هەڕەشەی چەکی کیمیایی عێراق بۆ سەر شارە گەورەکانی ئێران دەرکەوت، گازبارانکردنی هەڵەبجەدا سەرئەنجام هەرکوردی بەچۆکدانەهێنا بەڵکو ترسێکی گەورەشی بۆ ئیرانیەکان دروستکرد، ئیدی لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەوە عێراق توانیی ئێران بترسێنێت تابە ئاگر بەست ڕازی بێت، لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق لە لایەک و لەلایەکی ترەوە تۆمەتی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە خۆی دوور بخاتەوە؛ تەنانەت لە پراکتیک کردنی ئەم هەڕەشەیەشدا، شارێکی کوردنشین بووە تاقیگەی چەکە

[30] د.سالار باسیرە ماڵپەری ئاوێنە رێکەوتی ١٨ی ئازار بەلام ساڵەکەی لەسەر لاپەڕەکە نەنوسراوە . پێدەچێت ساڵی ٢٠١٢ بێت چونکە بەپیی زانیاری من ئەو وتارەی لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا لەپەرلەمانی ئەوروپادا لە مانگی ئازاری هەمان ساڵدا خوێندەوە.

کۆمەڵکوژییەکەی عێراقو ترساندنی ئێران کەئەویش شاری کوردنشینی سەردەشت بوو لە سەرسنووری عێراق_ئێران، کە لە ساڵی ١٩٨٧ کیمیاباران کراو زۆربەی هەرە زۆری قوربانییەکانیش کوردبوون. من بۆخۆم دیدارم لەگەڵ پیاوێکی خەڵکی سەردەشتدا کردووە بەناوی عەلی ڕەحیمی کە هەم لەکاتی کیمیاباراندا لەوێ بووەو هاوکاری بریندارەکانی کردووەو هەم لەدادگایی کردنی فرانس ڤان ئانراتیشدا رۆڵی بینیوە رەحیمی دەربارەی کیمیابارانکردنی سەردەشت بۆی گێڕامەوە (ئەو رۆژە ئێمە عەمەلمان بووگەلێک مەشغەلەتمان بوو، دەوری سەعات 4:30ی دوای نیوەرۆیە بوو، رۆژی سێشەممە بوو، حەوتی تیری هەزاروو سێسەدو شەستی ئێرانی ١٩٨٧/٨/٢٦ دروست ئەو رۆژە بوو، بە چوارتەیارە پەلاماری شارەکەیاندا، ئێمە ئیدی نەماندەزانی چی بکەین، سەرمان لێشێوا بوو، چونکی تەجرەبەی وامان نەبوو، قەد شەری کیمیایمان نەدیبوو، هیچ ئاگاداریمان بەوشێوە نەبوو، ئیدی بۆنی سیر بڵاو بووەوە کە پاسدارەکانی بن دەرکە هاواریان کرد" شیمیاباران کراین"، منیش ئەو دەقەیە لە ژووری خۆمان دانیشتبووم کە هاتمە دەرەوە، تەیارەکانم دیت، لەونیان رەش بوو، لە میراج دەچوون ئەڵبەتە من ناتوانم تحدیدیان بکەم، چونکە سەردەشت مەوقعی ستراتیجی وایە کە کێوی گردە سووری بە بەرەوەیە شارێکی بەرزە،1300 و ئەوەندە میتر لە صفحی دەریاوە بەرزە، لەبەرئەوە هەموو تەیارەیەک ناتوانێ بۆمبارانی خۆی بەهاسانی بکات، ئێمە لە ساڵی ١٩٨٠ شەوە مانگی 10 ئەو شارە بەبەربۆمبارانی تەیارەی کەوتو نزیک بە 83کەسی کوشت، 105کەسیشی بە شیدەد زامدارکرد، تەیارەکان کە دەهاتن زۆر بە زەحەمەت دەیانتوانی بۆمباران بکەن،

بەهەرحاڵ ئەو رۆژە کە بۆمبارانی کیمیاییان کردین، لە چەند نوقتەی شاریاندا گەرەکی سەرچاوە، گەرەکی فەرماندار، لای گەڕەکی کاریژ، لای مالی وەستا حاجی نەجار کەلەوێ ئاشی شەمامی لێبوو، دەبێتە مامی حەسەن شیوە سەڵی، کە شەهێدێکی قارەمانەودەشێت ناوی گیوارای کوردی لێبدەین، دوایی لە دەوروبەری شاریدا لە گوندەکانی دا لە رەشەهەرمێ و بیژوێ لە هەموو ئەو جێیانەیدا .) (31)

ڕژیمی عێراق لە گەرماوگەرمی تاوانەکەدا بێدەنگیی هەڵبژاردبوو، کەچی لەپڕێکدا کەوتە دەنگەدەنگ و هاتوهاوار، ئەوەش هەر لە سۆنگەی ئەو پشتیوانییەی ئەمریکاوە بوو؛ وەکو یوست هێڵتەرمان دەڵێت (عەبدولئەمیر ئەلئەنباری نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختی ڕەخنەگرتندا لە بەرنامەی "لایت لاین"ی تەلەفزیۆنی (ABC) کەوتبووە پەلە قاژە و دەستی بەو پەتەوە گرتبوو کە ئەمریکا بۆ ڕزگارکردنیان لەو شەرمەزارییە دەمێک بوو هەڵیدابوو، دەیگوت: چاکە، با بیرتان بهێنمەوە کەوا میستەر ڕیدمان باسی هەندێک بەڵگە و ئەگەری کردووە کە لە ڕاستیدا لە ئەگەر زیاترن، کەوا ئێران تۆپی کیمیایی بەکارهێناوە) بەڵام ئەو کاتەی تێد کۆپێڵ وتی: ئەگەر ڕاست بێت ئێران چەکی کیمیایی بەکارهێنابێ لە دژی عێراق، لە بری عێراق ئێران خەتاباربێت لە گازبارانی

---

31 دیدار لەگەڵ عەلی ڕەحیمی ساڵی ٢٠٠٧ سلێمانی . بۆ خوێندنەوەی سەرجەمی دیدارەکە بڕوانە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٤) .

هەڵەبجەدا، ئەوا لە دواییدا بە دڵنیاییەوە حکوومەتی عێراق قازانج لە لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات؛ کەچی ئەلئەنباری کەمێک پاشگەزبووەوە و گوتی: ڕازی نەبوونی ئێران بە ئاگربەست و درێژەدان بە جەنگ ڕەوایەتی دەداتە عێراق بۆهەر درندەییەک کە عێراق ئەنجامی بدات. هەر لە کۆی ئەم بابەتانەدا نووسەر گرنگیی مەسەلەکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمەوە عێراق یەکەمین وڵات بووە کە گازی لە شەڕدا بەکارهێناوە کە ئەمەش توخمی کاریگەرتری بەرهەمهێنا، هەروەها نەبوونی ئیدانەی نێو دەوڵەتی لە سەرعێراق و پاڵپشتیکردنی ڕۆژئاوا بۆ عێراق ڕوون دەکاتەوە لە بە کارهێنانی ئەم چەکەدا، باس لەو پشتگیرییەی ئەمەریکاش بۆ کوردەکان دەکات، کە لە ڕێی شای ئێرانەوە یارمەتییانی دابوو، بەڵام لەگەڵ عێراق ڕێکدەکەوێت و شۆڕشی (مەلا مستەفا) بێ پشتیوان بەجێدەهێڵێت؛ ئەمەش لە ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ دا بووە مەینەتییەکی گەرە بۆ کورد و دەشێت هۆکاری سەرەکیی هەڵایسانی جەنگەکەی نێوان عێراق و ئێرانیش بێت.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا ئەم باسانەی تێدا خراونەتەڕوو جەنگی (ئێران – عێراق) و پێویستیی عێراق بە چەکی نوێ، یەکەمین هێرشی تۆمارکراوی گازی خەردەل لە هاوینی (١٩٨٣)[32]. یەکەمین شەڕ لە جیهاندا کە دەمارەگازی

[32] لەسەرەتاوە عێراق کە دەستی برد بۆ بەکارهێنانی گازی کیمیاوی تەنها گازی خەردەلی بەکاردەهێنا لەبەرەی جەنگی ئێراندا

تێدا بەکاربهێنرێت. زستانی( ١٩٨٤) کە لە سەرجەم باسەکاندا نووسەر ئاماژە بە پشتگیریی ئەمەریکا بۆ عێراق دەکات، دژ بە ئێران و بێدەنگ بوونی(ڕیگان) لە بەرامبەر بەکارهێنانی گازەکیمیاییەکان لە لایەن عێراقەوە و تاوانبارکردنی عەربستانی سعودیە و کویت و ئوردن بە ناردنی چەک و تفاق بۆ سوپای عێراق، هەروەها گوێزانەوەی هاوکارییەکان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژئاواوە، بە ئەمەریکاشەوە، بەم سێ وڵاتەدا، هەروەها باس لە یەکەمین تۆمارەکانی پەلاماری گازی خەردەل دەکات لە سەر شێواز و چۆنیەتی وچەندایەتیی ئاسەوارە بەجێماوەکانی ئەوگازانە لە سەربەرکەوتووان، هەروەها بەکارهێنانی دەمارەگاز دەخاتەڕوو کە بۆ یەکەمین جار بووە لە جیهاندا لە شەڕگەکاندا بەکارهاتبێت و فەرماندە عێراقیەکان، بە (سەدام حوسێن) یشەوە، بە شانازییەوە باسی لێوە دەکەن بێ هیچ ئیدانەکردنێکی نێودەوڵەتی کە لە ماوەی هەفتەیەکدا بووەتە هۆی مردنی (٢٠٠١-٢٠٠٢) جەنگاوەری ئێرانی . ئیدی

---

بۆیەکەمجاریش کە لەکوردستان گازی کیمیاوی بەکارهێنرا لەبەرەی جەنگی حاجی ئۆمەران بوو لە دژی ئێرانیەکان وپێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان . لەوە بەدوا ئیتر عێراق پەلەی کرد لەکڕینو بەرهەمهێنانی کەرەسەو پێداویستیەکانی چەکی کیمیاوی . چونکە کیمیاوی بەتاقە چارەسەر دەزانی بۆ بەرگری و پێشگرتن بە هێرشی شەپۆلە مرۆییەکانی ئێران کە بەرابەرایەتی ئایەتوڵاخومەینی بەشێوەیەکی خۆکوژی هێرشیان دەبردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عێراقو بە چەکی کلاسیکی توانای پێشپێگرتنیان نەبوو.

بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لەلایەن سەدامەوە چیتر قابیلی پەردەپۆشکرن نەبوو، هەروەک بێدەنگەکردنی ئەمریکاش رون‌و ئاشکرابوو، چونکە لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٨٣ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کەوا بەڵگە هەیە دەربارەی ئەوەی عێراق چەکی کیمیایی کوشندەی دژی هێزەکانی ئێران بەکارهێناوە بەڵام ئیتر ئەمریکاییەکان زیاتر لە سەری نەچوون‌و هەنگاویشیان بۆ راگرتن‌و شەرمەزارکردنی عێراق نەناو سەرئەنجام ملهوریەکانی عێراقیش زیاتر رۆیشتن‌و سنوریان بەزاندن گەیشتە ئاستی کۆمەڵکوژیی گەورەی وەک تاوانی ١٦ی ئازار لە هەڵەبجە. تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی صدام حسێن لە شوباتی ساڵی ١٩٨٤ دا بەئاشکرا رایگەیاند کەوا بۆ هەموو مێرویەک دەرمانی مێروکوژ لەئارادایە .ئەمەش ئاماژەیەکی رون‌و ئاشکرای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو .

بەڵگەی لەوە ڕونتر هەرەشەکانی تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق بوو، کە لەکاتی سەردانکردنی سەرۆکی خزمەتگوزاری چەکوچۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بۆ بەغدا لە ساڵی ١٩٨٦ بە توڕەییەوە لە بەرامبەریدا دەنگی هەڵبڕی وپێیووت : بەڵێ بێگومان ئێمە چەکی کیمیاوی بەکاردێنین ئەوان (ئێرانیەکان) درندەن‌و ئێمەش ناچارین داکۆکی لەخۆمان بکەین، ئەگەر چەکی ناوکیشمان هەبێت بەکاری دەهێنین، هەرتاریق عەزیز لەپایزی هەمان ساڵدا لە بەرامبەر ئەگەری زاڵبون‌و پیشڕەوی

ئیرانیەکـــــــان هۆشـــــــداری دایە ســـــــکرتێری گشـــــــتی نەتەوەیەکگرتووەکـــان و تـــی: ئـــێمە هەمـــوو جـــۆر چەکێـــک بەکـــاردێنین بێـــئەوەی گوێبـــدەینە رێکەوتنـــامەیەک یـــان هـــیچ کەسێک چونکە ئێمە شەڕ بۆ ئێوەش دەکەین )[33]

لە بەشـی دووەمـی کتێبەکەدا کە سـەرجەم بابەتەکـان لەژێـر ناونیشـانی (کـاردانەوەی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان – دانـانی ڤۆڵیـۆم کـۆنترۆڵ) خـۆی دەبینێـتەوە، پەردە لادان لە ڕوی بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارەی (ڕیگان) دەخـاتەڕوو، کە بـاس لە هێرشـەکانی ئێران دەکات بـۆ سـەر عێراق و بەکارهێنـانی گـازی ژەهـراوی لە لایەن عێـراقەوە، کە دەبێـتە هـۆی مردنـی چـــوار تیپـــی ئێرانـــی کە هەریەکەیـــان (١٢٠٠٠- ١٥٠٠٠ ) سـەرباز بـوون و لێرەشـدا بـاس لە بێدەنگیی ئیدارەی (ڕیگان) دەکـــاتەوە کە لەم تـــاوانەش ئاگـــاداربوون لە گواســـتنەوەی چەکەکـان لە کۆمپانیاکـانی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاواوە بـۆ عێـراق. لە باسـێکی تـری بەشـەکەدا بـاس لە لایەنـدارییەکی پەرەسـەندوو دەکـات لە جـۆری پشـتگیریی ئەمەریکـا بـۆ عێـراق، بەوەی کە هـــیچ لایەک نەیـــبەنەوە تەنهـــا یەکتـــر مانـــدوو بـــکەن، "واتە هاوســـەنگیی جەنـــگەکەی ڕاگرتـــووە" بەمەش ســـتراتیژییەتی (ئەمەریکـا، ئیسـرائیل، نەوت) بەجێگیـری بمێنێـتەوە و بـاس لەو زانیارییـانەش دەکـات کە (سـی ئـای ئەی) بە عێراقـی داوە لە کـــاتی شـــەڕەکەدا هەروەهـــا ئەو زانیـــارییە شـــاراوانەش

[33] دەستنوســی هەلەبــجە لەبەڵــگە نامەنهێنیەکــانی ئەمریکــادا – وریــای رەحمانی – 2013 لاپەرە 25 .

دەخـاتەڕوو کە ئەمەریکـا لە ڕێـگەی ئیسـرائیلەوە چەکـی بـۆ ئێـران نـاردووە هەروەهـا لە سـەردانی دۆناڵـد ڕامسـفێڵد بـۆ بەغـداد، تـایبەت بە چەکـی کیمیـایی هەنگاوەکـانی سـەردانەکە دەخـاتە ڕوو کە باسـکردن لە گازەکـان ، چـۆن مەسـەلەیەکی لاوەکـی و پەراوێزخـراوی سـەردانەکە بـووە! کە ئەمەش بە جۆرێک لە سیاسەتی گەرمکردنی جەنگەکەی دەبینێ و ئاوا بە خوێنەرەکـانی دەناسـێنێت کە ئەمەریکـا دوو بلیـۆن دۆلار قەرزی داوەتە عێراق وەک یارمەتی و هاندانی بۆ گەرمکردنی ئـاگری جەنـگ و درێـژە پێـدانی. لە قەدەغەکردنێکـی گـازەکەدا عێـراق مەسـەلەی ناکـازاکی و هێرۆشـیما دەداتەوە بەڕوی ئەمەریکادا کە دواتر بۆ ئارامکردنەوەی عێراق، بە بانگهێشتی کۆشـکی سـپی، عێـراق و ئەمریکـا ڕێککەوتننـامەیەک ئیمـزا دەکەن، ئەمەش لە تەواو کردنـی کـارەکە سیاسـەتی ئەمەریکـا لە سـاڵی (١٩٨٤) دا نووسـەر باسـیان لێـوە دەکـات، دواتـر لە باسی نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆلێنەوە دەکات، تیشک دەخاتە سەر ئەو بەیاننامـانەی کە خـاچی سـوور بڵاوی کردوونەتەوە، بەرامـبەر بەکارهێنـانی چەکە قەدەغەکراوەکـان لە لایەن عێـراقەوە و پاسـاوەکانی ئەمەریکـا بـۆ وەرنەگرتنـی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرادەکات، سـەرەڕای لابردنـی بەشـێک لەو ڕاپۆرتانەی کە لە سەر ئەم بابەتە ئامادە کرابوون تـایبەت بەو کەلـوپەل و ماسـکانەی بـۆ خـۆ پاراسـتن لە بەرەکـانی شـەڕدا بینرابوون.

لە دوا باسی بەشەکەیدا نووسەر ئەو دەرفەتە لە دەستچووانە دەخاتە ڕوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیدارەی (ڕیگان) دەیانتوانی پێش بە هێرشە کیمیاییەکان بگرن، بەڵام خۆیان لێ بێدەنگ کرد و هاوکاریی عێراقیشیان دەکرد وەک شێلگیریی ئەو هەناردانەی بۆ عێراق دەڕۆن، ئەمە سەرەڕای یارمەتی و قەرزدان بە عێراق.

لە بەشی سێیەمی باسەکەدا کە هێرش و داگیرکارییەکان لە لایەن هەردوو وڵاتەوە دەخاتە ڕوو، ئەویش لە ژێر ناونیشانی (ناوبڕی کیمیایی)دا، باس لە چڕیی بەکارهێنانی گازەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان و ئەوچاکسازییانەش دەکات؛ واتە لە توانای تەقینەوەکاندا، هەروەها لە شارەزابوونی عێراقییەکان و بەکارهێنانی ئەوچەکە قەدەغەکراوانەدا، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە عێراقییەکان لە بەرەکانی پشتەوەی جەنگ، هێرشەکانی ئێرانیان گاز باران دەکرد و چۆنێتیی بەکارهێنانی گازی سیانیدیش ڕوون دەکاتەوە کە نەتوانراوە بسەلمێنرێت چونکە زوو دەبێتە هەڵم و تووشبووانیشی لە ماوەی (٢-٣) دەقیقەدا دەمردن.

هەروەها هێرشەکانی عێراق کە بە(٣٢) جار دەخەملێنرێت لەم شەڕەدا گازبارانی بەرەکانی شەڕیان کردووە، لە پاش ساڵێک لەم هێرشانە، نووسەر ئاماژە بە داگیرکردنی فاو دەکات و ئاماری بەرکەوتووانی هێرشە کیمیاییەکە دەخاتەڕوو کە نزیکەی دوانزە هەزار سەربازی کوشتووە، شایانی باسە باس لە بیست و یەک فڕۆکەش

دەکات کە ئەو بۆمبا کیمیاییانەیان پێ خراوەتە خوارەوە. لە بەرئەوەی ئێران توانیویەتی سنوورەکانی فاو ببەزێنێت و سنوورەکانی کویت و ئوردن و سعودیە گەمارۆ بدات، هەر لەم بەشەدا دانپیانانێکی فرۆکەوانێکی عێراقیش دەخاتە ڕوو کە لە ئێران دیل بووە و زیانێکی گەورەی بە ڕژێمی عێراق گەیاندووە چو نکە ئەنجوومەنی ئاسایشی لێ هاتووەتە دەنگ.

لە باسێکی تری بەشەکەدا سەرەڕای دەرخستنی ڕووەکانی ئەمەریکا لە شەڕەکەدا وتەکانی کۆمەڵێک لە فەرماندییەکانی عێراق نیشان دەدات لە سەروو هەموویانەوە تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق کە دەڵێت: (ئەگەر ئەتۆمیشمان هەبووایە بەکارمان دەهێنا، ئەمەش بە مەسەلەی (ئێران – کۆنترا) ناسرا، هەروەها نووسەر ئاماژە بە پێوەندییەکانی ئێران_ئەمەریکا دەکات کە بووتە هۆی تووڕەبوونی عێراق، دواتر پەلاماری کوێتی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش بەرنامەی ئاگربەستی پێ ڕادەگەیەنرێت و عێراق پێشوازی لێدەکات و ئێرانیش ڕەتی دەکاتەوە؛ لەکۆتاییی باسەکەدا کە بەڕێگا دانانێکی نوێ ئاماژەی بۆ کراوە، نووسەر باس لەوەکردووە کە چۆن لایەنگیری و هەوادارییی ئەمەریکا بۆ عێراق بووەتە، هۆی ملهوڕی و پێ لێراکێشانی زیاتری عێراق و بەکارهێنانی هەموو جۆرە قەدەغەکراوێک.

## شەڕ لە کوردستاندا

لەم بەشـــەی کتێبەکەیـدا یۆســـت هێڵتەرمـــان بە ڕوونـــی ئەو ڕاســـتییەمان بـــۆ دەخـــاتە ڕوو کە پێشـــێلکارییەکانی ئەو سـەروەختە لە لایەن هەردوو حکوومەتی عێراق و ئێرانەوە لە دژی کـورد مەترسـیداربوون، ئەوانە پێشـێلکاریی نێـودەوڵەتین و دەچـــنە خـــانەی تـــاوانی جەنـــگەوە و دژی یاســـاکانی پەیماننـــامەی ســـاڵی ١٩٤٨ی تـــایبەت بە تـــاوانی جەنـــگ و کۆمەڵکـوژین، چـونکە پاراسـتنی خەڵکـی مەدەنـی بنەمـایەکی سـەرەکیی مرۆڤدۆسـتیی نێودەوڵەتییە و سـەرچاوەکەشـی هەر چـوار پەیماننـامە نێـودەوڵەتییەکەی سـاڵی (١٩٤٩)ە . هەر لەو بەشەدا ئاماژە بە قسەکانی عەلی حەسـەن مەجید دەدات کە بە بێباکییەکی زۆرەوە و بە ئاشـکرا بـاس لە بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی دەکـات و بە موستەشـارەکانیش دەڵێـت: (مـن نـاتوانم گونـدەکانی ئێـوە بهـێڵمەوە، بەڵکـو بە چەکـی کیمیـایی لێیـان دەدەم، تەنانەت ناتوانم کاتەکەشـی دیاری بکەم. من بە چەکی کیمیـایی لێیـان دەدەم.)[34] کـورد وتەنـی هێشـتا خـاتری گیـراوە دەنـا عەلـی حەسـەن مەجیـد لەکاسـێتەکانیدا رونتـر باسـی بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی دەکـات و هەمـوو قسـەکانی لەو

[34] لێرەدە هێڵتەرمان هەموو قسەکانی عەلی حەسەن مەجیدی دانەناوە کە بە جنێودان و بەهەرەشەوە قسە بۆ موستەشارە کوردەکان دەکات ، لەدوای ئەوقسانەوە ئەوە دانەنراوە کە دەڵێت: (کـێ قسـە دەکـات ؟ کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی ؟ لە کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی بەم ولەوانەش کە گوێیان لێدەگرن).

کاسـێتانەدا تۆمـارکراون کە کـاتی خـۆی لەکۆبوونەوەکانیـدا لەگەڵ بەرپرسـانی ئەمـن وهەوالگـری وپارێزگـاری شـارەکان وفەرمانـدەکانی سـوپاو موستەشـارەکاندا کردووەیەتـی وەک ئەرشـیفی نوسـینگەی ڕێکخسـتنی بـاکوری حزبـی بەعـس بە کامێرای ڤیدیۆ وکاسێتی دەنگی تۆمارکرابوون وهەڵگیرابوون خۆشـبەختانە ئەم کاسـێتانە لە راپەرینـی ئـازاری سـاڵی ١٩٩١ دەسـتیان بەسـەردا گیـراو کەوتـنە دەسـت کـورد. لەیەکێـک لەکاسـێتەکاندا بەرونـی دەڵێت مـن نـاهێڵم چیتـر وەک کەر لە چیاکـان بـژین بەچکـی کیمیـایی لێیـان دەدم وناچاریـان دەکەم خۆیان بەدەستەوە بدەن، عەلی حەسەن مەجید زیاتر لەسەر راگواسـتنی گوندنشـینەکان دەرواو بەئاشـکراتر بـاس لە لێدانی کورد دەکات بە چەکی کیمیایی و تەنانەت باس لە یەکێک لە لێدانە کیمیاییەکانی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ دەکات و دەڵیت ( من زۆر پەرۆشـی ئەم کـارە بـووم، ئەمە چەنـد سـاڵە تێکـدەران هەرماون، لە کاتێکدا کە ئێمە ئەم سوپا گەورەو بێشـومارەمان هەیە! سـوێندم بە خـوا کـارەکە وەک پێویسـت بەڕێوەنەچـووە. تەواوی هێزەکـانی سـوپای عێـراق نەیـانتوانی ئەوە بـکەن کە ئـێمە کردمـان، چـوونکە ئەمە (واتە ڕاگواسـتن) لە نـاخەوە ئازاریان دەدا، ئەمە دەیانکوژێ.

ئێمە وتمـان لەو بەروارەدا دەسـت دەکەین بە جێبەجێ کردنـی پەلامـاری ڕاگواسـتنو بە پشـتیوانی خـوا لە هەمـوو شـوێنێک

کردمـــــان. لە هەمـــــان ڕۆژدا (لە ١٩٨٧/٤/١٥)[35]دا ئەوان بــــۆ تۆڵەکردنەوە قەرەداخیـان گـرت. جەلال تاڵەبـانی داوای لێکـردم کە نــاڵێکی پەیوەنــدیی تــایبەتیی لەگەڵــدا بــکەمەوە. هەرئەو ئێوارەیە مـن چووم بۆسـلێمانیو بەچەکو کەرەستەی تـایبەت لێمـدان[36]. ئەوە وەڵامـی مـن بـوو بـۆ ئەو, ئەوجـا ئـێمە هەر بەردەوام بـووین لە سـەر ڕاگـوێزان. تەنـانەت ئەگەر شــەڕ لەگەڵ ئێرانیشـدا بوەسـتیو ئێرانیەکـان لە تەواوی ئەو شـوێنانە بکشـێنەوە کە داگیریـان کـردووە، مـن هەر دانوسـتان لەگەڵ ئەودا ناکەم و ڕاگواستن ناوەستێنم.

ئەمە نیازی منەو دەمەوێ بە چاکی ئاگاداری بن. هەرکاتێکیش لە ڕاگواسـتن بووینەوە لە هەمـوو شـوێنێک دەست دەکەیـن بە پەلاماردانیـانو بەپێی نەخشـەو پلانێکـی داڕێـژراوی سـەربازی پێگەو سـەنگەرەکانیان دەکوتین. لەوهێرشـانەدا سێ یەک یـان نیـوەی ئەو شـوێنانە دەگێـڕینەوە کە لە ژێـر دەسـەڵاتیاندایە. ئەگەر توانیمـان دوو لە سـەر سـێی شـوێنەکانیان لێبگـرینەوە ئەوە لە قـوژبنێکی بچووکـدا گەمارۆیـان دەدەیـنو بە چەکـی

[35] بەبڕوای شۆڕش حاجی لە کتێبەکەیدا ئەنفال کوردو دەوڵەتی عێراق مەبەستی عەلی حەسەن مەجید پەلامارە کیمیاییەکەی ٧ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ بووە.

[36] – چەکـی تـایبەت (مەبەسـت چەکـی کیمیـاویە) لەوێـدا ئامـاژەیە بـۆ پەلامـارە کیمیـــاییەکەی ١٥نیســـانی 1987 بـــۆ ســـەر بـــنکەو بارەگاکـــانی پێشـــمەرگەو ســـەرکردایەتیەکەیان لەســـەرگەڵوبەرگەڵو، یاخســـەمر کە لە دۆڵـی جافەتیـدابوون. لەوپەلامــارەدا جــگە لە بەرگەڵــوو کە بارەگاکــانی ســـەرکردایەتیو ڕاگەیانــدنو خەستەخانەی لێبوو، گوندی یاخسەمریش کیمیابارانکرا کە بارەگـای مام جەلالی لێبوو.

کیمیایی لێیاندەدەین. من تەنها ڕۆژێک بە کیمیایی لێیاننادەم، بەڵکو بەردەوام ماوەی پانزە ڕۆژ بە چەکی کیمیایی دەیانکوتم. ئەوکاتە من یەک ملیۆن لەم پارچە کاغەزانە چاپ دەکەم‌و لە باکووردا بە کوردی, سۆرانی, بادینانی, عەرەبی بڵاویدەکەمەوە. من ناڵێم ئەمە لە لایەن حوکوومەتی عێراقەوەیەو نایەڵم حوکوومەت تێکەڵی کارەکە ببێت. من دەڵێم ئەمە لێرەوەیە (واتە مەکتەبی باکوور). جا ئەوی حەز دەکا بگەڕێتەوە بەخێربێتەوە، ئەوانی نەگەڕانەوە دیسانەوە بەکیمیایی تازەی لەناوبەر پەلامار دەدرێنەوە. من ناوی کیمیایی نابەم چوونکە ئەوە زانیاریی پۆلێنکراوە.[37] بەڵام دەڵێم بە چەکی کوشندەی نوێ داتاندەڕزێنم. بەمجۆرە هەڕەشەیان لێدەکەم‌و هانیاندەدەم خۆبە دەستەوە بدەن. ئەوسا دەبینن, کە هەموو ئۆتۆمبیلەکانی خوا خۆیشی بەشی ئەوە نەکات هەموویان هەڵبگرێت. من لەو باوەڕەدام و وایبۆدەچم کە ئەوانە بۆڕدەدرێن‌و دەبەزن. سوێند دەخۆم‌و دڵنیام لەوەی کە دەیانبەزێنین.

هەرلە درێژەی قسەکانیدا نهێنییەکی گرنگ دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت : بە هەڤاڵە پسپۆڕەکانم [38] وتووە کە چەند

---

[37] بڕوانە پاشکۆی C مێدیڵ ئێست وۆچ جینۆساید لەعیراق وپەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- وەرگێڕانی کوردی محەمەد حەمەساڵح . چاپی دووەم خانەی وەرگێران -٢٠٠٤ . شایانی باسە پاشکۆی C تایبەتە بە قسەکانی عەلی حەسەن مەجیدو کاسێتە دەنگییەکانی .

[38] وای بۆدەچم مەبەستی ئەو پسپۆڕە بیانیانە بێت کە هاوکاری رژێمیان دەکرد لە دابینکردنی چەکی کیمیاییو کەستەی پیشەسازی سە ر با زی، وەک دەریش

دەستەیەکی پارتیزانم لە ئەوروپاوە پێویستە بۆکوشتنی هەر کامێک لەوانە (واتە لە تێکدەران) کە دەیانبینن. بە پشتیوانی خوا ئەوەش دەکەم. دەیانبەزێنمو تا ئێران لە دوایان نابمەوەو ئەوجا بە موجاهیدین دەڵێم لەوێش هێرشیان بکەنە سەر.([39]) .

شەڕ لە کوردستاندا" تایتڵێکی هەروا لە خۆڕایی نییە لە لایەن نووسەرەوە بەڵکو بۆ ئەوەیە سەرنجی دنیا بە لای ناوچەیەکدا ڕاکێشێ کە تاوانی جەنگی تێدا ئەنجامدراوە و چەکی کیمیاییی تێدا بەکارهاتووە، ئەم بەشە لە کتێبەکەی "شەڕ لە کوردستاندا" ئاماجێکی ڕوونی نووسەرە کە بووەتە سەردێری بابەتەکانی بەشی چوارەم، بە تایبەتیش ئەمە بۆ کەسانێک کە بیانەوێت تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە وەک بۆمبارانکردن و کۆمەڵکوژیی مەدەنی لە دەرەوەی تەپوتۆز و

---

کەوت بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانراتدۆستایەتیو نزیکایەتیەکی زۆری لە گەڵ بەرپرسە باڵاکانی عێراقدا هەبوو لەوانەی پێزانراون حسین کامل کەئەوسەروەختە بەرپرسیارێتی یەکەمی پیشەسازی جەنگی لەئەستۆ بوو، هەروەها صدام حسین کەسەرۆکی کۆماربوو دورنیە عەلی حسن مەجیدیشی ناسیبیو مەبەستی لەهەڤاله پسپۆرەکان لەکەسانی وانەبێ .

[39] موجاهیدینی خەڵقی ئێران پاش دەرکردنیان لە فەرەنسا لە ساڵی 1986دا، لە عێراق نیشتەجێ بوونو هاتنە ژێر باڵی حیزبی بەعسەوەو لەمیانەی جەنگی هەشت ساڵی ئێچراندا هەمان جلی نیزامی سوپای عێراقو چەکوکەرەسەی جەنگی عێراقیان بەدەستەوەبوو، زۆرجاریش بەشداری جەنگیان دەکردو لەسنورەکانەوە مانۆریان دەکرد، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر سوپای ئێران نەبوو. بەقسەکەی عەلی حەسەن مەجیدا دیارەکە تەواو لەژێر فەرمانی ئەواندا بوون، هەروەک لە ئازاری 1991 دا رۆڵێکی دزێوناشرینیان بینی لە سەرکوتکردنی راپەرینو پەلاماری پێشمەرگەو خەڵکی راپەریودا لەکاتێکدابوو کە سوپای عێراق لەکوردستانو خوارووی عێراق دەستو پێی شکابوو.

لـۆژیکی جەنگـی ئێـران-عێراقـدا ببیـنن. هەڵـبەت لەو باســەیدا هێڵتەرمان تەنها لە سەر هەڵەبجە ناوەستێ و تەنانەت لە سـەر خــودی کوردســـتانی باشــوریش ناوەســتێ، بەڵکــو بــاس لە هێرشـــی گـــاز بـــۆ ســـەر کوردەکـانی ڕۆژهەڵاتـیش لە ئێـران دەکـــات. هێڵتەرمـــان بە توانـــایەکی سەرســـووڕهێنەرەوە و بە زیرەکییەکی بەرچاو، بە وردی مەبەستی ئەو هێرشـە گازییانە دەخاتە ڕوو کە عێراق و ئێران بەکاریان هێناوە  بێ گوێدانە ژیـــانی مەدەنییەکـــان و شوێنەگشـــتییەکان. هەر لەم باســـەدا نووســـەرکۆمەڵێک لە بەڵگەنـامە نهێنییەکـان ئاشـکرا دەکـات، کە ئەنجـوومەنی ئاسـایش و نەتەوە یەکگرتوەکـانی پێـی تاوانبـار دەکرێت؛ زۆر لە هێرشـەکان و قوربانییـان و جۆری نیشـانەی تووشـبووان و مردنیـان دەخـاتە بەر دیدەی خـوێنەران. باشـتر وایە بڵێـــین خســـتوونیە بەر مەحەکـــی مێـــژوو و ویژدانـــی مرۆڤـــایەتیش کاتێـــک باســـی ئەو هۆکـــارانەش دەکـــات کە گازبـارانکردنی شـاری سەردەشـتی کوردنشـین، لەو هێرشـە کیمیاییەدا وێڕای قوربانییەکی زۆریش کەچـی پشـتگوێ خـراوە! بە شـێوەیەک لە شـێوەکان، نووسـەر و لێکۆڵیـار پێمـان دەڵێت شـارێکی کـورد نشـین بە نـاوی سەردەشـت تـاوانی جەنگـی دەرهەق کـراوە کەچـی پشتگوێشـخراوە! بەپێـی زانیـاری عەلـی ڕەحیمـی لە کـایژمێری یەکەمـی ڕۆژی یەکەمـی بۆمبـارەنەکەدا ٢٩ کەس شـەهید بـوون، چـونکە گـازی خەردەل دەسـت بەجـێ کەس نـاکوژێ، خەڵکێکـی تـری شـارەکانی ئێـران زۆر شـەهید بـوون، لەوانەی هەتـا ئیسـتا پێزانـراون خەڵکـی پـاوەو، ورمـێو

تەوریز)یان تێدایە عەلی رەحیمی لە دیدارەکەیدا دەڵێت ( دەتوانم بڵێم خەڵکی ئەکسەری جێگەی لێبوو، چونکە سەردەشت ناوچەیەکی بازرگانیبوو، شت لە عێراقەوە دەهات بۆ سەردەشتو لەوێوە دەچوو بۆ شوێنەکانی دیکە. لە دوایدا کە ئامارەکەیان دەرچوو ١٠٩ کەس ئاماریان هەیە ئامارەکەم هەیە بەڵام لەواقعدا نزیکەی ٥٥٠ کەس بەو بۆمبارانە شەهید بووە. [40]

لە کاتێکدا باسی ئەم تاوانە دەکات باسی ئەوەش دەکات کە کورد گەورەترین میللەتی بێدەوڵەت و بێقەوارەی سیاسییە. دواتر بە ڕووداوە مێژووییەکاندا شۆڕدەبێتەوە و هۆکارەکانی دابەشبوون و پارچە پارچەکردنی کوردستان دەخاتەڕوو؛ باسی ئۆتۆنۆمیی کورد دێنێتە پێشەوە و هۆکاری سەرنەکەوتنی کورد دەخاتە ڕوو کە تایبەتی دەکاتەوە بە مەسەلەی کەرکوکەوە، هەروەها ئاماژە بە هۆکارەکانی گۆڕینی پۆستی (عەلی حەسەن مەجید کە کوردەکان پیی دەڵێن عەلی کیمیایی) دەکات. ئەگەرچی لە ناونیشانی کتێبەکەدا باس لە گازبارانی هەڵەبجە دەکات بەڵام بەشیکی گرنگیشی بۆ پەلامارەکانی ئەنفال تەرخان کردووە، بە وردەکارییەوە باسی نیازەکانی بەعس دەخاتە ڕوو، کە پەلامارەکان چۆن کراونەتە سەر ناوچە کوردنشینەکان و

[40] عەلی رەحیمی لەدیدارەکەیدا باسی زۆر مەینەتی و جۆری قوربانیەکانی گازی کیمیاوی لە بۆمبارانی سەردەشتدا دەگێریتەوە . بروانە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٤) دیدار لەگەڵ عەلی ڕەحیمی .

گوندنشــین و شارنشــینەکان دەبـنە ئامــانج، هەروەهــا نیــاز و مەبەسـتەکانی پشت بڕیارەکەش[41] ئاشـکرا دەکات کە لە لایەن (عەلــی کیمیــاییەوە) دەرکــراوە ســەبارەت بە کوشــتنی ئەو گوندنشـینانەی نەهـاتوونەتەوە (ریـزی نیشـتمانی) و لە نـاوچە قەدەغە کراوەکاندا دەژین .

لە باســی مەســەلە ناوخۆییەکانــدا دوو دەقــی یەکجــار گرنـگ نیشــان دەدات، یەکەمیـان ڕاپـۆرتێکی هاوبەشـی سـەرۆکایەتیی ئەرکـان و (موخـابەرات) هەواڵگـرییە، دووەمیشـیان ڕاپـۆرتێکی (سـی ئـای ئەی)ە کە ئامـاژە بە ئاگـاداربوونی ئەمەریکـا دەکـات لە هێرشـەکیمیاییەکان، هاوکـات تـاوانی جینۆسـایدو وێرانکـاری و ڕاگــوێزانی دێهاتەکــانی کوردســتان، هەروەهــا ئامــاژە بە پشــتگیریی ئەمریکــا لە بەکارهێنــانی بۆمبەکیمیاویەکــانیش دەکات. بێگومـان ئەمەش زۆر مەترسـیداربوو زۆریش لە سـەر ئــابڕوی کــۆمەڵگەی نیــودەوڵەتی کەوت. وردەکــاری نوســەر تــارادەیەک سەرســوڕهێنەرە تەنــانەت وشــە نهێنییەکــانی بەرەکان ئاشـکرا دەکـات، بە تـایبەت کەنـاڵی پێوەندیی (تـایبەت) کە لە سـەرجەم دانپێدانانی فڕۆکەوانە دیلەکانی عێراقدا ڕوونـی کـردووەتەوە؛ ئەو (تـایبەتە) ئامـاژەیە بۆگـاز وکیمیابـارانکردن. ئەم دەســـتەواژەیە بەردەوام لە راســـپاردەو نوســـراوەکانی

41 مەبەسـتی بریـارەکە راسـپاردەکەی رۆژی ٢٢ی حـوزەیران ژمـارە ٤٠٠٨ی نوسـینگەی بـاکورە کە تـاهیر توفیـق ئەلعـانی ئاراسـتەی هەردو فەیلەقی پێنج ویەکی سوپاو دەزگاکانی ئاسایش وهەواڵگری کردبوو.

یەکەکـانی سـوپاو نوسـینگەی بـاکور بەکارهـاتوون (چەکـی تایبەت وکەناڵی تایبەت)
لەکۆتــایی ئەو بەشــەدا نووســەر بــاس لە هۆکارەکــانی ســەرنەکەوتنی عێــراق دەکــات لە داگیرکردنــی کوێتــدا و دەســتوەردانی ڕۆژئــاوا بەرامــبەر وڵاتە ئەڵــقە لەگوێکـان کە عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە.

## دەربارەی هەڵەبجە .

بەشی پێنجەم لە کتێبەکەیدا (کارێکی ژەهراوی) کە تایبەتە بە هەڵەبـجە، لە سـەرەتاوە باسـی تۆمـارکراوی (عەباسـی ڤیـدیۆ) دەخـاتە ڕوو کە ئەوسـەروەختە عەبـاس (نوسـەر نوسـیوێتی لە عێراقدا بوو) لەکوردستان و ناوچەکەدا بـووە و تۆمـاری مـردن و ئاوارە بوونەکانی کردووە. نووسەر کە ساڵی ٢٠٠٢ دیداری لەگەڵ عەباسـی ڤیـدیۆ کـردووە، لەدیـدارەکەدا عەباسـی ڤیـدیۆ باسـی کچێکـی هەڵەبـجە دەکـات کە بـاوکی ناسـیوە، ئەویـش عـومەری ڕەسـام بـووە، هەرچەنـدە عەبـاس دەڵیت کە عـومەر تەنهـا ئەوکـچەکەی دەربـازبووە، بەڵام ڕاسـتییەکەی عـومەری ڕەسام کورێکی تریشـی بەنـاوی ئاوات دەربازبووەو ئێسـتا لە شــاری ســلێمانی نیشــتەجێیەو لە شــەقامی مەولەوی شــاری سلێمانی دوکـانێکی وێنەگـری بەڕێوەدەبـات، عەبـاس لەبـارەی هەڵەبــجەوە هەنــدێک ڕوداوی بــۆ هێڵتەرمــانی گێــڕاوەتەوە : کـچەکە دەسـتی گرتـووم و بردومێتـی بۆنـاو ژێـر زەمینێـک کە هەمــوو خانەوادەکەیــان مردبــوون تەنهــا ئەم کــچە دەربــاز

ببـوو.[42] بەڵام ئەوەی جـێگەی سـەرنجە ئەوەیە کە عەباسـی ڤیدیۆ لە (١٦ی ئازار) دا لەدۆڵی جافایەتییەوە بەڕێگەی ئێراندا دەگـاتە هەڵەبـجە، بەڵام دوای چـوار ڕۆژ دەگـاتەوە سـنوری ناوچەکەو ڕونیش نیە کەی گەیشتووەتە ناو شـاری هەڵەبجە و لە چەنـدهەمین ڕۆژی دوای روداوەکە ئەو چیـرۆک و ڕوداوانەی تۆمـارکردووە ؟ عەبـاس بە گێڕانەوەکانی لە زمـانی هێڵتەرمانەوە دەمانباتەوە ناو ڕووداوەکانی دوای کیمیاباران. ( هەمـوو ژیـانێکی سروشـتی لەهەڵەبـجە وەسـتابوو، مـرۆڤ و باڵندەوئاژەڵ مردبـوون، مـن چەنـدین سـەر مەڕوبزنم بینی کە مردار ببونەوە . مانگایەکم بینی مـردار ببووە و گوێرەکەکەی زینـدوو بـوو. زۆردیمەنـی سـەرئەو ڕێگایـانەم تۆمـارکرد .) ئەوەی عەباسـی ڤیـدیۆ لەبـارەی وێرانبـوونی شـارەکەو مردنـی مـرۆڤ و باڵنـدەودرەخت پـێکەوە، لەگەڵ هەمـان ئەو وەسـفەی نـوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانـدا هـاوجووت دێتەوە، کە دەڵێت لە هەڵەبـجە مەل ومـرۆڤ پـێکەوە مردبـوون، بێگومـان دەبێـت

[42] عـومەری حەمەسـاڵح بـانەیی، لە کـۆنترین وێنەگرەکـانی شـاری هەڵەبجەبوو، هەرلەبەر ئەوەش بەعومەری ڕەسـام ناسـرا بـوو، ئەرشـیڤکی گەورەی فۆتـۆی لە هەڵەبـجەدا هەبـوو وەک هەڵەبجەییەکـان باسـی دەکەن فیلمـی سینەمایی هەڵەبجەشـی لەلابـووە، بە داخەوە ئەویش وەک زۆربەی خانەوادەکـانی شـاری هەڵەبـجە خـۆیی و زۆربەی ئەنـدامانی خێـزانەکەی شـەهیدبوون، تەنهـا کـوڕێکی بەنـاوی ئـاوات وکچێکـی بەنـاوی ڕۆشـنا دەربـازبوون. ئەو ئەرشیفەگەورەو گرنگەشـی لەوێرانکردنـی هەڵەبـجەدا لە ناوچوو.

لەمیانەی راپۆرتەکەشیدا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان یاداشتی کردبێت.

هەر لەم بەشەدا و لە بابەتی یەکەمیدا باسی ڕێککەوتنی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبە کوردییەکان دەکات کە هەردوولا یەک ئامانجیان هەبووە، ئەویش ڕاوەدوونانی ڕژێمی عێراق بووە؛ بەلام وای بۆ دەچم هێڵتەرمان لەم لایەنەوە سەرکەوتوو نەبووە چونکە ئێران و حزبە کوردستانیەکان کە هاوپەیمان بوون، هاوئامانج نەبوون بەڵکو ئیران بە ئاشکرا پشتی دەکردە ئامانجەکانی کوردو گوێی بەداواکاری ومەرجەکانیان نەدەدا.

دواتر لە باس و خواسی شەڕەکەدا سەرجەم لایەنەکانی هێرشەکان ڕوون دەکاتەوە، لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەشدا لە باسی نێوان (دوو جیاواز) دا باس لەو لایانانە دەکات کە لە هێرشەکەدا ئێران دەڵێت لە (١٧)ی ئازاردا هەڵەبجەی گرتووە و پێشمەرگەش دەڵێت لە (١٥)ی ئازاردا بووە - وەک ئاشکرایە گازبارانەکەش لە (١٦) ی ئازاردابووە- هەروەها دژوارییەکانی باسەکە ڕوون دەکاتەوە لە گێڕانەوەیەکی ئەڵتەرناتیڤدا نووسەر باسەکانی نێوان ئێران و پێشمەرگە کە مەبەستی سەرجەم حیزبە کوردییەکانە کە لەو سەروەختەدا، ئەگەر هەمووشیان نەبووبن ئەوا زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی دیوی باشوریان هاوپەیمانی ئێران بوون، هەریەک لە مانە باسێکی وردە و هەریەکەش کە پێشڕەوییەکە بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە، لە بەشی کۆتایی باسەکەشدا ئەو

مەســـەلانە ئاشــکرا دەکــات کە لە نــاو فەرمانــدەی حــزبە کوردییەکانــدا بــووەتە هــۆی پەلامــارە کیمیــاییەکەی ڕژێمــی سەدام حوسێن لەو ناوچانەی خەڵکی لێ نیشتەجێیە. هەروەها ئێران خەتابـار دەکـات بە داخسـتنی سـنوورەکانی بـۆ مـاوەی ڕۆژێـــک بەرلە هێرشــــەکە، لە کاتێکـــدا کە گومـــانی وەهـــا هێرشـــێکیش لە ئـــارادا بـــوو، ئامـــاژەیکیش هەیە کە ئێـــران و ئێرانیەکان بە تاڵانییەکانی هەڵەبجە لە حەڤدەی ئازاردا تاوانبار دەکات.

چـڕە دووکەڵ، باسـی یەکەمـی کـاریگەریی ڕەوشـی هەڵەبـجەیە کە سـەردێری بەشـی شەشـەمێتی. نووسـەر تێیـدا ئەو هۆکـارانە ئاشـکرا دەکـات کە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان بە هـۆیەوە چاوپۆشـیان کـردووەو پەردەیـان بە سـەر تاوانەکـانی ڕژێمـــی عێراقـــدا داوە، بڕیارەکـــانی ئەنجـــوومەنی ئاســـایش بەهەمـــان شـــێوە، تـــایبەت بەکارهێنـــانی گـــاز لە نـــاوچە مەدەنییەکانـــدا دیاریـــدەکات؛ واتـــا چاوپۆشـــیی ئەمریکـــا لە بەکارهێنـــانی گـــازدا هەرلە بەرەکـــانی جەنگـــدا نەبـــوو، بەڵکـــو لەوەشـدا چاوپۆشـییان لە عێـراق کـرد کە گـازی کیمیـاییی لە دژی خەڵکـی مەدەنـی بەکارهێنـاوە. لەو شـوێنەدا کە بـاس لە کاریگەرییەکانی گاز دەکات بۆ یەکلایـی کـردنەوەی شـەڕەکان. لە پەلامارەکـانی ئەنفالیشـدا سـوپای عێـراق هەمـان ڕێگایـان گرتـووەتەبەر وەک بەشـێکی تەواوکەری ئەنفـال، بـاس لە بە چۆکـداهێنان و ڕووخانـدنی ورەی ئەو پێشـمەرگانەش دەکـات کە لە دوای کیمیابـــارانکردنی هەڵەبـــجەوە ترســـێکی گەورەی

خستبووە دڵیانەوە. دیارە ئەوەش بە وردەکارییەکی زۆرەوە شێوازی پەلامارەکان و یەک لە دوای یەکی ئەو شوێنانەی پەلاماردەدران، کات و چۆنێتیی ڕووداوەکانی ئەنفال، بە تایبەتیش وێنەی ئەم تاوانانە لە ڕێگەی یاداشتکردنی چیرۆکی ئەو کەسانەوە بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە کە لە ئەنفالدا دەستگیرکراون و قۆناغ بە قۆناغ گوازراونەتەوە، بە تایبەتیش ئەوەی لە سەریان دەوەستێت شەش کەسی دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵن کە هێڵتەرمان بە "چاڵەکانی مەرگ" ناوی بردوون. ئەگەر ئەمە دیویکی وێنەکە بێت، دیوی دووەمی ئەو تاوانانە لە سەرزاری ئەفسەرانی سوپاشەوە دەگوێزێتەوە کە لە ناویاندا کەسانی پایە بڵندی سەروەختی سوپا و حکوومەت بوون، یان کەسایەتی بەناوبانگی هەواڵگری بوون لەوانە (وەفیق سامەڕایی) کۆنە ئەفسەری پایە بڵندی هەواڵگریی سەربازی کە ئەوسا لە سەروەختی جەنگی ئێران– عێراق و پەلامارەکانی ئەنفالدا بەڕێوەبەری گشتیی ئەو دەزگا هەستیارە بوو. هێڵتەرمان لە کتێبەکەیدا لە زاری وەفیق سامەڕاییەوە مەبەستەکانی سەدام حسێن لە ئەنفالدا ڕووندەکاتەوە، گرنگترین خاڵ لە قسەکانی سامەڕائیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵکوژی و کوشتاری زۆری گەرمیانیەکان لە ئەنفالدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بوونی نەوت و تەعریبکردنی کەرکوکەوە هەیە، هەروەک سامەڕائی بە ڕاشکاوی پێ لەو ڕاستیە دەنێ کە ئەگەربێت و لە کەرکوک ٥٠٠٠٠ پەنجاهەزار پیاوی کورد بکوژرێت ئەوا کێشەی

کەرکوک و تەعریب کۆتایی پێدێت بەڵام ئەگەر لەسلێمانی و هەولێر ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەدهەزار کوردیش بکوژرێن ئەو شارانە هەر بە کوردستانی دەمێننەوە. بۆیە کوژرانی کوردەکانی دەوروبەری کەرکوک لە جیاتی هەموو کوردەکانی هەولێر یان هەرشارێکی تری کوردستان، جێگەی سەرنجی بەعسە و پیاوانی بندەستەی عەلی حەسن مەجیدیش بە دڵگەرمییەوە ئەو سیاسەتی کۆمەڵکوژییەیان جێبەجێ دەکرد.

هەرچەندە ئەو کاتەی هێڵتەرمان پرسیاری ڕووبەڕوو دەکاتەوە سامەڕائی خۆی بە ئۆپۆزسیۆنی بەغدا دەزانی، بەڵام پێموایە ئەویش هەمان بەرپرسیارێتیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە چونکە ئەوکاتە ئەویش بەشداربووە لە سەرخستنی پرۆسەی کۆمەڵکوژییەکەدا. بە ڕای سامەڕائی سەدام بۆیە کوشتنی کوردەکانی لە کەرکووک بەلاوە گرنگ بووە چونکە ئەو شارانەی تر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرچەندێکیان لێ بکوژرێت هەر بە شاری کوردنشین دەمێنێتەوە، بەڵام کوشتنی کوردەکانی کەرکووک گرنگییەکەی لەوەدایە کە کەرکووک دەکاتە شارێکی عەرەبی. لە باسی ئەنفال و موخابەراتی ئەمەریکادا کە ئەمەریکاییەکان ئاگاداری ئەنفال بوون لە ڕێگەی وێنە سەتەلایتیەکانیانەوە، لە هەمان کاتدا بێدەنگ بوون و دواتر ئاماژە بە جەنگی کەنداو دەکات و بە هەل ڕێکخستنێکی دادەنێت کە کوردەکان توانیویانە خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، لە باسی بەکارهێنانی گاز بۆ کۆتایی پێهێنانی جەنگ ئاماژە دەکا بەوەی کە عێراق هەڕەشەی بە گازی

تێکەڵ لەگەڵ (VX) لە شارە گەورەکانی ئێران کردووە، هەر ئەمەش بوو کە ئێرانی بە ئاگربەست قایل کرد، ئایەتوڵا خومەینی لەم ئاگر بەستەدابوو ووتی : ( دەبێت بە ناچاری پەرداخە ژەهرەکە بخواتەوە)، نووسەر ئەمەش بە هەڕشەی گاز بارانکردنی تاران دەست نیشان دەکات.

لە بەشی حەوتەمدا کە سەرجەمی باسەکانی لەژێر ناونیشانی (ئێران و بەکار هێنانی گاز) دیاری کردووە، نووسەر ئاماژەی کردووە بە وتارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش بەرامبەر بە ئێران  کە دەڵێت ( کەرە دێزەکەی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی) لە بەر ئەمەش بووە کە عەمبارەکانی کیمیاییی بە ڕووی عێراقدا والا کردووە تاکو ئێران بە چۆکدا بهێنێت، هەر ئەمەش بوو وای لە عێراق کرد کە دەستکراوە بێت لە هەر هێرشێکی گاز بۆ هەر ولاتێک کە بیەوێت، ئەم باسانە و چەندین وەردەکاریی تر لە باسی دێزەدا، نووسەر ئاشکرای کردووە و لە باسی ئەوەی ئایا ئێران  گازی بەکار هێناوە؟ کۆمەڵێک وردەکاری و بەڵگە و سەلماندنی خستووەتە ڕوو لە سەر بەکارهێنانی گاز لە لایەن ئێرانەوە کە دژ بە ناوچە کوردییەکان و هێزەکانی (حدکا) بەکاریهێنابن، لە بابەتێکی تری باسەکەدا نووسەر بەڵگەکانی دەخاتە ڕوو لە سەر بەکارهێنانی گازەکان، سەرەڕای گەڕانەوەی گازەکان بەهۆی تێکچونی ئاراستەی (با- جوڵەی هەوا)وە بۆ سەر سوپاو سەربازەکانی خۆیاندا هاتووەتەوەو بەهۆیەوە سەربازی

عێراقــی کوشــتووە،[43] ئەمــانەش بــوونەتە بیــانوو بــۆئەوەی ئەنجــوومەنی ئاســایش بیانکــات بە بەڵــگە بــۆ ســەلماندنی بەکارهێنــانی گــاز لە لایەن ئێــرانەوە دژبەعێــراق. دواتــر لە هەردوو باسی (ئێران–عێراق–هەڵەبجە)دا لەگەڵ هاوسەنگیی زانیارییەکـــــــان، ڕادەی تۆمەتبارییەکـــــــانی هەردوو وڵات دەردەخات لە سەر زاری فەرماندەییەکانی ئاسمانی عێراقەوە و باس لەوکێشە خەیاڵییەی بۆمبی کیمیایی دەکات، کە فڕۆکە نێردراوەکان بەسەر هەڵەبجەدا بەریان داوەتەوە کە بە(٥....) کیلۆگرام مەزندە دەکرێت. بەڵام سەرباری هەموو بەڵگەکانیش دەربارەی بەکارهێنانی گازلەلایەن عێراقەوە، گومانەکان لە سەر ئێرانیش نەرەواونەوە لەلایەن ئەمریکاو ئەو ولاتانەی خۆشـــیان بەئیـــران نەدەهـــات و لەدژی ئەو ســـۆزیان بەلای عێراقدا دەجوڵاند.

## ساختەکاری لەبەڵگەکاندا

بەشـــی هەشـــتەمی کتێـــبەکە لەوەدا گـــرنگە کە ســـەرجەم بابەتەکـــانی تێـــدا گەلاڵەکـــراوەتەوە، ئەم بەشـــە ناونیشـــانی (ساختەکاری لە بەڵگەدا)ی وەرگرتوە، یوست بە سەلیقەیەکی سەرسوڕهێنەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە لایەن

[43] دیدارم لەگەڵ پیاوێکی خەلکی هەورامانـدا کـردووە بەنـاوی فەریـد عەبدوڵا لەمیانەی قسەکانیدا باس لەوە دەکات کە بەچاوی خۆی بینیویتی کەوا سەربازی عێراقش بەکیمیاییەکە کوژرابوون و ئەمان لەسەر ڕێگاکە لایانداون بۆئەوەی نەبن بەژێر تایەی لۆرییەکەیانەوە . دیداری نوسەر لەگەڵ فەرید عەبدوڵا – هەلەبجە- نیسانی ٢٠١٤

دەزگـــــای موخـــــابەراتی بەرگریـــــی ئەمریکـــــی (C.I.A) و (پنتـاگۆن)ەوە چەواشـەکاری کـراوە؛ سـەرەتای ئەم بەشـەی بە پەرەگرافێـک دەسـتپێدەکات کە لە ڕۆژنـامەی لـۆس ئەنجلـس تـایمزی ڕێکەوتـی ٢٥ی حـوزەیرانی ٢٠٠٦ی وەرگرتـووە، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات (پتر لە ساڵێک پاش وتاردانەکەی کۆڵن پـاوڵ (شـوباتی ٢٠٠٣) و دوای لێکـۆڵینەوەیەک کە سـێ کیشـوەری گـرتەوە (C.I.A)(سـی ئـای ئەی) پێـی لەوە نـا کەوا هەڵگەڕاوەیەکـی عێراقـی بە نـاوی خـوازراوی (کێرڤـۆڵ)ەوە کـابرایەکی سـاختەچی بـووە، لە عێـراق تەکسـیی لێخوڕیـوە و زانیـاریی ئەندازەیی خسـتووەتەکار بـۆ هـۆنینەوەی چیرۆکێکـی خەیـاڵی (بەڵام بەڕێ¬وجـێ) لە بـارەی کـارگە نهێنییەکـانی چەکـــی بـــایلۆجییەوە لە ســـەر پـــێچکە، هەرچەنـــدە هـــیچ ئەمریکییەک و بە هیچ کلۆجێ چاوپێکەوتنی لەگەڵدا نەکردووە، کەچـی لێکـۆڵەرەوانی (سـی ئـای ئەی) باوەڕیـان بەوە کـردووە. وەسـفە تەکنیکییەکـانی ئەم هەواڵـدەرە ئەوەنـدە وردەکارییـان تێـــدایە، کەوا لە گومـــانی هەڵبەســـتنەوە دوورن. تـــایلەر دەرهێـنەری ئەفسـەری پـایەبەرزی بیروڕاجیـاوازی (سـی ئـای ئەی) دەڵـێ: خەڵـک چـی دەڵـێن بـابڵێن، ئەم کەسـانە تەواو پابەندی مەسەلەکەن و دەکرێ پێمـان بڵێن خـۆ ئێوە زانـا نین، لێـی تێنـاگەن). وای بـۆ دەچـم ناونیشـانی بەشـی هەشـتەم لە کتێبەکەی یوست هێڵتەرمانـدا زۆر شـتمان بۆڕوونـدەکاتەوە بە تـــایبەتیش کە لە دوایەوە ئەم ســـیناریۆیەی لـــۆس ئەنجلـــس تایمزی بڵاوکردووەتەوە.

هەروەک یوست دەڵێ، ئەمڕۆ کەم چاودێر هەیە لەوە دڵنیا نەبێت کە ئەوەی گازبارانی هەڵەبجەی کردووە، عێراقبووە؛ بە تایبەتیش لە دوای بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە گومانکردن دەچێتە خانەی سەرلێتێکچوونەوە[44]؛ هەرچەندە ئەمە بەر لە ڕووخانی ڕژێمیش یەکلایی بووەتەوە، تەنانەت ئەمریکا بە پێچەوانەی ئیدارەی سەردەمی ڕیگانەوە، بە هاوارەوە دەڵێت عێراق گازبارانی کوردەکانی کردووە، هەروەکو جۆرج بۆش لە لێدوانێکیدا ئەوەی ڕاگەیاند (سەدام ئەو پیاوەیە کە گەلەکەی خۆی گازبارانکردووە)، لەم بەشەدا یوست هێڵتەرمان ئاوا تیشک دەخاتە سەر تەمومژەکانی پێشوو، بە پشت بەستن بە قسەی شایەتحاڵێکی هەڵەبجە کە یاداشتی کردووە، دەڵێت: ئەوان لە ساڵی ١٩٨٨دا چاوی خۆیان لە هەڵەبجە نووقاند، چونکە سەدام دوژمنی ئێران بوو، ئێستاش ئەم دوژمنیانە و شارەکەم وەک بەهانە بەکاردێنن. ئێمە هەستێکی تاڵمان لا دروست بووە، بەڕاستی قێزمان دێتەوە).

[44] دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ، پاش تێهەڵچونەوەی بە بڕیارەکەیدا، کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە جینۆسایدو وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانەوە ، تانەی لێدرابوو لە سەرەتای مانگی ئازاردا بڕیارێکی تریدا و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی بەتاوانی جینۆساید یەکلایی کردەوە جێگەی ئاماژەیە پێشتر هەمان دادگا تاوانەکەی بە مادەی ١٢ لە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی ناساندبوو. بەڵام ١ی ئازاری ساڵی ٢٠١٠ لەتێهەڵچونەوەدا گۆڕدرا بە ماددەی ١١ لەیاساکە واتە تاوانی جینۆساید .

## لێوشین و لێوسور

لێوشـین و لێوسـور! ئەم ناونیشـانە، بـابەتێکی تـری کتێـبەکەی یوسـت هێڵتەرمـانە. مەبەسـت لەم دەسـتەواژەیە ئەوەیە کەوا بەرکەوتـووانی چەکـی کیمیـایی بە زۆری ئەو دوو حاڵەتەیـان پێوە دیاربووە. ئەوانەی بە گـاز مردبوون لە هەڵەبجە، بە پێی سـەرنجی پزیشـکان لێویـان، یـان کوڵمیـان سـوور، یـان شـین هەڵـگەڕاون. لێـو شـین لە بەرامـبەر لێوسـووردا، بەراوردکارییەکی جیاکاری بووە بۆ تیمە پزیشکیەکان. وەکو نووسـیوێتی باشـە سـەبارەت بە بنەمـای سـێهەمی پڕوپاگەندەکانی واشنتۆن، چی بڵێین کەوا ئێران بەلای کەمەوە تـا ڕادەیەک دەبێـت جێـی لـۆمە بێـت، لە سەرکوشـتارەکەی شـاری هەڵەبـجە بە گازبـاران؟ ئەمەش لە وێـوە سـەرچاوە دەگرێت کەوا بە سـەرنجدانی ڕۆژنامەنووسـە بیانیەکـان و ئەو پسـپۆڕە پزیشـکییانە، کە لە گەرمـاوگەرمی دوای پەلامـارەکەدا، کاتێـک تەماشـایان کـردووە دەسـت و قـاچی قوربانییەکـان (مردووەکان) ڕەنگیان شـین هەڵگەڕاوە، بە تـایبەتیش لێویـان و سـەری پەنجەیـان. سـەبارەت بەم بیروڕایـانەش پنتـاگۆن دیاردەکەی وا لێکدایەوە کەوا بەڵگەبێت بۆ ژەهـراوی بـوون بە گـازی سـیانید، لە بەرانبەریشـدا جەختـی لە سـەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم ئەنجامە ئەوە دەسـەلمێنێت ئێران تاوانبـاری سـەرەکی بـووە، چـونکە ئەمریکـا وای ڕادەگەیانـد کەوا ئێـران چەکی سـیانیدی هەیە نەک عێـراق. بە بـڕوای هێڵتەرمـان تـاقە بەڵـگەی سـەلمێندراو لەم بانگەشـانەدا ئەوەیە کەوا هەنـدێک لە

مردووەکان ڕەنگیان شینباوی دەنواند، دەنا بانگەشەکانی تر هەمووی هەر مەزندە و ڕەمڵ لێدانە و بنەمایەکی زانستیی لاوازی هەیە، یان هەر لە بنەڕەتەوە نییەتی.

مەسەلەکە تەنها هەوڵیک بوو بۆ تاوانبارکردنی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە کە ئەوکاتە بە دڵگەرمییەوە لایەنگریی عێراقی دەکرد لە دژی ئێران. ئەم باسە، پێشتریش لە لایەن تیمێکی نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ شاری هەڵەبجە کرابووە مەسەلەیەکی گرنگ لە ڕاپۆرتەکەیاندا، لێرەشدا مشتومڕێکی گەرم سازکراوە لە بارەی دۆزینەوە و دیاریکردنی جۆری قوربانییەکان کە چ مادەیەکی کیمیاییان بەرکەوتووە، قسە و سەرنجی چەند پزیشک دێنێتە ناو باسەکەوە کە کۆششیان لەو پێناوەدا کردووە هەتا جۆری ئەو گازانە دەستنیشان بکەن کە لە بەرەکانی شەڕدا بەکارهێنراوە؛ سەرئەنجام مشتومڕی پزیشکەکان وادەکەوێتەوە کە لە سەر تێکەڵێک لە گازەکان ڕێککەوتوون، ئەمەش بە هۆی جیاوازیی برین و شێوازی مردن و جیاوازیی مانەوەی تووشبووەکانەوە بووە.

بەڵام هەرچی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکانی هەڵەبجەشن، لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنن کەوا عێراقییەکان دڵڕەقانە رەفتاریان کردووەو گازی سیانیدیان کردووە بەسەر شارەکەدا. لە٢١ی ئازاردا ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران جەختی لەوە کردەوە؛ بەڵام بێ وردەکاری. خۆ لە بنەڕەتیشدا ئەوەی بە بەرچاوی خەڵکی ناوچەکەوەیە جگە لە عێراق گومانێک لە سەر ئێران نەبوو، ئەگەرچی بەکارهێنانی گاز لە لایەن

ئێرانیشـــەوە ئەگەرێکــی دوورنــیە، بەڵام وەکــو بەڵــگەیەک لە بەردەســتدا بێــت، هــیچ شــتێکی ئەوتــۆ لە ئــارادانییە. هەرچــی هەواڵەکانی ئاژانسی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە، پێدەچێت ســەرچاوەی هەواڵەکەیــان قســەی دکتــۆرێکی ئێرانــی بێــت بە نــاوی عەباســی فــروتەن، کە دکتــۆرێکی ســەربازی بــووە لە بەرەکانی جەنگ، قسەکانی ئەم دکتۆرە بووەتە جێگە متمانەی ڕۆژنامەی گاردیان و گواستوویەتیەوە کە وتوویەتی دیمەنی مەرگــی کتــوپڕ نیشــانەی بەکارهێنــانی گــازی ســیانیدە، ئەمە و دەستنیشــانکردنەکەی دکتــۆر فــروتەن خێــرا لە لایەن جــاک دی میلیــانۆو ڕێجینالــد مــۆریڵەوە پەســەندکرا؛ ئەمــانە دوو دکتــۆری ڕۆژئاوایی بوون لە ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور؛ یەکێکیــان ئەڵمــانی و ئەوی تریــان فەڕەنســی بــوو. دەســتبەجێ پــاش بیستنی هەواڵەکە بە فڕۆکەیەک خۆیان گەیاندە ئێران، لە پاش ئەوەی ســەردانێکی شــاری هەڵەبــجە دەکەن، لە کــۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووســیدا ڕۆژی ٢٦ی ئــازاری ١٩٨٨ باســی هەنــدێک لەو ئەنجــامە کلینکییانەیــان کردبــوو کە بە دەســتیانهێناوە. ڕوومەت شــین و پەنجەکــان و نینــۆکی پەنــجە گەورەی قــاچ شــین هەڵگەڕابــوون، پێســتی هەنــدێک منــداڵ تلۆقیــان کردبــوو، ئەمەش ئەو ڕاستییەی ساغکردەوە کەوا هەواڵەکانی ئاژانسی ئێــران ڕاســتن و خەڵــکەکە کتــوپڕ مردبــوون. لێــرەوە یوســت هێڵتەرمــان پێمــان دەڵێــت، بەکارهێنــانی گــاز لە دژی خەڵکێکــی مەدەنــی (هەڵتلــۆقینی پشــتی منــداڵ) مەســەلەیەکی ڕاســت و دروســتە و تەنهــا پڕوپاگەنــدەی لایەنێکــی شــەڕکەرنییە لە دژی

ئەوی دی، هەروەکـــو ئەو دیمەنـــانەش وای لە دکتۆرەکـــان کردبوو کەوا بگەنە ئەو قەناعەتەی گازێکی کوشندەی کیمیایی و ژەهـــراوی لە دژی ئەو خەڵـــکە بەکـــارهێنراوە. هەرچەنـــدە ئیـــدارەی ڕیگـــان بە زۆری بانگەشـــەی ئەوەی کـــردووە کەوا گازی سیانید لە هەڵەبجە لە لایەن ئێرانەوە بەکارهاتووە، بەڵام ئەوە لەکاتێکـــدا بـــوو کە راپۆرتەکـــان لە عێـــراقەوە هەمـــوو راستییەکانیان دەگەیانـدە کۆشـکی سـپی وئەنجـومەنی پیـران وکـۆنگرێس لە هەمـوو راسـتیەک دڵنیـا بـوون باشـترین نمـونە ئەو نامەیەی بەرێز (Mr. Lantos لانتۆس)ە کە لە ٢٤ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ کە ئاراستەی سەرۆکی کۆنگرێسی کردوەو تیایدا نوسیویێتی بەرێـز سـەرۆکی کـۆنگرێس مـاوەیەکی زۆر بەسـەر مـۆتەکەی جانســتۆندا تێنەپەڕیــوە کە ٩١٣ پیــاوژن ومنــداڵ بەهـــۆی گـــازەوە کـــوژران کە بیـــرورای گشـــتی ئەمریکـــا کەوتـــووەتە ژێـــر کـــاریگەری ئەو وێنـــانەی لەعێـــراقەوە دێـــن نیشـانی دەدەن کە گـازی (سـیانید) وگـازی (مۆسـتەرد)و گـازی دەمـــار لەلایەن دەوڵەتـــی عێـــراقەوە دژی خەڵکـــی خـــۆی بەکارهاتووە. لەبەشـێکی تـری نـامەکەی بانتۆسـدا هـاتووە ئێمە نـــازانین کە ژمـــارەی ئەو ژن وپیرومنـــداڵانەی کە لەئاکـــامی بەکارهێنـــــانی ئەو گـــــازانەی زاڵمـــــانە لە سەردەســـــتی کاربەدەسـتانی عێـراقەوە کـوژراون ٣٠٠٠ کەسـن یـان ٥٠٠٠ کەس هێـزی دەریـایی ئەمریکـا کە عێـراق لەکەنـداوی فـارس دەپاریزێـت حکـومەتی ئەمریکـا دەبێـت گوشـار بخـاتە سـەر رژێمـی بەغـدادو پێـی نیشـان بـدات کە کیمیابـارانکردنی خەڵکی

مەدەنی لەچاوی نەتەوە شارستانیەکانەوە قابیلی قبوڵ نییە، نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێت بەزوترین کات لیژنەیەک بنێریت بۆ ناوچەکە هەتا لەم کۆمەڵکوژییە بکۆڵێتەوە .[45] ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور هەندێک نیشانەی خەردەلیشیان ئاشکرا کرد بوو، کەچی واشنتۆن هەرسۆزی بەلای عێراقدا بوو. دیسانەوە لە ڕۆژی دووشەمەی ڕێکەوتی ١٩٨٨/٤/١١ وەفدێکی شارەزا لە بواری پزیشکی و تۆکسیکۆلۆجیدا لە ڕێگای کرماشانەوە ڕۆیشتنە هەڵەبجە لە ژێرسەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر ئاوبین سەرۆکی بەشی تۆکسیکۆلۆج لە زانکۆی گێنتی بەلجیکا، سەردانەکە چوار ڕۆژی خایاندبوو لە(١٠- ١٩٨٨/٤/١٤) بۆ لێکۆڵینەوە تیمەکەی ئاوبین هاندرێکست بە هەمووی مانگێک بەسەر تاوانەکەدا تێنەپەریبوو کە چووبوونە هەڵەبجە و بە چاوی خۆیان مەل و باڵندەی مردارەوەبوویان بینیبوو، دواتریش لە ڕاپۆرتە شیکارییەکەیاندا بە بەڵگەی قایلکەرەوە دابوویانە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەم بارەیەوە دکتۆر سالار باسیرە دەنووسێت : (پرۆفیسۆر AUBIN دوای گەڕانەوەی لە ئەڵمانیا بۆ بەلجیکا دووکتێبی قەبەی بە زمانی ئینگلیزی بۆ ناردم کە سەرجەم ئەنجام و ڕاپۆرتە پزیشکیەکانی تێدا تۆمار کراون و زیاتر لە هەزار لاپەڕە دەبێت، هەمووی بە ژمارە و ناوەوە زانستییانە تۆمار کراون.

---

[45] بڕوانە کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق) پرۆفیسۆر لۆکمان میهۆ - وەرگێڕانی وریای ڕەحمانی - چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر .

من ئەمە بە بەڵگەنامەیەکی پزیشکی و مێژوویی و سیاسی لە قەڵەم دەدەم بۆ کورد، بۆ بەکارهێنانی و وانە خوێندن لە سەری و دانانی لە پەڕتوکخانەی وڵاتی خۆمان بۆ کەڵک وەرگرتن لێی لەبوارە جیاجیاکاندا) .

**لەناو پنتاگۆندا**

بابەتێکی تر لە ژێر ناونیشانی (لەناو پنتاگۆندا) لە کتێبەکەی یوست هێلتەرماندا جێگەی گرتووە، ئەگەرچی لەم بەشەدا گومانێک لە سەر تاقیکردنەوەکانی پڕۆفیسۆر ئاوبین هاندرێکس دروست ناکات، بەڵام دەمانخاتە بەردەمی پرسیارێکەوە، داخۆ هاندرێکس بەدەر لە کاری پزیشکی ویستوویەتی لایەنداری بکات لە سیاسەتدا یان نا؟ بە تایبەتی بە لای سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بیشکێنێتەوە؟ ئایا گومانێک هەیە لە سەر ئەوەی لە هەڵەبجە گازی سیانید بەکار نەهێنراوە؟ بە پێی ئەو زانیارییانەی من لە بارەی پڕۆفیسۆر هاندرێکسەوە دەستم کەوتوون، ماوەی ١٠ساڵی ڕەبەق خەریکی شیکاریی ماددە کیمیاییەکانی ئەو بۆمبانە بووە کە لە ئاسمانی هەڵەبجەوە خراونەتە خوارەوەو بەر خەڵکە مەدەنیەکەی ئەو شارە کەوتوون و تاوانی جەنگ وتاوانی دژی مرۆڤایەتیان لێکەوتووەتەوە، خەڵکی بێچەک بەژن ومنداڵەوە بوون بەقوربانی ئەو دڵڕەقییە، بەڵگەکان لە گوماندا نەماون و هەموو ڕاستییەکان یەکلایی بوونەتەوە، چ لەو گڵ وخۆڵانەی لە شوێنی بۆمبەکان هەڵگیراونەتەوە، یان لەو

پارچەی جلوبەرگ و تەنانەت لەو قژە سەرانەی لە سەری قوربانییەکان بڕدراون و بە مەبەستی تاقیکردنەوە براون بۆ بەلجیکا و لە زانکۆی گێنت[46] شیکارییان بۆکراوە. لە ڕاستیدا من بۆخۆم هیچم لە بارەی هاندریکسەوە نەبیستووە کەوا لە شوێنێک ئەوەی درکاندبێت کە ئێران گازی سیانیدی بەکارهێنابێ. مەسەلەی لۆمەکردن لە ڕووی زمانەوانی و یاساییەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە لە تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردنی لایەنێکی جەنگەکە، بە پێی ئەو زانیارییانەی من لە بارەی هاندریکسەوە دەیزانم، کاتێک لەساڵی ٢٠٠٦ شاندێکی (ناوەندی چاک) ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد، چووبوونە لای بە مەبەستی ئەوەی لە دۆسێی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی هەڵەبجە ئامادە بێت، ئەو هیچ دوودڵییەکی پیشان نەدابوو لەوەی کە ئەو مادانەی لە هەڵەبجە بەکارهێنراون عێراقی بوون، جگە لەوەی ئەوەشی ڕاگەیاندبوو کەوا لە ئەنجامی دە ساڵی شیکارییەکەیدا، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەموو ئەو مادده کیمیاییانەی لە هەڵەبجە بەکارهاتوون عێراقین و هیچ گومانێکی نەخستبووە سەر ئێران؛ خۆ ئەگەر بۆچوون وشیکارییەکانیشی واکەوتبێتنەوە ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری هێنابێ، ناشێت هیچ گوناهێکی ئەویان

[46] سەبارەت بەناوی زانکۆی بەلجیکا گێنت و هەندێکجار لەدەربریندا غێنت یش بەکار دەبرێت بەڵام گێنت بەراستتر دەزانم . ع.م

تێــدابێ.[47] هەرچـــی یوســـت هێڵتەرمـــانە، بـــڕوای وایە کە شـیکردنەوەی زانیـاری و لێکـۆڵینەوە هەرگیـز پـاک و بـێگەرد نەبـوون، ئەمەش لە بەر ئەوە بـووە کەوا دەسـتە و تاقمەکـانی ناو ئیدارەی ڕیگان، بە تایبەتیش دەزگای موخـابەراتی بەرگری بە تونـدی لە پشـتی جەنگـی عێـراقەوە بـوون لە دژی ئێـران، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا بوون کە ئەگەر گەلێ کەس وایان پێ بـاش بـووایە خـۆ بە دووربگـرن لە ڕژێمـی عێـراق، بـۆ نمـونە زانیاریی لە سـەر هەر ڕووداوێک کە لە توانایدا بووبێت پێش بەسەرکەوتنێکی عێراق بگرێت یان بەلای کەمەوە دوای بخـات و بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتگیری لە ئێران بکات، دەبوایە سـەرکوت بکـرایە و تێـک بشـکێندرایە؛ لێـرەوە دەتـوانین ئەوە بـزانین کە هۆکـاری بێـدەنگی لەتـاوانەکە چیـی بـووە، ئێسـتا بەڕوونیـــی ئەوە دیـــارە کە بەشـــێکی بێـــدەنگیی ئەمریکـــاو

[47] ســـاڵی ٢٠٠٧ مـــن ئەنـــدامی لیـــژنەی ئامادەکـــاری کـــۆنگرەی بەجینۆسایدناسـاندنی تـاوانی ئەنفـال بـووم، لەیەکێـک لەدانیشـتنەکانماندا رۆبەرت گوین هـات دانیشت و هەندێک سـەرنج وتێبینی خۆی بەلیژنەکە ووت، مـن کەپێشـتر نـاوی ئـاوبین هاندرێکسـم خسـتبووە نـاو ریزبەنـدی ئەوکەسـانەوە بـۆئەوەی بانگهێشـت بکرێـت بـۆ کـۆنگرەکە، گـوین تێبینـی لەسـەر هانـدرێکس هەبـوو، گـوایە شـیکارییەکانی جـێگەی گومـانن و سـەرکەوتوو نەبـووە، بەڵام راسـتیەکەی لەبەرئەوەبـوو کە ئامـادەنەبووە بچێـتە ژێرکـاریگەری ئەمریکاییەکـان وبەریتانییەکـانەوە بەوەی بڵێـت ؛ مادەکـان عێراقـی نـین ودەشـێت ئێرانـی بـن . هەرچەنـدە لەگەڵ گـوین مشـتومڕێکمان بـوو، بەڵام لەبەرئەوەی کـورد لەبەرامـبەر بێگـانەدا لاوازە قسەکانی گوین کاری تێکردن وبانگهێشتی کۆنگرەکەیان نەکرد.

ئەنجـوومەنی ئاسـایش لە هەردوو گەورە تـاوانی کیمیابـارانی هەڵەبـجە و ئەنفـال ئەوەبـووە لەوێـوە سـەرچاوەی گرتبـێ کە حـزبە کوردییەکـان لەو کـاتەدا هاوپەیمـان و پشـتیوانی ئێـران بـوون. ئەمەش پەردە هەڵماڵینێکی ئاشـکرای پروپاگەنـدەکانیانە بـۆ دیموکراســی ومــافی گەلان ودەســتوەرنەدان لەکیشــەی نـاوخۆی وڵاتـان. بێگومـان هێڵتەرمـان ئەگەر ئەوەی لەگومانـدا هێشتبێتەوە ئیدی لەئێستادا گومانێک نەماوەتەوە کە ئەمریکاو ئەنجــومەنی ئاســایش بەگشــتی لایەنگــری عێراقیــان کــرد، لەجەنـگەکەداو کـوردیش بـووە قوربـانی ئەو لایەنگـرییە، دەنـا ئەگەر وێــنەکە ئــاوەژووبکەینەوە بۆنمــونە ئەگەر ئێــران بەوبەربڵاویـیە چەکـی کیمیـاوی لەجەنگـدا بەکاربهێنـایە یـان ئەگەر لەدژی کوردەکــانی رۆژهەلات چەکــی کیمیــاوی بەکاربهێنـایەو کۆمەڵکـوژی بەوئەنـدازەیە بخسـتایەتەوە چـی روی دەدا ئایــا ئــاوا لێــی دەگەڕان کۆمەڵکــوژی بکــات وکوردەکـان لەبەیـن بەرێـت ؟ ئەوملهـورییە سـەری دەگـرت ؟ بەبروای من نەخێر .

سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئێرانییەکان پێشوازییەکی گەرمیان لە پڕۆفیسـۆر ئـاوبین هانـدرێکس دەکـرد؟ لێـرەدا نوسـەر ئەم پرسـیارە لەخـۆڕا ناکـات، چونـک ئێـران هەڵوێسـتی بەرانـبەر دنیـای دەرەوە رون بـوو ئەوپێـی وابـوو، ئەنجـومەنی ئاسـایش بەئاشـکرا لایەنـداری دەکـات و سـۆزیان بەلای عێراقـدا هەیەو گومــانی لە رێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکــانیش بــوو، ئەو ســـــەروەختەش ئــــــاوبین هانــــــدرێکس نێــــــردراوی

نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، هێڵتەرمان دەڵێت : ڕەنگە بەشێکی قایل بوونی ئێران و پێشوازییەکەی ئەوە بووبێت کە ئەو کاتە ئێـران هەمـوو دەرگاکـانی بە ڕوودا داخرابـوون و کەس بە دەنگیانەوە نەدەچوو، هاندریکسیش جەختی لەوە دەکردەوە کە مـاددە کیمیاییەکـان لەلایەن عێـراقەوە بەکـارهێنراون و لە هەڵەبجە نمونەی لێبردووەتەوە بۆ بەلجیکا تـا شـیکارییان لە ســـەر بکـــات؛ لەو ڕاپۆرتەشـــیدا کە دابـــوویە نەتەوە یەکگرتووەکـان بەڕوونـی باسـی ئەوەی کردبـوو کە مەل و مرۆڤ پێکەوە مردوون. (48)

## گۆڕانی دەوران و هاوکێشەکان

هەر لەم بەشـەدا یوسـت هێڵتەرمـان سـەرنج دەخـاتە سـەر سیاسـەتمەدارانی ئەمریکا کە پاش ماوەیەکی کەم لەم ڕوداوو تاوانـانەی عێراق ئەنجامیدابوون، هەنگاوی لاسارانەی عێراق هەر بەردەوامەو پەلامـاری کوێـت دەداو داگیـری دەکـات،

[48] سـاڵی ٢٠٠٦ شـاندێکی ناوەنـدی چـاک، لەهۆڵنـداوە چـوون سـەردانی پرۆفیسـۆر ئـاوبین هاندریکسـیان کـرد، لە نـزیکەوە گفتوگۆیـان لەگەڵـدا کردبـوو، لەوێ سـدرییەی سـپی پێلەبەرکردبـوون وبردبـوونیە نـاو تاقیگەکەوەو نمونەی قژەسـەری ئەوکەسـانەی بەکیمیـایی مردبوون لەگەڵ نمونەی ئەوخۆڵەی لەهەڵەبجە بردبوونییەوە پیشـاندابوون، جەختی لەوە کردبـووەوە کەئەوگـازەی لەهەڵەبـجە بەکارهـاتووە هـاوجوتەلەگەل ئەوگـازەی عێـراق لەجەنگـدا بەکـاری هێنـاوەو سـەلماندوویەتی گـازەکە عێراقی بووە، لەپاشکۆی کتێبەکەدا هەندێک لەوێنەکان دەخەمە ڕوو، (ع.م)
.

ئەوەش گاڵتەجارییەکی تـره کە لەو هەمـوو تـاوانە بێـدەنگ بـوون، کە لەکێشـەی نـاوخۆییەوە ترازابـوونە نـاو کێشـەی نێـودەوڵەتییەوە، عێـراق کـۆی پەیماننامەکـانی جنێـف[49] و پەیاماننامەکانی تری نەتەوەیەکگرتووەکانی لەمەڕ جینۆسایدو مـافی مـرۆڤەوە پێشـێلکردبوو، کەچـی کە داگیرکردنـی کوێـت، هاتە پێشەوە ئینجا بە دەنگ دێن ! (کێ کوێتی لە دەستدا؟ کێ داگیـری کـرد؟ کـێ دکتـاتۆرێتی عێراقـی بە دڵڕاگـرتن و پشـی پشـی بەهێـز کـرد؟) بێگومـان ئەو پرسـیارانە وەڵامەکانیـان ئاسـانە و لە نێوخـۆی سیاسـەتمەدارانی ئەمریکـا دەرنـاچێ، کەچـی پێشـتر بە ئیـدانەکردنێکیش لە تـاوانەکەی هەڵەبـجە هەڵوێستیان نەبوو، لەو پڕوپاگەندانەی بۆ ئێرانیـان دەکرد و لە سـەر هەڵەبـجە هەر بە پێـداگریی خۆیـان مـانەوە و لێـی پەشـیمان نەبـوونەوە؛ هێڵتەرمـان بە ڕاشـکاوی دەڵێـت ئەوانە ئێستا لە کۆلێجی جەنگی سوپا و دەزگای موخـابەراتی ئەمریکا خانەنشـین بـوون. هەروەهـا بـاس و لێکۆڵینەوەکـانی دووکەس دەکـاتە نمـوونە کە لە بەرچـاوترین پشـتیوانانی تێـزی ئێـران- هەڵەبـجەن؛ سـتیڤن پێلیتـایەر وکۆلۆنیـل واڵتەر(پات)لانـگ، دووەمیـان ڕۆژنامەنووسـێکە بە ڕاهێنـان بەنـامەی دوکتـۆرا لە زانسـتە سیاسـییەکاندا لە زانکـۆی کالیفۆرنیـا-بیرکڵـی) و لەگەڵ

49 سـاڵی ١٩٢٥ پەیماننـامەی جنێـف واژۆکـرا کەتیایـدا چەکـی کۆکـوژی لەچەشـنی بـۆمبی ناپـاڵم و هەرجـۆرەچەکێکی وێـرانکەری تـری لەجەنگدا بەتـاوان و ئێشـێلکاری جەنگ پۆلێنکردبوو. کەچـی عیـراق نەک هەر ناپـاڵم بەڵکو گازیشی بەکارهێناو کەس نەیگوت بەری جاوت کلی پێوەیە.

لێکۆڵەرەوەکەی (سی ئای ئەی) کە بەپیشە خەریکی کاروباری عێراق بوو بۆ دەزگاکەی. ئەم دووانە لە سەرۆکایەتییەوە نزیک بوون، کەچی وێڕای دوورەپەرێزی و ناڕەزایەتیی بەردەوامی پێلیتایەر، بە پێی قسەی لانگ پات کە لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە نێوانیاندا بووە سەبارەت بەوەی کەوا سی ئای ئەی(CIA) بەلای کورددا دایدەشکێنێ کەچی هێشتا پێداگریی کردووە (جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە کەوا لە سەردەمی گازبارانی هەڵەبجەدا زانیاریی هاوبەش هەبووە کەوا ئێرانیش چەکی کیمیایی لە هەڵەبجەدا بەکارهێناوە، بەڵام لە بەرئەوەی بەڵگەکانی بۆ کتێبەکەی ساڵی ١٩٩٠ دانابوون شایانی بینین نەبوون؛ چونکە بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی نەتەوەیی باش نەبوون. لێرەدا گەلێک مایەی هەڵوەستەکردنە کە وەک بڵێی کۆمەڵکوژی لە هەڵەبجەی کوردنشیندا لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەواندا بووبێ، کەچی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە دزەی کردووە و کەوتوونەتە دەست پاتریک تایلەری ڕۆژنامەنوس لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست؛ ئەمەش لە ڕێگەی هەندێک کەسەوە لەناو پنتاگۆندا دزەیان کردبوو. مەبەستیش لەو لێکۆڵینەوەیەی کۆلێژی جەنگ، دیاری کردن و هەڵسەنگاندنێک بووە لە بارەی ئەوەی کەوا عێراقییەکان چۆن شەڕیان کردووە و لە ژێر چ بارودۆخێکدا چەکی کیمیاییان خستووەتە گەڕو چۆن بەکارهێناوە. ئەمەشیان لەوکاتەدا بوو، کەوا ئەمریکا ئامادەسازیی دەکرد بۆ ئەوەی جەنگ لەگەڵ عێراقدا

بەرپا بکات و هێزەکانی عێراق لە کوێت دەرپەڕێنێ. پێلیتایەر ســـوورببوو لە ســـەر ئەوەی کەوا عێـــراق چەکـــی کیمیـــاییی بەکارهێنـــاوە، بەڵام کاتێـــک کە پێویســـتیان پێـــی بـــووبێ و لە حاڵەتی ئەو پەری زەروورەتدا؛ بەڵام بە پێچەوانەی ئەم ڕایەی پێلیتـایەرەوە، زەق بە بەرچـاوانەوە بـوو کە سـوپای عێـراق لە شـــەڕی پێشمەرگەشـــدا ئەم گـــازەی بەکاردەهێنـــا، بەدەرلەم حـاڵەتەش تەنـانەت لە بالیســـان و شـێخ وەسـانان و گونـدی گـۆپتەپە و عەسکەر، کاتێک چەکـی کیمیـایی بەکارهـاتبوو کە تـاقە پێشـمەرگەیەک لەو گونـدانەدا نەبـوون؛ لەوەش واوەتـر لە سـەروەختی کیمیابـارانکردنی دۆڵـی بالیسـاندا لە ١٦ی نیسـانی ساڵی ١٩٨٧دا نەک هەر لە بالیسان و شێخ وەسانان، بەڵکو لە نـاوچەکەدا پێشـــمەرگە ئەوەنـــدە کەم بووبـــوونەوە لەجـێگەی نەبوانـــدابوون، چـــونکە هەمـــوو هێزەکانیـــان چووبـــون بـــۆ بەرەنگاری سوپا دۆڵی جافایەتی کە بارەگاکانی سەرکردایەتی حزبەکەیـــانی لێبـــوو. بەڵام هەرچۆنێـــک بێـــت ئەوە ڕون وئاشـــکرایە کە ئیـــدارەی ئەمریکـــا و نەتەوەیەکگرتووەکـــان بێباکـــانە لە کۆمەڵکـــوژی کوردیـــان ڕوانـــی و بێـــدەنگییان هەڵبژارد. کە لە دوای کۆمەڵکوژییەکەی دۆڵـی بالیسـان لە ١٦ی نیســـانی ١٩٨٧ بـــووە هەڵکردنـــی نیشـــانەی ســـەوز بـــۆ دەسـەڵاتدارنی عێـراق و پێشـڕەوی کـردن و ملهـوڕیی زیـاتری سوپا لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایدا بە شـێوەیەکی بەربـڵاو لە کوردســـتان، لەداوی ئەو تاوانـــانە دواجـــار کیمیابـــارانی هەڵەبجەشـــی بەدوادا هـــات . هەرچەنـــدە یوســـت هێڵتەرمـــان

تەواوی ناوچەکانی تر نەگەڕاوە بۆ بینین وبەسەرکردنەوەی شـــایەتحاڵەکان و قوربانیـــانی چەکـــی کیمیـــاوی لەهەمـــوو ناوچەکانـدا، بەڵام پێشـتر بـاس وچیرۆکـی جیاجیـای لەبـارەی بەکارهێنـــانی چەکـــی کیمیـــاوی بەرگـــویێ کەوتـــووە لە دۆڵـــی بالیســــــان و قەرەداغ و نــــــاوچەی قەڵاســــــێوکە، یــــــاخود لە کیمیابـارانی دۆڵـی جافـایەتی وشـارباژێڕ. مـن بۆخـۆم چەنـدین برینـداری چەکـی کیمیـاوی نـاوچە جیاجیـاکنم بینیـوەو دیـدارم لەگەڵیاندا سازکردووەو سەرپەرشتی پرۆژەیەکی سێ مـانگیم بۆهاوکــاری کردنیـــان کـــردووە کە ڕێکخـــراوی ســـپی بـــۆ ناوچەکیمیابارانکراوەکـان بەهاوکـاری ڕێکخـراوی گرینکـرۆز ئەنجامیانـــداو تویژینەوەیەکیشـــم لەبـــارەی ئەو پـــرۆژەیەو هەلـومەرجی برینـدارەکان ئەنجامـداوەو بەشـیوەی داتاشـۆ لە١٣ی ئـازاری ٢٠١٣ لە هۆتێـل چـوارچرای شـاری هەولیـر پێشکەشـم کـردو پێشـوازییەکی زۆرباشـی لێکـرا. لەو کـارەدا برینداری جۆراوجۆری چەکی کیمیایم بینی، حاڵەتی جیـاوازم هـــاتنە بەرچـــاو، بەڵام لەهەمووبـــان ســـەرنج ڕاکێشـــتر بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیـایی بـوو، بەنـاوی عـومەر قامیشـی عـــومەر لە شاناخســـێ زۆر بەدژواری بەرچەکـــی کیمیـــایی کەوتبوو ماوەی چەند مانگێک لە خەستەخانەکانی تاران بـووە، ئەو هەمـــوو بەدەنـــی بەگـــاز هەلاهەلا بـــووە، تەنـــانەت دوای بیستودوو ساڵ ڕۆژێکیان کە ئازار لەماڵەوە هەراسـانی دەکات بەیـاوەری هاوســـەرەکەی بەرێـگەی خەسـتەخانەوە چـاوێکی هـاتووەتە دەرەوە بەڵام خسـتوویەتیە نـاو لەپـی دەسـتیەوە

نەیهیشتبوو کە هاوسەرەکەی پێی بزانێت . لەخەستەخانە هێواشی بەبرایەکی خۆی دەڵێت ئەوەی پێت دەسپێرم (چاوێکی خۆمە) بچۆلە گۆرستان لەبەرپێی شەهیدێک بینێژە.[50] هەر عومەر باسی پیاوێکی تری بۆ کردم کە ئەوکات فەرماندەیەکی پێشمەرگە بووەو لە شاناخسێ لەگەڵ خۆیدا بەخراپی بەرکەوتبوو، ئەو فەرماندەیەش سەید ئەحمەد حەمەلاو بوو ئەویش سەرباری ئەوەی لەهۆش خۆی چوبوو، بۆماوەی مانگێکیش چاوەکانی لەدەستدابوو لە خەستەخانەیەکی تایبەت لە ئێران لەژێر چاودێری پزیشکی دابووە، کەچی لە دودیداریدا کەلەبارەی بەرکەوتنیەوە لە ٢٠١٤/١٢/٢ لەسلیمانی لەگەڵیدا ئەنجاممدا وتی : من کیمیاییم بەزاندووەو نەمهێشت ئەو چۆکم پێدابدات، ئەو پیاوە سەید ئەحمەدم زۆر بەئازایی هاتە بەرچاوان، سەرباری ئەوەی بۆخۆی برینداری چەکی کیمیایی بوو، کەچی لە نەخۆشخانەیەکی تاران شیعرێکی نوسیبوو بۆ تراژیدیای کیمیابارانی هەڵەبجە بەبێ ئەوەی ئەو کاتەی شیعرکەی تێدا نوسیبوو چاوی ببینێت، چۆن ئەوکاتە شیعرەکەی لەبەر وتبوو بەبێ دەستکاری هێشتبوویەوەو لە رۆژی دیدارەکەماندا بۆی خوێندمەوە.[51] بێگومان بریندارانی چەکی کیمیایی لە شاناخسێ زۆرن رۆژی ٣٠ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨

[50] بڕوانە ئەنفالستان ژمارە چوار دیدار لەگەڵ عومەر قامیشی . لاپەرە ٥٤

[51] دیدار لەگەڵ سەید ئەحمەد حەمەلاو ٢٠١٤/١٢/٢ سلێمانی .

بە بۆردومـانی فـرۆکە ٣٠ پێشـمەرگە بەچـڕی برینـدار بـوون وژمارەیەکیشیان هەر لەجێدا شەهید بوون.[52]

## ڕێگایەک بەرەوکوێت

ئەمە بەشــی نـۆیەم و کۆتــایی کتێــبەکەیە، کە بەلای مــنەوە گرنگترین بەشـێتی؛ چـونکە سـەرجەمی باسـەکانی تێدا چڕ و کـــۆ کـــراوەتەوە و بە ســـەلیقەیەکی زۆر و توانـــایەکی سەرســـووڕهێنەرەوە لێکــۆڵینەوەی لە وردەکارییەکــانی ئەو گەمە مەترسـیدرانەدا کـردووەکە لە نێـوان عێـراق و پنتـاگۆنو ئەنجوومەنی ئاسایشدا بوون. نووسـەر بە ڕوونـی ئەوەمـان بۆ ئاشـکرا دەکـات کە لە نـاو ئەو گەمە و کێشمەکێشـانەدا، بـاس و خـواس لە سـەر جینۆسـاید وەک هێڵـی سـوور دێتە پێشـەوە و قسەوباس لە مەترسییەکانی و قەدەغەکردنی دێتە پێشەوە.

سـاڵی ١٩٨٨ جەنگـی عێـراق-ئێـران کۆتـایی هـات، ئەمەش زۆر هاوکێشـــەی گـــۆڕی و هەر زوو پێوەنـــدیی نێـــوان بەغـــدا و ئیدارەی ڕیگانیشـی تێکدا، ئەڵبەت وەسـتانی جەنـگ دەرفەتێکی گرنـگ بـوو بـۆ عێـراق، چـونکە لەلایەک دەسـتی هێزەکـانی عێراقـی زیـاتر ئـاوڵاکرد بـۆ ئەوەی لەشکرکێشـیی زیـاتر بکـاتە سـەر کوردسـتان. لەلایەکـی تریشـەوە کـوردی بە نائومێـدی هێشـــتەوە، چـــونکە ئیـــدی بەهـــایەکی نەدەهێشـــتەوە بـــۆ هاوپەیمـانێتی ئێـران و حـزبە کوردسـتانییەکان چ جـای ئەوەی

[52] هیشـــتا رۆژی لێـدانی شاناخســی زۆر رون نیــیە، هەنـدێک بە٢٥ی ئــازارو هەندێکیش بە ٢٥ی ئازاری دەزانن بەڵام من رۆژی ٢٥ ی ئازار بەراست دەزانم

لە داهاتوشـدا درێـژەی پێبـدەن، لەو کـاتەدا کە هێشـتا بەرەی جەنـگ لە نـاوچەی شـەقڵاوە و ڕەوانـدوز، لە قۆنـاغی (٦- ٧)ی ئەنفالـدا بـوو، ئـاگری شـەڕ نـیڵەی دەهـات کە بڕیـاری ئەنفـالی نـاوچەی بادینـانیش لەلایەن هێزەکـانی سـوپاو سـەرکردایەتیی حزبـی بەعسـەوە دەرچـوو، عەلـی حەسـەن مەجیـدیش بە شەخسـی هـاتە سـەرخەت وجەختـی لە ڕامـاڵین و پاکتـاوکردنی نەیارەکانی دەکردەوە؛ بۆ ئەو مەبەستەش فەرماندەیی فەیلەقی پێنج (لیوا ڕوکن یونس محەمەد ئەلزەرب) بەرپرسیارێتی ئەو قۆنـاغەی پێسـپێردرابوو، دەبـوو ئەو لەو نـاوچە شـاخاوییەدا لەژێر فەرماندەیی عەلی حەسەن مەجیدا ئەرکەکانی بێ دودڵی جێبەجێ بکات، یاخود چاوەڕوانی سەرزەنشت بکات، هەمـوو فەرمانـدەو ئەفسـەرێکیش بـاش دەیزانـی سـەرزەنشـت لەدیـدی بەرپرسـی نوسـینگەی بـاکورەوە کە ئەوسـا دەسـەڵاتەکەی هاوتـای سـەدام بـوو، لەمەرگ کەمتـر نییە، بـۆیە فەرمانـدەیی فەیلەقی پێنج لەبەرایی هێرشـەکانیدا بەچەکی کیمیایی دەستی دایە پەلامـار، لە مـاوەیەکی زۆر کەمـدا لە نێـوان ٢٥ تـا ٢٩ی ئەیلول، نزیکەی ٧٥ گوندی ناوچەی بادینانی بە گـازی کیمیایی بۆمبـارانکرد و قوربـانییەکی زۆریـان خسـتەوە[53] یەکەمـین هێرشـی ئەنفال لە بادینانـدا بەگازبارانکردنی گوندەکانی بنـاری چیـایی گـارا لە٢٥ی ئابـدا بـوو، نوسـراوی ئەوپەڕی نهێنـی

[53] یەکێک لەوگوندانەی بەگازی کیمیایی لێدراو خەڵکێکی زۆریان لێکوژرا گوندی برجینی بوو. کەدواتر ساڵی ١٩٩٢ تەرمی کوژراوەکانیان لەلایەن تیمی پزیشکی دادوەرییەوە هەڵدرانەوە.

وکەسـی ژمـارە ١٠٧٦ لە ١٦ی ئـابی ١٩٨٨ کە لەفەرمانـدەیی گشـتی هێزەچەکـدارەکانەوە دەرچـووە، ئامـاژەی بەوەداوە کە رۆژی ٢٥ی ئـاب بە رۆژی دەسـتپێکی بۆمبـاران بەچەکـی کیمیاوی دیاری کراوەو رۆژی ٢٨ی ئابیش بە رۆژی هێرشـی زەمینـی دیـاریکراوە ئامـاژە بە نوسـراوی ئەوپەڕی نهێنـی وکەسـی لە ٢١ی ئـابی ١٩٨٨ ی فەرمانـدەیی گشـتی هێزەچەکـدارەکان .[54]ئەم دەسـتپێکە ژەهـراوییە کە لیـوارکن یونس محەمەد ئەلزەرب فەرماندەیی دەکرد[55]، گوندنشینەکان و هێزەکـانی پـارتی دیموکراتیشـی تووشـی نائومیـدی کـرد و ناچـاری کـردن یـان بەرەو سـنوور بکشـێنەوە، یـان بچـنەوە بەرەو لای حکـوومەت و چارەنووسـی خۆیـان بـدەنە دەسـت قەدەر و خۆیـان تەسـلیمی سـوپا بـکەن. لێـرەدا پێویسـتە هەڵوەسـتەیەک لەسـەر ئەنفـالی بادینـان بکەیـن، ئەوەی تـوانی دەربـازی سنوری تورکیابێـت هەروا بیٚ ئـارەق نەبـوو زۆر لە گوندنشـینەکان بەبرینـداری و ژەهـراوی بـوونی گـازەوە چـونە نـاو خـاکی تورکیـاوە، ئەوانەشـی خۆیـان رادەسـتی سـوپای عێـراق کـرد، یـان کـوژران ویـاخود رەوانەی قەڵای نزارکـیٚ ودواتـریش کەمپـی سـەلامییەی لای موسـڵ کـران. بەپێـی راپـۆرتی فەیلەقـی پێـنج ١٣٣٩٥ سیانزەهەزاروسێسـەدونەوەدو

[54] بڕوانە عەدالەت عومەر ساڵح گۆڤاری هەشتاوهەشت ژمارە (٩-١٠) ل ١٢٦ .

[55] یونس محەمەد ئەلزەرب ئێستا لەدەرەوەی عێراقەو لە وڵاتی فەرەنسا نیشتەجییە.

پێنج کەس گیراون لەناویاندا پیرو ژن ومندالٚ ڕێژەیەکی بەرچاوترن[56]، گەنجەکان هەموویان کوژران هەندیکیان لەقەلای نزارکێ بەپێش چاوی ژن ومندالەکانەوە بە بلۆک سەریان تەقاندن و ئەوانەی تریش بێسەروشوێنکران، دوو پۆلیش هەر لە جیدا لە گوندەکانی خۆیان لەژن ومندالٚ جیاکرانەوەو گولله بارانکران، ئەونیش کۆمەڵکوژی کورێمێ کە ژمارەیان ٣٣ پیاوبوو شەش کەسیان بەبرینداری دەرچوون و کۆمەڵکوژی مێرگەتووی بوو کە ژمارەیان ٨ پیاوبوون کەیەکێکیان دەربازی بوو .[57] ئەوانەشی بەبرینداری چونە ناوخاکی تورکیاوە توشی گەلێک مەینەتی بوون . بەرکەوتووەکان بەزۆری توشی کزانەوەی چاوو، ڕشانەوەو لەهۆش خۆ چوون و کۆئەندامی هەناسە، سەرئێشەو

[56] ئەم ژمارەیە لە راپۆرتێکی ٦٠ لاپەڕەیی فەرماندەی فەیلەقی پێنجدا بەوردەکارییەوە هاتووە، راپۆرتەکە پێشەوای فەیلەق سوپاسالار یونس ئەلزەرب نوسیوێتی و شیکردنەوەیەکی تەواوی بۆ جوگرافیاو هەڵکەوتەی ناوچەکەو پێکهاتەی هێزەکانی سوپاو فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاش) و هیزەکانی پێشمەرگەو تەنگ وچەڵەمەکانی سوپاو کۆسپەکانی بەردەمیان کردووە.

[57] دەربازبووەکانی گوندی کورێمێ (هاشم، عەبدولقەهار، ئەبابکر، عەبدولکەریم و صدقی و فەتاح )بوون و دەربازبووەکەی گوندی مێرگەتووی ناوی بەنگین مستەفا عبدالقادر بوو .بەداخەوە دوایی دەربازبونیشیان هەریەک لە فەتاح و بەنگین گیرانەوە و بێسەروشینکرانەوە . بڕوانە هاشم دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفالی بادینان-عومەر محەمەد- لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان – بەهاوکاری سەنتەری مارگرێت – ٢٠١٣ سلێمانی .

گێژبوون، بلّقی سەر پێست ، ئەم نیشانە لەلایەن پزیشکانی بێسنورو ڕاپۆرتی سەردانی تیمی تەندروستی بۆ کوردستانی تورکیا (نەسیمەکانی مەرگ)[58] تۆمارکراون. بەلام دکتۆرە تورکەکان کەمتەرخەمییان لە چارەسەرکردنیان دەنواندو خۆیان لەوە دەبوارد کە زانیاری لەبارەی هۆکاری نەخۆشی وسوتانی پێستی بەرکەوتووەکان بدەن، بەتاییەتیش پاشئەوەی حکومەتی تورکیا رەتی کردەوە کەچەکی کیمیاوی لەدژی ئاوارە کوردەکان بەکارهێنرابێت. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاگەیاندنی فەرمی خۆی بڵاوکردەوە کە گوایە (هیچ بەڵگەیەک نییە)کە چەکی کیمیاوی بەکارهاتبێت .[59] تیمەکانی تەندروستی کە سەردانی تورکیایان کرد بۆ لێکۆڵینەوە پێیانوابوو کەسەردانی پزیشکە تورکەکان گرنگە چونکە ئەوان تاقە سەرچاوەی زانیاری بوون لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە لەلایەن عێراقەوە دژ بەدانیشتوانە کوردەکەی کە کارەساتێکی تەندروستی جەماوەری دروستکردبوو، چونکە ئەوان هەرگیز بەو رقە توندە ئاشنا نەبوون کە تورکەکان بەرانبەر بەکورد هەیانە، کارەساتێک کەپێشوەخت پلانی بۆ دارێژرابوو، بەڵام پزیشکە تورکەکان هەرگیز زانیارییان نەدایە تیمی پزیشکانی نێودەوڵەتی، کە پێشتر زانیارییان دابووە چەند ڕۆژنامەنوس وچاودێرێکی ترو ئەوانیش بەتیمەکەیان

[58] نەسیمەکانی مەرگ – وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون – پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد – زنجیرە (٢) – ٢٠٠٨

[59] هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٣٣ .

گوتبوو پزیشکە تورکەکان دەزانن کە لێشاوێک بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی لەناوچەی هەکارییەوە هاتوون و سوتاوی و برینەکانیان دەگێڕنەوە بۆ پەلاماری گازی ژەهراوی یاخود بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کەلەلایەن فرۆکەکانی عێراقەوە بەکار هاتوون، بەڵام دواتر هەمان ئەو دیپلۆمات ورۆژنامەنوسانە بینیان کە لەدوای راگەیاندنەکەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیاو نکۆڵی کردنی لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە ئەوانیش قسەکانیان گۆڕی و ئیتر نکۆڵییان لەو تاوانە دەکرد. [60]

سەرباری ئاستی ترسناکی ئەوچەکەو ئەوتاوانانەشی کەلێی کەوتنەوە گۆڕانکاریی ناوچەیی ونیودەوڵەتیشی بەدوای خۆیدا هێناوە چەکی کیمیاوی بۆیەکەمجار لەلایەن عیراقەوە دژ بە گەلی کورد یان راستتروایە بڵێین دژ بە هاولاتیانی ناوخۆ بەکارهات، ئەم چەکە کاریگەرە نەک هەر رەوتی ڕوداوەکانی گۆڕی بەڵکو هەتا ئێستاش کە ٢٧ساڵ بەسەر بەکارهێنانیدا تێدەپەڕێ کاریگەرییە خراپەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە ماوە، سەدان بریندار هێشتا بەدەم ئازارەکانیانەوە دەناڵێنن، دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی وسیاسی خستووەتەوە، کێشەی بۆ حکومەتی عێراق و کورد وەک پێکهاتەیەکی گرنگ دروست کردووە، کێشەی لە نێوان هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێیەکەی دروستکردووە، دەیا کێشەی دەرونی بۆ بەرکەوتووەکان و کەسوکاری گیان بەختکردووەکان

[60] هەمان لاپەرەی سەرچاوەی پێشوو .

خولْقانــدووە . ئەوانەی لە نزیــک بۆمبەکــانەوە ئــاڵودەبوون یــاخود، چەکــی کیمیاییــان بە خەســتی بەرکەوتــوو نەمــردن، زۆریــان مەرگــی خۆیــان بە ئــاوات دەخــوازن، هێشــتا بێچــارە ســەرماونەتەوە ! هــیچ چارەســەرێکی ریشــەیی وبنەبڕ لەهــیچ کوێیەکی دنیادا نییە. [61]

لە سەر ئاستی جیهانی، وەستانی جەنگ قەیرانێکیشی بۆ عێراق هێنایە پێشـەوە، هەر زوو پێوەندیی نێوان ئیدارەی ڕیگــان و بەغــدای گــۆڕی؛ وەکــو هێڵتەرمــان دەڵێــت: (لە شـەوورۆژێکدا یاسـا و ڕێسـای پێوەندییەکەی گۆڕی). هێشـتا عێراق درکی بەمە نەکردبوو، لە قۆناغی هەشـتەمی پەلامـاری ئەنفالــدا بــوو، هێشــتا لە تــۆپزاوا ســەرگەرمی پۆلێنکــاری و لەکــۆڵکردنەوەی گەنجەکــان بــوو، لە بادینــان ســـەرگەرمی ئۆپەراسیون ولە کەمپی سـەرەکی تۆپزاواش ئەنفالکراوەکانیـان پۆلێنــدەکردو بە کــۆمەڵ ڕەوانەی چاڵەکــانی مەرگ دەکــران، فڕۆکەکــانی بەعــس بــۆمبی کیمایییــان بەســەر گونــدەکانی نــاوچەی بادینانـدا دەباراند، نـاوچەکە لەژێر دەسـەڵاتی پـارتی

---

[61] لە میــانەی کــاری رێکخراوەیــی خۆمــدا ژنێکــی بەرکەوتەی چەکــی کیمــاوی لە نــاوچەی دۆڵــی جافــایەتی کە مــاوەیەک وەک هاوکــارییەک خســتبوومان ژێــر چــاودێری پزیشــکییەوە ئــاواتی بەوە دەخواســت کە ئەویش لەگەڵ بەرکەوتنیـدا دەسـت بەجـێ بمـردایەو توشـی ئەو بـارە پڕ لەئـازارە نەبـوایەو منـداڵەکانی پێیەوە گیـرۆدە نەبوونـایە، وەک دەیگووت هەر هـیچ نەبێ لەبری ئەوەی منداڵەکانم پێمەوە گیرۆدەبن و پارەم تێدا خەرج بکەن مردنـی مـن دەبـووە مـایەی ئەوەی لە مـوچەی شـەهیدانەکەم سودمەند بن .

دیموکراتی کوردستاندا بوو و سنووریشی بە وڵاتی تورکیاوە بوو، بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری پەلامارەکانی ئەنفالەوە کە هێزە بەرهەڵستکارەکەی بەعس بە زۆری هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، هاوسنووری ناوچەکانی ئەنفالی یەک و شەش وحەوتیش بوو، کە بە هۆیەوە ئاوارەیەکی زۆری گوندەکانی ئەو ناوچانە ڕژابوونە ناوخاکی ئێرانەوە و لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەشەوە کەمپەکانی سەرسنووری ئێران جمەیان دەهات لە کوردە ئاوارەکانی باشوور. بەڵام ئەو کاتە جیهان لە ئاست ئەو تاوانە کەڕ و کوێر ئاسا ڕۆژگارەکانی بەڕێدەکرد، کاتێکیش بە هۆی ئەم پەلامارانەوە کوردە ئاوارەکانی ناوچەی بادینانیش ڕژانە ناوخاکی تورکیاوە، جیهان لەم تاوانە بە ئاگا هاتەوە، ئەمجارەیان واشنتۆن زۆر نیگەران و پەشیمان بوو لەو نزیکایەتییەی لەگەڵ ڕژێمی عێراق هەیانبوو، لە بەر ئەوە بڕیاریاندا با ئیتر بەس بێت و بڕایەوە. هەرچەندە یەکەمجار ئیدارەی ڕیگان لە بارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەوە بۆ سەر کوردەکان وایان لێکدەدایەوە گوایە ئەمە پەرچەکردارێکی سەربازیی عێراقە دژی یاخی بووەکوردەکان، لە بەر ئەوەی هاوپەیمانی ئێرانی نەیاریان بوون، وەکو نووسەری کتێبەکەش دەڵێت: هەرچەندە ڕەنگە لە سەرەتاوە واشنتۆن تێگەیشتنێکی وای هەبووبێ کە پەلامارەکانی ئەنفال دژی یاخبووەکانی کورد بووبێ، بەڵام هیچ گومان هەڵناگرێ کەوا باش دەیزانی ئەنفال لە مانگی ئازارەوە درێژەی هەیە، چونکە

ڕۆژانە ڕۆژنامەکانی عێراق لە لایەن دەزگای وەرگێڕانی سی ئای ئەی وەردەگێڕدران و پوختەی هەواڵەکانیان لە سەر ئەنفال وەردەگرت، ڕۆژنامەکانی عێراق نەیان دەشاردنەوە، بگرە بە ئازایەتی و خۆبەپالەوان زانییەوە باسی ئەنفالیان دەکرد، بۆیە ئەمریکا زانیاریی تەواوی هەبوو لە سەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە ئەنفالیشدا، چ جای هەڵەبجە کە شارێکی قەرەباڵغ بوو. لە ڕاستیدا عێراقییەکانیش پاش ئەوەی زانییان لە میانەی جەنگیاندا لەگەڵ ئێران نیشانەی سەوزیان لە بارەی بەکارهێنانی کیمیاییەوە بۆ داگیرساوە، دەرفەتەکەیان قۆستەوە و نەیانویست بیوەستێننەوە تاکو بە یەکجاری کێشەی کوردیش ڕیشەکێش نەکەن؛ بۆیە سڵیان لە هیچ سنووربەزاندنێک نەدەکردەوە و ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان و گوێیان بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نەدا؛ بەڵام ئەوەی نەیانزانی ئەوە بوو کەوا هاوکێشەی بەرژەوەندییەکان گۆڕاون و ئەمریکا ئیتر وردتر چاودیریی عێراق دەکات و لەمەولا کارێکی ئەوتۆی پێی نەماوە، بە هەمان ئەو لۆژیکە کوردییەی لەبارەی جاشەوە هەبوو، ئەگەر پێشمەرگە نەمابێ، جاش لە پای چی؟ ئەمە بۆ عێراقیش هەمان لۆژیک بوو، مادام جەنگ لە دژی ئێران نەما، ئیتر چاوپۆشی لە عێراق لە پای چی؟ بۆیە ئەو کاتەی ئەو لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا گازبارانی گوندەکانی بادینانی دەکرد، ئەمریکا وردتر چاودێریی جموجۆلی عێراقی دەکرد، سەرباری ئەوەی لە کۆتایی پەلامارەکەدا لە ڕۆژی ٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨

بڕیاری لێبوردنێکی گشتیی یەک مانگەی دەرکرد، بەڵام تا ئەو کاتە نزیکەی ٨٠٠٠٠ هەشتا هەزار ئاوارەی کورد گەیشتبوونە تورکیا. ڕەنگە یەکێک لەو هەواڵانەی ئیدارەی ئەمریکای تووشی نیگەرانی کردبێت هەمان ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان و بریندارانی چەکی کیمیایی بووبن، هەروەکو ئەو لێدوانەی یاریدەدەری وەزیری دەروە لە یاداشتێکدا ڕایدەگەیەنێ (شالآوی دژە مەدەنییەکان کە هەزاران کەسی ناچاری ڕاگوێزان کردووە و باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەن، وا دیارە پێشێلکاریی جدی لە خۆ گرتووە لەمەڕ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤەوە، تورکیای هاوپەیمانمانی خستووەتە دۆخێکی قورسەوە ). بێگومان تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگی واشنتۆن بوو، ئەوەش بە تەواوی جێگەی مەترسی بوو کەوا پەلامارەکانی ئەنفال کێشە و گرفت لە نیوکوردەکانی وڵاتی تورکیا بۆ حکوومەتی تورکیا بڕەخسێنێ. حکوومەتی تورکیاش دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە ڕاستیی دەشاردەوە، لە کاتێکدا عێراق گازی کوشندەی بەکارهێنابوو، سارینی تۆخمە دەماری تەواو ئاوارەکانی شپرزە کردبوو بە جۆرێک ئەوانەی بەرکەوتبوون نەدەگەیشتنە سنوور و زۆریشیان بە برینی چەکی کیمیاییەوە گەیشتبوونە ناو خاکی تورکیا. لە هەوڵێکی تری سەرنەکەوتوودا تورکیا بۆ شاردنەوەی ئەم تاوانەی عێراق ڕێگەی لە چاودێرە بیانییەکان گرتبوو کە ئاوارەکان ببینن، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی ڕێگە لە دیبلۆماتە

ئەمریکییەکان بگرێت کە یەکێک لەوانە پیتەرگالبریس بوو، کە ئەو سەروەختە یاریدەدەری سەرۆکی کۆمیتەی دەرەوەی سەنات (ئەنجومەنی پیران بوو). جگە لەوە ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٧ سەردانی عێراقی کردبوو، چوبوونە سەر سنوور بۆ ئەوەی باسوخواسی چەکی کیمیایی و بەکارهێنانی بزانن. لەو ڕاپۆرتەیاندا کە بە گوێی جیهانیاندا دا، زیادەڕۆیی کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەسانەی تووڕەکرد کە هەواداری مافی مرۆڤن. هێرشە کیمیاییەکانی عێراق دواجار لێدانی زەنگی بەئاگاهێنانەوەیان زیادکرد. لەو کاتەدا کە ئاوارەکانی ناوچەی بادینان لە تورکیادا بوون لێشاوێک ڕاپۆرتی ڕاگەیاندن لە سەر هوروژمی ئاوارە کوردەکان بۆ ناو تورکیا فشاریان خستە سەر بەڕێوەبەرایەتیی ڕیگان، تا کار گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کەوا جۆرج شولز ئیشارەتی توندی ناردبوو بۆ ئەپریل گلاسپیی باڵیۆزی تازە دامەزراوی ئەمریکا لە بەغدا، کەوا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە و ئەو ڕاگواستنانەی کەوا دەرهەق بە کوردەکان لە ئارادان چیتر قابیلی قبوڵکردن نییە و (دەبنە هۆی نارەزایەتییەکی توندی نێودەوڵەتی). مەبەست لەوەیە کەوا باڵوێز نارەزایەتی بگەیەنێتە حکوومەتی عێراق. کورد دەڵی لە پاش باران کەپەنک؟ واتا من کەپەنکی شوانم بۆ بارانە، کە باران تەواو بوو بۆچیمە؟ ئەم نارەزایەتییەی ئەمریکاش کتومت وەکو پەندە کودییەکەیە، ئەویش ناڵێت ئێمە نارازیین، بەڵکو جۆرج شۆلز باڵوێزی ئاگاداركردووەتەوە کەوا ڕەفتاری عێراق

نــاڕەزایەتیی نێــودەوڵەتیی لێــدەکەوێتەوە نەک نــاڕەزایەتیی ئیدارەی ئەمریکی. یوست هێڵتەرمان زۆر بەڕوونی تێگەیشتنی ئەمریکـای دەربـارەی عێـراق و کـورد خسـتووەتە ڕوو: (ئـێمە لەوە تێـدەگەین کە بـارودۆخەکە ئـاڵۆزە و ڕەگێکـی مێژوویـی قـووڵی هەیە و ئەوە بـووەتە مـایەی پەیـدابوونی یـاخیبوونێکی چەکـــداریی وا کە کوردەکـــان تیایـــدا خۆیـــان کـــردووەتە هاوپەیمـانی ئێـران، ئـێمە وای دەبینـین کە عێراقییەکـان چەنـد دەرسـیان دابـدرێت شـتێکی ئەوتـۆی لـێ سـەوز نابێـت، بەڵام دەمــانەوێ ئەوەیــان بــۆ ڕوونبکەیــنەوە کە بێـدەنگ نــابین لە بەرانـبەر پێشـیلکردنی لەو چەشـنەی مـافی مرۆڤدا و بێگومـان ئەمە کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێت لە سـەر توانـای ئێمە بۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکی دووقۆڵیی توندتری نێوانمـان) . ئیتـر کـار بەوەنـدە نەوەسـتایەوە کەوا چاوپۆشــی لە بەکارهێنــانی چەکی کیمیـایی دژ بە کـورد بکرێـت، بۆیە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکـــاش لە٨ی ئەیلولـــدا بە لە بەرچـــاوگرتنی گـــۆڕینی ڕەوشی هاوپەیمانێتییەکەیـان لە زاری وتەبێژی وەزارەتەکەوە بە تەواوی ئاشــکرای کــرد کەوا ویــلایەتە یەکگرتووەکـــان (قەنـــاعەتی بەوە هێنـــاوە کەوا عێـــراق چەکـــی کیمیـــاییی بەکارهێنـــاوە لە هەڵـــمەتە ســـەربازییەکەیدا دژ بە گەریـــلا کوردەکـان). لێرەوە دەتـوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەگەر بهاتبـایە حکـوومەتی عێـراق لە پەلامارەکـانی ٦و٧ ی ئەنفالـدا شکسـتی بخـواردایە و ئەنفـال نەگەیشـتایەتە بادینـان و خەڵکـی ئـاوارەی تورکیـای هاوپەیمـانی ئەمریکـا نەبـووایە، ئەمریکـا

ئەوەنـدە پێشـێلکارییەکانی بە هەنـد نەدەگـرت؛ چـونکە لە کـۆی نیازەکــانی ئەمریکــادا لە دووتــوێی ئەم کتێــبەدا بە ڕوونــی دەردەکەوێ ئەوەنــدەی بە تەنــگ بەرژەوەنــدیی تورکیــاوەیە، ئەوەنــدە بە تەنــگ پێشـێلکارییەکانی مــافی مـرۆڤەوە نیـیە لە کوردســـتان. پـــاش ئەوە جـــۆرج شـــولز هەمـــان ڕۆژی ڕاگەیانـــدنەکەی وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمریکـــا دەربـــارەی بەکارهێنــانی چەکــی کیمیــایی، ســەعدون حەمــادیی وەزیــری دەوڵەتــی بــۆ کاروبــاری دەرەوەی عێــراق بانگهێشــتکرد و لەمبـــارەیەوە سەرزەنشـــتی کردبـــوو. یوســـت هێڵتەرمـــان دەنوسـێت: (بە قسـەی خـۆی کـارێکی پێکـردووە نەبێـتەوە) بە پیی سەرنجی یوست هێڵتەرمـان و تێبینییەکانی کۆبوونەوەکە، شــۆلز بە حەمــادیی وتــووە کەوا " نــاڕەزاییی نێــودەوڵەتی دوابەدوای بەکارهێنــانی چەکــی کیمیــایی لە جەنگــی جیهــانیی یەکەمــدا بــۆ مــاوەیەکی دوور و درێــژ خســتیە ســندوقەوە و دایخســت، کەچــی وا ئێســتا ســەرهەڵدەداتەوە و دەبــێ خەفە بکرێـت" جەختــی لەوەش کردبــووەوە کەوا واشـنتۆن بەڵــگەی حاشا هەڵنەگری هەیە کە عێراق کوردەکانی کیمیابارانکردووە. هەرچەنـدە سـەعدوون حەمـادی نکـۆڵیی لەوە کردبـوو گازیـان بەکارهێنـابێ، بەڵام شـۆلز ناچـاری کردبـوو کەوا ملبدات؛ بەڵام تــاریق عەزیـز تەنــازولی زیــاتری کـرد و ملیـدا بەوەی عێـراق پابەنـدی پرۆتۆکـۆڵی ١٩٢٥ی ژنێـف ببێـت و چەکــی کیمیــایی بەکـارنەهێنن. واشـنتۆن داوای لە بەغـدا کـرد کە ڕوونکـردنەوە بـدات لە سـەر ئەوەی بەڵێـنەکەی کـوردیش دەگـرێتەوە؛ چـونکە

پڕۆتۆکۆڵەکە ململانێی ناوخۆ ناگرێتەوە. لە ٣ی ئۆکتۆبەردا ملیدا، بەڵام داوایەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ڕەتکردەوە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان چونکە عەزیز ئەمەی بە پێشێلکردنێکی نابەجێی سەروەریی عێراق لە قەڵەمدا.

## قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید

لە وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕی پێوەندییەکاندا لە نێوان عێراق و ئەمریکادا، هەروەها ملدانەکانی عێراق، مەسەلەی پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید هاتەوە گۆڕێ کەوا لە ٩ی سێپتەمبەردا ئەمریکا زللەیەکی توندی لە بناگوێی عێراق سرەواند بەوەی سەنات (ئەنجومەنی پیران) یاسای قەدەغەکردنی جینۆسایدی قبووڵکرد؛ لە هەمان کاتدا پڕۆژە یاسایەکی هاوشێوەش لە ئەنجوومەنی نوێنەران خرایە بەرباس، ئەگەر ئەو پڕۆژە یاسا هاوبەشە لە هەردوو ئەنجوومەنی پیران و نوێنەران ڕەزامەندیی وەربگرتایە، ئەوا دەبوایە ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەناردە، قەرزی گرەنتی و شێوەکانی تری هاوکاری و یارمەتی و هاوردەی نەوتی عێراقیشی قەدەغە بکردایە؛ بەڵام دیسانەوە وشەی جینۆساید بووەوە بە کۆسپ و وەکو (ئاڵای سوور)[62] کارێکی

[62] ئاڵای سور رەنگە مەبەستی هەڵکردنی ئالای سوربێت لەلایەن شوراکانەوە کە کۆمۆنیستەکان بەئاڵای سوری ڕێکخراوەکانیانەوە باڵیان

مەترسیداری کردەوە سەر دۆزی کورد. ئەمەش بە ئاشکرا خاوەخاوی پێوە دیاربوو، کەوا زانیارییە بەردەستەکان پشتگیریی پرۆژە یاساکەی نەکرد و هەڵی وەشاندەوە؛ بەڵام هێز وگوڕی دایەوە بەر ڕەخنەگرانی وەکو پیتەرگالبریس کە داکۆکی لە مافی ڕەوای ڕاپۆرتەکە بکات کە لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ٢٠٠٠ دا لەگەڵ یوست هیڵتەرمان دەردەکەوێت کەوا فشار دەبات و داکۆکی لە ڕاپۆرتەکەی دەکات دژ بە عێراق: (ئێمە ئاگامان لە وێرانکردنی سیستماتیکی گوندە کوردنشینەکانی عێراق بوو، بە ئامانج کردنی دەزگا فەرهەنگیەکان و ڕەز و باخ و هێرشەکانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد، کوشتوکوشتار، چ بە کیمیایی یان بە ئیعدام کردن، لێشاوی هەڵاتنی ئاوارەکان بۆ تورکیا بە شێوەیەک کە لەوە دەچوو جینۆساید بێت).

بەهەرحاڵ، ئەمریکاییەکان و ئیدارەی ڕیگان کۆسپیان خستە بەردەم ڕاپۆرتەکەی پیتەرگالبریس، هەروەها تاووتوێی هەڵسەنگاندنەکەی لەمەڕ عێراق و کوردەکانی دانیشتووی عێراق لە سەر بنەمای چەند بەڵگەیەک ئەنجامدرا کە جینۆسایدی کوردیان نەسەلماند. ئەمە بوو سیاسەتی دووڕووانە و ئابڕو چووانەی ئەمریکا؛ بەڵام پاش گرژیی

---

بەسەردا کێشاو ئەمەش سەرنجی ئەمریکای راکێشاو ترسی لەلا دروستکرد، بەپێی لێکدانەوەی نەوشیروان مستەفا ئەمریکا بۆیە لەساڵی ١٩٩١ پشتی کردە خەڵکی کوردستان و هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بەبووەو بەهۆیەوە خەلکی کوردستان توشی ئاوارەیی بوون .

زیاتر لە نێوان عێراق و ئەمریکا و ڕوداوەکانی ئازاری ساڵی ١٩٩١ پەردە لە سەر ڕاستییەکان لاچوون و ئیتر وەختێکی لەبار نەمابوو بۆ بیانووهێنانەوە، کاتێک لێکۆڵەرەوانی سەربەخۆ دەهاتنە کوردستان و دەیانتوانی بە ئازادی سەر لە کوردستان بدەن ڕاستیەکان باشتر ڕوونبوونەوە، لە ساڵی ١٩٩٥ یشدا ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی دەرەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کەوا ئەوەی لە کوردستان ڕوویداوە لە ماوەی ئەنفالدا، بە جینۆساید دادەنرێت. هەرچەندە لە تێگەیشتنی ئەمجارەی ئەمریکادا تەمومژێکی دی دەخوێندرێتەوە کەوا هێڵتەرمان ڕوونی کردۆتەوە (ئەوەی لە ماوەی ئەنفالدا ڕوویداوە بە جینۆساید دادەنرێت) تێگەیشتنەکە لە سەرکوردستان نییە بەڵکو لە سەر بەشێکی کوردستانە کە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەگرێتەوە، نەک بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە، چونکە ئەو کاتەی هەڵەبجە کیمیاباران کرا ئەوشارە لە سنووری ناوچەی قەدەغەکراودا نەبوو، ئەگەرچی کەوتە نێو سەرەتای پەلامارەکانی ئەنفالەوە، واتە کەوتە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفالی یەکەوە، بەڵام هەڵەبجە لە لۆژیکی ئەنفالدا نەبوو، بەڵکو لە نێوتەپوتۆزی جەنگی عێراقدا تاوانەکە ئەنجام درا. بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە پیتەرگالبریس لە ڕاپۆرتەکەیدا زیادەڕۆییی زۆری کردبوو، هێڵتەرمان وتەنی دۆنکیشۆتانە بوو، ئەو وای باسکردبوو کە عێراق هەمووشتێکی ڕامالیوە، ئەمەش گەلێک لە کاربەدەستانی واشنتۆنی تووڕە کردبوو؛ ئەگەرچی

پیتەرگــالبریس سەرســەختانە داکــۆکیی لە ڕاپــۆرتەکەی و لە کــوردیش کردبــوو، بەڵام زۆر لە ســیناتۆرەکانیش کە پێشــتر پشـــــتگیریی پرۆژەکەیــــان کردبــــوو، ڕایــــان گــــۆڕی و پاشگەزبوونەوە.

هەرچەنــدە هێڵتەرمــان بە ڕوونــی پێمــان دەڵێــت کە بــۆچی ســیناتۆرەکان ڕایــان گۆڕیــوە، ئەویــش پێوەندیــدارە بە بەرژەوەنــدییەکی بــاڵاترەوە، بەڵام دەشــێت ئەمە وانەیەکــی گرنگ بێت بۆ خۆشمان وەکو قوربانیی جینۆسساید کە زیادە پێوەنــان کــاریکی ناپەســەند و نەخــوازراوە وەکــو ئەوەی لە مـاوەی ڕابوردوودا بە گۆترەکـاری مامەڵەمـان لەگەڵ ژمـارەی قوربانییـانی تاوانەکـان دەکرد، لە چەشنی ١٨٢٠٠٠ ئەنفالکراو؛ بێگومــان مەبەســتم لە قســەی بــێ بنەمــا و بەڵــگەیە چــونکە دەشـــێت ئەوە ببێـــتە بەهـــانەی هاوشـــێوەکانی ســـیناتۆرە ئەمریکییەکان، دەنا من بۆخۆم بڕوام وایە ئەوەی لە هەڵەبـجە و ئەنفــال تێیــداچوون، نــزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کەس دەبــن، بەڵام بۆچــوون و دۆکۆمێنـت زۆر جیـاوازن، بەڵـگەی ســەلمێنەر بـۆ هەموو کات و سەروەختێک کاری خۆی دەکاتو بۆچوون و بیـروڕا هەر لە چوارچێوەی مەزندەکاریـدا دەمێنێـتەوە و هـیچ ڕاستییەک یەکلایی ناکاتەوە.

بە هەرحـاڵ، وەکو یوسـت هێڵتەرمـان یاداشـتی کـردووە، پـاش ئەوەی لە٢١ی ئۆکتــۆبەردا پــرۆژە یاســاکە شکســت دێنــێ و ئیدارە بە توندی لە دژی دەوەستێتەوە، لە بری ئەوە، ئیدارەی ڕێگان پێشنیارێکی ناپابەندیان کرد بۆ (ئیدانە) سـەرکۆنەکردنی

عێـــراق، بەڵام هـــیچ شـــتێکی ئەوتـــۆی لـــێ نەکەوتەوە. لە چاوپێکەوتنێکیـــدا لەگەڵ پیتەرگـــالبریس، بە داخ و خەفەتێکـــی زۆرەوە لە ســاڵی ٢٠٠٠ دا دەڵێـت: (شــتێکی پــڕ شــوورەیی ڕوویدا و جێگەی گومـان بـوو، چـونکە کـاردانەوەی واشـنتۆن نەک هیچی نەکرد، بەڵکو ڕێگریی لە هەوڵ وکۆششی خەڵکی تریش کرد بۆ ئەوەی هیچ نەکرێت؛ بە پاسـاوی ئەوەی سـزا یەکلایەنەکـــان کاریگەرییـــان نیـــیە) بەڵام گاڵتەجـــاڕییەکەی ئیدارەی ڕیگـان لەوەدا زیـاتر خـۆی نوانـد کەوا پـایزی سـاڵی ١٩٨٨ بـــۆ جـــاری دووهەم ئیـــدانەی عێراقـــی کـــردەوە لەبەر ئەوەی چەکی کیمیـایی بەکارهێنـاوە – بەڵام کەی ؟ ئەوکـاتەی هەمـوو شـتێک تەواو ببـوو- بەڵام ئەگەر ئیـدارەی ڕیگـان و کۆنگرێسـی ئەمریکـا زووتـر کاردانەوەیـان ببـوایە وەک ئەوەی پیتەرگالبریس خستبوویە بەرچاویـان، یـان ڕاسـتتر بڵێین وەکو ئەوەی ئەو دەیەویست، بەلای کەمەوە ڕێگر دەبوون لە ئەنفال و بەلای کـــوردەوە باشـــتر بـــوو ئەگەر زەرەر لە نیوەشـــدا ببڕایەتەوە .

باڵوێزەکـان و پەیـامنێران لە سـنوورەکانی تورکیـادا ئامادەیـان کــردوە هەر لەم بەشــەدا لە باســی (بەرژەوەنــدێکی بــالاتردا) باس لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا دەکات لە ئابلۆقەدانی عێراق و هۆکـــار و جۆرەکـــانی ئـــابلۆقەدانەکە دەخـــاتەرو. شـــەڕە داگیرکـارییەکەی کوێـت بە خـاڵیکەرەوەی ئەمبارەکـانی گـازی عێراق وەسـف دەکـات. لە دوا باسـی بەشـی نویەمـدا دوبـارە

باس لە هاوکارییەکانی واشنتۆن بۆ عێرق دەکات و ئەو قەرزە زۆرەی بە عێراق دراوە دەخاتە ڕوو.

## وتەی کۆتایی: بۆ دەربارەی دەربازبوان

لاپەڕە ونیوێکی وەرگێڕانە کوردییەکەی نوسەرە کە بە لای منەوە گرنگییەکی لە ڕادە بەدەری هەیە ئەویش باسکردنە لە ڕاکێشان و بردنەدەرەوەی دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ، کە وەک فلاش باگێگ (گەرانەوەیەک بۆ یادەوەری یان بۆ ڕابوردوو) هێڵتەرمان لە کاتێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکەڵەی کورد و عەرەب و ئینگلیز، باس لە کوردستان وخواردنی کوردی و ژیان لە کوردستان دەکەن، ئەوبە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەر پردی خابوور. کاتێک کە بۆ ماوەیەکی کاتی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی نەیارە سەرسەختەکەیان هاوپەیمانییان لەگەڵ هێزەکانی سوپای بەعسدا بەست بۆ شکستپێهێانی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە هەندێک باری نائاساییی خوڵقاند و تەواوی ڕێکخراوە بیانییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانی شڵەژاند و ئیدارەی بیل کلنتۆنیش ڕێوشوێنێکی تایبەتی گرتەبەر بۆ پاراستنی کارمەندەکانی و ئەوانەی لەو ڕێکخراوانەش کاریان کردبوو کە ئەمریکا باربووی کردبوون و(فند)ی پێدابوون. ئەمەش هەزاران خێزانی کوردی خستە ناوخەیاڵێکی سەیرەوە وەک ئەوەی لە دۆزەخ ڕزگاریان ببێ بەرەو بەهەشت برۆن

هەروا لە ولاتـــی خۆیـــانەوە بەرەو غەریبـــی و چارەنوســـێکی نادیـــار بارگەیـــان پێچـــایەوە و هەندێکیشـــیان ماڵوحالیـــان هەرزانفـرۆش کـرد و سـەرئەنجام هەمووشـیان بەختـی بـردنە دەرەوەیـــان نەبـــوو -کـــورد وتەنـــی لە قەلـــیش بـــوون و لە کـۆتریش- ئەوانەی تـریش کە لە مـاوەی مانگێکـدا بە فـڕۆکە هەواڵگرییەکـانی ئەمریکـا گەیشـتبوونە جەزیـرەی گـوام؛ لەنـاو ئەو حەشامەتەشـدا هەنـدێکیان زۆر زوو پەشـیمان بـوونەوە وکاڵەکیـان بە ئەژنـۆی خۆیـان شـکاند، چـونکە لە غـوربەتێکی سـامناکدا ڕۆژگاریـان بەڕێـدەکردو هەندێکیشـیان هەتـا ئێسـتا بەهەرشـــێوەیەک بێـــت ئەو نـــامۆییە داوەو لەیەکێـــک لەولاتەیەکگرتوەکـــانی ئەمریکـــا مـــاونەتەوە. لەناویانـــدا ئەو پیاوانەن کەوا لەکۆمەڵکوژی ئەنفال و بیابانەکانی پارێزگاکانی خوارووی عێراق رزگاریان بووەو ئێستا بەخانەوادەکانیانەوە ملیـان بەنـامۆیی‌و کـاری تـاقەت پرۆکێنـی یاسـای کاروژیـانی ئەوێ داوە.

ئەوە دیـاردەیەکی بەرچـاو و ئاشـکرای سـاڵی ١٩٩٦ی هەرێمی کوردستان بوو، کە ئەمریکا جاڕی لێدابوو بە هـۆیەوە هەزاران کـورد سـەرقاڵی خۆکـۆکردنەوە و سـەفەری دوورە ولاتبوون؛ بەڵام بە تەنیشت ئەم حاڵەتەوە لەناو هەراوهۆریای (رۆیشـتن بـۆ ئەمریکـا) ژێربەژێـر وبە نهێنـی گواسـتنەوەی گروپێکی بچووکتریش لە ئارادا بوو، بردنی ئەو گروپە چەند کەسیە زۆرجیـاواز بـوو لەو لێشـاوی کـۆچەی بەهـۆی کـاری رێکخراوەکـانەوە ببـووە دیـاردە، ئەوەیـان تـاڕادەیەکی زۆر

نهێنی بوو پێشتر لە لایەن ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچەوە کاری بۆکرابوو، داوا لە ئەمریکا کرابوو ڕەزامەندی لە سەرگواستنەوە و ژیانیان لەوێ دەربېڕێ. یوست هێڵتەرمان لە ناوجێبێکی ئەمریکاییدا لە چاوەڕوانیی گەیشتنی ئەوکەسانەدایە کە پێشتر لە سلێمانی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکرد بوون؛ ئەوانیش کەسانی ئاسایی نەبوون، بەڵکو هەڵگری نهێنییەکی زۆرگەورە بوون کە تا بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی ٠میدل ئێست وۆچ) هیومان ڕایتس ووچ بە زمانی کوردی، مەگەر زۆر بەدەگمەن دەنا کەس هیچی لە بارەیانەوە نەدەزانی. دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵی بیابان کە ئەوکاتە تەنها (٥) کەسیان لە ژیاندا مابوون( ) ئەوان کە لەگەڵ خێزانەکانیان گیرابوون و لە تۆپزاوا لە پۆلێنکردندا جیاکرابوونەوە و بە پاسی داخراو گوازرابوونەوە بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق. لە ئێوارەیەکی تاریکدا لە قەراخی چاڵێکی تازە هەڵکەندراودا کە بۆ کۆمەڵکوژی کوردەکان ئامادەکرابوو، کەخۆشیان نەیاندەزانی کوشتنی چەند کاروان لە پێش ئەوانەوە دەستی پێکردبوو، ئەو چەند کەسە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و موعجیزە ئاسا دەربازیان بووبوو؛ هەرچۆنێک بووە، خۆیان گەیاندبووەوە کەرکووک و دەوروبەری و هەریەکەیان بە شێوەیەک خۆیان پەنا دابوو، بەڵام چۆن دەربازبوونێک ئەوماوە زۆرە هەر لە ترس و دڵەڕاوکێدا ژیابوون؛ بەڵام کاتێک هێڵتەرمان لە ڕێگەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچەوە کاری بۆ دەربازکردنیان

کردبـــوو، ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا ڕەزامەنـــدیی دەرنەبڕیبـــوو بـــۆئەوەی بچـــن لە ئەمریکـــا بـــژین، بەڵام جەختکـــردنەوەی یۆســـت هیلتەرمـــانو قەنـــاعەت پێهێنـــانی ئەمریکاییەکـان کـاتێکی زۆری خایانـد بەلای کەمەوە ٥ سـاڵ هەوڵدان بەردەوام بووە هەتا ئەمریکاییەکان بروایان بەوە هێنا ئەو کەسـانە ژیانیـان لەمەترسـیدایەو لە داهاتووشـدا دەتـوانرێ وەک شـــایەتحاڵی گرنـــگ لە دادگـــایی کردنـــی ســـەدام و داروەدەســـتەکەیدا بەکاریانبهێنێـــت. لەولاپەڕەیەدا هێلتەرمـــان دەنووسـێت: (هاتنیـان خۆشـییەکی زۆری پێبەخشـیم، بەڵام کورتخـایەن بـوو چـونکە بە هـۆی گرفتـی ناسـنامەوە تەنهـا (٣) سـێ پیـاو و خێزانەکانیـان لەگەڵ مێردمنـداڵەکە (تەیمـور- ع) توانییـان لە سـنووربپەڕنەوە و دەسـتبەجێ سـواری فـڕۆکەی هەواڵگریی ئەمریکا کران؛ بەڵام بەداخەوە ئەوە نەبووە مـایەی پێشـوازییەکی شایسـتە بەڵکـو ئەوانیشـیان وەکـو ئەو هەزاران کـوردەی تـر لە جزیـرەی گـوام دانـا بـۆ ئەوەی مـاوەی چەنـد مانگێـــک ڕاهێنـــانی فێربـــوونی زمانیـــان پێـــبکەن. دوو دەربازبووەکەی تر –کە من پێمـوایە واحید و ڕەمەزان بـوون- مـــاوەی دوو ســـاڵ لە کوردســـتان مـــانەوە، ئینجـــا توانییـــان بیانبەن بۆ ئەمریکا) لێرەدا نووسـەر دەسـتی خسـتووەتە سـەر شـێوەی ژیـان و مەحروومییەتـی تـری ئەوان، ئەویـش ئەوەیە کە کەسـانی لادێ نشـین و نەخوێنـدەوار کە (جـگە لەوەی بە هـۆی خزمەتـی سـەربازییەوە هەنـدێک شـاری وڵاتـی خۆیـان دیبـوو، هیچیـان دەربـارەی دەرەوەی گونـدەکانیان نەدەزانـی)

ئەمەش لە چەند لایەکەوە پێویستی بە تێڕامانی قووڵ هەیە: کێن ئەوانەی کۆمەڵکوژکران؟ دۆسێی کورد چۆن دەبێتە کارت بۆ نیاز و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا؟ ئەوان کە دەبنە کارت بە دەست ئەمریکاوە و لە دادگا ئامادەسازییان بۆ دەکرێت، بۆ ئەوە نییە کە کورد وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو بناسێنن بەڵکو بۆ ئەوەیە بە جیهان بڵێن ئەوەی ئێمە دەیڕووخێنین ئەو ڕژێمە ستەمکارەیە کە ئاوا مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە یەکلایی کردنەوەی دۆسێکەش بە جینۆساید ئەنجامێکی زۆر گرنگ وئیجابییە بۆ کورد.

یۆست هێڵتەرمان باس لەوەش دەکات کە گواستنەوەی ئەو کوردانە بۆشێوە ژیانێکی مەدەنیی کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لە ماوەی (١٠) ساڵدا، هەرچەندە خۆیان کاری تاقەت پڕووکێن و کرێی نزم دەکەن، بەڵام منداڵەکانیان لێی سوودمەندن و گەشە دەکەن و فێری زمان و بەلای کەمەکەیەوە فێری ئینتەرنێت دەبن، خوێندنی بەرز تەواو دەکەن، دواجار ئەوان هیچ نەبێت لە ئارامیدا دەژین و هیوایان بە دواڕۆژە؛ بەڵام ئەوە هەرچۆنێک بێت بۆ کورد و سیاسەتمەدار و بزنزمان و سەرمایەدارەکانی، کە زۆربەیان کار بەدەستی کوردن لە هەرێمی کوردستان، شەرمە ئەوان کە سومبولی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی کوردبن هێشتا کاری تاقەت پڕووکێن بکەن و لە چێشتخانە و شوێنە گشتیەکان

یاخود لە گەراجێک یان لە پێشانگایەکی ئۆتۆمبیل خەریکی سەیارە شۆردن بن.
هێڵتەرمان تا دوا دیدار شتێکی دەربارەی دەربازبووانی تری هاوشێوەی ئەوان نەدەزانی و لە دیدارێکی کورتدا کە لەهۆتێل ئاسۆس یەکترمان بینییەوە باسمان لێوەکرد، ئەوانیش ئەو ٦ کەسەی ناوچەی بادینانن کە لە کۆمەڵکوژییەکی تری ئەنفال بە موعجیزە دەربازیان بووە. ئەوان نەک هەر ڕێکخراوی مێدڵ ئیست وۆچ لەراپۆرتەکەیاندا باسی نەکردوون، هیومان ڕایتس وۆچیش وەک ئەوانەی تری گەرمیان فریایان نەکەوت، بەڵکو هێشتا لە کوردستان بە شێوەیەکی زۆرخراپتر دەژین، لەناویاندا هاشم محەمەد لەفەرمانگەی ڕێگاوبان شۆفێری گەلابەیەو عەبدولکەریم و عەبدولقەهاریش هێشتا لە بەرەی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی هەرێمدا چەکیان بە دەستەوەیە؛ یان فەرمانبەرێکی ماندووی پلەنزم و مووچەکەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن.

## سەرئەنجام

ئەم بەشەی کتێبەکەی هێڵتەرمان کە نووسەر بە (سەرئەنجام) ناوی ناوە، دوا بەشی کتێبەکەیە و سەرئەنجامی چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت، لەوانە (کورد و بووژانەوەی ناسیۆنالیزم) بەشێکی گرنگێتی و باس لە بووژاندنەوەی ناسیۆنالیزم دەکات؛ هەروەها باس لەو دەستکەوتانەش دەکات کە کورد لە ئەنجامی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە وکیمیابارانندا دەستی کەوتووە؛ سەرەڕای ورووژاندنی ترسی کورد لە گازباران، کە تەنها بە چاوسوورکردنەوە و پڕوپاگەندەیەکی هەڕەشە ئامێزەوە زیاد لە ملیۆن و نیوێک کورد لە شارەکانیان دەردەپەڕێنێت. مەبەستی نووسەر ئاوارەیی ملیۆنیی خەڵکی کوردستانە کە لە دوای ڕاپەڕینی ئازارەوە لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا لە ترسی کاردانەوەی چەکی کیمیایی و دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژییەکی تری هاوشێوەی ئەوەی لە هەڵەبجەو ئۆپەراسیونەکانی ئەنفالدا رویاندا شارە گەورەکانیشیان چۆڵکرد و بەرەو ئێران و تورکیا، یاخود بەرەو سنوورەکانی ئەو دوو وڵاتە ڕەویانکرد، سەرباری هەر مەینەتی و ئازارێک کەچەشتیان بەڵام سەرنجی جیهانیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا. ئەگەرچی بەعس لە کۆڕەودا نەیتوانی وەکو ئەنفال و هەڵەبجە خەڵک بکوژێ، بەڵام بە هۆی ئەو پەلامارەوە لێرە و لەوێ خەڵک کوژران و لە سەر سنوورەکانیش خەڵکێکی زۆر لەبرساو لەژێر ڕەهێڵەی بارانی بەخوڕی بەهاردا -کە لە نەگبەتیی

خەڵک چەند ڕۆژێک دایکردبوو- گیانیان لەدەستدا. بەڵام ئەو سەروەختە هەلومەرج جۆرێکی تر بوو بەلای کەمەوە جەنگی عێراق-ئێران وەستابوو، دنیای دووجەمسەری مەرگی خۆی ڕاگەیاندبوو، هەلومەرجیش تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندیی کورددابوو.
نووسەر دەڵێت ئەگەر لە ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٤)دا ئەمەریکا عێراقی بخستایەتە ژێر فشارەوە، ئەوا ئەو کوشتار و جەنگانەی کە هەبوون لە ساڵانی دواییدا ڕوویان نەدەدا. هەروەها بە بەڵگە ئاگاداربوونی موخابەراتی ئەمەریکی ڕوون دەکاتەوە لە سەر هێرشەکەی هەڵەبجە، کە پێش مانگێک لە هێرشەکە ئامادەکارییان بۆ بینینی وێنەکان بە وێنەی سەتەلایتی کردووە، لە سەر زاری ئەوانەوە دەگێڕێتەوە کە وێنەکانیان بینیوە.
لە بابەتی (بە ئامانجکردنی خەڵکی مەدەنی : گەشەکردنی کلتوری لە سزا دەربازبووان) نووسەر باس لە هۆکاری پەلامارەکانی حزبوڵڵا دەکات بۆ سەر هێزە فرەڕەگەزەکان لە لوبنان، هەرەها وتارێکی دۆنالد ڕامسفێڵد دەخاتە ڕوو کە باس لە خاڵە لاوازەکانی کارەکانی خۆی دەکات لە کاتی هێرشە جەنگیەکاندا، هەروەک چۆن کۆمەڵێک لە کارە قێزەونەکانی ئەمەریکاش ئاشکرا دەکات. کورد دەڵێت (لە پاش باران کەپەنکم بۆ چییە؟) تازە دانپێدانانەکانی ئەمریکا و ڕاوێژکارەکانی چی لە زیانە ماددی و مرۆییەکانی کورد دەگێرنەوە کاتێک کە ئەم دانپێدانانە نەبنە مایەی گۆڕینی

تێڕوانینــی ئەمریکــای نــوێ بــۆ عێــراق و کوردســتان؟ بەڵام پێویستە بەو لۆژیکەش قایل بین کە دەڵێت زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە. دەنا ئەو خوێنە زۆرەی لە بەر کورد بە تایبەتی و عێراقییەکان بە گشتی ڕۆیشتووە، هەمووی لە سۆنگەی بێدەنگیی ئیدارەی ڕیگان و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکانی ترەوە بوو؛ کەچی لە دوای ئاشکرابوونی تاوانەکانیش هێشتا لە بەر خاتری ئەو بەرژەوەندییە باڵایە هەر بێدەنگن! پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەو وڵاتانە بە تایبەتی ئەمریکای زلهێز بەتەنگ کوێی مافی مرۆڤەوەیە؟ مەگەر کوردیش بەشێک نەبوو لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی؟ مافی نەبوو؟ هەقی داکۆکی لێکردنی نەبوو؟ کورد شایانی ئەوە نەبوو داکۆکیی لێبکرێت و پاکتاوکردنی بەو شێوە مەترسیدارە و بەو ئاستە لە ستەمکاری ئیدانە و مەحکووم بکرێت؟

## کۆتایی

بێگومـان تـاوانی کیمیابـارانکردنی هەڵەبـجە گەورەتـرین غەدر بوو کە لە سـەدەی بیستەمدا دەرهەق بە مرۆڤـایەتی بەگشـتی و بەرامـبەر بە کـورد بە تـایبەتی کـرا. هەرچەنـدە تـا ئێسـتاش هەڵەبـجە بووەتە زەخیرەیەکی گەورەی میـدیای جیهـانی، بەڵام ئەوەی لە سـاڵی ١٩٨٨ ڕوویـدا، هەر بە تەنهـا بـۆ شـاری هەڵەبـجە مەرگەسـات و مەینەتـی نەبوو، بەڵکو هەمـوو خەڵکی کوردسـتان بە دەسـت ڕژێمـی سـەدام حوسـێنەوە لە تـرس و مەینەتیـدا دەژیـان؛ ئەو ڕژێـمەی ئەنجـوومەنی ئاسـایش و ئیـدارەی ڕێگـان لەگەڵیـدا هاوسـۆزبوون. ئەو کەسـانەی لە ئۆردوگـا زۆرەملێکانـدا کۆکرابـوونەوە، مافێکیـان نەمـابوو پێوەنـدیی بە ژیـانەوە هەبێـت، کۆمەڵگەکـان کە پاشـگری (شارسـتانی) یـان پێـوە لکێنـدرابوو ( المجمعـات العصـریە) بە هیچ پێوەرێک مانـای ژیانی پێوە نەبوو. ئۆردوگاکان شـوێنی ژیانی ئاسایی نەبوون، بەڵکو گرتووخـانەیەکی مەترسیداربوون بـۆ شـێوە مردنێکـی لە سـەرخۆی نەتەوەیەک کە لە گونـدەکانەوە بە زۆرەملـێ و بە زەبـری چەکـی کیمیـایی هێنرابوونە خوارەوە؛ هەروەک عەلی حەسـەن مەجید وتبووی: (هەموویان بە چەکی کیمیایی دەتۆقێنم و ڕاپێچیان دەکەمەوە، وەک مریشک چۆن جووجەڵەکانی خۆی دەخاتە بن باڵ، ئاوا دەیـانخەمە بـن بـاڵی خـۆم و بەو ئایـدۆلۆژییە پەروەردەیـان دەکەم کە خۆمـان پێویستمانە. ئایـدۆلۆژیای بەعس) دەبێـت ئەوەش بڵێین کە ئەو ڕژێمە لە ئاسمانەوە نەهـاتبووە خـوارێ

تــا لە هــونەری ســەرکوت و پێشــێلکاریی مــافی مرۆڤــدا موعجیزەسـازی بکـات، بەڵکـو بەعـس لە هەنـاوی کـۆمەڵگەی عێـراقییەوە هـاتبووە دنیـاوە و جموجـۆڵ و مـامەڵەی تونـدی کاربەدەســتانی ســوپا و بەرپرســانی حــزب و حکــوومەت لە فکری شـۆڤێنیزمی عەرەبییەوە سـەرچاوەی گرتبوو؛ هاوکـات سوودمەند بوو لە زانستی مۆدێرن و لە ڕووی مەعنەویشـەوە بە هۆی ئەو سامانە زۆرەی لە عێراقدا هەیە و بە هۆی جەنگ و ناتەبــایی لەگەڵ ئێــران، ســۆزی ئەنجــوومەنی ئاسایشــی نێودەوڵەتیشــی بە ڕوســیا و ئەمریکاشــەوە بەدەســتهێنابوو؛ بەلایەنـی کەمەوە بێـدەنگی و چاوپۆشـیی ئەوان دەرفەتـی دایە عێــراق و تــوانیی بــازنەی تاوانەکــانی فراوانتــر بکــاتەوە و پێشــێلکارییەکانی هەڵکشــێن تــا ئاســتی جینۆســـاید و کۆمەڵکــوژییەکی مەترســیدار. ســنوور بەزانــدن و ملهــوڕیی ڕژێمـی بەعـس بە دەسـت سـەدام و ئـامۆزا و خزمەکـانیەوە تاونی نائاسایی و کارەساتی مرۆییی گەورەی خستەوە.

سـەدەی بیسـتەم لە پێشـێلکاری و کۆمەڵکوژیـدا نقـوم بــوو، ئــابڕووچوونی کــۆمەڵگەی نێــودەوڵەتی و ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، بوونە زەقترین سیمای جیهان. بێگومــان ئەگەر بێــدەنگیی کــۆمەڵگەی نێــودەوڵەتی نەبــوایە، جینۆسـاید شـتێک نەبـوو ئەو بە تەنهـا ئیـرادە بکـات، بەڵکـو زەمیــنەی نــاوخۆیی و دەرەکــی بــۆ لەبــاربوو. بێــدەنگیی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی بە تـایبەتی ئەنجـوومەنی ئاسایشــی نێــــودەوڵەتی و بــــێ هەڵوێســــتیی ڕێکخــــراوی نەتەوە

یەکگرتوەکـان، بە هـۆی بەرژەوەنـدییەکانی خۆیـان و لە دژی دەسـەڵاتی پاوانخوازی ئیسلامیی ئێران لە لایەک و نـاکۆکی و ململانێی وڵاتان لە جەنگی ساردا لە لایەکی ترەوە، ئەوپەڕی بـێ ویژدانـی و بـێ بەهـاکردنی پەیماننامەکـانی خۆیـان بـوو. ئەوان ئەگەر چاوپۆشـــییان لە عێـــراق دەکـــرد لە بەرانـــبەر جینۆسـایدکردنی کـوردا، ڕێککەوتننامەکـانی خۆیـان پێشـێل دەکرد. تەنها بۆ بیرهێنانەوە: جاڕی گەردوونیی مافـی مرۆڤ کە لە ١٩٤٨/١٢/١٠دەرچـــووە، بڕیـــاری ئەوەی تێـــدایە کە جەوهەرییە مافی مرۆڤ بە ڕێگای دەسـەڵاتی ماف بپارێزرێت بۆ ئەوەی مـرۆڤ وەک دوا ئامرازی بەرگری کـردن لەخـۆ، لە دژی دڕندەیی و چەوساندنەوە ناچاری ڕاپەڕین نەبێت. لە بەر ئەوەی مافـی مـرۆڤ لە کوردسـتان نەپـارێزراوە، گەلـی کـورد ناچـار بـووە لە دژی دڕنـدەیی و چەوسـاندنەوە ڕاپەڕێـت و بەرگـــری لە خـــۆی بکـــات و وەک دوا ئـــامراز ڕێگـــای وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت .

ئەمە ئەگەر حاڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووبێ، ئەوا نەبوونی ئیـــرادەی عێراقییەکـــانیش لە نـــاوخۆدا هۆکـــاری ســـەرەکیی جەبەڕوتی ڕژێمـی تۆتالیتـاریزمی بەعس بوون، وەکو کەنعـان مەکییە دەڵێت: ئەوە ڕژێمـی سـەدام نەبوو کە خەڵکی بێدەنگ کردبـوو، بەڵکـو ئەوە بێـدەنگیی خەڵـک بـوو ڕژێمـی بەعسـیان دەست ئـاواڵا کربـوو لەو تاوانـانەی ئەنجامی دەدان . بێگومـان ئەم بۆچـــوونە بەو مانـــایە نـــایەت کە لە نـــاوخۆی عێراقـــدا بەرهەڵسـتی و کێبەرکـێ لەگەڵ سـەدام و ڕژێمەکەیدا نەبـووە،

بەڵکو مەبەست لە بێدەنگی بێدەنگیی کۆی کۆمەڵگەی عێراقە لەو هەموو پێشێلکارییانەی دەرهەقیان کرا؛ نارەزایەتییەکان نەگەیشتنە ئەو ئاستەی  دەستی بەعس کورتبکەنەوە و خەونە مەترسیدارەکانی پووچەڵ بکرێتەوە.

ئەگەرچی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە سەر دەستی سەدام حسین و ڕژێمەکەی لە ساڵی ١٩٨٨ گەیشتنە لوتکە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا بە زۆر بەی مەرامە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی گەیشتبوو، پەلامارەکانی ئەنفالی تەواوکردبوو، جەنگی ئێران-عێراق ڕاوەستابوو، بەڵام لە قەیرانێکی هەمەلایەنەی سیاسی و ئابووری و  کۆمەڵایەتیی پاش جەنگی هەشت ساڵەدا دەتلایەوە و بەدوای چارەسەر و دەرچوونی ڕژێمەکەیدا دەگەڕا، کە سەرئەنجام لەو قەیرانە دەرنەچوو، بە مەرگی ڕژێمەکە و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق و لە سێدارەدانی سەرۆکەکەی کۆتاییی هات.

بەعس هەر لەگەڵ نەیارەکان و دوژمنە زۆر لەمێژ بوو دەستی بەتاوانی کۆمەڵکوژی کردبوو، هەر لەئیعدامکردنی تاکە کەسی هێزە ئۆپزسیون‌و شۆرشگێرەکان‌و بەرهەڵستکارەکانەوە کەبەعس بەنەیارو دوژمنی حزب‌و دەوڵەت ناوزەدی دەکردن.

کۆی هەموو ئەو تاوانانە و هۆکاری بێدەنگی و ناڵەقوربانییەکان و شایەتحاڵەکانی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال، کرۆکی باسەکەی یوست هێڵتەرمانن. ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارانەی حزب و دەوڵەت کە بە بیانووی جیاجیاوە

ئیعــدام کــران، کەم نەبــوون ئەو ســەربازانەی لە بەرەکــانی جەنگدا بە دەستی لیژنەی کوشتن (لجنه الاعدامات) کوژران و ناوی ترسنۆکیان لێنرا و نەیانهێشت پرسەیان بۆ دابنرێ.

جـگە لە تـاوانی کیمیابـارانکردنی شـاری هەڵەبـجە و تـاوانی کۆمەڵکـوژیی ئەنفـال، گەلێک تـاوانی کۆمەڵکـوژیی تـری ڕژێـم تۆمـارکراون و خەڵکێکـی زۆر لە ســەر شـانۆی ڕووداوەکـان کـوژراون و شـوێنبزرکراون. بە هەزاران سـەربازی هەڵاتـوو، خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگاکـان، جووتیـارانی گوندنشـین و کاسبی ناوشارەکان، تەنها لە سەر گومانی لەوەی پێوەندییان بە هێـــزە ئۆپۆزســـیۆنەکانەوە هەبـــووە، لە لایەن ڕژێمـــی بەعســەوە کـوژراون و زۆریشـیان بە ئاشـکرا و بە بەرچـاوی خەڵکەوە گوللەباران کراون، گیراون. کوشتنی منداڵانی خـوار تەمەن (١٨) ساڵ هەتـا ئەمڕۆش بـووەتە ترسـێکی هەستپێکراو لە دەروونی گەنجانی عێراقیدا. ئەم کۆمەڵکوژییە ومەراسـیم و ئاهەنگی کوشتنیان لە سـەرجادە وشـوێنە گشتییەکاندا، یەکێکە لە دزێوترین ڕەفتـارە نامرۆڤایەتییەکـانی بەعس و هەتـا ئەمڕۆ کــاریگەریی خراپـی بەســەر تــاکی عێـراقییەوە بەجێهێشـتووە. ڕەنگە لێرە پێویستمان بە بەڵگە هێنانەوە نەبێ، چونکە زۆرن ئەو فەرمــانبەر و مامۆســتایانەی بە زۆرەملــێ دەبــران بــۆ ئاهەنگی کوشتنی ئەوکەسانەی لە سەر شـەقامەکان گوللەبـاران دەکـــران و پیـــاوانی ڕژێـــم بە زۆری زۆرداری لە دوای گوللەبارانکردنی هاوشارییەکانیان چەپڵەیان پێلێدەدان.

وەنەبێ ئەم دیمەنانە هەر لە گێڕانەوەی دەماودەمی چیرۆکی ئەو کەسانەوە بگەنە زیهنی نەوەی ئەم سەردەمە، بەڵکو لە ڕێگەی ڤیدیۆ سیدی و تەنانەت لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانیشەوە بەردەوام دێنەوە ناومان و گەنجان و مێرد منداڵانی پێ ئاڵودە دەکرێت؛ ئەمە جگە لەوەی کاریگەریی خراپیشی بەسەر ئەو کەسانەوە بەجێهێشتووە کە ئەو دیمەنانەیان بە چاوی خۆیان دیوە. دیسانەوە زۆرن دیمەنی تراژیدیای کوشتن و گوللەبارانکردنی مرۆڤی کورد و عێراقی کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، لەپاش ڕاپەڕین نمایشکراون و کەوتوونەتە بەر دیدەی خەڵک. ئەگەرچی ئەم تاوانانە لە ناوخۆی وڵات و دوور لە چاوی ڕۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدەدران و ڕژێمی بەعسیش ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە چەواشەکاری و شێواندنی ڕاستیەکاندا، ئەو دەیزانی لە چ کاتێکدا تیری کەوانەکانی دەهاوێ، بەڵام سەرئەنجام ئەو تاوانانە هەر بەسەر ڕژێمی سەدام حوسێندا ساغ دەبنەوە، هەروەکو چۆن ئەو کاتەی خەڵکی دۆڵی بالیسانیان گازباران کردبوو، بە بەرکەوتووەکانیان ڕادەگەیاند: بە مەرجێک تەداوییان دەکەن کە بڵێن فڕۆکەی ئێرانی کیمیاییی بەسەردا کردووین! ئەمەش هەر بۆ ئەوەندەبوو کە لە دەمی قوربانییەوە ئەم درۆیە بچێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان، دەنا دواتر قوربانییش چاوی بە دنیا نەدەکەوتەوە؛ وەکو ئەوەی لە خەڵکی گوندی شێخ وەسانان ڕوویدا: دوای ئەوەی بریندارەکان بە دەستبەسەری گەیەنرانە

نەخۆشخانەی هەولێر، ئیتر پیاوەکانیان کە بریتی بوون لە ٧٣ کەس نەبینرانەوە.

بۆمب بارانی شاری هەڵەبجە، هەربەتەنها کۆمەڵکوژیی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو ئەو شڵەژان و نا ئارامییەی بە دوای ئەو تاوانەدا هات، هەتا ئەمڕۆ کە ١٠ساڵ بەسەر ڕووخانی یەکجاری ڕژێم و ٢٦ ساڵ بەسەر تاوانەکەو ٢٢ ساڵیش بەسەر حوکمڕانیی دەسەڵاتی کوردیشدا تێدەپەڕێ، هێشتا بەردەوامە وهێشتا هەڵەبجەییەکان، بەدەم ئازاری برینەکانیان و نەخۆشییە دەروونییەکانیانەوە دەتلێنەوە، هێشتا ژنان و پیاوان لە دڵەڕاوکێی قورسدا هاوسەرگیری دەکەن و لە خستنەوەی منداڵی ناتەواو دەترسن؛ تاوانەکە جگەلەو کۆمەڵکوژیەی لێی کەوتەوە دەیان دیاردەی مەترسیدارو کاریگەری سایکۆلۆژی دەردوبەڵای قورس، سەدان کارەساتی خستووەتەوە هەموو ئەم کارەساتانە لەدوای چارەکە سەدەیەک هێشتا بەردەوامن.

ڕژێمی بەعس لە کاتێکدا پەلامارەکانی ئەنفال و بۆمبارانی شاری هەڵەبجەی ئەنجامدا بەو نیازەی تاوانەکانی لە ناو تەپوتۆزی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا ون بکات؛ هەر بۆیەشە ماوەیەکی زۆر، بە مەبەست بووبێ یان لە نەزانییەوە، مشتومڕی ئەوەی نایەوە داخۆ عێراق یان ئێران کامیان چەکی کیمیاییی لە دژی خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە بەکارهێناوە و کۆمەڵکوژیی کردووە! زەمینەی ئەوەش لە بار بوو کە لایەنە شەڕکەرەکان هەرلایە و ئەوی تری تاوانبار دەکرد، بەڵام

هێندەی نەبرد تەمومژ لە سەر ئەم مشتومڕی تاوانە ڕەوییەوە و ڕژێمی بەعس وەکو جێبەجێکار و تاوانبار بەدەرکەوت. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا عێراق پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی گەورەی هەبوو بۆ چەواشەکردنی تاوانەکەو لانیکەم بێدەنگە لێکردنی کە بە تەواوی لە بەرژەوەندیی عێراق دەشکایەوە.

## ڕوانینێکی تر

ئەگەرچی کتێبەکە تایبەتە دەربارەی سیاسەتی ئەمریکاو گازبارانی هەڵەبجە بەڵام لە بەرئەوەی نوسەر جارباجار کارەکەی تارازاندووەتە ناو بابەتێکی گشتییەوە دەبارەی گازباران بۆیە کەلێنێکم بەدی کرد، لێرە بەدەرفەتی دەزانم ئاوڕی لێبدەمەوەو هەڵوەستەی لەبارەوە بکەم، ئەویش کیمیابارانکردنی شوێنانی ترو زەرەرە گیانی وماڵییەکانی خەلکی مەدەنییە، بەبێ ئەوەی کەس باسیان بکات، یان لە هیچ شوێنێکی فەرمی لایەنی پەیوەندیدار تۆمارکرابن بێجگەلە بریندارانی هەڵەبجە من زۆر برینداری ترم بینیوە کە هەتا ئیستا بەدەست ئازارەوە دەناڵێنن، بەوپێیەی بەهاری ساڵی ٢٠١٣ ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچەکیمیابارانکراوەکان دەستی دایە بەرنامەیەکی گرنگ وبایەخدار، کە من بۆخۆم سەرپەرشتیم دەکرد، ئەویش دۆزینەوەو ناونوسکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی و هاوکاری و فریاگوزاری خێرا

بــوو لە نــاوچە جیاجیاکــانی کوردســتان، بەداخەوە لە بەر سنورداری پارەی پرۆژەکە و کەمی کاتی من نەتوانرا پەل بهاوێتە ناوچەی بادینان، بەڵام لەکۆی ئەوناوچانەی بەرچەکی کیمیــایی کەوتبــوون (دۆڵــی جافــایەتی ، شــارباژێڕ، دۆڵــی ئاکۆیان، گۆپتەپەو عەسکەر، سێوسێنان، دۆڵی بالیسان) نهێنی ســەر ســوڕهێنەر دەســت رێکخــراوەکە کەوتــن، بۆنمــونە لە گوندی مالومەی سەربەناحێی گاپیلۆن لەشارباژێر ٣٠ کەس بەژن وپیاو مندالەوە بەرچەکی کیمیایی کەوتوون وئێستاش پێیەوە ئاڵودەن، لەگوندی چالاوای دۆڵی جافایەتی سەربەناحێ ســورداش، قەزای دوکــانیش ٢٠ کەس بەرچەکــی کیمییــایی کەوتوون، لەگوندی گەرەوانی خواروش لەدۆڵی ئاکۆیان دازدە برینــدار هەن، جــێگەی ئامــاژەیە هــیچ کــام لەم ســێ گونــدە هەرگیــز وابــاس نــاکرێن کەبەر چەکــی کیمییــای کەوتــوون وکەسیشــیان لەلایەن حکــومەتەوە وەک برینــداری چەکــی کیمیــایی ناونوســنەکراون. کەچــی بەبەراورد لەگەل گونــدی عەسکەرو گۆپتەپە، بریندارانی چەکی کیمیایی مالومەو چالاوا زۆر زۆرترن وبرینەکانیشیان کاریگەرترە ! ئەم دوو گوندەی دۆڵی جافایەتی وشارباژێڕ دووجار بەربۆمبارانی کیمییایی کەوتوون، جارێک لە چیای مادێنە[63]،کە بەهۆی کاتوێشاوە گازبارانکراون، جاریکیش بەفرۆکە لەئۆردوگای هەوارەخۆڵ نزیــک شــاری بــانە. لەنــاو بریندارەکانــدا دۆســێی جیــاواز

---

63 مادێنە کەوتووەتە نێوان گوندەکانی چالاواو گوێزیلێ بەرامبەر گوندی هەلەدن .

دەبینرین، ساڵح ئیبراهیم مەحمود لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ەو لەگوندی مالومە دەژیا، ئەم بریندارە حالەتی زۆر خراپە هەرچەندە تەمەنی زۆر نییە، بەڵام کاریگەری گاز وای لێکردووە پتر شێوەی پیرەمێردیک دەنوێنێ هەتا گەنجێک، ئەویش لەچیای مادێنەو لەهەوارە خۆڵ بەرکەوتووە، چاوەکانی لەدەستداوەو لەمەترێک زیاتر بەرچاوی خۆی نابینێت، ڕیخۆڵەکانی تەواو هەراسانیان کردووەو بە قسەی زارەکی دکتۆرەکانیش بێت، سیەکانی تەواو خراپ بوون . سەرباری ئەو بارە نائاساییەش بەتەنیا دەژی، ئەوەندە هەیە برایەکی هاوکاری دەکات، چەندجارێکیش بردویانە بۆ بەغدا، بەڵام لەوێش هەروەک دکتۆرەکانی سلێمانی بێسود بووە. ساڵح ئەوکاتەی بیرە کە کاتوێشاکان بەسەریدا هاتوون و لە شاخەکەی بەرامبەریانی داوە، بەڵام رەنگی سوری بەدیکردووەو دەنگ ونالەیەکی وایان نەبووە بیترسێنن، کەچی وەک دوژمنێکی نهێنی کاتێکی زانیوە زەفەریان لێهێناوەوهەرئەوەندەی زانیوە چاوەکانی خورویان تیکەوتووەو فرمێسکیان پیداهاتووەتە خوارەوەو تەنگە نەفەس بووە، بۆ نەگبەتی کاتێک گەیشتوونەتە ئێران لەوێش بەیانییکی زووی رۆژی ١٠ی تەموزی ساڵی ١٩٨٨ فرۆکە گەیشتووەتە سەریان و جارێکی تر بە بۆمبی کیمیایی بۆردومانیان کردوونەتەوە.

هەمزە کە ئێستا گەنجەو لەگوندی چالاوا نیشتە جێیە، هەمان رۆژی ١٩٨٨/٧/١ لەهەوارە خۆڵ بەرکەوتووە، ماوەی ١٦

رۆژی تەواو لە خەستەخانەیەکی شاری "تەبریز"[64] لەژێر چاودێری پزیشکدا بووەو تەداوی کراوە، دەڵێت، من ئێستا تەنها گرفتی چاوەکانم هەیە، دەنا تەندروستیم باشە، بەڵام هیچکام لەبریندارانی گوندی مالومەو چالاوا کە برینداری چەکی کیمیاین، هێشتا لەلایەن لیژنەکانی وەزارەتی شەهیدانیشەوە نەبینراون. ئەم حالەتەی ئیبراهیم رێک لەگەل هەمان ئەو وەسفەی ئارنۆڵد کارنسکێس هاوجوت دیتەوە.کە نوسێویتی ( گازی ژهەراوی مۆستەردگاز( خەردەل) بۆنی پیازوسیری لێدێت، هەربۆیە پێشی ئەوترێت " هەناسەی شەیتان". تەنیا بەرکەوتنی تۆزقاڵێک لەم تێکەڵە قاوەییە چەورە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا دەبێتە هۆی زۆرترین ئازاری سوتانەوەی لەش، ئەگەر بەرچاوەکانیش بکەون ئەوا دەبێتە هۆی لە دەست دانی بینایی، هەڵمژینیشی لەوانەیەکاریگەری یەکجارخراپتری هەبێت، سییەکان وبۆرییەکانی هەناسە دەسوتێنی ) . [(65)] لەبارەی کاریگەرییەکانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان و بەتایبەتی لەو شوێنانەی چەکی کیمیاییان بەرکەوتووە، نەخۆشی شێر پەنجە زۆرتر بڵاوە، دکتۆر فوئاد ئەحمەد بابان لە وتارێکیدا

[64] شاری تەبریز دەکەوێتە بەشی

[65] بڕوانە راپۆرتی ئارنۆڵد کارنسکیس " بازرگانی مەرگ" لەهۆڵندییەوە بۆ کوردی – کامەران ئەحمەد . ماڵپەڕی ناوەندی چاک . چاپە هۆڵندیەکەی لەژمارە 50 ی Nieuwe Revu لە ساڵی 2002 دا بڵاوکراوەتەوە . ماڵپەری ناوەندی چاک ٢٠٠٥ .

بەنــاوی ئاســەواره درێژخایەنەکــانی چەکــی کیمیــاوی لە کوردســتانی عێراقـدا جەخـت لەوەدەکـاتەوە بەرکەوتووەکـانی چەکی کیمیاوی توشی نەخۆشی شیر پەنجە بوون ، نمونەی ئەوەشــی خســتووەتە ڕوکە نەخۆشــی شــێرپەنجە لەهەڵەبـجە زۆرترە لەچاو ئەو شوێنانەی چەکی کیمیاییان بەرنەکەوتووە .[66] لە بیرەوەرییەکانیـدا کامیـل عەبـدولقادر بەراشـکاوی وبـێ پـێچ وپەنـا دان بەوەدا دەنێـت کە کیمیابـارانی هەڵەبـجە هەر ئەوانەی شەهید نەکرد کە لە ١٦ی ئازاردا بەگاز خنکان، بەڵکو ئەوانەش کەلەدوای کیمیابارانەوە لەدایک بوون، نمونە لەسەر خۆی وجگەرگۆشـەکانی دەهێنێتەوەو دەنوسێت : ( منداڵەکانم حەزیــان لەگەڕانە بەڵام باوکیــان ئەو حەزەیــانی کوشــتووەو مەیلــی بەلای گۆشــەگیریدا زیــاترە، وەک لەدنیــای گەشــت وگەڕان، حەزیـان لەوەیە کەباوکیـان هەمیشـە قسـەی خـۆش و نـوکتەو چیرۆکیـان بـۆ بگێڕیتەوە، بەڵام باوکیـان تەنهـاو تەنهـا حەزی بەگێـڕانەوەی ڕوداوی کیمیابــارانی هەڵەبــجەیە)[67] ئەم دانپێدانانەی کامیل عەبدولقادر دەهێنێ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتـــی کاروبــــاری شــــەهیدان وئەنفــــالکراوان وڕێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ ومـافی منـداڵان بـۆی تێبکۆشـن

---

[66] بڕونە د.فوئاد ئەحمەد بابان – هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان – وەزارەتی کاروبـاری شـەهیدان وئەنفـالکراوان – بەڕێوەبەرایەتی گشـتی سـلێمانی . ئامادەکردنی خەبات عەبدوڵا– چاپخانەی رەنج– ٢٠١٠– ل ٣٠٣

[67] بـــڕوانە ١٩٨٨/٣/١٦ ئەو ڕۆژەی هەمـــوو شـــتکیان لێســـەندمەوە– یادوەریەکـانی لاوێکـی هەڵەبجەیـی لەچەنـد ڕۆژی پـێش کیمیابـارانی تـا ٢٠٠٩/٣/١٦ کامیل عەبدولقادر وەیس– چاپی یەکەم ٢٠١٠ .ل ١٦٨ .

وبیر لە ئایندەی مرۆڤ بەگشتی و نەوەیەکی تازەلەدایک بوو بەتایبەتی بکەنەوە لەهەڵەبجەو هەموو ئەوشوێنانەی تاوانی جینۆساید تیایدا کاریگەری هەبووە. هەرلە هەڵەبجە لەگەشتێکی رۆژنامەنوسیدا لەگەڵ رۆژنامەنوسێکی ژاپۆنی بەناوی تابۆجوجی لە کەناڵی (سۆیاکا تیڤی)ی ژاپۆنی بۆ شاری هەڵەبجە، هەوڵماندا چەندکەسێک بدوێنین کە لە بۆمبارانکردنی کیمیایی شاری هەڵەبجە لەوێ بوونو یاخود بوونە قوربانی، هەڵەبجەییەکان باسی دوو کەسیان بۆکردین، کە زیاتر لەمەتەڵ دەچوو ئەو کەسانە تاوانەکەیان نەبینیوە بەڵام قوربانیشن؟!! دواتر تێگەیشتین مەبەستیان لەو مرۆڤانەیە کە هێشتا لە دایکنەببوون کە بەرچەکی کیمیایی کەوتوون، بەڵکو دایکیان دوگیان بووەو کە منداڵەکانیان بووە کاریگەریی چەکی کیمیاویان پێوە دیارە، پاش ماوەیەکی کەم کورو کچێک هاتنەلامان بەمەبەستی ئەوەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەین، کورەکە ناوی "سەرکان" بوو ئەوسا کە بینیمانن تەمەنی سیانزە ساڵو کچەکەش"هودا" تەمەنی گەیشتبووە 17ساڵ سەرەتا کە چاوم بەهودا کەوت هەستم کرد کە روبەرووی کەسێکی لە رادە بەدەر غەدرلێکراوبوومەتەوە، کەسێک هێشتا نەهاتووەتە دنیاوە بووەتە قوربانی گازی کیمیایی ! بەڵام ورەبەرزیی هودا رێگەی بۆخۆشکردم بە سەربەستی بتوانم پرسیارەکانمی لێبکەم، کاتێک لێمپرسی تەمەنت چەندە ئەو لەوەلامدا ووتی : من ئێستا تەمەنم 17 ساڵە، خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ویژەیم بەڵام من لەسکی دیکمدا بووم کە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەکراوە، لەبەرئەوەی دایکم کیمیایی لێداوە بە سەختی برینداربووە، منیشی بەم شێوەیە لێکردووە کە خۆت دەمبینی، ئینجا ووتی دایکیشم هەتا ئێستا هەناسەی توند دەبێتو بەهۆی ئەولێدانی کیمیاییەوە

چاویشــی تەواو نـیەو برایەکیشـم هەربەو شـێوەیە لچـی تەواو نـیە. چەندین جـار نەشـتەرگەریم بـۆکراوە، بەڵام بێسـوود بـووە هـودا بە بێــزارییەکەوە وتــی ئەوەنــدە عەمەلیــاتو نەشــتەرگەریمکردووە لە ژمارە نایات دواجار وتی پێنج جار عەمەلیاتمکردوە، لەلای دکتۆر عەلا بەشیرو دکتۆر عبدالرحمن. نەشتەرگەریم بۆکراوە.

هودا سەبارەت بە باری دەروونی خۆی قسـەی بۆ کـردین‌و ووتـی: مــن باشـــم بەڵام نــاتوانم وەک قوتــابییەکی تەواو مــامەڵە بــکەم، هەرچەنــدی لەمــاڵەوە خــۆم ئامادەدەکەموتێدەکۆشـــم کەچـــومە قوتابخـانە دەی نـاتوانم لەبەردەمـی مامۆسـتادا هـیچ بڵـێم هۆکەشـی ئەوەیە کە لایەنێکی دەروونـی وام لێدەکات بیـربکەمەوە کە ئایا مـن بــۆچی وام؟ مــن تــاوانم چــیە؟ لەســکی دایکمــدابووم کە بەچەکــی کیمیاوی سەدام ئاوای لێکردم؟ بەڵام سـەرباری هەمـوو ئەو ئازارە دەرونـــیەش کە هەیبـــوو هەســـتم بە خـــۆڕاگرییەکی گەورەی ( هـودا)کرد. بەڵام هێشـتا ئەم پرسـە پێویسـتی بەلێکۆڵینەوەیە کە ئایـا گازی کیمیایی کاریگەری لەسەر زاوزێ وئە ژن وپیـاوانە دەکـات کە لەکــاتی کیمیابارانــدا لەوێ بــوون یــان هەر ترســێکەو کێشـــەیەکی دەرونییە بۆ خەڵکەکە دروست بووە . [68]

[68] بــرونە ئەنفالســتان `مــارە (٣) ســاڵی سـێهەم ٢٠٠٦ بەســەرهاتی هــودا فازیل .

## **ئەنفالی هەڵەبجە دۆسێیەکی لەبیرکراو.**

ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان هەتا ئێستا دۆسییەکی لەبیرکراوە، نەک هەر لە سەر ئاستی جیهان بەڵکو لەناوخۆو تەنانەت لەناو خودی هەڵەبجەییەکانیشدا، یەکێکی ترلەکەلێنەکانی کتێبەکەی یوست هێڵتەرمانە (**کارێکی ژەهراوی" ئەمەریکاو عێراق – گازبارانکردنی هەڵەبجە**) ئاوڕنەدانەوەیە لەو مەینەتییەی کە توشی هەڵەبجەییەکان بوو، ئەوخانەوادانەی کە لەکیمیاباران رزگاریان بوو یاخود بەبرینداری گەیشتنە ناوکەمپەکان یاخود ناو خەستەخانەکانی ئێران، لە گەرانەوەیاندا بۆ نیشتمان لە زەبری بەعس قوتار نەبوون، بەڵکو خراپیان لێبەسەرهات و ئەو کەسانەی بەردەست کەوتن ئەنفالکران و بەهەمان رێوشوێنی ئەنفالکراوەکانی تردا برانە شوێنی کۆکردەنەوەو پۆلێنکردن، دواجار زۆریان لەگەڵ خەڵکە زۆرەکەی گەرمیاندا لە قەلادزەخییەکەی نوگرەسەلماندا خۆیان بینییەوەو پێکەوە دەستبەسەرکران و لەوێش دەیان کەسیان لێمردن، یەکەمین وێستگەی دەستبەسەر کردنیان تەواریەکەی سلێمانی بوو، کەدەزگایەکی داپڵۆسێنەری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی ئەمن (ئاسایشی) سلێمانی بوو، لەوێشەوە بە هەمان ئەوسەیارە شێوە ئیسعافانەی وا خەڵکیان پێ گواستبوونەوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژییەکانی بیابان ئەمانیشیان پێ گواستبووەوە بۆ

تـــۆپزاواو نوگرەســـــەلمان .. هەنـــدێکیانی لێبەدەربێـــت کە هەرلەسـلێمانیەوە ڕاسـتەوخۆ بە پاسـی درێـژ بردبویـانن بـۆ نوگرەسەلمان.

من کە دیدارم لەگەل زۆرێک لە قوربانیەکان کردووە، شـایەتی لە ســـەر ئەوەدەدەن کە ئەوان بە پڕوپاگەنـــدەی لێبـــوردن هـاتوونەتەوە بـۆ زێدی خۆیـان کەچـی لێبـوردن نەبـوو بەڵکـو بۆسـەیەک بۆیـان، وەک تەڵەیەکـی ترسـناک بـووەتە هۆکـاری کۆزەکردنی قوربانی و ڕێگایەک بۆ چەواشـەکردن و چوونەوە نـــاو هۆڵەکـــانی ئەشـــکەنجەدان و لەوەشـــخراپتر مەرگـــی دەسـتەجەمعی هەڵەبجەییەکـان، لەکاتێکـدا هەمـوو تـاوانی ئەوخەڵـکە هەرئەوەنـدە بـوو کـورد بـوون، بەزەبـری هێـزو بەچەکـی کیمیـاوی ترسـناک لە شـاروگوندوماڵەکـانی خۆیـان دەرپەرێنـدرابوون، لە دوای بەیـانی کۆتـایی ئەنفـال ئەوانەی بەعس لێبـوردنی بۆ ڕاگەیاندبوون، هەمـان ئەوخەڵکانە بـوون کە لەکیمیابـارانکردنی شـاری هەڵەبـجەدا بەناچـاری چووبـوونە وڵاتـانی ئێـرانو تورکیـاو بەزەحمەتێکـی زۆر رزگاریـان ببـوو، دواتریش بەبانگەوازی لێبوردنی گشـتی یاخود بە پروپاگەندی سیخورەکانی دەوڵەت هـاتوونەتەوە بەنیازی چونەوە سـەرماڵ وحـاڵی خۆیـان، لە سەرسـنورەکان خۆیـان داوە بەدەسـت ئەو لیژنـانەوە کە بەحسـاب بۆ پێشـوازی ئاوارەکان راوەستابوون. کەچی ئەو خەڵکە لیقەومـاوە لەڕقوتوڕەیی بەعس رزگاریـان نەبـوو، بەڵکـو راسـتەوخۆ بـوونە قوربـانی فیلێکـی تـری رژێـم لەژێرپەردەو بە ناوی لێبـوردنەوە. پرسـیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ

ئەگەر تیرۆروســـەرکوتی دەوڵەت نەبـــێ ، تـــرس لە گـــازی کیمیاوی نەبێ خەڵکی سڤیل بۆ ئاوارەی وڵاتانی دەرودراوسێ دەبـــی؟! ئایـــا بەراســـت خەڵکـــی مەدەنـــی چ دەســـەڵاتێکی لە هەڵایســـانی جەنـــگ وکوشـــتاردا هەیە ؟ بەتـــایبەتیش لەســـایەی دەوڵەتێکی پۆلیسی وتۆتالیتاریدا ؟

لەعێراقدا دەیـان ڕێگـاودەروازەی دۆزەخ کراوەبـوون، بەڵام لە قســـەی شـــایەتحاڵەکانی ئەنفـــالی هەڵەبـــجەدا دەروازیەکـــی تردەبینین بۆ چوونە ناودۆزخەوە، مرۆڤ گەلێک کە بەنیازی ئەوەی بچـــنەوە ســـەرماڵ وحـــالی خۆیـــان کەچـــی دەبـــرێنە دۆزەخی نوگرەسەلمان و بەگەرمای بیابان هەڵیان دەقرچێنن چیانشینەکانی بناری چیای شنروێ و بالامبۆ بەئاوی سوێری بیابـان تەنگـاوببون ورۆژانە دەمـردن، بەلای کەمەوە ناچاریـان دەکـــردن خۆیـــان رابهێـــنن چـــۆن لەگەڵ دۆخـــی ســـتەمکاریدا هەڵـــبکەن . لێبـــوردنی گشـــتی و ئەنفـــال وگازبـــاران لەعێراقـــی ســـەروەختی بەعســـدا هەموویـــان یەک واتایـــان هەبـــوو ئەویـــش یان مردن یاخود مەرگدۆستی، یـان مـردن لە ئاوارەییدا یـاخود گەڕانەوە بـــۆڕیزی نیشـــتمانی و ئاشـــنابوون و راهـــاتن بە دیمەنکانی مەرگ.

لەئەنفـــالی هەڵەبجەییەکانـــدا لێبـــوردن تەواو واتـــای خـــۆی لەدەســتدا ئەویـش دواجـار بەئەنفالەوە ناشـرین بـوو، بەبەرگـی بەعسەوە وەک درۆیەک هات و متمانەی خۆی لەدەستدا .

ئەنفالی هەڵەبجە دۆسـێیەکە تەواومـایەی تێڕامـانە، وردبـوونەوە لەجۆرەســـتەمکارییەکی تـــر کە هەڵوەســـتەی لە ســـەرنەکراوە

چـونکە ئەنفـالکردنی هەڵەبجەییەکـان نەک هەرلە سـەر ئاسـتی جیهـان بگـرە لە سەرئاسـتی نـاوخۆش کەم کەس لە سـەری وەستاوەو ئاگای لەو دۆسییەیە، لەوەش مەترسیدار تر خودی هەڵەبجەییەکان زۆر لێی بێخەم و بێباکن ! ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکار بووبێت کە لێکۆڵیارێکی وەک یوست هێڵتەرمان چاوی نەچوبێتەســـەری کەس باســـێکی وای لەگەڵـــدا نەکردبێـــت. لەکاتێکـــدا هەڵەبجەییەکـــانیش وەک گەرمیانیەکـــان، وەک بادینانیەکـان ئەنفـالکراون، بـراون بـۆ تـۆپزاوا، بـراون بـۆ نوگرەسـەلمان، تەرمـی ٥٢ کەسـی خەڵکی شـاری هەڵەبـجە لە دەرەوەی حەوشـەی قەڵای نوگرەسـەلمان لە ژێرلمـی وشـک وگەرمـی بیابانـدا بەبێ بێرێزییەکـی زۆرەوە شـاردراونەتەوەو هێشـــتا روفاتەکانیـــان نەگەرێنـــدراونەتەوە، ژمـــارەیەکی زۆریشیان هێشتا بێسەروشـوێنن و چارەنوسیان وەک هەموو ئەنفالکراوەکانی تر نادیارە.

گرنـگ بـوو هێڵتەرمـان بزانێـت هەڵەبجەییەکـان هەربەگـازی کیمیایی نەخنکێنراون، بەڵکو ئەوانیش وەک سێوسێنانیەکان و وەکـــو خەڵکـــی گـــۆپتەپەو عەســـکەر، دوای ئەوەی کیمیابارانکراون ولەسۆنگەی گازی کیمیاوییەوە کۆمەڵکوژییان لێکـرا، ئینجـا خەڵـکەکەی گیـراون وئەنفـالکراون، ئەنفـالی هەڵەبجەیەکان دۆسییەکی تەواو جیاوازەو هەردەچێتە خـانەی تـاوانی جینۆسـایدەوە، وەلێ بێبـاکی وخەمسـاردی و بێدیقەتی کورد ئەویشی بەفەرامۆشی سپاردووە.

**هەڵەبجەییەکان بەسێ شێوازی جیاواز، گیراون وبێسەروشوێنکراون کە دەشێت بەسێ قۆناغی جیاوازپۆلێنیان بکەین :**

قۆناغی یەکەم : ڕێکەوتی ٩ی ئابی ١٩٨٨ ڕێک ڕۆژێک دوای وەستانی جەنگی ئێران عێراق بووە کە ژمارەیان ١١٥٢ کەس بووە ئەو ژمارەیە هەموویان پێکەوە لەکەمپی ئاوارەکانی (سەریاس)ەوە هاتوونەتەوە بۆسەرسنور لە تەویڵە لیژنەیەکی سوپای عێراق بەحساب پێشوازی لێکردوون و پێیانراگەیاندوون کەوا دەتانبەینەوە بۆهەڵەبجە، بەڵام هەر لەوێوە چواردوربییان گیراوەو لیژنەیەک لە پیاوانی ئەمن دەیانبەن بەرەو عەربەت و لەوێشەوە یەکسەر بۆدائیرەی ئەمنی سلێمانی و ماوەی هەفتەیەک لە تەوارییەکەی سلێمانی ڕایاندەگرن وئەشکەنجەیان دەدەن ودوای هەفتەیەک ڕەوانەی قەڵای نوگرەسەلمانیان دەکەن.

قۆناغی دووهەم: ئەوانە بوون کە لە لێبوردنەگشتیەکەی ئەیلولی ١٩٨٨ دادەگەڕێنەوە بۆسەرسنور ژمارەیان ٢٢ خانەوادە بوون لەوانە ( خێزانێکی ١٢ کەسی ماڵی عەبدوڵا بەڵخەیی و ماڵی پیاوێکی تر بەناوی فەریق وماڵی میکایل ناوێک و کوڕوکچەکانی (حوسێن شا) ئەوانە هەموویان خەڵکی بەڵخەی هەورامان و ماڵی پیاوێکی تریش بەناوی (سلێمان) ئەوانیش خەڵکی سەرگەتی ناوچەی هەورامان بوون.

لەوێ لیژنەی پێشوازی لە ئاوارە ئێرانیەکان کە پێکهاتبوون لە یەکەیەکی سوپای فەیلەقی یەک بە سەرپەرشتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەدو لیژنەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر کە شێخ جەعفەر بەرزنجی کۆنەپارێزگاری سلێمانی سەرپەرشتی دەکردن و هەر خۆشی سەرۆکی لیژنەی پێشوازیکردنەکە بووە، بەهەمان شێوەی پۆلی یەکەم سواری سەیارەی سەربازییان دەکەن و دەیانهێنن بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی و ماوەی سێ ڕۆژ لەتەوارییەکەی گەرەکی چوارباخی سلێمانی رایاندەگرن ودواتر رەوانەی تۆپزاوایان دەکەن . ئەوانە کەمینەیەکیان نەبێت کە بەهۆی ئەوەی کەسێکی نزیکیان لەجەنگی قادسیەدا کوژرابوون ئازادکران کە پەنجەی دەستێک تەواوناکەن کەسی تریان نەبینرانەوەو هەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە .

قۆناغی سێهەم : ئەوکەسانە بوون کە لە نێوان مانگەکانی ئۆکتۆبەرو دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٨ لەرێگاکانی تەوێڵەو سونێی لای قەڵاتدزی وشوێنی ترەوە گەڕاونەتەوە ئەوانەش هەتا ئێستا بەبێ سۆراغ ماونەتەوەو چارەنوسیان نادیارە . لەو خەڵکانەی گەرانەوە هەندێکیان بەرێکەوت خۆیان گەیاندبووە قەڵاتدزێ وسەنگەسەرو دەربازییان ببوو، کورێکی گوندی هاواری ناوچەی هەورامان ( فەلاح مراد خان) کە ئێستا پیاوێکی رۆشنبیرو چالاکێکی وریای ناو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیە زیاد لەجارێک چیرۆکی بەرێکەوت دەربازبوونی خۆی و خانەوادەکەی بۆگێڕاومەتەوە

کە چۆن لە ئێرانەوە هاتوونەتەوەو چۆن بەڕێکەوت دەربازیان بـووە، فەلاح هەمووجارێـک جەخـت لەوە دەکـاتەوە کە هێڵـی جیـابوونەوەی مەرگ وژیـان لەچارەنوسـی ئـێمەدا تەنهـا (نیوکـاتژمێر) بـوو، ئەگەر ئەوەنـدە چاوەڕوانمـان بکـردایە ئەوا دەبـوو وەک ئەوخەڵـکەی تـر خۆمـان بخسـتایەتە بەر چارەنوسـێکی نادیـارەوەو چـاوڕێی ئیڤـای سـەربازی بـین و نەزانین بۆکوێمان دەبەن، بەڵام ئێمە گوێمان بەوقسانە نەدا کە دەیـانگووت ئـارام بگـرن وبۆخۆتـان باشـترە کە بە ئۆتـۆمبیلی مەدەنـی نەرۆن، چـونکە لە سـەیتەرەکانی حکومەت دەتـانگرن، بەڵام ئـێمە گوێمـان بەو ئامۆژگاریـانە نەداو هـاتین، لەوەشـدا باخـت یاوەرمـان بـوو کە هەتـا گەیشـتینە نـاو شـاری سلێمانی کەس لێـی نەپرسـین لەکویـوە هـاتون وبـۆ کـوێ دەچـن، وتـی : بەوشـیوەیە ڕزگارمـان بـوو، بەڵام ئەوانەی چـاوەڕوانی ئیڤـای سەربازی بوون تـاقە یەک کەسیان چاویان بەدنیا نەکەوتەوە. جێگەی ئامـاژەیە ئەو خەڵکە کە لەترسـی گـازی کیمیـایی مـاڵ وحـاڵ و شـارەکەی خۆیـان بەجێهێشـتبوو، لە ئۆردوگاکـانی ئێرانـدا نیشـتەجێ ببـوون هەموویـان بە وتـی وتـی و پروپاگەنـدەی سـیخورەکانی حکـومەتی عێـراق گەرابـوونەوە گوایە لێبوردن هەیەو هەڵەبجە ئاوەدان دەکرێتەوەو دەچنەوە سـەرماڵ وحـاڵی خۆتـان، دەبێـت ئەوەش بلێـین کە زۆرێـک لەوانە دانیشـتووی هەڵەبـجە بـوون، بەڵام لە بنەرەتـدا خەڵکـی هەورامـان بـوون، جـا چ خەڵکـی گونـدەکانی بەڵـخەو سـەرگەت وهاواربووبن یان خەڵکی تەوێڵەو بیارەو شوێنەکانی تر .

## فرێیاندداینە ناو (مجمع)ەوە .

ئەگەر ئەوە حاڵی خراپی ئاوارە گەڕاوەکانی ناو زیندانەکانی نوگرەسەلمان بوو بێت ئەوا دوای بەربونیشیان فرێدانیان لە ئۆردوگاکانی باینجان وگردەچاڵ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، هەرلەڕاستیدا ئۆردوگاکان زیندان و دۆزەخێکی راستەقینە بوون، ئەوانەشی کە بەحساب سەلامەت دەرچون و زوو نیشتەجێی ناو ئۆردوگاکان بوون حالیان زۆر لەوانی تر باشتر نەبوو، هەرلە بەرایدا وەکو گاڵتەجاریو شەڕێکی سایکۆلۆژی، لەگەڵ ئەو خەڵکە شکستخواردووە، هەر بۆ پەندی دەوران هەندێک لەو ئۆردوگایانەی بەئەدەبیاتی بەعسەوە ناو نابوون، وەکو ( ئۆردوگای نەسرو صمود، شۆرشو برایەتی، لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەشەوە ئەو ئۆردوگایەی لەشارەزوور حکومەت بۆ چاوبەستەی ڕای گشتی دروستی کرد ناوی هەڵەبجەی صدامی لێنا !(حلبجە صدامییە). ئەمەش گرێیەکی سایکۆلۆژی لای ئەو خەڵکە دروستکرد بوو کە قوربانی سیاسەتەکانی بەعس بوون.

نە لە ئێران و نە لە نیشتمان هیچ شتێک لە پێشوازیی ئەو کەسانەدا نەمابوو کە تازە بەلێبوردنی گشتی یاخود بە وەها پڕوپاگەندەیەک دەگەڕانەوە، یاخود لە زیندانەکانی نوگرەسەلمان رزگاریان دەبوو، ئەو شوێنەی بۆ ئەوان دیاریکرا بوو لێی بحەسێنەوە لە زەوییەکی ڕەقەن بەولاوە هیچی تر نەبوو. تاکە دیوارێکی تێدا نەبوو لە بنی بحەسێنەوە هاتنەوەی ئەو خەڵکە بۆ نیشتمان هیچ بەهایەکی نەبوو، عەلی

عـارف یەکـێکە لەوکەسـانەی دیـدارم لەگەلـدا سـازکردووەو مـاوەی سـێ کـاتژمێر بە دەنگـو ڕەنـگ تۆمـارم کـردووە لەوبـارەیەوە دەڵێـت ( فڕێیانـداینە نـاو مجمـعەوە ئۆردوگـای زۆرەملێ، ئۆردوگای چی بردیانین بۆ گردەچاڵ هـیچ شـتێکیان پێنەداین، لەونـاوە بەرەڵایـان دەکـردین.) [69]دەستبەسـەرکردنی ئەو خەڵـکە لە نوگرەسـەلمان و لە باشـترین حاڵەتیشـدا کە لە نوگرەســــەلمان بەربـــــوون و گەرانەوە لە تەواریــــیەکەی سلیمانییەوە یەکی پارچە وەرەقەیەکیـان پیدا بـوون بچـن بـۆ ئۆردوگای باینجا ! .

دواتـر لەوێـش نەیاندەهێشـت بحەوێنەوە جارێکی تـر بردیـاننە ئۆردوگـای گردەچـاڵ بەڵام بـێ سـەرپەناو بـێ خـانووبەرە، ئەوەش بە ئاشـــــکرا ئەو ڕاســـــتییەی دەگەیانـــــد کەوا دەسـەڵاتدارانی عێـراق و بریـار بەدەسـت و نەخشـە دانەرانـی ئەنفال ژیان و مردنی ئەو خەڵکەیان وەک یەک تەماشاکردووە .ئیتـر خەڵـک لەوە تێگەیشـتن شـتێک نیە بەنـاوی لێبـوردنەوەو ئەوەی هەیە چارەنوسـێکی رەش چـاوەڕوانێتی ئەوخەڵکەی کە لە ١٦ی ئــازار بەگــازی کیمیــایی پەلامــاردرابوون و ئەوەی لەمەرگ رزگـاری ببـوو بەناچـاری بەرەو ئێـران رۆیشـتبوون وئــاوارەیی نەک هەر خەنــی نەکردبــوون، بەڵکــو بە تەواوی شـیرازەی تێکـدابوون، ئەوان پێویسـتیان بەدەروازەیەک بـوو تروسـکاییان بـداتێو ئارامییـان بـۆ بگێـڕێتەوە، بەڵام ئەوە

[69] دیــدار لەگەڵ عەلــی عــارف هەڵەبجەیــی گەڕاوەیەکــی زینــدانی نوگرەسەلمان- هەلەبجە رادیوێ دەنگی نوێ - تەموزی ٢٠١٤

هەرچـــاوەڕوانییەکی بێهـــودە بـــوو، هەرگیـــز ئەو ئـــارامییە نەهـــاتەدی بەئێستاشـــەوە کەچـــارەکە ســـەدەیەک بەســـەر تـاوانەکەدا تێپەڕیـوە! کەچـی سـەرەرای ئەو هەمـوو شکسـتەش لە گەرانەوەیانـدا گـورزێکی قورسـیان خـوارد، پاسـەوانانی نوگرەسـەلمان و تەواریـیەکەی ئەمنـی سـلێمانی بەردەوام ئەو قسـەیەیان بەگوێـدا دەدان. کە ئێـوە بەکرێگیـراوی ئێرانـی و تاوانبارنو هەقی خۆتانە هەموو شتێکتان دەرهەق بکرێت.

ئەمـانەو بەرەلاکردنـی دەیـانو سـەدان خەفـیو جاسووسـی نەفسـنزمو موختـارو دەمڕاسـتی رژێـم لە نـاو ئۆردوگاکانـدا کاریـان دەکـردو راپۆرتیـان دەنوسـیو کێشـەی کـۆمەلایەتیو تۆمەتیـــان دروســـتدەکرد، خەڵکیـــان بەگـــرتن دەداو کێشـــە شەخسیەکانیشـیان تیکەڵ بەکێشـەی سیاسـی دەکـردو گرفـتو گێچەڵیـان بۆخەڵـک دەنـایەوە، لەسـایەی ئەو هەلـومەرجەدا بەعس بەچنگونینۆک تێدەکۆشا متمـانە لەنێو خەڵکدا بکـوژێو لە نـاخی هەرتاکێکـدا لەمە ترسـی جاسـوسو پیـاوە نەفـس نزمەکان خافڵ نەبێ، رژێم دەیویست. کەسایەتی مرۆڤی کـورد بگـۆرێ بەشـتێکی تـر، گۆڕانێـک نەک هەر لەمـرۆڤ، بەڵکـو لەئـاژەڵیش نەچێت. رژێـم بەجـدی کـاری لە سـەرئەوە دەکـرد ئەوانەی گەراونەتەوە تەمبێ ببنو ببنە جێگەی متمانەوبـاوەری حزبو هاوکـاری دەزگـا ئەمنیو سـیخوریەکانی بکەن، تاهیدی هیـدی لەکوردبـوونی خۆیـان پەشـیمانبنو ناسـنامەیان بگـۆرنە سـەرعەب، ئەم ڕاستیە لە قسەکانی عەلی حەسـەن مەجید دا بە روونـی دەردەکەوێـت، کە لەکۆبوونەوەیەکیـدا دەڵێـت: "ئەمـانە

نـابێ لە ڕووی ئەرکو مـافەوە بە یەک چـاو تەماشـا بکـرێن لەگەڵ عێراقیەکـانی دیـکەدا، تـاوەکو بە تەواویـی نیـاز پـاکی و ڕەفتـاری ڕاسـتەقینەی خۆیـان دیـاری نەکەنو نەیسـەلمێنن کە هەر هاوکارییەکیـان لەگەڵ تێکدەرانـدا کۆتـایی پێهـاتوەو لەو هاوچەشـنانەیان دڵسـۆزتربن بـۆ عێـراق کەوا سـوودیان لەبڕیـاری لێبـووردن وەرگرتـووە( [70]).زینـدانیەکان، ئەگەرچـی بەبریاری لیبوردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٨٩ بەربوونو هاتنەوە بـۆ کوردسـتان، بەڵام ژیانیـان هـیچ گۆرانکـارییەکی وای بەخـۆیە نەبینـی کە لە دبـسو نوگرەسـەلمان باشـتربێت، لەڕاسـتیدا وشـەی "نیشـتەجێبوونەوەی لێبوردراوەکـان" ڕەنگە تەواو چەواشـەکەربێت، چـوونکە هەمـوو ئەوەی کە تـازە گەیشـتووەکانو تـازە بەربووەکـان لەدوای لێبوردنەکـانەوە لەحوکـوومەتی بەعسـیان وەردەگـرت پـارچە کاغەزێـک بـوو کەناونیشـانی پـارچە زەوییەکـی تێـدابوو ( ئەوەش پەیوەسـت بـوو بەڕەفتـاری باشـەوە ). مـافی کـارکردنو کۆبـوونی خواردنیشیان نەبوو، تەنانەت منداڵەکانیشیان مافی خوێندنیان

[70] مەبەسـتی عەلـی حەسـەن مەجیـد رونو ئاشـکرایە بەبـروای ئەو ئەو کەسـانە سـودیان لە لێبـوردنی گشـتی وەرگرتبـوو کە دەهـاتنەوەو پەیوەنـدیان بە دەزگـا جاسوسـیەکانەوە دەکردوچـالاکی سـەربازیوچەکدارییان بۆ رژێم دەکرد، بەشـێوەیەکی رونتر بۆنیازپـاکی هەرکەسـیچکی گەراوە بەتـایبەتی بـۆ پێشـمەرگەی لایەنە سیاسـیەکان دەبوایە بچێت سەری تێکدەرێک بەدیاری بهێنێتەوە، جا ئەو سەرە ئەگەر شێتێکی بێگوناهیش بووایە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوەیە کەسێکی دەخستە ناوبازنەی تاوانەکانەوەو لەسەر تاوان رای دەهێنا.

نەبوو، ( مادام خەڵکی هەڵەبجەی برۆرە دەرەوە، ئێوە بۆمبن بـــا پێمانـــدانەتەقنەوە) ئەم قســـە هەســـت رووشـــێنەرە بەرێوەبەرێکی بەعسی بە خوێندکارێکی هەڵەبجەیی ووتبوو کە تـــازە لە ئێـــران گەرابـــوونەوە([71]) ئەوەی لێـــرەدا مـــایەی تێرامـــانە ئەوەیە ئەو خەڵـــکەی بەعـــس ئەنفـــالی کـــردنو بەودەردەی بـــردن، بەســـەربازە هەڵاتووەکانیشـــەوە خەڵکـــی مەدەنـــیو بـــێچەک بـــوون، ئەوخەڵکـــانە بـــوون بە پێـــی دابو نەریتـــی خۆیـــان ئـــارەزووی سەربەســـتیان دەکـــرد، دەنـــا خەڵکانێکی بێوەییو لاشەڕبوون، ئەوعەشاماتەی بەردەستی ئەفســـەرە پلەدارەکـــان کەوتـــن، زۆربەیـــان ژنو منـــداڵ بـــوون، تاوانیشـــیان ئەوە بـــوو ئـــارەزوی مانەوەیـــان لەزیـــدی خۆیـــان دەکرد، دەنا نەک بەکرێگیراوی ئێران" تەنانەت پێشمەرگەش نەبوون" کەچی تاسەر ئەمەیان بۆ نەچووە سەر، چونکە ئارەزوویان لەگەڵ لۆژیکی بەعس ناتەبا بوو، بەزەبری هێز لە گونـــدەکانیان وەدەرنـــرانو بەدەســـتی بەتـــاڵ راپێچکـــرانو نەیـــانتوانی بەرەنگـــار ببـــنەوە، ئەوانەی نەیـــانتوانی دەربـــازبن، بەمنـــداڵانی ساواشـــەوە لەگوندەکانیانـــدا بەئاســـانی پـــۆل پـــۆل تەســـلیمی بکوژەکانیـــان دەبـــوونو دەبـــرانە کەمپەکـــانی کۆکردنەوە،لەوێش چاوەڕوانی لێبوردن بوون، نەک کوشتن

[71] ( ئەو خوێنـدکارە ئیبـراهیم مسـتەفا عبـدولکەریم کۆکـۆیی بـوو کە لە لێبوردنەگشـتیەکەی سـالی ١٩٨٨دا گەرابـوونەوەو توانیبوویـان خۆیـان پەنابدەنو لە سلێمانی خۆیان بشارنەوە) سەرئەنجام نەیتوانی خوێندن تەواو بکاو ئێستاش لە شاری هەلەبجە دەژی.

چــونکه بێتــاوان بــوون، کــاتێکیش بریــاری بەکۆمەڵکوشــتنیان دەرچــوو، ئەوان بەئاسـانی ملیانداو چـوونە گۆڕەکانەوە، وەکـو ئەوەی بریــاری کوشــتنیان تەواو بــێو پێویســت بە راچەنــین نەکات..؟!!

ئەوانەی لەلـۆجیکی بەعسـدا تاوانبـاربوون، هـیچ کـات شـایانی لێبـوردن نەبـوون، ئەوانەشــی لێبـوردنی بۆدەرکردبـوون، ئەو کــوردانە بــوون کەبەعــس لەراگەیاندنەکانیــدا بە ئاشــکراو بێشـەرمانە بەخیانەتکـارو بەکرێگیـراوی ئێـران نـاوی دەبـردن، ئەو لێبــــوردنەش تەنهــــا چاوبەســــتەکیو سیاســــەتێکی چەواشەکارانە بـوو، دەنـا ئەوخەڵکـانەی کەلەئـاوارەیی گەڕانەوە وێـرای ئەوەی لەژێـر بۆمبـارانو کەشو هەوایەکــی ســاردی زســتاندا بەدەســتی بەتــاڵو شکســتێکی گەورەوە نیشــتمانیان بەجیهێشــت بــوو، خەڵکــانێکی لێقەومــاو بــوونو زۆربەیــان بەتایبەتی هەڵەبجەییەکان بەسـەر هەواری خاڵیدا گەڕابوونەوە، بەدەگــمەن هەڵەبجەییەکــت دەســتدەکەوێت کەســێک یــان زیاتری خێزانەکەی بەچەکی کیمیـاوی گیـانی لەدەست نەدابێ!!

ئیـدی لە گەڕانەوەیانـدا بەتـایبەتی ئەگەر لەسـایەی لێبـوردنێکی گشتیدابێ پێویستیان بەدەستگیرۆییو هاوکـاری بـوو ، چ جـای ئەوەی بگیــرێن و رەوانەی چارەنوســی نادیــار بکــرێن یــان رەوانەی قەلای نوگرەســــەلمان بکـــرێن و لەوێ لە گەرمــــاو لەتینوانـدا بمـرن ئەوپەری لەباشـترین حاڵەتـدا بکـرێنە هـاولاتی پــــلەدوو! بەدیــــوێکیتردا ئەوان پێویســــتیان بەوە بــــوو داوای لێبوردنیــان لێبکرێــت نەک بــێنو داوای لێبــوردن لەرژێمێکــی

تۆتالیتار  بکەن کە سەرو ماڵی بەتاڵانبردبوونو ماڵو حاڵی شێواندبوونو بەچەکی قەدەغەکراو لێی دابوون، لە ڕاستیدا ئەوان پێویستیان بەوەبوو حکومەت داوای لێبوردنیان لێبکات و قەرەبووی مادیو مەعنەویان بکاتەوە، کەچی ئەوانەی لە سەر سنورەکانەوە بە بریاری لێبوردنەکان گەڕانەوە، ئەگەر بەخت یاوەری بوبێو نەکوژرابی، هەرگیز نەبوونە هاوڵاتیەکی ئاسایی ئەم وڵاتە، تەنانەت زۆریان هەتا ئەمرۆش کە ٢٧ ساڵ بەسەر تاوانەکەدا تێدەپەڕێ بە قورسی باجەکەی دەدەن.

بەگشتی لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراقدا کە بەعس جڵەوی بەدەستەوە گرتبوو، هەوڵێ پاکتاوکردنو سرینەوەی ناسنامەی گەلی کورد پلانێک بوو چ لە شەڕداو چ لەئاشتیدا لە خەیاڵی بەعسیەکاندا کارا بوو، لە شەڕدا ڕەشەکوژی دەکردو سڵی لەکۆمەڵکوژی نەدەکردەوە، چ لەگەڵ پێشمەرگەو چ لەگەڵ سڤیلدا چەکی قەدەغەکراوی بەکاردەهێناو تاوانی دە کرد، لۆژیکی بەعس وەکو هەر سیستمێکی تۆتالیتار لۆژیکی مل پێکەچکردن بوو، نیازی وەها سیستمێکی سیاسیش لەوە ناترازێ مرۆڤ لە بوونەوەرێکی هۆشمەندەوە بگۆرێتە سەربوونەوەرێکی دەستەپاچەو ملکەچ، تاکێکی ئامادە بۆ کوشتنو خۆبەکوشتدان، بونەوەرێک خاوەنی هیچ پێناسەو شوناسێکی یاساییو ئەخلاقی نەبێت، ئەو خوازیاری کۆمەڵگەیەک بوو تەنها فەرمان جێبەجێبکات، تاکێکی کۆمەڵایەتی دەویست ئامادەبێت هەرشوناسێکو

ماهییەتێــک وەرگــرێ کەبەعــس لێــی دەخــوازێ یــان پێــی دەبەخشــێ، ئەمەش داهێنــانی خــودی بەعــس نەبــوو بەڵکــو مەرجەعی بیری شۆڤێنی عەرەبی بوو، کە خودی بەعسیشی بەرهەمهێنـــــابوو، هەر بۆیەشـــــە لە ســـــەرەتاوە لە شـــــوێنکەوتووەکانی خـــــۆیەوە لە ئەفســـــەرو دەرەجەدارە شۆڤێنیەکانی سوپاو ئەمنو موخابەراتەوە دەستی پێکرد، ئایا کەس هەیە ئەفسەرێکی پایەبڵند بدۆزێتەوە لەناو سوپادا مافی ئەوەی هەبـــووبێ خـــۆی و مـــاهیەتو شوناســـی خـــۆی بدۆزێتەوە؟ من وەڵامم دەدەمەوەو دەڵێم بێگومان نەخێر ..لە پێشــەوە ئەو کەســانەی بەنــاوی پیــرۆزی نیشــتمانو پیــرۆزی نەتەوەی عەرەبەوە لە هەمــوو بەهــایەکی یاســاییو ئەخلاقــی بەتـــاڵکردەوە، هەمـــوو ئـــازادییەکی لێســـەندنەوە، مەرجـــی سەرکەوتنیان بۆ پۆستەبالاکان پەیوەستبوو بەداماڵینی هەموو ئەوبەها ئینسانیانەوە، بێگومان سەرکەوتنی سیستمی سیاسی بەعس لەوێوە دەستپێدەکات، بێدەنگی لە بەرانبەر دلرەقیدا، بۆیە کاتێک دەبینین یان دەبیستین حیکایەتەکانی ئەنفال لێوانن لەتراژیــدیاو پێشــێلکاری مــافی مــرۆڤ، دەبێــت بــزانین کە بەرپرســانی ســوپاوئەمنو موخــابەرات لە پێشــەوە ئــازادی خۆیــان تێکشــکاندووە، بــۆیە تێکشــکاندنی مرۆڤەکــانی تریــان بەلاوە ئاســـایی بـــوو، ئیـــدی لە پەلامـــاردانی ئەو خەڵـــکە لێقەوماوەشدا هیچ مەرجێکی یاساییو ئینسانی نەمابوو ئەوان پێوەی پابەندبنو سڵی لێبکەنەوە، هەروەکو هیچ پێوانەیەکی

یاسایی‌و ئەخلاقیش نەمابوو ئەوان پێوەی پابەندبن‌و پێش بەو هەمووپێشێلکاریە بگرن.
بە هیـــــوام چیـــــدی ئەنفـــــالکردنی هەڵەبجەییەکـــــان بە فەرامۆشـکراوی نەمێننەوەو ئـازاروخەمی ئەوخەڵکەش نادیـدە نەگیرێـت . چـونکە دڵنیـام لە فەرامۆشـکردنی ئەو دۆسـێیەدا بەرلەوەی لێکۆڵیـارێکی وەک هێڵتەرمـان بخەیـنە بەر ڕەخـنە پێویستە خۆمان سەرزەنشت بکرێین .

## دواووتە دەرباری ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید

گازبـاران و ئەنفـال وکۆمەڵکـوژی بـوون بەڕابـوردوو، بەلام نابێـت لە یـادوەریی نەتەوەییـدا کـاڵبکرێنەوە، بێگومـان ئێسـتا سـەردەمێکی تـرە دادگـای بـاڵای تاوانەکـان بڕیـاری لەهەردوو دۆسـێی تـاوانی ئەنفـال و کیمیابـارانی هەڵەبـجە داوەو بە جینۆسـاید یەکلایـی کـراوەتەوە، لەلایەکـی تریشـەوە هەردو دۆسـێکە دەوڵەمەنـدە بە بەڵـگە وداتـای گرنـگ، ڕەنـگە ئەم کتێـبەی هێڵتەرمـان وئەوانەی پێشتریشـی دەربـارەی ئەنفـال باشـترین بەڵـگەی قـایلکەرو یەکلایـی کەرەوەبـن. ئەگەر لەدوای بڕیـاری دادگـاوە ئـێمە نەوەسـتاین و توانیمـان لە ڕێگـای جیـاوازەوە کەگرنگترینیـان پەرلەمـانی ولاتـانی ئەوروپـایە، کە دۆسـێی بە جینۆسـاید ناسـاندنی هەڵەبـجە و ئەنفـال ببـرێتە ئاسـتێکی هەڵکشـاوتر لە کۆمەڵگـای نێـو دەوڵەتـی، بـۆ نمـونە ڕێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکـان، یـان دادگـای عەدلی نێودەوڵەتی لەلاهای.

ڕەنــگە گرفتــی ســەرەکیمان لە داتــا و ژمــارەو ناســنامەی قوربانیانـدابێت بێگومـان بە ڕەگەزو تەمەنیـانەوە، بەوانەشـەوە کە کـۆرپەلە بـوون و هێشـتا لەدایـک نەبـوون، (ئەو ژنـانەی دوگیـان بـوون) ئەگەرچـی لەیاسـادا ژمـارەی دروسـتی قوربانیـان نـابێتە پێـوەری تـاوانەکە چـونکە بۆسـەلماندنی تـاوانێکی جینۆسـاید ئەوەی گـرنگە نیـازو دەرئەنجـامە، نەک ژمـارەی قوربـانی، بەدڵنیـاییەوە گرنـگ بێـت یـان نـا ژمـارەی قوربانیـان لە بەردەسـتدا نـیە، بـۆ نمـونە ژمـارەی قوربانیـانی کۆمەڵکـوژی ئەنفـال، یـان هـی کیمیابـارانی هەڵەبـجە لە سـەر ئەوە پەکی ناکەوێت داخۆ ئەنفال ١٨٢٠٠٠ سەدو هەشتاودوو هەزار کەس تەواو دەکــات یــان نــا ؟ یــاخود قوربانیــانی کیمیابارانی هەڵەبجە پێنج هەزار کەسن، یاخود کەمترن وەها لێکـدانەوەیەک نەک هەریاسـایی نـیە، بەڵکـو تێروانینێکـی نــالۆجیکی وکرچوکــاڵەو هــیچ لایەن و ڕێکخراوێکــی نێودەوڵەتیش ناتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە خەڵکی کوردستان جینۆساید کراوە.

ئێســتا ئەوەی ســاغبووەتەوە کەتــاوانی کیمیابــاران وهەڵەبجەوئەنفال لە سەر ئاستی دنیا ناسێندراوە، جگەلەوەی کە دادگای باڵای تاوانەکان لەڕێگەی کەناڵەکانی تیڤی ومیدیای جیهــانیەوە دانیشــتنەکانی دادگاییکردنەکــانی پەخشدەکردوبەڵگەکانیشـی نمـایش دەکرد، کەواتە وەک ناسـین تاوانەکان ناسراون بەڵام ئەوەی ئەرکی ئێمەو ئەرکی هەموو لایەکە بەفەرمـی ناسـاندنی تـاوانەکەیە. هەوڵـدان بـۆ کـاری

لۆجیکی و عەقڵانی بۆ ئەوەی زۆرترین دۆست پەیدابکەین لە تاک وەکۆ لە پەرلەمانتار و دیپلۆماتکارو میدیاکارو لێکۆڵیاری شارەزاو بەناوبانگ، پارتی ڕامیاری و ڕێکخراوی مەدەنی و ئینسانی، بۆ ئەوەی پشتیوانی دۆسێکانمان بن لە باری یاساییەوە هەنگاو بنێت و لەناو پەرلەمان و دادگاکاندا بریاری لە سەربدەن لە سەر ئاستی جیهانی دۆسێکە بچێتە پێشەوەو وەک جینۆسایدی کورد یەکلایی بکرێتەوە، سەرئەنجام پاریزبەندیی (حصانە)ی بۆ نێودەوڵەتی بۆدروست بکرێت ودەوڵەتەکانی (عێراق وئێران وتورکیاو سوریا وهاو پەیمانە تیرۆرستییەکانیان) دەست ئاوالانەبن لە جینۆسایکردنەوەی کورددا، لەڕوی نیشتمانی و نەتەوەییەوە سودی لێوەرگیرێت و سەلامەتی بۆ مسۆگەر بکرێت وجارێکی تربەرپەلامار نەکەوێتەوە . بەڵام ئەفسوس هێشتا هەنگاوەکانی دوایی دادگایی کردنی لاوازو لەجێی نەبواندان .

رۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق یەکەمین دانیشتنی خۆی بۆ دادگایی کردنی تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال ئەنجامدا و هەریەک لە "سەدام حوسێن سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق و عەلی حەسن ئەلمجید لێپرسراوی حیزبی بەعس و بەرپرسی نوسینگەی رێکخستنی باکوری ئەوسای حزبی بەعس کە بەبریاری ١٦٠ی ئەنجومەنی بەناو شۆڕش کرابووە دەسەڵاتداری رەهای ناوچەی باکور بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد و لە

قۆناغەکانی ئەنفالدا بکوژوببڕبوو، سولْتان هاشم پێشەوای فەیلەقی یەک لە کاتی ئەنفالداو وەزیری بەرگری عێراق، حوسێن رەشید ئەلتکریتی جێگری سوپاسالاری عێراق، سابیر عەبدوئەلعەزیز ئەلدوری بەڕێوەبەری دەزگای (ئیستخبارات) هەواڵگری و فەرحان موطلک ئەلجبوری سەرۆکی هەواڵگری (ئیستخبارات)ی سەربازی ناوچەی باکوور، تاهیر تۆفیق ئەلعانی بەرپرسی کاروباری باکور لە نوسینگەی رێکخستنی باکور لە سەردەمی ئەنفالدا کە دواتریش کرابووە پارێزگاری مووسڵ) . رۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤، دادگاکە، تاوانبارانی ئەنفالی بەتاوانی جینۆسایدکردن وتاوانەکانی جەنگو دژی مرۆڤایەتی و چەند مادەیەکی تریش یەکلایی کردەوەو بڕیاری خۆی لەبارەیانەوە خوێندەوەو سزای بۆ هەر یەک لە (عەلی حەسەن ئەلمجیدو سولْتان هاشم و حوسێن رەشید تکریتی)دیاری کرد، کە هەموویان سزای لە سێدارەدان بوون هەروەها سزای زیندانی هەتا هەتایی بۆ (صابر عبدولعزیز ئەلدوری و فەرحان موتلەگ)ی بڕیەوە. هەرەوەها ڕۆژی یەک شەممە، ١٧ کانونی دووەم ٢٠١٠ لەمەڕ تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە دادگا سزای لە سێدارەدانی بەسەر تاوانباراندا سەپاند کەلەناویاندا عەلی حەسەن مەجید هەیە.

ئەم تاوانبارانەی لەنێوان (١٩٨٧-بۆ ١٩٨٨)" چەندین تاوانی گەورەی جەنگ وتاوانی دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژییان لە میانەی پەلامارەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەو دۆڵی بالیسان و سێوسێنان و گۆپتەپەو عەسکەرو

سـەدان تـاوانی تریـان ئەنجامـدابوویان تۆمەتبـاربوون پێیـان، پاشئەوەی گیرابـوون و لێکۆڵینەوەیـان لەگەڵدا کرابوو، بە پێی یاسـای ژمـارە ١٠ی سـاڵی ٢٠٠٥ هەموویـان هەواڵەی بەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کران، ماوەی دادگایی کردنیان کەمتـر لەسـاڵێک (١١) مانـگ و (٦١) دانیشـتنی خایانـد، پـاش گـوێگرتن لە وتەی شـایەتحاڵەکان و پێـداچوونەوە بەنـزیکەی (١٨) تەن بەڵگەنـامەی دامودەزگـا فەرمیەکـانی حیزبـی بەعـس ودەزگـا سـیخورییەکانی رژێمـی عێـراق، کە هەزاران بەڵـگەی سـەدان نووسـراووتۆمارکراویان تێـدابوولە فیلمـی ڤیـدیۆیی دەزگاجۆراوجۆرەکـانی ئەو سـەردەمی بەعـس، کەهەموویـان، سـەلمێنەری تاوانەکانیـان بـوون دەربـارەی تـاوانی ئەنفـال وکیمیابـاران، سـەرباری ئامـادەبوونی چەنـدین پسـپۆرو زانـای بـواری چەکـی کۆکـوژو جینۆسـایدو شـارەزای بـواری ئەنترۆپۆلۆژیاوشوێنەوارناسـی و شـارەزایانی هەڵـدانەوەی گـۆڕی بەکـۆمەڵ لە بەردەم دەسـتەی سـەرۆکایەتی دادگـا، بەرامـبەر کـامیراو کەناڵەکـانی میـدیای نـاوخۆو جیهـانی، هەریەکەیان بە پێی زانیاری و پسپۆرییان شایەتیانداو بەڵگەو دۆکۆمێنتی خۆیان خستەڕوو.

دەسـتەی داواکـاری گشـتیی دادگـاو، دەسـتەی داکۆکیکاریش لەدادگا ئامادەبوون کە بریتی بوون لەکۆمەڵێک پارێزەری خۆبەخش سەرباری ئەوەی هیچیان پسپۆڕی تاوانە نێودەوڵەتیەکـان نەبـوون بەڵام نابێـت ڕۆڵـی گرنگیـان نادیـدە بگیرێـت کە بریتبـوون لەم بەڕێـزانە: (پـارێزەر مسـتەفا

عەسکەری، محەمەد سالح ئامێدی، عەبدولڕەحمان زێباری، گۆران ئەدهەم رەحیم، هەداربارزانی، ئەیاد کاکەیی و بەکر حەمەسدیق، ناسح حەمە حوسێن) بە پێی مافی یاسایی خۆیان پەردەیان لە سەر تەمومژەکان لادەداو تاوانەکانی تاوانبارانیان بۆدادگا ڕوندەکردەوە داوایان دەکرد مافی قوربانیان پاریزراوبێت و تاوانباران سزای دادپەروەرانەی خۆیان وەربگرن.

هەڵبەتە ئەوە بۆدادگاش ڕوونبوو کە ئەوتاوانانەی دەرهەق بەکورد کرابوون لەمادەکانی ١١ و ١٢و١٣ دا بوون کەبریتی بوون لەتاوانی ( کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ) کە هەموویان رەگەزی تاوانی جینۆساید بوون، خاڵێکی گرنگ هەبوو لە دۆسێی ئەنفالدا بەتایبەتی کە تۆمەتبارەکان بەهەر هۆیەکەوە بێت نکۆڵیان لە بەشداربوونی خۆیان نەدەکرد، تەنها جارێک نەبێ کە سوڵتان هاشم وتی ئێمە نەمانزانیوە کەدادگایەکی لەم شێوەهەیەو ئەوەی ئێمە دەیکەین تاوانە دەنا بمانزانیبایە شتێکی ترمان دەکرد، بەڵام وەک دەڵێن یاسا گەمژەکان ناپاریزێ ( القانون لایحمی المغفلین) دەنا هیچ کامیان نکۆڵییان لە رۆڵی خۆیان نەکرد لەتاوان دژی بەگەلی کورد.

رۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤، دادگای ناوبراو، تاوانبارانی ئەنفالی بەتاوانی جینۆسایدکردن و تاوانەکانی جەنگو دژی مرۆڤایەتی و چەند مادەیەکی تریش یەکلایی کردەوەو بڕیاری خۆی لەبارەیانەوە خوێندەوەو سزای بۆ هەر یەک لە (عەلی

حەســـەن ئەلمجیـــدو ســـوڵتان هاشـــم و حوســـێن رەشـــید تکریتی)دیـــاری کـــرد، کە هەموویـــان ســـزای لە ســـێدارەدان درابـوون هەروەهـا سـزای زینـدانی هەتـا هەتـایی بـۆ (صـابر عبدولعزیز ئەلدوری وفەرحان موتڵەگ)ی بڕیەوە.

بەڵام ئەوەی کە دادگـا (تـاهیر تەوفیـق ئەلعـانی)ی بە بێگونـاە و بەپاسـاوی نەبـوونی بەڵـگەی پێویسـت ئـازاد کـرد. مەسـەلەیەکە هێشـتا لەتەمـومژدا مـاوەتەوە دەنـا چەندین بەڵگە لە سەر رۆڵی ئەو تۆمەتبارەش لە بەر دەست بوو.

لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٥ دادگای تێهەلچوونەوە (محکمەی تمییـز) سـزاکانی پەسـند کـردو، بـۆ هـیچ دەسـەڵاتێک و لایەن و کەســـایەتییەک نیـــیە دەســـتکاری بڕیـــاری داداگـــای بـــاڵای تاوانەکـانی عێـراق بکـات پـاش ئەوەی پـلەی یەکلاییـی کەرەوە (درجه القطعیه)ی وەرگرت.

بە پێـی بـڕگەی (٢)ی مـاددەی (٢٧)ی یاسـای ژمـارە (١٠)ی دەستوری عێراق بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، دەبـــوایە ســـزای ئەو (٣) تاوانبـــارە لە مـــاوەی (٣٠) رۆژدا جێبەجێبکرێـــت ( لە ڕۆژی پەســـندکردنی ســـزاکان لەلایەن داداگای تێهەڵچوونەوەی عێراق (تمییز- ٢٠٠٧/٩/٥)، کەچی وا پێـدەنێینە سـاڵی ٢٠١٥ ەوە جـگەلە عەلـی حەسـەن مەجیـد هیچکام لەتاوانبارانی تر سزاکانیان جێبەجێ نەکراوەو چەندین ساڵ بەسـەر وادەی یاسـایی سـزاکەدا تێپەڕی ئەگەرچـی مـن بەشـــــبەحاڵی خـــۆم نەلەگەڵ ســـزای لە ســـێدارەدانم و نەبەلاشمەوە گرنگ بوو کە ئەوتاوانبارانە سزاکەیان چۆن و چ

جۆرێــک دەبێــت هێنــدەی بەلامەوە گرنــگ بــوو دۆســێکە بەجینۆساید یەکلایی بکریتەوە. بەلام لەهەموو حاڵەتەکاندا من ڕێز لەبڕیاری دادگا دەگرم و جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا بە پێچەوانەی خواستی خەڵکی کوردستان بەگشتی وکەسوکاری قوربانیـان بەتـایبەتی دەزانـم، هەرچۆنێک بێت ئەوەی ئێستا دەوڵەتــی عێــراق دەیکــات شــکاندنی هەیبەتــی دادگــایەو ســوکایەتیە بەگیــانی ئەوکەســانەی بەنــاحەق کــوژران و سوکایەتیە بەهەستو ئازاری کەسوکاری ئەنفالکراوان. بێباکییە لە ئاست تاوانەکەو تێنەگەیشتنە لەمەترسی تاوانی جینۆسایدو ڕێگەنەگرتنە لەدوبارەبوونەوەی.

سـزاکانی (عەلـی حەسـەن مەجیـدو سـوڵتان هاشـم و حوسـین تکریتـی)، بە پێـی بـڕگەو ماددەکـانی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ٢٠٠٥ یاسـای دادگـای بـاڵای تاوانەکـانی عێـراق، کە لەخـوارەوە ئامـاژەی بـۆ دەکەیـن حـوکم دراون و، بە پێـی مــادەی (١٥- یەکەم و دووەم)و مــاددەی (٢٤)ی یاســای لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، بەپشتبەستن بە ماددکانی (٤٠٦ -١ -أ-ب- و)و، (٤٢١-أ -ب -د)و (١٣٩٣- ١- ج)و (١٨٢-د) و چەندین بڕگەو ماددەی تر لە یاسای سازادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو:

١. بڕگەکـانی مـاددەی (١١- یەکەم)ی ئەو یاسـایە. کە تـایبەتە بەتاوانەکانی کۆمەڵکوژی "جینۆساید" (جريمة الابادة الجماعية)

٢. بڕگەکـانی مـاددەی (١٢- یەکەم)ی یاسـاکە. کە تـایبەتە بە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی.

٣. برگەکـانی مـاددەی (١٣- یەکەم- دوەم- چـوارەم)ی ئەو یاسایە، کە تایبەتە بە تاوانەکانی جەنگ (جرائم ضد الحرب).
بەداخەوە دەسـەڵاتی ناوەند بەتـایبەتیش سـەرۆکایەتی کۆمـار نەریـزی لە دەسـتووری عێـراق گـرت ونە ڕێـزی لە ئیـرادەو قوربانیـدانی خەڵکـی کوردسـتان و پرسـی کـورد گـرت وەک نەتەوەیەک کە پێکهاتەیەکی دەوڵەتی عێراقە.
نابێـت ئەوەش لە بەرچـاونەگرین کەو سـەرۆکایەتی هەرێـم وپەرلەمانی کوردستانیش کەمتەرخەم وبێباک بوون لەئاست مـافی خەلکـی کوردسـتان وکەسـوکاری قوربانیـانی ئەنفـال و هیچ فشارێکیان نەخستە سەر دەوڵەتی عێراق بۆجێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا.
هـیچ داوایەکـی فەرمییـان ئاراسـتەی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی ناوەنـدو سـەرۆکایەتی کۆمـاری عێراق و ئەنجـومەنی وەزیـران وئەنجـومەنی دادوەری عێـراق نەکـرد، کەوا حـوکمی دادگـای باڵای تاوانەکانی عێراق جێبەجێبکەن.
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـی کەمتەرخەمیـان نوانـدو هـیچ پشـتیوانییەکی ئەوتـۆی ڕێکخراوەکـانی تـایبەت بەبـواری ئەنفـال و جینۆسـایدیان نەکـرد هەتـا لە کوردسـتان یـاخود لەدەرەوەو کۆتایی بەو پێشـێلکاری و کورد بەکەم زانینە بهێنن، بەداخەوە هـیچ بەهەنـدیان نەگـرت، هەتـا بـێن و بە شـێوازی ئاشـتییانەو ڕیکـارە یاسـایی و شارسـتانیەکان فشـارێک دروسـت بـکەن کەچیتـر دەوڵەتـی عێـراق بێبـاک نەبێـت لە جێبەجێکردنـی بریارەکـانی دادگـاو سـزادانی تاوانبـارانی جینۆسـاید، هەرەک

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیش هەڵمەتی گونجاو ڕکخراویان نەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی شەقامی کوردی، بۆ فشارخستنە سەر ئەو سیاسەتەی بەناوی ئاشتەوایی نیشتمانیەوە خۆی لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگاو سزاکان دەدزێتەوە.

ئەوەی ڕونە و هەتا ئێستا دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی مەزاجی ونایاسایی مامەڵە لەگەڵ دۆسێی جینۆسایدی کوردو بریارەکانی دادگای عێراقی دەکات، هەر قەوارەیەکی سیاسی بە پێی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵە دەکەن و بەرژەوەندی عێراق و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکانیان بەلاوە گرنگ نی یە، هەر قەوارەیەو بەجیاو بە شێوازی خۆی سوکایەتی بەدادگاو مافی قوربانیەکانی جینۆساید دەکات، بۆیە دەوڵەتی نوێ وەک میراتگری دەوڵەتی پێشوو نەک هەر ئامادەنییە بەئەرکی یاسایی و ئەخلاقی خۆی هەستێت بەڵکو هێشتا پێی شەرمە بیریشی لێبکاتەوە، بۆیە نەک هەنگاوێک ناهاوێ بۆ ئەوەی داوای لێبوردن لەگەلی کوردستان بکات، بەڵکو سزای تاوانبارەکانیش جێبەجێناکات، عەلی دەباغ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تۆڕی فۆکس نیوزی ئەمەریکی بەراشکاوی دان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە جۆرێک لە ناکۆکیی لەنێوان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی هەیە سەبارەت بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لەدژی تاوانباران ئەوەی دەباغ باسی کردووە وناوی هێناوە ناکۆکییە لە سەر سزای لە سێدارەدانی تاوانبار تاریق عەزیزی جێگری سەرۆک وەزیرانی سەردەمی رژێمی سەددام حسێن، بەرونی دیارە کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

کۆمـــار مـــامەڵەی خـــراپ بە دۆســـێی تاوانبـــاران و مـــافی قوربانیەکـانەوە دەکەن جێگـری یەکەمـی سـەرۆک کۆمـار کە شـیعە مەزهەبە ئامـادەی واژۆکردنـی بریـاری لە سـێدارەدانی تاوانبـــاران ســـولتان هاشـــم و حوســـێن ئەلتکـــریتیەو تـــارق هاشـــمیش ئەمە بەســـوکایەتی بەعەرەبـــی ســـونە مەزهەب و تێکدانی ئاشـتەوایی نیشـتمانی دەزانـێ و بەوپاسـاوە رێگـرە لە ســـزای لە ســـێدارەدانیان، تەنـــانەت دەســـەڵاتدارە ســـونەکان ئەوەنـــدە بێشـــەرمانە هەڵوێســـت دەنـــوێنن وەک ئەوەی هـــیچ تاوانێـک روی نەدابێـت دەڵـێن (نابێـت ئەفســـەرەکانی رژێمـی ســـەددام دادگـــایی بکـــرێن بە بیـــانووی ئەوەی گـــوایە ئەمـــانە ســـەربازبوون و فەرمـــانی ســـەرووی خۆیـــان جێبەجێکـــردووە، یـــاخود بە پاســـاوی نـــالۆجیکی وەک (ئاشـــتەوایی نیشـــتمانی) سیاســـــیەکانی عێـــــراق ئەوەنـــــدە لەروی مەعـــــریفییەوە کۆڵەوارو‌هەژاربن دەبێت ئایندەی عێراق بەدەستیانەوە چۆن بێت؟ ئـاخر لەکوێی دنیـادا ئاشـتەوایی نیشـتمانی چاوپۆشـی لە تاوانبـارانی جینۆسـاید کـردووە، ؟! ئەوئەفســـەرە تاوانبـارن بە رشـتنی گـازی کیمیـاوی لەهەڵەبـجە تاوانبـارن بە کۆمەڵکـوژی خەڵکـی مەدەنـی کـورد، زۆربەی هەرە زۆریـان تۆمەتبـارن بە تاوانەکـانی جینۆسـاید کردنـی خەڵکـی کوردسـتان، کـارەکتەری مەیدانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی وتـاوانی جەنگ وکۆمەڵکوژین و جێگەمتمانەی سەددام بوون، فەرماندەو پێشـەوای سـەربازی و فەرمانـدەی ئەمـن وهەوالگـری بـوون ئیـدی بە کـام لـۆژیکی دەوڵەتـداری و بە کـام ئەخلاقـی سیاســی و بە کـام عـورفی

سیاسـی دەبێـت لە لێپرسـینەوەو دادگـایی کـردن بەدەربـن ؟ چـۆن وبە کـام یاسـا لە تـاوانی جینۆسـاید دەبەخشـرێن کە راسـتەوخۆ بەشـداریان کـردووە، بەواتـایەکی تـر چـۆن دەبێـت ئەم تاوانبـارانە بەدەربـن لەیاسـا. ئەم دیـدو بۆچـوونە کۆنەپەرسـتیانە دژی هەمـوو بنەماکـانی مـافی مـرۆڤ و دژی پەیماننامەکـانی تـاوانی جەنـگ وجینۆسـایدە تەنـانەت دژی دەسـتووری هەمیشـەیی کۆمـاری عێراقیشـە...!! ) ئیتـر بە کـام لـۆژیکی سیاسـی ئەم تاونبـارانە دەبـنە هەوێنـی ئاشـتەوایی نیشتمانی ؟ مەگەر سیاسی ساخلەم ئەوەندە مەعریفەی نیە کە ئاشـتی نابیـت لە سەرحسـابی قوربانیـانی جەنـگ وجینۆسـاید بێت ؟ کـوا ڕەوایە لەنـاو تەپ وتـۆزی جەنگی ئێران و عێراقدا کە لەڕاسـتیدا ئەویـش هەر جەنگـی (شـیعەو سـونە) بـوو، شـارێکی وەک سەردەآشـت و هەڵەبـجە و بالیسـان و شـوێنانی تـر گازبـارانبکرێو بەسـەدان هەزار کـورد بەگـازی کیمیـایی بکوژرێ و ئەنفال بکرێ و لەدوای روخـانی دەولەتـی عێراقیش کـورد هەر لایەنیکـی سـەرەکی قوربانیەکـان بـێ و ئاشـتبوونەوەی شـیعەو سـونەش هەر لە سـەر حسـابی قوربانیەکـانی کـورد بێـت ! بـۆچی مەگەر ئەم گەورە تاوانبـارانەی لە سـەر تـاوانی کۆمەڵکـوژی سـزادراون ئـابروی عێـراق و عەرەبـی سـونەیان بە دلڕەقـی و کۆمەڵکوژییەکـان لە کەدار نەکردووە ؟ بۆچی سـونەکان دەبێت بیانکەن بەکارت و لە سـەر عەرەبـی سـوننە بکـرێنە مـاڵ ؟ ئایـا ڕەوایە عەرەبـی سـونە جـارێکی تـر بـاجی دلڕەقـی و تونـد رەفتـاری سـەرکردە

سیاسیەکان بدەنەوە؟ مەگەر هەموو عەرەبی سونە سەدامی بوون ؟ بەچ حیکمەتێک (ئاشتبوونەوەی نیشتمانی) بە چارەنووسی ئەم تاوانبارانەوە وابەستە دەکرێت، کە هەموو ژیانی سیاسیان بە دڵرەقی و توندرەفتاری و تاوانکاری لە دژی عێراقیەکان بەگشتی و کورد بەتایبەتی عەیبدارەو سوپایان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوەو بەناوی بەرژەوەندی نیشتمانییەوە سڵیان لە هیچ پێشێلکاری و وێرانکاری و تێکدانی نیشتمان نەکردووەتەوە. ئەو سوپایەی دەبوو داکۆکی لەنیشتمان بکات و بیپارێزێت لەهەموو دوژمنێکی نیشتمان زیاتر دەستی هەبوو لەوێرانکردنیدا، مەگەر دەسەڵاتدارانی عێراق دەیانەوێت لەم سوکایەتی کردنە کێ بێبەری و بێگوناە بکەن ؟ ئەو تاوانبارانەی نیوملیون هاوڵاتی عێراقی و کوردیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا کوشت و ئێستاش کە دەیانەوێت سزاکانیان سوک بکەن سوکایەتی بەیاساومافی قوربانی دەکەن تۆبڵێی بەم تێروانینانەیان بەچی بگەن ؟ کاتێک تاوانبارانی جەنگ و جینۆساید وەک تاوانباری نێودەوڵەتی نابینن و دەیخەنە بۆتەی مامەڵەی خێڵەکی ومەزهەبییەوە، ئایا نازانن هەموو ئەوانەی دەسەڵاتدارانی عێراق دەیکەنە سوکایەتیە بە یاساو سوکایەتیە بە پەیمانە نێودەوڵەتیەکان ؟ نازانن سوکایەتییە بەمافی عێراقیەکان ؟ کاتێک وتوبێژی حکومەتی عێراق عەلی دەباغ لەبارەی تاوانبار تارق عەزیزەوە هەڵوێستی سەرۆک کۆمارو یاریدە دەرەکانی ئاشکرا دەکات مرۆڤی عێراقی هەست بەشەرم دەکات یان

بەشـکۆ !؟ چەنـد نەنگیـیە بـۆ عێراقییەکـان کاتێـک وتەبێـژی حکـومەتی عێـراق ڕونکـردەوەی لە بـارەی جێبەجێنەکردنـی سـزای تاوانبـارانی (جەنـگ وجینۆسـاید)دا کەوتـی: جـەلال تاڵەبانی سەرکۆمار دژی بڕیارەکەی دادگای تاوانەکانە کە لـە دژی تـاریق عـەزیز دەرکـراوە. ئەلـبەتە نابێـت ئەوەش لە بیربکەین کە مالکی سوربوو لە سەر جێبەجێکردنی سزای لە سـێدارەدانی تاوانبـاران هەڵـبەت نەک لە بەرئەوەی لایەنگـری دادگـاکەیە بەڵکـو لە بەرئەوەی تاوانبارەکـان هەمـوو سـوننە بـوون، دەنـا سوپاسـالار ئەیـاد خەلیـل زەکـی یەکێـک بـوو لە تۆمەتبـارانی ئەنفـال وبەهـۆی شـیعە بـوونیەوە دەسـەڵاتدارە شـیعەکان نەک هەر سـزاکەیان بـۆ سـوک کـرد، بەڵکـو هەرنەیانهێشت دادگایش بکرێت.  وەنەبێ ئەم تێڕوانینە خراپە بۆ سـوکایەتی کـردن بەدادگـاو مـافی قوربانیەکـان هەر لەلای شـیعەکانەوە بێ بێگومـان لەلای سونەکانیشـەوە هەروا بـوو، بەدڵنیـاییەوە ئەگەر تاوانبـارانی ئەنفـال ئەفسـەرانی شـیعە مەزهەب بوونایە ئەوان داوای جێبەجێکردنی بریاری دادگایان دەکـردو باسـیان لە سـەروەری یاسـادەکرد. جەلا تاڵەبـانیش دەیویست لەم نێوانەدا بالانس وەربگرێت و بە پاساوی ئەوەی ئەو دژی سزای لە سێدارەدانە موجامەلەی سونەکانی دەکردو دڵـی ڕادەگـرتن و واژۆی لە سـەر بریـاری لە سـێدارەدانی گەورە تاوانبـاران سـەدام حوسـێن و سـوڵتان هاشـم ئەحـمەد نەدەکـرد. ئەم تێـروانینەی دەسـەڵاتدارانی عێـراق تەواو پـێچەوانەی یاسـاو خواسـتی خەڵکـی کوردسـتان بەگشـتی و

کەســوکاری قوربانیــانی کیمیابــارانی هەڵەبــجەو ئەنفــال بــوو بەتــایبەتی، ســوکایەتیش بــوو بە هەیبەتــی دادگــای نیشــتمانی و بڕیارەکانی .

بێگومــان کوشــتن و لە ســێدارەدانی ســەدام حســێن لە ســەر تــاوانی دوجێــل و شــێوازی جێبەجێکــردنەکەی لە کاتێکــدا بــوو ئەو هێشـــتا وەک تۆمەتبـــاری ئەنفـــال دادگـــایی دەکـــراو دانیشــتنەکانی دادگــا لەمەڕ دۆســێی ئەنفــال کۆتاییــان نەهــاتبوو، وەک تۆمەتبــاری کیمیابـــارانی هەڵــبجەش دەبـــوو لە دادگـــا ئامادەبێــت کە هێشــتا دۆســێی کیمیابــارانی هەڵەبــجە هــیچ دانیشــتنێکی بۆ نەکرابــوو، لەوکــاتەدا کوشــتنی ســەدام مــاهیەتی دەوڵەتــی عێــراق و دادگــای بــاڵای تاوانەکــانی و حکــومەتەکەی مالکی یان حکومەتی شــعەکانی بە ڕوونــی پیشــانی هەموودونیــا داو وێــنەکەی بەرونـــی خســـتە بەردەســـتمان . دەنـــا هەرهـــیچ نەبێــت جێبەجێکردنــی ســزای لە ســێدارەدانی ســەدام دەبــوو لە کاتێکدابێ کە دادگــا کارەکــانی خــۆی تەواو کردبێ وئیشــی پێــی نەمابێ .

# پاشکۆی وێنەو بەڵگەکان

Joost R. Hiltermann


# A Poisonous Affair

## America, Iraq, and the Gassing of Halabja

Translated Into Kurdish:
Mohammed Hamasalih Tofiq

© Awene Publishing & Press Company 2008

یوست هیلتەرمان
ئەمەریکاو عێراقو گازبارانی هەڵەبجە
و: محەمەد حەمەساڵح توفیق
کۆمپانیای ئاوێنە
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە


کارێکی ژەهراوی
ئەمەریکا و عێراق و
گازبارانی هەڵەبجە
یوست هیڵتەرمان
لە ئینگلیزییەوە :
محەممەد حەمە ساڵح تۆفیق



پرۆفیسۆر هاندرێکس، عەلی ڕەحیمی،ئەمیر قادر




قژی سەری ژنێکی هەڵەبجە کەبە گاز گیانی لەدەستداوە



بۆمبێکی کیمیایی لە بالیسان
photo: Anfalistan



بۆمبێکی کیمیایی لە سیوسێنان
photo: Anfalistan



ئارنۆلد کارنسکێس-      بژار تەها خەلیل-      یوست هێڵتەرمان

هەڵەبجە هۆڵی ئەحمەدموختار    ٢٠٠٨/١٠/٢٥



خۆڵی هەڵەبجە لە تاقیگەکەی پرۆفیسۆر هاندرێکسدا

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

العدد : ش ٣/ ش/ ٦٨٨٥
التاريخ : ٢٩ / ٣ / ١٩٨٧

سري للغاية وشخصي

مستعجل

الى - رئاسة الجمهورية - السكرتير

الموضوع - استخدام العتاد الخاص

كتابكم السري للغاية والشخصي وعلى الفور ٧/ج/٣٨٧/ك في ١٩ آذار ١٩٨٧ ...

١. تمت دراسة أماكن تواجد مقرات عملاء ايران وانتخاب الأهداف أدناه استناداً الى حجم التواجد المعادي فيها وتأثير هذا التواجد على الأمن الداخلي في المنطقة الشمالية بما يتلائم والامكانيات المتيسرة من العتاد الخاص ووسائل الاطلاق :-

أ. مقرات عملاء ايران في منطقة حوض باليسيان (قرى باليسان ، توتمة ، ختي وشيخ وسان) الكائنة قرب الطريق العام جوارقرنه - خليفان ...

ب. مقرات عملاء إيران في حوض قرى (تكيه ، بلكجار وسيوسنان) التابعة لناحية قره داغ ...

(١ - ٣)

سري للغاية وشخصي

وجئتك من سبأ بنبأ يقين

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة



ب. **البديل الثاني**

تأجيل تنفيذ الضربة الى منتصف شهر نيسان ١٩٨٧ ولحين تيسر الكميات الكافية من العتاد الخاص وتحسن موقف الانتاج...

٤. نؤيد العمل بالبديل الأول...

يرجى التفضل بالاطلاع وما ترونه مناسباً واعلامنا.. مع التقدير.

اللواء الركن

مدير الاستخبارات العسكرية العامة

بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
المعاونية الاولى – ش٣ – ق٢

السيد المعاون

الموضوع / أستخدام العتاد الخاص

١. بمقترح من مديريتنا حصلت موافقة رئاسة الجمهورية – السكرتير على توجيه ضربة بالعتاد الخاص الى مقرات عملاء أيران في حوض (تكيه بلكجار) التابعة لناحية قره داغ وحوض (باليسان) على الطريق العام جوارقورنه – خليفان وبسبب عدم تنفيذ الضربة الى بعد أعلام رئاسة الجمهورية – السكرتير بكيفية أستثمارها.

٢. أستناداً لذمو الرئاسة اعلاه تنسب بكتاب رئاسة أركان الجيش الموفق والمعنون الى (فيلق ١ وفيلق ٥ وصورته الينا) مايلي:–

أ. القيام بعمليات ضرب عملاء أيران ومرس خميني في الاماكن المشار اليها في المادة (١) اعلاه بالاستفادة من العتاد الخاص.

ب. يقوم فيلق ١ باعداد خطة أستثمار الضربة في حوض (تكيه بلكجار) وعرضها أمام السيد رئيس أركان الجيش خلال زيارة سيادته لمقر الفيلق يوم ٩ نيسان ٨٧.

ج. تعد قيادتي فيلق ١ وفيلق ٥ الخطة المشتركة لضرب مقر عملاء أيران في حوض (باليسان) وترسل الى رئاسة أركان الجيش للمصادقة عليها.

د. ترسل زمرة العتاد الخاص الى فيلق ١ يوم ٧ نيسان ٨٧ لتقديم المشورة.

٣. سنتابع الاجراءات.

يرجى التفضل بالاطلاع.

السيد المدير العام

سنتابع الاجراءات والنتائج

يرجى التفضل بالاطلاع.

المقدم الركن

مدير الشعبة الثالثة

٦ نيسان ٨٧

اطلعت

٦ نيسان

١٧ ع



بۆمبێکی کیمیایی لەگوندی یاخسەمر گوندنشینێک کردوویەتی بەکۆڵەکەی خانووەکەی
*photo: Anfalistan*



وێنەی قوربانیەکانی گازی ژەهراوی هەڵەبجە

شلێر وشەهێن عەبدولقادر لەگەڵ (بەهرە)ی خوشکەزایان

## سەرچاوەکان

**کتێبەکان.**

1. کارێکی ژەهراوی ئەمریاکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە کۆمپانیای ئاوێنە – ٢٠٠٨ وەرگێرانی محەمەد حەمە ساڵح توفیق .
2. میدل ئیست وۆچ –جینۆساید لەعێراق، پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، خانەی وەرگێڕان، چاپی دووەم-٢٠٠٤ – لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق.
3. کوردو دەڵەتی عێراق شۆڕش حاجی چاپی دووەم ٢٠٠٣ .
4. کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق) پرۆفیسۆر لۆکمان میهۆ – وەرگێڕانی وریای ڕەحمانی – چاپخانەی ڕۆژهەلات – هەولێر .

لە کتێبەکەیدا وریای رەحمانی زۆردۆکۆمێنت و بەڵگەی گرنگی لەمەر دیدوبۆچونی ئەمریکیەکان وکۆنگریس و ئەنجومەنی پیران و سیاسەتی کۆشکی سپی خستووەتەڕو بێگومان بۆهەرکەسێک بییەوێ لە روداوەکانی ئەوسەردەمەو تیروانینی ئەمریکییەکان وئاگادارییان لەتاوانی گازبارانی هەڵەبجەوتاوانی ئەنفال تێبگات پێویستە کتێبەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لەبەڵگە نامەنهێنیەکانی ئەمریکادا و کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق) پرۆفیسۆر لۆکمان میهۆ – وەرگێڕانی وریای ڕەحمانی بخوێنێتەوە. من بەشبەحاڵی خۆم سودێکی زۆرم لە دەستنوسەکەی " هەڵەبجە لەبەڵگە نامەنهێنیەکانی ئەمریکادا" وەرگرت کە ساڵی ٢٠١٣ بەمەبەستی چاپکردنی بە پێدی ئێف وریای رەحمانی بۆی ناردبووم . ئێستاش ئەوکتێبە بەناوی هەڵەبجەو ئەنفال لە لەبەڵگە نامەنهێنیەکانی ئەمریکادا چاپکراوە و لە کتێبخانەکانی کوردستان بەردەست دەکەون .

5. ١٩٨٨/٣/١٦ ئەو ڕۆژەی هەموو شتکیان لێسەندمەوە- یادوەریەکانی لاوێکی هەڵەبجەیی لەچەند ڕۆژی پێش

كیمیابارانی تا ٢٠٠٩/٣/١٦ كامیل عەبدولقادر وەیس- چاپی یەكەم ٢٠١٠ .
6 هەڵەبجە مەملەكەتی ژیان – وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی . ئامادەكردنی خەبات عەبدوڵا- چاپخانەی رەنج- ٢٠١٠.
7 هاشم دەربازبوویەكی كۆمەڵكوژی ئەنفالی بادینان-عومەر محەمەد- لەبڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان – بەهاوكاری سەنتەری مارگرێت – ٢٠١٣ سلێمانی .

**ماڵپەڕو ڕۆژنامەكان** :

1. د.سالار باسیرە ماڵپەری ئاوێنە رێكەوتی ١٨ی ئازار بەلام ساڵەكەی لەسەر لاپەڕەكە نەنوسراوە . پێدەچێت ساڵی ٢٠١٢ بێت چونكە بەپیی زانیاری من ئەو وتارەی لە كۆنفرانسێكی نێودەوڵەتیدا لەپەرلەمانی ئەوروپادا لە مانگی ئازاری هەمان ساڵدا خوێندەوە.
2. ماڵپەری چاك ئینفۆ – وەرگێرانی كوردی لەهۆڵندییەوە كامەران ئەحمەد – ٢٠٠٥.
3. د.سالار باسیرە ماڵپەری ئاوێنە

**كاری مەیدانی نوسەر**

1. سەبارەت بەو پرۆژەیەی بۆ بریندارانی چەكی كیمیایی لە وڵاتی دانیمارك ئامادەكرابوو، من بۆخۆم یەكێك بووم لەو كارمەندانەی ناوەندی چاك كە لە پێشكەش كردنی پرۆژەكەدا بەشدار بووم، چەندجارێك لەگەڵ وەزیری تەندروستی بۆ ئەو مەبەستە هەوڵماندا هەتا گەیشتە سەرۆكایەتی هەرێم، زۆر هەوڵماندا، ئەو دكتۆرانە بنێردرێنە دەرەوە بە مەبەستی ئەوەی ئیتر پرۆسەی ناردنە دەرەوەی بریندارانی چەكی كیمیایی كۆتایی پێبێت و هەر لەشوێنی خۆیان چارەسەریان بۆ

بدۆزرێتەوە، کەچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەک هەر وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو وتەبێژەکەی حکومەت لە ئەنجومەنی وەزیران (جەمال عەبدوڵڵا) لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی نەوادا به ئیستفزاز و گاڵتەپێکردنەوە باسی ئەو پڕۆژەیەی کرد.

2. لەسەردانم بۆ هەڵەبجە ئەوەم بۆ ساغ بووەوە کەوا عومەری حەمەساڵح بانەیی، لە کۆنترین وێنەگرەکانی شاری هەڵەبجەبوو، هەرلەبەرئەوەش بەعومەری ڕەسام ناسرا بوو، ئەرشیفکی گەورەی فۆتۆی لە هەڵەبجەدا هەبوو وەک هەڵەبجەییەکان باسی دەکەن فیلمی سینەمایی هەڵەبجەشی لەلابووە، بە داخەوە ئەویش وەک زۆربەی خانەوادەکانی شاری هەڵەبجە خۆیی و زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی شەهیدبوون، تەنها کوڕێکی بەناوی ئاوات وکچێکی بەناوی ڕۆشنا دەربازبوون. ئەو ئەرشیفەگەورەو گرنگەشی لەوێرانکردنی هەڵەبجەدا لە ناوچوو.

3. دیدارم لەگەڵ پیاوێکی خەلکی هەوراماندا بەناوی فەرید عەبدوڵا لە هەڵەبجە- نیسانی ٢٠١٤ . لەمیانەی قسەکانیدا باس لەوە دەکات کە بەچاوی خۆی بینیویتی کەوا سەربازی عێراقش بەکیمیاییەکە کوژرابوون و ئەمان لەسەر ڕێگا لایانداون

**گۆڤارەکان**

1- گۆڤاری ئەنفالستان ژمارەکانی ( ٣- ٤- ٧ ) .
2- نەسیمەکانی مەرگ – بەکار هێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن عێراقەوە دژ بەدانیشتووانە کوردەکەی - وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون – پڕۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد – زنجیرە (٢) – ٢٠٠٨.
3- گۆڤاری هەشتاوهەشت ژمارە (٩-١٠) .



## پرۆفایـــل

- عومەرمحمەد قادر
- ساڵی ١٩٦٨ لەدایکبووە.
- پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ.
- بەرێوەبەری ناوەندی چاک بووە لە کوردستان.
- خاوەنی بڵاوکراوەی سپێدەبووە .
- خاوەنو سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە- کە تایبەتە بەتاوانی ئەنفالو جینۆساید .
- بۆردی رێکخراوی سپی یە بۆناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان
- راوێژکاری هەردوو فیلمی من بەکرێگیراوی سپی و هەزارو یەک سێوە لەدەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو تەهای کەریمی .
- خۆبەحشانە سەرپەرشتی چەندین پرۆژەی فریاگوزاری خێراو هوشیاری بۆ قوربانیان لەگوندە کیمیابارانکراوەکانو ئەنفالکراوەکان کردووە .
- بێجگە لەم کتێبە چوار کتێبی چاپکراوی هەیەدەربارەی ئەنفال .

لەوانە ئەنفالی گەرمیان سیاسەتێک ودوو ئامانج ٢٠١٠، هاشم دەربازبوویەکی کۆمەلکوژی ئەنفالی بادینان ساڵی ٢٠١٣، پەلامارەسەربازییەکانی ئەنفال لەهەشت قۆناغدا ٢٠١٣، دیدێکی نوێ بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی ئەنفال ٢٠١٤ ) لە رۆژنامەوگۆڤارومالپەرەکان دەربارەی تاوانی جینۆساید دەنوسێ .

## سوپاس بۆ :

- سوپاس بۆ برای خۆشەویستم (کاک جوتیار نەریمان) کە پێداچوونەوەی بەکتێبەکەدا کردوو هەڵەبڕی بۆ کردم .
- سوپاس بۆ کاک بژار تەها خەلیل کە لەو سەفەرەدا قسەکانی ئارنۆڵدکارنسکێسی بۆ وەرگێڕامەسەر زمانی کوردی.

**ئەدرەسی نوسەر – هەرێمی کوردستان.**
**سلێمانی – کارێزەوشک**
E.omer_m0287@yahoo.cm
omermuhamad68@gmail.com

**مۆبایل:** 07501223421 –07701520287